


# کۆماری کوردستان ئەو ڕۆڵە تاقانەی مێژووی نەتەوەی کورد

**کۆمەڵێک بابەت و نووسراوە بە بۆنەی دامەزرانی کۆماری کوردستان**

بەرگی دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی






# پێڕست


١- کاریگەریی دەروونی و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد ..................... کەویار .......................... ٤

٢- کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی .............. ئارەش لورستانی .......................... ٥

٣- مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە ................. نووسینی: ناسر ئێرانپوور ......................... ١٠

٤- کۆماری کوردستان بەشێک لە بیرەوەری یەکانی سەعید هومایون ................................................ ١٢

٥- با باشتر ڕێز لە کۆماری کوردستان بگرین! ................... ئاگری باڵەکی ................................. ١٥

٦- لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەردەوام بێت خەبات لە ......................... عەتاقەرەداغی .............. ١٧

٧- کۆماری کوردستان و مشت ومالێکی تر.............................. هاشم رۆستەمی ........................................ ١٨

٨- رۆژی بەدەوڵەتبوونی کورد .................................................... ئەیوب ئەیوبزادە ...................... ١٩

٩- مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دیموکراتەکان ................................ هاشم رۆستەمی ....................................... ٢٣

١٠- ژنان و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستانی١٩٤٦ دا .... نووسینی : شەهرزاد مجاب .. وەرگێراو لە ئنگلیسی: ئەحمەد ئەسکەندەری ٢٥

١١- کۆماری کوردستان و مەزنایەتی پێشەوای کورد! ................ لە نوسینی: ئاریتما موحەممەدیوێنە ........................... ٤٢

١٢- دووڕگەی بەختەوریی مرۆڤی کورد ............................ ئەیوب ئەیوبزادە ............................................ ٤٥

١٣- کۆماری کوردستان، دیاردەیەکی دێموکراتی ................... ئازاد چاچەمە ......................................... ٥٦

١٤- لەیادی کۆماری کوردستاندا داوای یەکیەتی نەتەوەیی دەکرێت ...................... محەمەد حەسەن چایەچی ............. ٦٠

١٥- دووی ڕێبەندان و سەرنجێک ............................. حەمەدەمین سلیمان ..................................٦٤

١٦- بەبۆنەی ٦٧ ساڵەی یادی کۆماری مهابادەوە هەوڵەکانی قـــازی محەمەد بۆ دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان ................
حەسەن مەحمود حەمەکەریم .................................. ٦٥

١٧- کەسایەتی قازی محەممەد و رۆڵی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا ................... ئا. هاوار حەمید ................. ٨١

١٨- کۆماری کوردستان و خۆری زێرینی کوردستان ................... نووسینی: عومەر کەریم بەرزنجی ..................... ٩٠

١٩- بە یادی ٢ی ڕێبەندان. ........................ رازاو هەمزە پوور ............................................... ٩١

٢٠- ڕێوایەتی خەلیلی فەتاحی قازی سەبارەت بە کۆبوونەوەی هومایوونی لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری کوردستان................ ٩٤







٢١- وتاری بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا ......... ٩٦

٢٢- پێشەوا و کۆماری کوردستان .............................. د. کەمال مەزهەر ....................................... ١٠١

٢٣- هێزی پێشمەرگە لە کۆماری کوردستان ................ ئاگری ئیسماعیل نژاد ........................... ١٠٣

٢٤- یادی کۆماری کوردستان، زەمینەیەک بۆ کۆنفرانسی نەتەوەیی. ............ ن: سمایل شەرەفی ......................... ١٠٨

٢٥- یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، دەستپێشخەریەک بوو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی .......... نووسینی: ئاگری باڵەکی............. ١٠٩

٢٦- بە بۆنەی ڕێورەسمەکەی هەولێر بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان ..... سەلاح ئەدیین مەجیدپوور ... ١١١

٢٧- کۆماری دیموکراتیکی کوردستان ............................ ڕەزا ئەمینی ................................ ١١٢

٢٨- دەوڵەتێکی کوردی ............ نووسینی: مارتین ڤان براوئێسن ........ وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەن قازی ...........١١٤

٢٩- یادێک لە دووی ڕێبەندان ................. تاهیر حیکمەت (د. ئازاد)........................................ ١١٥

٣٠- کۆماری (مهاباد)... وانەیەک بۆ سەرکردەکانی ئەمڕۆ .................. نەبەرد محەمەد ......................... ١١٨

٣١- تێبینییەک لە سەر سەربەخۆ بوون یان نەبوونی کۆماری کوردستان .............. جەمیل کولاهی ...................... ١٢٠




## کاریگەریی دەروونی و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد

**کەویار**

ڕووداوە مێژووییەکان لە گەڵ ئەوەی کە کاریگەرییان لە سەر ڕەوتە سیاسی و ئابوورییەکان هەیەو زۆر جاریش ئاراستەی ڕەوتە سیاسییەکان بەرەو ئاقارێکی دیکە دەگۆڕن، لە پرۆسەیەکی درێژخایەن دا شوێنەواری کاریگەر لە سەر کۆمەڵگاکان و باری سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵگایش دادەنێن.



پێکهێنانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە شاری مهاباد لە گەڵ ئەوەی کە لە ڕووی سیاسی و دەسەڵاتداری و بەڕێوەبەرییەوە ناوچەیەکی کەمی لە کوردستان گرتەخۆ، بەڵام لە باری ڕەوانی و سایکۆلۆژییەوە توانی کەسایەتییەکی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ببەخشێ.

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد دا پێش ئەوەی تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی لە هەرێمێکی چووکەدا بێ، ئاخێزگە و مەرجەعێکی پڕ لە مەعریفە بوو کە پێناس و شوناسێکی مودێرنی بە کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد بەخشی و کەسایەتییەکی نوێی شوناسخوازی لە کۆمەڵگاو تاکەکانی دا چێ کرد، کە ئەو کاریگەرییە مەعریفی و زەینییە لەم سەردەمەشدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە بنج و بناوانی زەین و ڕەوانی تاکی کورددا ڕۆچووە و بۆتە مەلەکەی زەینیی هەر تاکێکی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز.

کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد بە گەڕانەوە بۆ کۆماری کوردستان و پەیام و ڕەسالەتەکانی ئەو ڕووداوە مێژوویی یەو کارو دەسکەوتەکانی کۆمار، هەست دەکات کە خاوەنی هۆڤییەت و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی و هەر ئەم توخمە جیاکەرەوەیە لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە، هێندە کاریگەر بووە کە تاکی ئاگاو نیشتمانپەروەر چی دیکە خۆی بە کەم سەیر نەکات و لە هەوڵی یەکانگیرکردنی شوناسی کوردی و بردنەسەری خودئاگایی کۆمەڵگەکەی‌دا بێ.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان هەر کام بە جیا خانەیەک لە خانەکانی کەمایەسیی کۆمەڵگای کوردستان کە تا ئەوکات دەرفەتی خۆتیمارکردن و سارێژکردنەوەی پێنەدراوە، پڕدەکاتەوە و کەسێتییەکی نوێ و سەردەمیانە بە تاکی کورد لە باری شوناسخوازی و زەینییەتی ڕابوونی نەتەوەیی (بیداری ملی) دەبەخشێ و لە ئەنجام دا، باوەڕبەخۆبوون و خودئاگایی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی هوشیاری کورددا دەگاتە چلەپۆپەی خۆی و کوردایەتی و شوناسخوازی ڕێچکەی ڕەسەن و سەربەخۆی خۆی دەگریتەبەر.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، شانازییەکە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و نیشانەیەکی ڕوونیشە بۆ شوناسخوازی و ڕەسەنایەتیی ڕۆڵە بەئەمەگەکانی ئەو گەلە و هەر بەم پێیە ئەوان دەتوانن لە ژێر ئەو هێماو سەمبولە نەتەوەیی‌یەدا داکۆکی لە شوناس و چییەتی خۆیان بکەن و مان و مەوجوودیەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

پێکهێنانی سپای میللی و هێزی پێشمەرگە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، باوەڕ بە «خۆپاراستن»ی لە تاکی کورد دا چێکرد، کە تا ئێستاش لەوپەڕی بێ‌ئیمکاناتی دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەی خۆڕسک لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وزە و هێزی پێ دەبەخشرێ، پێناسەی «بەرەنگاری»ی بە ڕەسالەتی خۆی بەخشیوە.

وەڕێخستنی چاپخانەو بڵاوکردنەوەی کتێب و پەرتووک و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەمجار ئەوپەیامەی بە تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی دا کە زمان یەکێک لە بنچینەکانی پرسی نەتەوەخوازی و لە فاکتەرە گرینگەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەو سەردەمە پڕ لە بێ هیوایی و تاریکی یە دا، بەو واتایە بوو کە بزووتنەوەی مافخوازانەی بێ‌پشتیوانی کورد، لە کردەوە و زەینییەتی دا گیان و ڕووحی بە بەردا کرایەوە. کورد لە باری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە وەەی وەبەر خۆی هاتەوە و هەستی ڕەسەنایەتی و شوناسخوازیی لە ناخیدا بنجی داکوتاو وەک نەتەوەیەکی بڕوابەخۆبوو و خودئاگا، حکوومەتی لە قاڵبی کۆماری دا ڕاگەیاند. زمان، شانۆ، خوێندن، گۆڤار و ڕۆژنامە، بنکە و






بونیاده پیشەیی و دێمۆکراتیکەکان، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشەیان سەند و پەلوپۆیان هاویشت. تیشکی بەتین و تاوی ئەم هەنگاوە مەزنانەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە، نەمر قازی محەممەد، بەدڵنیایی یەوە بۆ هەموو سەردەمەکان وەکوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بۆ هەتاهەتایە دەبریسکێتەوەو هەموو رۆڵە گەلپارێز و گیان لەسەر دەستەکانی وەکوو ئەزموونێکی سەرکەوتوو و جێی شانازی بۆ هەتاهەتایە پێوەی سەربەرزن. بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەران، زمانەوانان، و تەنانەت ڕێبەرە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان، هەر ئەوانە بوون کە لە کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دا بەشدار بوون یان دواتر لە ژێر کاریگەریی و هیوابەخشیی ئەو کۆمارە ساوایەدا، هزر و بیری کوردایەتییان گەشەی کردو ڕێچکەی ئارمان و ئایدیاکانی کۆماریان گرتەبەر. کەسانێک کە بیری نەتەوەخوازی و کوردایتیی خۆیان لە ئامانجو بیرو هزرەکانی کۆماری کوردستان وەرگرت و هەر لەژێر کاریگەریی دەسکەوت و ئارمانە بەنرخەکانی کۆماردا بوو کە دواتر بە هەوڵ و تێکۆشانی چرو بەرچاویان بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆمار، بوونە جێگای شانازی نیشتمانپارێزان و بەدڵنیایی یەوە یادو ناویان لە مێژوودا بە بەرزی و بەرێزی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

پاش دامەزراندنی کۆمار، بۆ یەکەم جار ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و ژنان دامەزران، زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و خوێندن بە زمانی کوردی بەرنامەی بۆ دارێژرا و هەر لەو سۆنگەیەوە خوێندن بۆ منداڵان ئیجباری کرا و هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێکرا و لەوەش گرینگتر لاوان بە مەبەستی خوێندن بۆ دەرەوە بەڕێ کران. کۆی ئەمانە نیشانەی گرینگی پێدانی ڕێبەرانی کورد بە پێویستیی پەروەردە بە زمانی زگماکی رۆڵەکانی کورد بووو ئەوان لەو راستییە گەیشتبوون کە خوێندن بە زمانی زکماکی کاریگەریی راستەوخۆی زۆری لەسەر گەشەکردنی بیرو پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانەو کەسایەتیی نەتەوەییان دا هەیە؛ هەر بۆیە لەم پێوەندییە دا هەنگاوی بەرزیان هەڵێنا بۆ ئەوەی مناڵانی کورد لە هەمان سەرەتاوە بە ئەلفوبێی کوردی گۆش بکەن.

ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە زانست و لێکۆڵینەوەش سەلماندوویەتی کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکی دەخوێنن لە بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونەکانیان دا سەرکەوتووترن. ئەو منداڵانەی کە ناچارن بە زمانێکی دیکە بخوێنن، لەڕاستیدا ناتوانن بە زمانی خۆیان بیربکەنەوە. بەڵکوو دەبێ بۆ وشەی بێگانە بگەرێن تا لە پاڵ یەکتر ریزی بکەن و بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان رستەی پێ دروست بکەن. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی راستەوخۆی لەسەر رۆحییە و کەسایەتی منداڵان هەیە و لە داهاتوودا دەبێتە کۆسپی سەرڕێی پێشکەوتنیان لە خوێندن دا.

لە ژمارە ٦٢٥ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٤ی فێوریەی ٢٠١٤

## کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی



ئارەش لورستانی

ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دوویەم لەساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ لە لایەک و لە لایەکی دیکە شکانی ئەرتەشی ئێران لە لایەن ئەرتەشی سووری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە و گەشەی هەستی نەتەوایەتیی کوردان و بوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد و هاوبیرانی لە بەرانبەر گەلەکەی خۆیاندا کە هەستیان بە بەرپرسایەتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە، بواریان بۆ دامەرزانی کۆماری کوردستان رخساند قازی محەمەد و هاورێکانی هەلەکەیان قۆزتەوە و پاش چەندمانگێک دوای هاتنی سوپای سوور، گرووپێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد چوونە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ لەگەڵ "جەعفەر باقرۆف" سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێبەری حیزبی کۆمونیست دانوستانیان کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و"باقرۆڤ"






گوێی بە داواکانیان نەدا.

جارێکی دیکە-ساڵی ١٩٤٥ گرووپێکی هەشت کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە باکۆ چاویان بە "باقرۆف" کەوتەوە کە لەم دانیشتنە دا قازی محەمەد ڕاشکاوانە باسی خودموختاری (ئۆتۆنۆمیی) هێنایە گۆڕێ و"باقرۆڤ" لە وەڵامدا دا وتی: "جارێ نۆرەی ئازەربییەکانە و پێویست ناکا کورد لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دا پەلەی بکا". "حەسەن ئەرفەع" دەڵێ: قازی محەمەد بە رووسەکانی ڕاگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. رووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لێ کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە کۆماری ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.

قازی محەمەد و هەیئەتەکەی هاوڕێی پاش گەڕانەوە بڕیاریان دا لەوە زیاتر چاوەڕێی پشتیوانیی رووسەکان نەبن. ئەوان لاوازی و پرش و بڵاویی سوپای ئێرانیان بە هەل زانی و کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. هەر بەم بۆنەیەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی١٣٢٤ی هەتاوی (١٧ / ١٢ / ١٩٤٥) لە ڕێورەسمێکی مەزندا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. دوای مانگێک لە ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ لە مەیدانی "چوارچرا"ی مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا. پێویستە بوترێ پێشتر لە ١ / ١٢ / ١٩٤٥دا لە تەورێز حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان ڕاگەیەندرابوو.

ڕۆژی ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ ڕۆژێکی مێژوویی بوو. سەرەڕای سەرما و سەخڵەتی زستان، هەزاران کەس لە شارەکانی بۆکان، نەغەدە، ورمێ و ناوچەکانی دیکەوە ملی ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی محەمەد و پیاوماقوڵان و مەلاکان و رووناکبیرانی شار لە بەردەم ئەو خەڵکە پڕ خرۆشەدا ڕاوەستابوون. مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بە دوعا و پاڕانەوە لە خوا، ڕێورەسمەکەی کردەوە. لەو ڕۆژەدا ١٦ کەس قسەیان کرد.

پاشان قازی محەمەد دەستی کرد بە قسان: "ئەی میللەتی کورد! ئەی شێرەپیاوانی کورد! سڵاوی خواتان لێ! داوا لە خوای گەورە و ئێوە، گەلی کورد دەکەم کە لەو ئەرکە مەزنەی کە پێتان سپاردوم یارمەتیدەرم بن تا بتوانم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم و لە بەرانبەر خوا و ئێوەدا شەرمەزار نەبم. گەلی کورد دوژمنێکی زۆری هەیە کە لە سەر مافی ئەو گەلە لە هەر چوار پارچەکە ڕێککەوتوون و بە هەر جۆرێک بووە حاشایان لە مافی خودموختاریان کردوە و خەباتەکەیان بە دزی و چەتەیی لە قەڵەم دەدەن؛ تا بواری سڕینەوەی باشتریان بڕەخسێنن."

دوای قازی محەمەد، پازدە کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد، وتاریان پێشکەش کرد. ئەم ڕێورەسمە بە شێعر و گۆرانی رازابۆوە و مانگێک دوای ئەم جەژنە، کابینەی وەزیران بە سەرۆک وەزیریی "حاجی بابەشێخ" کە یەکێک لە مەلا گەورەکانی ناوچەکە بوو، ڕاگەیەندرا.

**گرنگترین کارەکانی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان**

قازی محەمەد و هاوکارەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا کارێکی زۆر و بێ هاوتایان کرد کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١- پێکهێنانی حکوومەت لە سەر بنەمای دیموکراسیی ئازاد بە ١٣ وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری فەرهەنگی، خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری.

٢- بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەکە. چونکی پێشتر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەکان قەدەخە بوو.

٣- بەرنامەڕێژی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی

٤- فەرمی بوونی زمانی کوردی لە لێدوانەکاندا بۆ یەکەم جار.

٥- بەربەرەکانیی فەرمی دژی نەخوێندەواری.

٦- بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ منداڵان.

٧- دیاریکردنی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیان.

٨- بە کوردی نووسینی تابلۆی قوتابخانەکان، دوکانەکان، بینا و ئیدارەکان لە جیاتی فارسی.

٩- هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو چاکسازی و دانانی هێندێک قانوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک نەریت و ڕێورەسمی ناحەزی وەک: ژن هەڵگرتن، سزادانی بەرتیلدەر و






**بەرتیلوەرگر، ئازار و ئەزیەتی ژن، کردەوە و قسەی سووک، دزی، سزادانی کەسانی پێشێلکەری قانوون، ڕاکردن لە مەیدانی شەڕ و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کە خیانەت بە نیشتمان دەکەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر نامووسی خەڵک و ....**

**١٠- چاکسازیی کاروباری ئابووری و بازرگانی و کردنەوەی هێندێک کۆمپانی و برەوپێدان و گەشەی بازاری کاسبی و کار.**

**١١- دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەیەکی دیکە لە بۆکان.**

**١٢- دامەزراندنی ڕادیۆی کوردستان بە زمانی کوردی لە مهاباد.**

**١٣- دامەزراندنی سینەما لە مهاباد و پیشاندانی هێندێک فیلمی دیکۆمێنتاری.**

**١٤- کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی لە مەهاباد.**

**١٥- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەربازی و ناردنی ئەفسەر بۆ ڕاهاتن لە باکو.**

**١٦- هێشتنەوەی بواری وتوویژ دەگەڵ حکوومەتی ئێران تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.**

**١٧- دامەزراندنی یەکەتیی لاوانی دیموکرات و دەرکردنی گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان.**

**١٨- هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمرەنگ کردنەوەی هەستی خێڵایەتی و بەرز کردنەوەی ڕوحیەی هاووڵاتیبوون و بووژاندنەوەی نەریت و ڕێورەسمە ڕەسەنە کوردییەکان.**

**١٩- تەرخانکردنی بورسییەی خوێندن بۆ خوێندکاران و ناردنی خوێندکار بۆ تەوریز و باکۆ.**

**٢٠- هاندانی ژنان بۆ خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بە ژنان و بەشدارکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لە ڕاهێنانە سەربازییەکان.**

**٢١- دەرکردنی هێندێک گۆڤاری وەک: گۆڤاری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، هاواری نیشتمان، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و گۆڤاری "هەڵاڵە" .**

**بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان:**

**بۆ دڵنیا بوون لە جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە و جیاوازیی زۆری نێوان ڕوانگەی ڕێبەرەکانیان، شرۆڤەی دوو کەسایەتی لە سەر ئەم دوو حکوومەتە دەخەینە بەرباس: کەسایەتی یەکەم "درێک کینان"ە کە مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو و سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و ئاماژەی بە چەندین جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە کردوە. ناوبراو دەڵێ: "لە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان ، کاربەدەستانی رووسی نابینرێن؛ بێجگە لەو چەند کەسەی لە کۆنسولی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە لە ورمێوە بۆ چاوپێکەوتن هاتوونە مەهاباد." "ئەگەرچی لە ئازەربایجان ترس و تۆقاندن هەبوو بەڵام لە کوردستان تەنانەت زیندانییەکی سیاسییش لە بەندیخانەدا نەبوو." "لە مهاباد خەڵک دەیانتوانی گوێ لە ڕادیۆ ئانکارا و لەندەن بگرن بەڵام لە تەوریز گوێگرتن لەو ڕادیۆیانە مەرگ و نەمانی بە دواوە بوو."**

**کەسایەتی دوویەم، دوکتور ڕەحیمی کوڕی سەیفی قازی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو حکوومەتەدا دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی کۆماری کوردستان پەلە پەلی ڕێبەرانی ئازەربایجان و خەیانەتی ڕووسەکان بوو. هێندێک پێیان وایە هەرتک حکوومەت لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دامەزرا، بەڵام ئەوانە لە هەڵەدان؛ چونکی هەم ڕێژەی دەسەڵات و زاڵبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لەم دوو حکوومەتەدا و هەمیش شێوازی جێبەجێبوونی کارەکان لەم دوو حکوومەتەدا زۆر جیاواز بوو". "لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا سیستمێکی کۆمۆنیستی بە پشتیوانیی پۆلیسی شاراوە دەسەڵاتی بەدەست بوو، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا، نە سیستمی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو و نە پۆلیسی شاراوەش دەبینرا". "بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی ویست و سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و باقرۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت) بوو؛ لە حاڵێکدا حکوومەتی ئازەربایجان، حیزبی کۆمۆنیست و کادرەکانی حیزبی توودە ڕێبەرایەتییان دەکرد". "یەکیەتیی سۆڤیەت دژایەتیی هەر چەشنە هەنگاوێکی کانالیزەکراوی لە کوردستاندا دەکرد، لە حاڵێکدا گەلی کورد و ڕێبەرەکانیان دەستپێشخەرییان کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند."**






**ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری و دوایین دژکردەوەکانی قازی محەمەد:**

**ئەو کاتەی "قەوامولسەڵتەنە" سەرۆک وەزیرانی ئیران چووە مۆسکۆ و گرێبەستێکی دەگەڵ ستالین واژوو کرد، ئیدی یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی کوردی بەردا و لە سۆنگەی بەشێک لە ئیمتیازی نەوتی ئێران هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەژێر پێ نا و ئەرتەشەکەی لە کوردستان بردە دەر؛ پاشان ئەرتەشی ئیران لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ / ١٢ / ١٩٤٦) دا گەڕایەوە شاری مەهاباد. دیارە ماوەیەک بوو کە دەنگۆی ڕۆیشتنی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و بەردانی پشتی کورد و تورک لە گۆڕێ دابوو. لە هیندێک لە بەڵگەکاندا هاتوە کە لە ١٦ / ٤ / ١٩٤٦ واتا هەشت مانگ بەر لە گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی ئیرانەوە، پێنج ئەفسەری رووسی دێننە گوندی "سەرای" سەقز و چاویان بە فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەقز و بانە دەکەوێ...... ئەفسەرەکان وتبوویان: "ئیمە خەریکە ئێران چۆل دەکەین رای ئیوە چییە؟" حەمەرەشیدخان، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەڵامدا وتبووی: "ئیمە دەگەڵ ئیران دوژمنایەتیی لەمێژینەمان هەبوو کە ئەو ماوەیە لە بیرمان چووبۆوە، بەڵام ئیوە هاتوون ئەم دوژمنایەتییەتان دیسان زیندوو کردەوە. ئێستاش کە هێمنایەتییەک دروست بووە، ئێران چۆل دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکمان بۆ بە جێ بێڵن.... بەداخەوە هەموو ئەو شتەی لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت بیستبوومان بە درۆ دەرچوون........... و درووشمی بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بۆ گەلی کورد خێری نەبوو".**

**بەر لەوەی ئەرتەشی ئیران بگاتەوە مەهاباد، قازی محەمەد و ڕێبەرانی حکوومەت و حیزب راوێژ و وتووێژێکی زۆریان دەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان کرد و بڕیاریان دا لە بەرانبەر ئەرتەشدا شەڕ بکەن بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون ئاکامێکی جگە لە وێرانبوونی ناوچەکە نابێ، قازی محەمەد لە رووی ناچارییەوە رایگەیاند خۆڕاگری ئاکامی خراپی بۆ گەل بە دواوەیە و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بۆ خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە، چونکی سوپای ئیران لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن خۆی لەبەر راگرن. بە کورتی ڕێگەچارەیان تەنیا ئەوە بوو کە ڕێبەرانی حیزب و کەسایەتییەکان پێشنیاریان بە قازی محەممەد کرد کە مەهاباد جێ بێڵێ بۆ ئەوەی نەکوژرێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب داوای لێ کرد یان بچێتە عێراق یان رووسیە. ژەنەڕاڵ بارزانییش هەر ئەو داوایەی لێ کرد. سەرکۆنسولی ئینگلیزیش لە تەورێز داوای لێ کرد لە ڕێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا. ئەمریکاش نوێنەرێکی ناردە لای و داوای لێ کرد ئیران بە جێ بهێڵێ. لە وەڵامی هەموو ئەو داوایانەدا وتی: "سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم." پاشان وتی "من سوێندم خواردوە دەگەڵ خەڵکەکەم بم. حکوومەتی ناوەندی لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە مەهاباد کە تووڕە و قەڵسە و ئەگەر من بگرێ داخی دڵی بە من دەڕێژێ و واز لە خەڵک دێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر و زیان نەبن، ناچارم بمێنمەوە."**

**قازی محەمەد دوایین وانەی سیاسی بەمجۆرە بە نەتەوەکەی دەڵێتەوە.**

**وەسێتنامەی قازی محەمەد: یەکێک لە قۆناخە گرنگەکانی ژیانی قازی محەمەد،**

**دوایین ساتەکانی ژیان قازی محەمەد نووسینی وسیەتنامەکەیەتی کە بەشێکی بەم چەشنەیە:**

**میللەتی کورد! ڕۆڵەکان و برا خۆشەویستەکانم! برا مافخوراوەکانم! گەلە چەوساوەکەم! ئێستاش لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم: وەرن بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتیی یەکتر هەڵگرن و یەک بگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن. لە بەرانبەر دوژمنی زاڵم دا بوەستن. خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندەی دەوێن کە کارەکەتان پێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە و لێتان نابووری.**

**دوژمنەکانی گەلی کورد زۆر و زاڵمن، بەهێز و بێ بەزەیین. رازی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکگرتوویی و یەکڕیزییە. یەکگرتوویی گەورەترین پشتیوانە بۆ میللەتێک. هەر میللەتێک یەکگرتوو و یەکڕیز نەبێ هەمیشە ژێردەستەیە. ئیوە میللەتی کورد هیچتان لە میللەتە کانی دەوروبەر کەمتر نییە بەڵکو لەو میللەتانەی کە ئازاد کراون ئازاتر و بەغیرەتتر و شایستەتر و پێشکەوتووترن. بەڵام ئەوانەی رزگار بوون لە نیو خۆدا یەکگرتوو بوون. ئیوەش وەکو هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی ژێردەستە مەبن تەنیا بە یەکگرتوویی و ئێرەیی بە یەکتر نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنانی کورد رزگار دەبن.**






براکانم! ئیدی بە دوژمن هەڵمەفریوێن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و تایف و قەومێک بێ هەر دوژمنە. بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێ ناکەن و بە دەستی یەکتر بە کوشتتان دەدەن، چاوچنووکتان دەکەن، بە درۆ و تەڵەکە شەڕی یەکترتان پێ دەکەن.

لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خوا ئامۆژگاریتان دەکەم و پێتان دەڵێم و خوداش عالمە من ئەوەی لە دەستم هات بە گیان و دڵەوە بە نسحەت و رێنوێنی رێگەی دروستم نیشان دان و لەم پیوەندییەدا درێغیم نەکرد و ئێستاش دەڵێم و رادەگەیەنم کە ئیدی هەڵمەفریوێن و بڕوا بە سوێند و بە دەست بە قورئان دادان و بەڵین و پەیمانەکان و دڵسۆزییەکانیان مەکەن. رێنوێنی و وسیەتم ئەوەیە منداڵەکانتان وەبەر خوێندن بنێن چونکی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە خوێندەواری نەبێ. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی دیکە دوا نەکەون، تەنیا خوێندن(زانست و زانین)، چەکی دەستی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر یەکگرتوو و یەکڕیز بن، زۆر باش بە سەر دوژمندا سەر دەکەون. ئیوە نابێ بە کوژرانی من و برازاکانم بترسێن، کەسانێکی زۆری وەک من لەو رێگەیەدا سەر دەنێینەوە تا گەلی کورد بە هیوا و ئامانجەکانی بگا.

خۆشەویستان! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەک لە ماڵەوە کەسێک شتێک بزانێ بەرپرسایەتی دەدرێتی و کەسیش هەقی منت کردنی نییە، کوردستانیش وەک ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لەو ماڵەدا کارێکی لە دەست دێ بیکا، نابێ بەری پێ بگرن و کێشەی بۆ ساز بکەن، نابێ دڵمەند بن کە یەکێکتان بەرپرسایەتییەکی هەیە، ئەگەر کەسێکی بەرپرسایەتییەکی درایە بزانن کە شارەزایە و وشیارە "کەواتە لێیگەڕێن خزمەت بکا و ئێوەش یارمەتیدەری بن".

سەرچاوەکان:


1. رۆژنامەی "کوردستان"
2. سایتی "کوردستان و کورد"
3. نکتێبی"چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی": دکتر قاسملو
4."دەروازیەک بە ڕووی خوێندنەوەیەکی نوێی (ژ. کاف) و پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید و کۆماری کوردستاندا"- نووسینی عمر عبدالعزیز- وەرگێڕانی دلێر عەباسی
5. "تاریخ مهاباد"، محمد صمدی ، چاپی مەهاباد
6."کردها،یک بررسی سیاسی وتاریخی"، حسن ارفع
7. حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووهەم هەولێر
8. "اسرار محاکمە قاضی و یارانش"، رحیم سیف قاضی
9. جمهوریە تی کوردوستان، مەحموود مەلا عیززەت
10."کردها و کردستان" ،درکینان
11. تاریک وروون. هێمن
12. گە شتیک بە کوماری مەهابادا، عەقید بەکر عبدالکەریم حەویزی.
13. یادداشتە کانی بەکر حەویزی
14."کتاب تاریخ معاصر کرد"، نووسینی دیوید مک داول، ترجمە ابراهیم یونسی


سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕیکەوتی : ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٣






## مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە




نووسینی: ناسر ئێرانپوور

وەرگێران لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی


کۆماری کوردستان لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا و، بوو بە سەرچەشنێک بۆ خەبات و هێمایەک بۆ نەتەوەیەکی حاشالێکراو.

لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەڕێز ئارەش لۆڕستانی کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵ، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەمبوو، پرسیارم لێکرا کە گۆڕینی ناوی "کۆماری کوردستان" بۆ "کۆماری مهاباد" چ پارادۆکسێکی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا هەیە؟ هەروەها پرسیار کرا کە "ئەو کۆمارە چ کاریگەرییەکی دانایە سەر نەوەکانی دواتر؟"

کە من بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:

"ڕەنگە دارشتنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دروست نەبێ، چونکی ناوێک نەگۆڕاوە و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. دەتوانین مێژوو و ڕاستییە مێژووییەکان بە دڵی خۆمان بگۆڕین، بەڵام بە دڵی خۆمان – هەر ویست و ئیرادەیەکیش لە پشت ئەو گۆڕینە بێ- بۆمان ناگۆڕدرێ، چونکی ڕووداوێک ڕووی داوە. هەر چۆنێک بێ ناوی ئەو کۆمارە بە فەرمی "کۆماری کوردستان" بووە و بە "کۆماری کوردستان"یش دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی بە کۆماری مەهابادی ناو دەبەن دوو دەستەن:

دەستەیەک کە تەنیا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ناونیشانی دروستی شوێنی دامەزرانی بە "کۆماری مهاباد'ی ناو دێنن، چونکی دەشزانن کوردستان زۆر لەوە گەورەترە و وڵات و ناوچەیەکی زۆر گەورەتر و بەرینتر لە خۆ دەگرێ؛ کە کۆماری کوردستان هەموویانی نەگرتۆتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کێشەمان نییە. خۆشم، نەک وەک ناوی تایبەت، بەڵکوو بە پێی خۆشەویستیم بۆ ئەو کۆمارە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوی مهابادم وەک قەڵایەکی پۆڵایین و خەباتگێڕ لەبەرانبەر سەرەڕۆیی دا خۆش دەوێ، زۆر جاران بە "کۆماری مەهاباد" م ناو هێناوە. هەروەک چۆن دەڵێین "حکوومەتی تاران"، "حکوومەتی ئانکارا" و (تەنانەت بە بێ ئەوەی "حکوومەت" یش بوترێ)، "پاریس"، "واشنگتۆن"، "لەندەن" و ..) هتد، ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی تایبەت یا چەمک و دەستەواژەی حقووقی تایبەت بن یا واتایەکی تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕێزی بگەیەنن.

بەڵام دەستەکەی دیکە بە ئانقەست و بۆ چکۆڵە کردنەوەی کۆمار لە بواری پانتایی جوگرافیایی و کەم کردنەوەی ڕەهەندە سیاسییەکەی بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. ئەوانە کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی پرسەکە هەیە، جا ئێستا چ "کۆماری مەهاباد" بێ و یان "کۆماری کوردستان".

بۆ ئاگاداریی ئەم دەستەیە دەبێ بڵێم کۆماری کوردستانی دامەزراو لە مەهاباد، لە بواری جوگرافیاییەوە هەر مەهابادی نەگرتۆتەوە، لە بواری کادری سیاسییەوە تەنانەت کوردستانی ئێرانیشی تێپەڕاندوە و لە بواری ئاسۆی سیاسییەوە ڕێژەی کوردستانی بوونەکەی زۆر زیاتر لە ئیرانیبوونی ئەو حکوومەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئیرانی". ڕاستە، تەشکیلاتی ئیداریی ئەو کۆمارە لە سەقز تێنەپەڕی کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە هی کوردەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە (کوردستان) نەبووە.

منێک لە ئەڵمان کە ٥ هەزار کیلۆمێتر لە کوردستانی ئێرانەوە دوورە، دەتوانم پارتێکی سیاسی پێک بێنم و، حیزبەکەم نەک هەر بە کوردستانی بە ئێرانییش بزانم. بۆچی؟ چونکی بەرنامە و ئاسۆی سیاسیم بۆ ئەو وڵاتەیە. دوایی ئەوە بۆ مەگەر کەممان دیوە کە چوار کەس بە شێوەیەکی شاراوە بۆ وێنە لە تاران لێک کۆبوونەتەوە و ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە و ئەو ڕێکخراوەشیان بۆ هەموو ئیران بووە، کەچی هیچ نوێنەرێکیش لە ناوچەکانی دیکەی ئیران تێیدا ئەندام نەبوون؟ ئایا ئەم کارە لە خۆی دا کێشەی لەسەرە؟ ئەرێ دەکرێ ڕێکخراوێکی سیاسی کە تەنانەت، ژنێکیش لە کادری ڕێبەرییەکەی دا نییە بە هی

ژنانی نەزانین؟ یان ئەوەی حکوومەتێک لە خۆراسان پێک دێ بۆ وێنەی هی منی مەهابادییشە، بەڵام حکوومەتێک لە مەهاباد دادەمەزرێ هی کرماشانییەک نییە؟!

دەزانین کۆماری کوردستان لە خۆڕاو و بە بێ هۆکار دانەمەزرا، بەڵکوو ئاکامی بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو. ئەم چەشنە بزووتنەوانە زۆر بە دەگمەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن بە یەک ئەندازە خاوەن پلە و پێگەی کۆمەڵایەتین. کە ئەمە لە بارەی بزووتنەوەی مەشرووتە و هەر وەها بزووتنەوەی سەوزی ئێستا بە ڕاست دەرچووە. کە ئەمەی دواییینیان تەنانەت لە چەند شار تێنەپەڕی. ئەرێ لەبەر ئەمە دەتوانین لە ئیعتیباری ئیرانی بوونەکەی کەم کەینەوە، کەچی لە زیاتر لە سەدا لە نەوەدی شارەکانی ئیران تەنانەت وەک پشتیوانییش هیچمان لێ نەدیتن.؟!

هەر وەک چۆن وشیاریی چینایەتی لە لای هەموو کریکاران وەک یەک نییە، یان وشیاریی ڕەگەزی لای هەموو ژنانی وڵاتێک هاوسان نییە، ئەمە لە بارەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی ناوچەیەکیشەوە دروستە. بە هەر حاڵ پێکهاتنی حکوومەتەکان زیاتر بە بێ رابردووی عەینی و مێژوویی روو نادەنکە ئەم زەمینانە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی پێوەندیداردا وەک یەک نییە.

کەواتە بە پێی هیچ مەنتقێک ناتوانین کۆماری کوردستان بە حکوومەتی ناکوردی و تەنیا مەهاباد بزانین،هەر لە بەر ئەوەی ناوەندی دامەزرانەکەی بە هۆی بەرزبوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، مەهاباد بووە.

ئەم کۆمارە تەنانەت کاریگەری کردە سەر پارچەکانی دیکەش، چونکی لە ڕاستیدا هەموو بزووتنەوەی کورد لە هەر چوارپارچە لە زۆر بوارەوە خۆی بە میراتگر و قەرزباری ئەم کۆمارە دەزانێ.

ماوەیەکی زۆرە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە هەمان دروشمی ستراتیژیکی کۆماری کوردستان، واتە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی نیشتمانیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە کۆماری کوردستانە و نیازیشیان هەر هەمەن کۆمارە، جا ناوەکەی "حکوومەتی ئەیاڵەتی" بێ، "حکوومەتی فیدراڵ"، "حکوومەتی هەرێم"، "حکوومەتی خودموختار" بێ، لە ڕاستیدا جیاوازییەی جەوهەری تێدا نییە.

ئێستاش ماوەیەکە بەرە بەرە درووشمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ بە بەرنامەی سیاسیی پارتە ئیرانییەکان. ئەو کاتەی پیشەوەری و قازی محەمەد باسیان لە فیدراڵیزم و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیراندا دەکرد، بەشێک لەو وڵاتە فیدراڵیستییانەی ئەمرۆکە فدراتیڤ نەبوون. ئەو دوو حکوومەتە زۆر لە سەردەمی خۆیان لە پێشتر بوون کە سیاسییە ناوەندگەراکان تێی نەدەگەیشتن و هێشتاش لێی تێ ناگەن. تەنیا ئەو دوو حکوومەتە بوون کە بە ئارمانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە وەفادار مانەوە و لەم پێوەندییەشدا داوای جێبەجێ بوونی نێوەرۆکی قانوونە ئەیاڵەتی و ناوچەییەکانیان دەکرد.

بە هەر حاڵ کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەی فیزیکی لە لایەن فاشیزم و شوڤێنیزمی نێوخۆییەوە رووخا لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵێکی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا، بوو بە سەرچەشنێکی خەبات و هێمایەک بۆ شۆڕشی گەلێکی حاشالێکراو. کۆماری کوردستان بوو بە دامەزراوێکی سیاسی – نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، ئەویش نەک لە سەر بنەمای کەسێک و تاکەکەسێک، وەک ئەوەی لە ئێراندا باو بوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەی گشتی و بۆ یەکەمین جار بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پارتێک بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو. ئەو کۆمارە نیشانی داین نەک هەر دەتوانین، بەڵکوو خۆمان دەبێ خاوەن حکوومەتێکی نەتەوەیی بین، تا میکانیزمێک بۆ پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر ژینۆسایدی فەرهەنگی، سڕینەوەی فیزیکی و حاشا لێکردنی پێک بێنین. کۆماری کوردستان دژکردوەیەکی ئاشکرا و راشکاوانە بوو بە پرۆژەی "نەتەوەسازی"ی دەوڵەتی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، مافخوراویی سیاسی و داگیرکاری و چەوساندنەوە ئابوورییەکەی. کۆماری کوردستان دیارترین نیشانەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بەڵگەیەکی دیکەی کورد بوون، بوو. نەسلەکانی دیکەش ورەیان پێی بەرز بۆوە و هێما و سومبولەکانیان بە هێما و سومبولی خۆیان زانی؛ لە هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا ئاڵا و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی. کە ئەمەش هەمەن ئارمانج و ویستی سیاسی ئەو کۆمارە، واتە پێکهێنانی سترەکتۆرێکی سیاسی لە وڵاتدا بۆ






نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەییش دەگرێتەوە.

ئەرێ ئەگەر خەڵکی کوردستان، نەک هەر کوردستانی ئێران، ئەو کۆمارەیان بە بزووتنەوەی شارێکی بچووک و پرۆژەیەک زانیبا، کە هی خۆیان نییە، بەم قووڵییە و بەم هەستەوە خۆشیان دەویست کە نەک هەر بە هێمای خۆیانی بزانن، بەڵکو هەموو ساڵێ وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی ڕێزی لێ بگرن و یادی لێ بکەنەوە؟! ڕەنگە قازی محەمەد خۆشی پێی وانەبووبێ ئەو ئاڵایەی هەڵیکردوە سنوورەکان تێدەپەڕێنێ و حەفتا ساڵ دواتر لە شارەکانی عێراق و تورکیە و سوریاوە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بشەکێتەوە.

ڕۆژێک لە سمینارێک لە ئاڵمان تووشی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق بووم. هەر کە زانی لە مەهابادەدوە هاتووم، وتی"هەر موسلمانێکی بەدین لە سەریەتی لانیکەم جارێک مەکە و مەدینە زیارەت بکا و پەیمانی خۆی دەگەڵ خودا نوێ بکاتەوە. بەڵام من دەڵێم هەر کوردێکی سیاسی و وشیار لە سەرێتی لە ژیانی دا لانیکەم جارێک بچێتە مەهاباد و پەیمانی خۆی لەو شارەی یەکەم کۆماری کوردی لێ دامەزرا نوێ بکاتەوە. منیش تا ئێستا نەک جارێک بەڵکوو چەند جار چوومەتە ئەو مەیدانەی کۆماری لێ ڕاگەیەنراو پەیمانی خۆم لەگەڵ نوێ کردۆتەوە". بۆیە دەڵێم ئەو کۆمارە نەک هی مەهابادییەکان و شارەکانی دەوروبەر، نەک هی کوردستانی ئیران، بەڵکوو هەموو کوردستانە.

من هێندێکیش بەولاوەتر دەڕۆم و دەڵێم کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان هی هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دیمۆکراتیکی ئیرانە و قازی محەمەد و پیشەوەری نەک هەر ڕێبوارانی ڕێی ئازادی ئەو دوو نەتەوەیە بەڵکوو هەموو ئێرانن. یادیان بەرز و پیرۆز و ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتێ : ١٨ی ژانویەی ٢٠١٣

## کۆماری کوردستان بەشێک لە بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون




گرنگترین و بێ وێنەترین ڕووداو لە مێژووی میللەتی کورددا ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) واتە ڕۆژی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە دەستی بەتوانای پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد دابوو.

لە بەشێکی مەیدانی چوارچرا ٣٠٠ پێشمەرگە وێڕای دەستەی موسیقیی نیزامی کە لە پێشەوەی ئەوان بوون، لە چەند سەدمیتریی ماڵی پێشەوا جێگیر ببوون خەڵک بە تامەزرۆیی یەوە چاوەڕوانی هاتنی بەڕێزیان بوون. دواتر لە کاتێک دا کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە جلوبەرگی فەرمی یەوە لە پشت سەری پێشەوا ڕاوەستابوون بە هەنگاوی لەسەرەخۆو پتەو هاتنە نێو گۆڕەپانەکەوە.

هۆتاف کێشان و چەپڵەی قایم و ڕێکوپێکی بەشداران و هاواری شادی وێڕای دەنگی مووزیک لە شاردا دەنگی دەدایەوە. لەو کاتەدا سەرۆکی شارەوانیی مەهاباد بە هەنگاوی پتەو بەرەوپیلی پێشەوا قازی محەممەد چوو. پاش دانەواندنی سەری ڕێزو حورمەت گوتی: ئەمن غەنیی خوسرەوی ڕێز لەم سەرکەوتنە دەگرم کە بە دانی شەهیدگەلێکی بێئەژمار و خۆڕاگری لەهەمبەر ژێرچەپۆکی دا، لە سایەی وشیاریی‌و لێزانی بەڕێزتان وەدەست میللەتی کورد کەوتووە.

هەروەها بە دڵێکی پاک و پڕ لە خۆشەویستی پیرۆزبایی لە پێشەوای میللەتی ڕەسەن، بە حورمەت و لەخۆبوردووی کورد دەکەم.

تکاتان لێ دەکەم لەم کاتە چارەنووس ساز و مێژوویی یەدا ڕێورەسمی ئازادی و سەرکەوتنی گەلی کورد بە ناوی خودای پاکەوە بکەنەوە.

بەو ئامادەکاریی‌و جموجوڵانەی کە لە چەند ڕۆژ لەوە پێشەوە لە مەهاباددا دەبینران، چاوەڕوانیی پێشهاتو ڕووداوگەلێکی گرنگ دەکرا. سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتی یە ناسراوەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆ مەهاباد بانگ کرابوون. بە هاتنی نوێنەری ناوچە جیاجیاکان بۆ شاری مەهاباد و دەربڕینی پشتیوانی لە






دەسکەوتەکانی گەلی کورد، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانیش گەیشت. سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی شارو دێهاتەکانی دوورو نزیک و هەروەها ئەو نوێنەرانەی کە لە هەموو شوێن و پارچەکانی کوردستانەوە هاتبوون لە گۆڕەپانی چوارچرا لە بەرامبەر کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات و نووسینگەی تایبەتی قازی محەممەددا کۆبوونەوە.

لەم کۆبوونەوە پڕشکۆو دەیان هەزار کەسی یە دا کە بە ئامادەبوونی بەڕێزان، حاجی سەید عەبدوڵلا گیلانی زادە، مەلامستەفا بارزانی، حاجی باباشێخ، مەلا حسێن مەجدی و مامۆستایانی ئایینی و هەمووو سەرۆک عەشیرەتەکان و نوێنەرانی عەشیرەتەکان حیزب لە سەرتاسەری ناوچە ئازادبووەکان پێکهاتبوو، هەمووان بەوپەڕی تامەزرۆیی و بێئوقرەیی چاوەڕوانی هاتنی پێشەوا قازی محەممەد بوون. پێشەوا بە جلوبەرگی نیزامیيەوە لە نێو چەپڵەڕێزان و دەربڕینی هەستی ئامادەبووان دا هاتە گۆڕەپانی چوارچرا. پێشەوا قازی محەممەد دوای سڵاوو بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگ لە شوێنی تایبەتی کە لە نێوەڕاستی گۆڕەپان دیاری کرابوو، راوەستا. لەم ڕێورەسمە پڕشکۆیەدا پێشمەرگەکان لە ریزگەلێکی ڕێکوپێکو قوتابیانی قوتابخانەکانیش بە هۆتاف و چەپڵەڕێزان پێشوازی یان لێکرد.

قازی محەممەد لە شوێنە تایبەتی یەکەیەوە ڕووی لە بەشداران کردو گوتی: "بە ناوی خوا، کوردستان یەک هەڵکەوتی جوغرافیایی هەیە، بێئەوەی وڵاتێکی دیکە لە نێوان پارچەکانی دابێ و میللەتی کورد لێک جیا بکاتەوە نیشتمانێکی یەکپارچەو خەڵکی ئێمە لە یەک کوردستان و یەک نیشتمان دا دەژین و میللەتی ئێمە چارەنووس و رابردوویەکی لەمێژینەی هەیە کە هەموو میللەتی کورد تێی دا هاوبەشن، خاوەنی دابونەریت و ڕێورەسمی نەتەوایەتیی تایبەت بە خۆیەتی. بەخۆشی یەوە تا ئێستا ڕووداوگەلی ڕۆژگار هیچ چەشنە شوێنێکی ئەوتۆیان لەسەر بنەما سەرەکی و بنەڕەتی یەکانی نەتەوەی کورد دانەناوە. گەلی کورد هەر لە کۆنەوە خاوەنی دەسەڵات و حکوومەت بووەو هەمیشە میرو پاشاو حوکمڕانەکانی لە خۆی بووە. لەم کوردستانە ئازادەی ئێستادا میرانی موکریان لە میرسەیفەدینەوە دەست پێ دەکاو سارم بەگ و شێخ حەیدەر بەگ و ئەمیر پاشا، تا ئەم دوایانە قوباد خانی موکری خاوەن هێزو دەسەڵاتدار بوون.

میللەتی ئازادو قارەمانی کورد لە هەر کاتو ساتێک دا لە بەرامبەر هەر هێزێک دا ویستبێتی دەست بەسەر زێدو نیشتمانەکەی داگرێ، ڕاوەستاوەو لە دژی خەباتی کردوەو لە هیچ چەشنە فیداکاری و گیانبازی یەک چاوپۆشی نەکردوە.

ئەم میللەتە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی بە هەزاران قوربانیی داوەو بەردەوام خەریکی خەباتو بەرەنگاری بووەو هیچ ئەزموونێکی تاڵ نیە کە تاقیی نەکردبێتەوە. بەو حاڵەش لە بەرامبەر هەموو جۆرە پیلان و فرتوفێڵی دوژمنەکانی دا وەستاوەو هیچ کات لە داخوازیيە ڕەواکانی پاشگەز نەبۆتەوەو لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی دا بەردەوام بووەو بە دڵێکی پڕ لە هیواو خۆزیاو ئیمانێکی پتەوەوە لە تێکۆشان وازی نەهێناوە.

محەممەد (میرە کورە)یان کوشت، میرەکانی بابان سەریان هەڵ دا، بابانەکانیان سەرکوت کرد، ئەردەڵانەکان راستەوە بوون، ئەردەڵانەکانیان تێک شکاند بدلیسیەکان راپەڕین، بەڵام لەم دوایانەدا بە تایبەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرگەلێک لە ئێران، تورکیە، عێراقو سووریە زمان و کولتوورو دابونەریت و مەزهەب و تایبەتمەندی یەکانی دیکەی نەتەوەی کورد کەوتە بەرسووکایەتی و ژێر فشارەوە. دوژمنانمان لە هیچ چەشنە وەحشیگەری و دڕندایەتی یەک دژی ئێمە نەپرینگاونەتەوە، هەروەها نەیانهێشت لە هیچ جۆرە مافێکی مرۆڤایەتی بەهرەمەند بین. ئەوان ڕێگای خوێندن و وەدەستهێنانی زانست و سەنعەتیان لێگرتبووینو هەر ڕۆژە و بە بیانوویەک و هەر ساتێک بە تۆمەتێک پۆل پۆل و دەستە دەستە کوردی هەژار و بێ ئەنوایان دەخستە گرتووخانەو ئەشکەنجەیان دەکردن و دووریان دەخستنەوەو دەیان کوشتن و بێسەروشوێنیان دەکردن، بەرهەمی کارو ماندوو بوونی ئەو میللەتەیان بە تاڵان دەبردو ئەوانیان برسی و بێئەنوا رادەگرت. تا وای لێهات لە خەرمانانی ١٣٢٠دا دادپەروەری خودایی و فریشتەی ئازادی داموودەزگاکانی دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزا شای تێکەوە پێچاو کوردەکان لەو هەمووە ئێش و ئازارە رزگاریان بوو، ئەوان زانیان کە چۆن لەم هەلە کەڵک وەربگرن و ڕێگەی ئازادی و پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو میللەتە کامەیەو دەبێ چ بکەن؟

جوامێرانی بەرپرسیارو بە شەڕەف و نیشتمانپەروەر کە لەمێژ بوو زووخاویان دەچێشت ولە خەمی چارەنووسی خەمگین و دڵقرچێنی ئەم میللەتەدا بوون هەر زوو زانیان کات کاتی هەنگاوی کردەیی یەو دەبێ ئەم هەلە باشە بقۆزنەوە، ئێستا ئەو ڕۆژەیە کەوا باپیرانمان لە مێژبوو چاوەڕوانی بوون، ئەو تێکۆشەرانە






بەبێ بەفیڕۆدانی کات وەخۆکەوتن و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندو بوێرانەو ماندوویی نەناسانە کەوتنە وەرێخستنی کارەکان لە بەشە جیاجیاکان داو بە چاوێکی روون و ئاواڵەوە داخوازیەکانی خەڵکیان گەڵاڵە کردو بۆ جێبەجێ کردن کەوتنەخۆ. بەر لە هەموو شتێک ناکۆکی عەشیرەیی کە وڵاتە ئیستعماری یەکان بە یارمەتی دەسەڵاتی سەرەڕۆی نێوخۆو بە پێی دروشمی "پەرت کەو زاڵ بە" ئەو برایانەی لە یەک دایک و باوک بوون لەنێو بردبوو هەموویانیان هێناوە باوەشی دایکی نیشتمان. ئێستا کە لە سایەی خوداو ئیرادەی میللەتەوە چارەنووسی خۆمان بە دەستەوە گرتوە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک خوێندنگەی کچان و کوڕانمان دامەزراندوە و خوێندنگەی شەوانەشمان کردۆتەوە. کتێبەکان بە زمانی کوردی وەرگێڕدراونەتەوە. کوڕان و کچان و گەورەکان لە قوتابخانەی شەوانە دا بە زمانی کوردی دەخوێنن و بە جێی ئەوەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی غەیرە زگماک بن، پاش دوو سێ مانگ دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننەوەو بنووسن. بۆ ناساندنی تواناو لێهاتوویی میللەت و سەرهەڵدانو گەشەی ژیانی ئەدەبیو فەرهەنگیی کوردو بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان بە گوێی جیهانی شارستانی و یەکسانخواز پێویستیمان بە کەرەسەی چاپو ناوەندی بڵاوکردنەوە بوو کە بە دامەزراندنی چاپخانە لەمەودوا بە زمانی خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەکەین کە ئەم بڵاوکراوانە داخوازییەکانمان دەخەنە رووو دەیانگەیەنێتە بیروڕای جیهان.

داهات و بەرهەمە نەتەوەیی یە بەرچاوو بەنرخەکانی ئێمەیان لە چنگ دەرهێنایین و تاڵانیان دەکرد. وڵاتە کۆلۆنیاییەکان و دەست وپێوەندەکانیان ببوونە لەمپەر لە نێوان ئێمەو بازاڕی جیهانی دا، ڕێگاچارەی ئەوەشمان دۆزیوەتەوە و لەمەوبەدوا بازرگانی و ئابووریی کوردستان بەباشی برەو پێ دەدەین و بۆ بوژاندنەوەی تێ دەکۆشین. لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی رەزاشادا سەرەڕای ئەستاندنی مالیات و باجی جۆراوجۆر دیسانەکەش لەشساغی و دەرمانو دوکتور و نەخۆشخانە بێبەش بووین. خودا حەز بکا بەم زووانە نەخۆشخانەیەکی تەواو دەکەینەوەو باری لەشساغی و دەرمان لە ناوچەکە باش دەکەین هەروەها ئەرتەشێکی نەتەوەیی سازکراوە کە بە بوێریی و قارەمانەتی یەوە وڵاتو نیشتمانەکەیان دەپارێزێ. ئاشکرایە کە سەرکەتنەکانمان بە پشت بەستن بە خەڵک، جێگیرکردنی دێموکراسی، پشتیوانیی دنیای پێشکەوتوو وەدەست هاتوون. کەوابوو تێکڕا دەڵێن بژی دیموکراسی.

میللەتی کورد بە سەدان بەربەست و لەمپەری لەسەر رێ بوو. دارو دەستەی دیکتاتۆری بێوچان تێکدەرییان دەکردو لە ئاست ئێمە هەرچەشنە کارێکی نامرۆڤانەیان بەرەوا دەزانی. ناکۆکی یە عەشیرەیی یەکان کێشەیەکی گەورەیان بۆ ئێمە خوڵقاندبوو، بەڵام هیچکام لەم کۆسپانە نەیان توانی لەو رێیەی گرتوومانەتە پێش سستمان بکەنەوە، بە ورەیەکی بەرزو باوەڕێکی پتەوەوە بەرگری و خۆڕاگریمان کردوەو هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان درێژە پێداوە، تاکوو سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کوردمان وەدەست هێناوە. دیارە هێشتاش شوێنەوارگەلێک لەم مەترسی و کۆسپ دروست کردن لە نێوخۆو دەرەوە دا ماونەتەوە. بۆیە خەباتی خۆمان دژی ئەوان درێژە پێ دەدەین و بە پشتیوانیی خودا سەردەکەوین. ئەمڕۆکە نوێنەرانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازیی چینایەتی لە ئاغاو جووتیارو گەورە و چووکە لە دەوری یەک کۆبوونەتەوەو یەک دڵ و یەک زمان دروشمی دیموکراسی و ئازادی بەرز دەکەینەوەو بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئاوەدان دەچینە پێشەوە."

وتەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو هۆتاف و چەپڵەڕێزانی بەشداران و تەقەی خۆشیی پێشمەرگەکان دا کۆتایی یان هاتو دواتر محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی فەرماندەری هێزە نیزامی یەکانی کوردستانو هێندێک لە بەرپرسانی حیزب و سەرۆک عەشیرەتەکان و نوێنەری ژنان پەیامی خۆیان خوێندنەوە پاشان ڕێورەسمی ڕێژە و سانی قوتابیان و هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر پێشەواو میوانان دا بەڕێوە چوو کە لە نێو هەلهەلەی خۆشی، چەپڵەی توندی بەشداران درێژەی کێشاو دواتر شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران لە شوێنی میتینگەکەدا بە چەند سەعات پاشتریش بەردەوام بوو. بەم جۆرە ڕێورەسمی خۆشی دەیان رۆژ لە سەرتاسەری کوردستان بە بەشداری هەموو چین و توێژەکانی خەڵک درێژەی هەبوو.

هەر لەو رۆژەدا بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە دەنگ و پەسندکردنی هەموو بەشداربووان لەم کۆبوونەوە مەزن و مێژوویی یەدا قازی محەممەد بە سەرۆکی کۆماری کوردستان هەڵ بژێردرا.

سەرچاوە ڕۆژنامە کوردستان ژمارە ٤٠٥

---






سەعید هومایوون، ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە ئاوایی یەکشەوەی بۆکان لەدایک بووە. ناوبراو خۆشکەزای پێشەوا قازی محەممەدە. قۆناخەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی لە شاری مەهاباد تێپەڕ کردوە. ساڵی ١٣٢٢ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و سوێندی وەفاداریی بە کوردستان خواردوە. دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە دەفتەری تایبەتی پێشەوادا خەریکی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی بووە. هەروەک بۆخۆی لە بیرەوەری یەکانی دا هێناویەتی: "لە زۆربەی سەفەرەکانی قازی محەممەد بۆ تەورێزو ناوچەکانی باکووری کوردستان (ورمێ، شاپوور، خۆیو ماکۆ)و تاران لە خزمەتیان دا بوومو کاری نووسین و بەڕێوەبردنی دەستوورەکانی ئەوم لە ئەستۆ بوو."

لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٣٤٧ تا ١٣٥٥ بە ئەندامەتیی شوورای شاری مەهاباد هەڵبژێراوە. لە جۆزەردانی ١٣٦٠ دا دەسبەسەر کراوەو بۆ ماوەی ٣ ساڵ بۆ شاری دامەغان دوور خراوەتەوە. سەرەنجام جۆزەردانی ١٣٨٣ کۆچی دوایی کرد.

ئەوەی خراوەتە بەر چاو بیرەوەریی سەعید هومایونە لە دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە کتێبی "پیشوای بیداری" وەرگیراوە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٣

## با باشتر ڕێز لە کۆماری کوردستان بگرین!



ئاگری باڵەکی

بە پێ نەریتی ساڵانە حیزبی دێمۆکرات بە هەردوو بەشەکەیەوە و بەشێکی بەرچاویش لە هێزە کوردستانیەکانی دیکە ڕێز لە دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی دەگرن و هەریەکەو بەشێوەیەک ئەم ڕۆژە پیرۆز دەکەن، دوای ٦٧ ساڵ لە داوای ڕوودانی ئەم ڕووداوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر لایەنی شارەوا هەیە کە ئێمەی کورد نەک هەر نازانین بەڵکو هەوڵی زانینیشمان نەداوە، ئەوەی تا ئێستا پێمان نەزانیوە یان هەوڵی زیاترمان نەداوە بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی کۆماری کوردستان بزانین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە زۆر ڕێز لە پیرۆزیەکانی خۆمان ناگرین و تەنها هەوڵمان ئەوەیە کە زۆرترخۆمان بە پیرزۆیەکان و کەسایەتیەکانەوە هەڵبواسین، ئەوەندە نێو و نێوبانگی پیرۆزیەکانمان بۆ گرینگە کە جاری وایە بۆ سەنگەر لەیەکتر گرتنیش بەکاریان دەهێنین، هیچ کات هەوڵمان نەداوە کە بۆ بیرۆکە و مێژووی شاراوەی ئەو ڕووداو و کەسایەتیانە بگەڕێن بۆ ئەوەی کە دەرس و ئامۆژگاریان لێ وەربگرین، هەوڵی ئێمەی کورد زۆرتر نێو و خۆ دەرخستن بووە بەو ڕووداو و کەسایەتیانە.

کۆماری کوردستانیش لە دەروەی ئەم چوارچێوەیە نەبووە، بەبەردەوامی کۆمار بەکار هاتووە بۆ خۆ نیشاندان خۆ هەڵاوەسین پێ، ئەوەندەی نێو و نیوبانگی کۆماری کوردستان و بەرپرسانی کۆمار وەک سەنگەر بەکار هاتووە هیچکات ئەوەندە مێژوو و ئامانج و کردوەکانی بەکارنەهاتوون، هەر بۆیە ئەمە وا لە کۆماری کوردستان دەکات کە زیاتر بچوک بێتەوە تا گەورە بێت و بەبەر دەوامی هەموو سالێک کۆمار لای نەوەی نوێ بچوکتر دەبێتەوە، هەڵبەتە ناکرێ ئەم کەمتەر خەمیە بخەیتە ئەستۆی دەستەیەک یان لایەنێکی سیاسی، هەمووی ئێمە بەئەندازەیەک لەو بچوکردنەوەی کۆماری کوردستان خەتابارین، خەتاباریەکەش ڕاست ئەوەی کە ئێمە هەوڵمان نەداوە کە ڕوخسارێکی ڕوون و ڕێک و پێک ئامادە بکەین لە کۆماری کوردستان بۆ مێژوو، بە دەیان جار وا هەبووە کە لایەن شۆفینستە فارس و تورکەکانەوە کۆمار و شەخسی پیشەوا قازی محەمەد پەلامار دراوە بەڵام بەداخەوە ئێمە جگە لە چەند قسەیەکی کرچ و کاڵ و چەند فاکتێکی سواو هیچی ترمان نەبووە بۆ بەرگری کرد لە کۆماری کوردستان، شەخسی پێشەوا قازی محەمەد ئەمانە هەموو ڕەخنەی ئاشکران کە ڕووبەڕووی لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە کوردیەکان دەبێتەوە کە بۆ ئێمە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمانتوانیوە کە مێژوویەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ کۆماری کوردستان بنووسرێتەوە، ببێتە مەبنایەک بۆ فێربوونی نەوەی داهاتوو.






**کۆماری کوردستان بەسادەیەوە جوانە!**

لەگەڵ ئەوەیدا کە ساڵانە یان بەدرێژایی ئەو ٦٧ ساڵە کاری سەرەتایی کراوە بەڵام هیچکات نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە گەورەیی و گرینگی کۆمار نیشان بدات، هەربۆیە تاکو ئێستاش نەتوانراوە لەسەر مێژوو و سومبولەکانی ئەم کۆمارە تاقانەیە ڕێک بکەوین، ئاڵا و مێژووی ڕووداوەکانی تا ئێستاش شاراوەن، ئەوانە دەکرێ لەمەو بەدوا هەوڵیان بۆبدرێت و لایەن کەسانی دڵسۆز و لایەنە شارەزاکانەوە کاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی چی دیکە کۆمار لە بیر نەچێتەوە .

زۆر کات ویستراوە کە یادی کۆمار بکرێتەوە یان کۆنفرانسی بۆ بگیرێت بەڵام بەداوەخەوە ئەوەی لەم یاد و کۆنفرانسانەدا باسی لیوە نەکرابێت کۆماری کوردستان بووە، هەربۆیە زۆر جار لیت تێک دەچێ کە بەراستی ئەم یادە ئی کۆماری کوردستانە یان باسێکی ترە ، لەگەڵ ئەم ڕەخنانەشدا هەروەک لەسەروە ئیشارەم پێکرد، پێویستە کە ساڵانە ئێمە کۆنفرانس و لێکۆڵینەوەی تایبەتمان هەبێت لەسەر کۆماری کوردستان و بۆ ئەوەی زیاتر لایەنە شاراوە و نادیارەکانی کۆمار بزانین.

ڕەخنەیەکی جیدی تر کەهەیە لە و لایەنانەی کە ٢ی ڕێبەندان بەرز ڕادەگرن و جێژنی بۆ دەگرن، ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە دەبێ جێژنێک بگرن و ئەو یادە هەرچۆنێک بێت لەکۆڵ بکرێتەوە، هەربۆیە فەرهەنگێکیان دروست کردوە کە پێش هەموو شتێک بۆئەوەی نیشان بدەن کە خەڵک زۆرتر بەشداری دەکات دەگەرێن بەدوای گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆش دا دەگەرێن و ئەوەندی بە دوای گۆرانبێژانەوە وێلن ئەوەندە بەدوای گوتاربێژێکی سیاسی یان لێکۆلەرێکی مێژوویی و سیاسیەوە وێلن نین، ڕەخنەکە لەوەدایە کە ئێمە لە دروست کردنی فەرهەنگی غەلەت بۆ کۆمەڵگا هەنگاوی یەکەم هەڵدێنین، بۆ دەبێ لایەنێکی سیاسی بۆ ئەوەی گەورەیی خۆی بە سەر لایەنێکی دیکەدا نیشان بدات پەنا بەرێت بۆ کەسی دەنگ خۆش بۆ نابێ پەنا بەرێتە بەر کەسێکی سیاسیی یا لێکۆڵەرێکی سیاسی، ئەمە چەندین ساڵە کە خەڵکی ئێمە فێر بوون بەدوای ریکلامی جێژنەکاندا دەگەرێن و یەکەم شت کە بۆیان گرینگە کە کێ گۆرانی دەڵێ لە مەراسمەکەدا، من وەک خۆم دژی شایی و خۆشی خەڵک نیم بەلام ئەم جۆرە کارانە یاد و بیرەوەری کۆمار لە بیر دەبەنەوە تا وەبیری بێنەوە، ئەم کردەوانە دەبنە هۆکارێک کە خەڵک رێز لە پیرۆزیەکانی خۆمان نەگرن ساڵ لەگەڵ ساڵ نەوەی نوێ زیاتر گرینگی ئەم مێژووەی لەیاد دەچێ و ئەگەر لەسەر ئەم جۆرە کردارنە برۆین نەسلی داهاتوو نەک لە رێز بۆ کۆماری کوردستان دانانێت بەڵکو هەر لەبیریشی نامێنێت.

لەگەڵ ئەوەیدا دەکرێ کاری گەورە بکرێت بۆ کۆمار و کەسایەتیەکانی بەلام کەم کەس و لایەنێک ئەو کارەیان کردوە، هەر بۆیە و دەکرێ لە ئێستا بەدواوە، کاری جیدی و هەنگاوی کرداری بۆ هەڵێنین و بتوانین مێژوویەک ڕوون و ئامانجەکانی و هەدەفەکانی کۆمار دیاری بکەین، ساڵانە لە بۆنە تایبەتەکاندا بۆ نەوەی نوێ بگوازینەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا پێشنیارم بۆ هەردوو لایەنی دێمۆکرات هەیە کە زیاتر خۆیان بەخاوەنی کۆماری کوردستان دەزانن پێشنیارەکەشم ئەوەیە کە بەشێک لە ئەو مەبلەغە مادیانەی کە لە ئەو مەراسمانەدا خەرج دەکرێ یان بەدەست دێت هەڵگرن و کۆیان بکەنەوە و هەر ساڵە و لە شوێنێکی ئەم جیهانە کۆنفراسنێک بۆ کۆماری کوردستان پێک بێنن، یان کۆماری کوردستان دۆکومینت سازی بکەن ، ئەمانە هەنگاوی کردارین کە دەتوانن لە گەڵ ئەوەی شادی و خۆشی بۆ کۆمار دەکەن ئەو هەنگاوانەش هەڵبێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین بلێن کە کۆمارێکمان هەبووە کە شانازی پێوە بکەین.

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٩ی ژانویەی ٢٠١٣






## لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەردەوام بێت خەبات لە :

## پێناوی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا

عەتاقەرەداغی

لەیادی دامەزراندی کۆماری کوردستانە لە مهاباد کە لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دا لە لایەن قازی محەمەدەوە ڕاگەیەندرا. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە دامەزراندی کۆمار لە مێژووی کورددا بایەخێکی گرنگی هەیە ئەویش لە چەند روویەکەوە لەوانەش ئەوە یەکەم جار بوو لە دوای روخاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفیدەوە لە بەشێکی کوردستاندا کورد بتوانێت حکومەت درووست بکات. درووستبوونی کۆماری مهاباد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانو نزیکبوونەوەی سووپای سوور بوو لە سنووررەکانی کوردستان. بێگومان سەرباری خەباتی کورد خۆی و کارکردنی ژێکاف بۆ ئەو مەبەستە دیسان رۆڵی تایبەتی قازی محەمەدیش لەو رووەوە گرنگە. یەکێک لە خاسێتە دیارەکانی کۆماری مهاباد ئەوە بوو لە کاتێکدا سەرجەمی ئەو سیستێمە سیاسیانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکەدا هەبوون



هەموویان سیستێمی پاشایەتی بوون بێجگە لە تورکیای کەمالیست کە کۆماری بوو، بەڵام کورد لەو قۆناغەدا لە بری سیستێمی پاشایەتی سیستێمی کۆماری درووست دەکات کە ئەوەش جۆرێک لە ئایندەخوازیو هەوڵدان بۆ بنیادنانی جۆرێک لە دیموکراتی لە خۆی دەگرێت.

دیارە وەکو ئاشکرایە کۆماری کوردستان لە مهاباد زۆر بەردەوام نەبوو لە ئەنجامی جووتبوونی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ رژێمی ئەو کاتەی ئێراندا سۆڤیەت پشتی لە هەردوو کۆماری کوردستانو ئازربایجان کردو ئەوەش بوو بە هۆی رووخاندنیان، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە وەکو کورد ئەوەیە کە پرۆژەی دەوڵەتی کوردی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتیماندا پرۆژەیەکی ئامادەیەو هەر کات هەلی ئەوە برەخسێت کورد هەوڵی دامەزراندنی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی خۆی دەدات چی لەسەر بەشێکی کوردستان بێت یان لە سەر جوگرافیای کوردستانی گەورە.

لە راستیدا بارودۆخی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو بوونەتە داگیرکەری کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک کە بە ئاشکرا دیارە ئەگەری مانەوەی کورد لە سایەی دەسەڵاتی ئەو رژێمە شمولی و تۆتالیتارو خوێنرێژو پیاوکوژانەدا بووەتە ئەگەرێکی لاوازو درەنگ یان زوو کورد دەگەڕێتەوە بۆ باری سرووشتی خۆی کە ئەویش یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەو درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە، ئەو دەوڵەتەی کە شێخ مەحموودو قازی محەمەدو زۆرێکی تر لە خەبات گێڕانی کوردو بە گشتی گەلی کورد خەباتیان بۆ کردووە. بۆیە لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا هیوادارم لە ئایندەی نزیکدا کوردستانی رزگارو سەرفراز ببینینو ئالاکەی کۆماری کوردستان بەسەر کوردستانی سەربەخۆو یەکگرتوو لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا بشەکێتەوەو بۆ هەتاهەتایە گەلی کورد لە جەورو ستەمو چەوساندنەوەی داگیرکەرانی کوردستان رزگاری بێت. نەمری بۆ گیانی پاکی قازیو هەموو ئەوانەی لە رێگای رزگاری کوردو کوردستاندا گیانیان بەخت کردووە. بەرزو شەکاوە بێت ئالای کوردستان، بەردەوام و سەرکەوتوو بێت خەباتی گەلی کورد لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا لەسەر جوگرافیای کوردستانی گەورە

سەرچاوە : ماڵپەری ئیستا نیوس / ڕێکەوتی : ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٣






## کۆماری کوردستان و مشت ومالێکی تر



**هاشم رۆستەمی**

ئەو رۆژانە لە سەفحەی فەیسبووکی کاک تاهیری قاسمی ئەو رەستە جوانەم خوێندەوە کە دەڵێ: کۆماری کوردستان ئەو گەوهەرەیە کە تا زیاتر مشت و ماڵ بدرێ باشتر جوانیەکانی دەر دەکەون.

لە وتاری "مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان" دا کە ماوەیەک لە مەوە پێش لە سایتی رۆژهەڵات تایمزدا بڵاو بۆوە، بەڵێنی ئەوەمدا کە لە داهاتوودا سەبارەت بە سەربەخۆ بوونی کۆماری کوردستان زیاتر بنووسم.

بە سەرنج دان بەوە کە تا ئێستا زۆر کەسی شارەزا و خاون نەزەر لە هەل و مەرجی جۆراو جۆردا بە دیدی جۆراو جۆر و بۆ مەبەستی جۆراو جۆر لە سەر کۆماری کوردستانیان نووسیوە، رەنگە هێندێک کەس پێیان وابێ ئیتر هێچ دەلاقەیەک بوو چوونە نێو باسی کۆماری کوردستان نەمابێ. بەڵام کاک تاهیر وتەنی، کۆمار ئەو گەوهەریە تا پتر مشت وماڵ بدرێ زۆرتر دەدرەوشێتەوە.کەوابوو ئەو نووسینەی منیش با بچێتە خانەی ئەو مشت و ماڵەوە.

هەر وەک باسم کرد تا ئێستا زۆر کەس لە سەر کۆماری کوردستانیان نووسیووە، لە زۆر لایەنی ئەو دەستکەوتە سیاسیەی بزوتنەوەی کوردستانیان کۆڵیوەتەوە. بەلام مخابن هێندێک کەس بە عەمد و هێندێک کەسیش نائاگاهانە لە بەکار هێنانی ناوی ئەو دەستکەوتە مێژوویەی نەتەوەکەمان تووشی هەڵە دەبن. هێندێک کەس بە کۆماری مهابادی ناو دەبەن و هێندێک کەسیش بە کۆماری خودموختاری کوردستان. لە پێوەندی لە گەڵ ئەوەی دا کە چۆنە بە کۆماری مهاباد نێو دەبردێ، بەرێز کاک ناسر ئێرانپور لە وتارێکی بە پێزدا ئاوری لەو بابەتە داوەتەوە، بۆیە من شتێکی ترم لەو بوارەدا نیە تا لێی زیاد بکەم، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی ئاخۆ بەراستی، کۆمار خودموختار بووە یان سەربەخۆ، لێ ورد بوونەوەیەک بە پێویست دەزانم کە لە چەند خاڵدا خولاسەی دەکەمەوە.

- چەمکی خودموختاری بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەم سەردەمەی ئێستا، بەئەو دەستەڵاتە ئیداری و سیاسیە بە کار دەبردێ کە ناوچەیەک لە نێو قەوارەی وڵاتێکدا لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە سەری بە تەوافوق دەگەن.

لێرەدا کۆمەلەپرسیارێک خۆیان دەر دەخەن کە وردبوونەوە لەو پرسیارانە و وەڵامەکانیان، زیاتر بەرچاومان روون دەکەنەوە تا بزانین کۆمار لە کام شکلێ مافی دیاری کردنی چارەنووسدا خۆی دیوەتەوە.با لە خۆمان بپرسین، ئەرێ لە سەردەمای کۆماری کوردستاندا هیچ جۆرە رێککەوتنێک لە نێوان خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی ا" دا هەبوو؟ ئەرێ کاربەدەستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەمویان جەنابی پێشەوا قازی، بۆ راگەیاندنی حکومەتی کوردی هیچ جۆرە پرس و رایەکیان بە دەستەلاتی تاران کرد؟ ئەرێ تا ئێستا لە هێچ سەنەدێکی حکومەتی ئەوکاتی تاراندا چوکترین ئاماژە بە خودموختار بوونی کوردستان کراوە؟

ئێمە ئەوش دەزانین، لە دەستەڵاتی خودموختاردا باوە کە چوار رووکنی دەستەڵات، واتە چاپی دراو، ئەرتەش بۆ پاراستنی سنوورەکان، سیاسەتی دەرەوە و ئابووری درێژخایەن، بە گوێرەی یاسا لە دەست دەوڵەتی ناوەندی دا دەبن. ئەوە راستە کە کۆمار لەو ماوە کەمەی دەستەلاتی دا نەی توانی دراو چاپ کات، بەڵام هەموو بەڵگەوە ئاماژەکان و کردارەکانی ئەو کات ئەوە دەردەخەن کە لە سێ بوارەکەیتردا کۆمار هیچ پێوەندیەک و پرس رایەکی لە گەڵ ناوەند نەبووە. لە بواری ئابووریەوە کۆمار بۆ خۆی راستە خۆ هەوڵی دا تا پێوەندی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ وڵاتانی تر و بە تایبەت ئازەربایجان دامەزرێنێ.لە بوارینیزامیەوە سەرەتا سوپای میللی و دواتر لە هێزی پێشمەرگەی بۆ پاراستنی خاک و نیشتمان سازمان دا. لە بواری سیاسەتی خاریجیشەوە هەر هیچ پرس رایەکی بە دەوڵەت تاران نەبووە.

- دەستەلاتی نیزامیی حکومەتە خودموختارەکان لە لایان مەرکەزەوە ئیدارە دەکرێ و فەرمانی پێ دەدرێ. بەڵام لای هەموان روونە کە هێزی نیزامی کۆمار نەک هیچ پێوەندیەکی بە تارانەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێکی عومدەی ئەو هێزە هی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بوو کە لەگەڵ سەرکردەوی ناسراوی کورد مەلا






مستەفای بارزانی هاتبوونە مەهاباد، خودی بارزانیش یەکێک لە و چوار کەسانە بوو کە لە کۆماری کوردستاندا لەقەنی ژنراڵی پێ برا.

- بێ گومان هەموومان دەزانین کە ئارم و ئاڵا سومبولی دەستەڵاتن لە ولاتێکدا. ئەمرێکی زۆر سروشتیە کە لە حکومەتە خودموختارەکاندا ئاڵای گشتی وەڵات لە تەنیشت ئاڵای دەستەڵاتی خودموختار هەڵ دەدری، بەڵام لە سەردەمای کۆماری کوردستاندا، لە ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ را کە ئاڵای کوردستان بە ڕەسمی هەڵدار، لە ئیدارەکانی سەر بە کۆماری کوردستاندا جگە لە ئاڵای کوردستان هیچ ئاڵایەکی دیکەی لێ نەبووە.

-سیستیمی سیاسی و دەستەڵات داریەتی لە ئێراندا، ئەو کات، بە شێوەی پادشاهی بوو، بەڵام مێژوو شاهیدە کە ئەو کات کورد لە شکلی کۆماری دا مومارسەی دەستەڵات داریەتی خۆی دەکرد. کە وابوو هەر لە ئەساسدا دوو جۆرە دەستەڵاتداریەتی تەوا لێک جیاواز لە ئارا دابوون. ئەوانەی دەڵێن کۆمار خودموختار بووە، چۆن ئەو ناتەباییە لێک دەدەنەوە، مەگەر دەکرێ لە چوار چێوەی حکومەتێکی پادشاهیدا، حکومەتێکی کۆمارییش هەبێ!

ئەگەر بمان هەوێ وردتر بچینە نێو ئەو بابەتە و کاک تاهیر وتەنی زۆرتری مشت و ماڵ بدەین، دەتوانین ئاماژە بە زۆر لایەنی دیکەش بکەین، بەلام بۆ خۆ پاراستن لە دوور و درێژ بوونی وتارەکە، لێرەدا هەر بەوە قەناعەت دەکەم کە بڵێم با چیتر شکەستە نەفسی نەکەین، با چیتر بۆ دڵ خۆش کردن، یان ڕازی کردنی شۆفینیستە داگیر کەرەکان، حاشا لە سەبەخۆ بوونی کۆماری کوردستان نەکەین.

با هەوڵ بدەین بۆ جارێکی دیکەش کۆماری کوردستان دامەزرێنینەوە، تا ئەو جار هەم بۆ خۆیی و هەم یادەکەی، بۆ هەمیشە لە دڵی مێژوو و مرۆڤایەتیدا تۆمار بکرێ.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٤ ی فێوریەی ٢٠١٣

## ڕۆژی بەدەوڵەتبوونی کورد



ئەیوب ئەیوبزادە

کۆبوونەوەی چەند هەزار کەسیی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکی بچووک یاخۆ سکاڵا لە مەسەلە و گرفتێکی ڕۆژانە نەبوو. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە لەڕاستیدا لە شوێنی ریفراندۆمێک بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردو بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی. ئەگەر لە دونیای ئێستادا نەتەوەیەک بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی پەنا دەباتە بەر سەنووقی دەنگدان یاخۆ بە هۆی نوێنەرانییەوە لە هۆڵی پارلمان بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی بە دونیای دەرەوە ڕادەگەیەنێ، کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی ڕۆژی دووی ڕێبەندان مودێلێکی زیندووتری بۆڕاگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی ئەوتۆ هەڵبژارد. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو پتر لە ٢٠ هەزار کەس دەنگی بۆ سەربەخۆیی و جمهوری دا و ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بە ئاشکرا بە دنیا ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوە بڕیارێکی چارەنوساز بوو لە هەلو مەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووسساز بوو، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژێردەستەیی و بێکیانیی کورد بێنێ. لەهەمان کاتیشدا وڵامێکی مێژوویی بوو لە حاند کولتووری نەتەوەخوازیی داگیرکەرانە و سەروەریخوازانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێراندا. ئەم قەوارە نەتەوەییە شکست و سەرنەکەوتوویی نەتەوەخوازیی نەتەوەی باندەستی نیشان دا کە لە هەوڵی ئەوە دابوو ناسنامەیەکی یەکدەست و هاوچەشن و هاوشێوە لەسەر حیسابی سڕینەوە و کپ کردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانیتر بە زۆر بسەپێنێ.

ئەم بڕیارە مێژووییە، ئەگەر بۆ نیزامی پاشایەتی لە ئێران بە مانای لەگرێژنە چوون و خەوشدار کردنی "تەواویەتی ئەرزیی ئێران" بوو، بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد دەسپێکی نوقتە گۆڕانێکی مێژوویی بوو. بەدەوڵەتبوونو حاکمییەت بەسەر وڵاتێک کە کوردستانی ناوە، ناوەڕۆکی ئەم وەرچەرخانەی لە






خۆگرتبوو.

مەهاباد لەو ڕۆژەدا بوو بە مەکۆو ناوەندی بڕیارێکی گەورەی مێژوویی. بڕیاری ڕاگەیاندنی "جمهوری کوردستان" و دیاریکردنی سەرۆککۆمار و هەڵکردنی ئاڵا و، دامەزراندن و ڕاگەیاندنی گشت ئەو دامەزراوانەی کە لە دەوڵەتێکی مودێرن و هاوچەرخ دەوەشێتەوە.

کۆمار نە لە ئاکامی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەدایک بوو نە خوڵقاوی سیاسەتی دەرەکی بوو. قەوارە و ناوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیییە نەتەنیا هیچ جۆرە بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەبوو، بەڵکوو هەم لە ناو و هەم لە ناوەرۆکدا دوو دەسەڵاتی جیاوازو دژ بەیەک بوون. ناوی قەوارەکە "جمهوری کوردستان" بوو. کەچی ڕێژیمی ناوەندی لە تاران سەلتەنەتی بوو. هەر بۆیە لەدایکبوونی کۆمار نەیدەتوانی لە ئەنجامی هیچ چەشنە گفتوگۆ و ڕێککەوتنێک لە نێوان تاران و کوردستان دا هاتبێتە ئاراوە.

کۆمار بەدەر لە بازنەی شەرعییەتی سنووری سیاسی و جوغرافیایی ئێران بوو. واتە: "وشەی ئێرانی بەدواوە نەبووە. وەلانانی وشەی ئێران لە کۆتایی ئەو دەستەواژەیە نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی کورد حیسابی هۆوییەتی جیاوازی خۆی لە هۆوییەتی ئێرانی بووون جیا کردبۆوە." (١)

هەر بەم پێیەش لە ناوەرۆکیشدا ئەم دوو قەوارەیە دەچوونە ناو دوو خانەی لە ئاشتی نەهاتووی دژ بەیەکەوە. یەکیان لە قاوغی ڕێژیمێکی سەلتەنەتی، هۆوییەت و ئیتنیسیتەی فارسی کردبووە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. ئەوەی تریان نوێنەرایەتیی ناسنامەیەکی حاشا لێکراوی گرتبووە ئەستۆ. یەکیان زمانی فارسی زمانی ڕەسمی و دەوڵەتیی بوو، ئەوەی تریان زمانی نەتەوەیی خۆی کردبووە زمانی ڕەسمی. لە یەکەمیاندا زمانی کەمایەتییەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بوو کە دەیهەویست بەزۆر شوێنەورای گشت زمانەکانی تر بسڕێتەوە، ئەوی تریشیان زمانی نەتەوەیەکی دوورخراوە لە بازنەی دەسەڵات بوو کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو ماڵێکی سیاسی بۆ ئەو ناسنامە قەدەغە کراوە بونیات بنێ.لە گوتاری یەکیان دا باس لە قەبووڵی فرەچەشنی و جیاوازی و یەکسانی لەدەسەڵات لە نێوان نەتەوەکاندا دەکرا. کەچی بە پێچەوانەوە، ئەویتر تا سەر ئێسقان کاری بۆ توانەوە و ئەسیمیلە کردن و خاشەبڕ کردنی فرەچەشنی نەتەوەیی دەکرد. هەر لە بەر ئەوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو جۆرە نەتەوەخوازییە، نەیدەتوانی پێوەندییەکی ئاسایی بێ و لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیی هاوبەش دا حەوانەوەیان پێکەوە بۆ بکرێ. نە دەسەڵاتی پاشایەتی وەک نوێنەری نەتەوەخوازیی فارس قایل بەوە بوو لە بیری شۆوینیسمی مەزنیخوازانەی خۆی بچووکترین پاشگەز بوونەوەیەک بکا و نە نەتەوەخوازیی کوردیش چیتر حازر بە ژیانی کۆیلەتی و دەسبەسەری بوو.

سەرکردەی یەکیان حەمەڕەزا شای پەهلەوی کوڕی ڕەزاخانی قەزاق بوو کە لە باوکییەوە تەختی پاشایەتیی بۆ بە میرات مابووەوە و کابرایەکی نەخوێندەوار و سەرەڕۆ کە بە یارمەتی و پشتگیریی ئینگلیسەکان بەهۆی کودەتایەکی سەربازییەوە لە ٢١ / ٢ / ١٩٢١ توانی دواشای قاجار لەدەسەڵات بخا و لە ٢٥ / ٤ / ١٩٢٦ تاجی پاشایەتی بنێتە سەری و لە ماوەی حکومەتەکە دا ئێعدام و قەڵاچۆ کردن و سەرکوتو داپڵۆسین بکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. حەمە ڕەزاشای کوڕیشی لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی بوو بە ڕێبواری هەمان ئەو میراتەی کە لە باوکەوە بۆی بەجێمابوو.

سەرکردەی لایەنی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازانەش، پێشەوا قازی محەمەد بوو. کەسایەتییەکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو بە مانای ڕاستەقینەی وشە زانا. لە بیری ئەو دا "نەتەوەی خاوەن شکۆ" و "نەتەوەی دواکەوتوو" جێگایەکی بۆ نەبوو. ئەو هەڵگری ڕوانینێکی دێمۆکراتیانە بوو بۆ کەسایەتیی سیاسی و حقووقی و کولتوریی هەموو نەتەوەکانیتر. بەردی بناغەی بیری ئەو لەسەر یەکسانیی نێوان نەتەوەکان دامەزرابوو. یەکسانییش لە هزر و بیری پێشەوادا بریتی بوو لە یەکسانیی نەتەوەکان لە دەسەڵات و دیاریکردنی مافی چارەنووسیان. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەم دوو قەوارەیە ململانێی نێوان دوو جۆر لە نەتەوەخوازی بە دوو سیستمی جیاوازی سیاسی و فیکرییەوە بوو. نەتەوەخوازییەکی داگیرکەرانەو داپڵۆسێنەر، لەگەڵ نەتەوەخوازییەکی ڕزگاریخوازانە. ئەم قەوارەیە بە مانای ڕاستەقینەی وشە دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. واتە لە کردەوە و لە واقیعدا سەربەخۆ و خاوەن سەروەری بوو.

لە تیۆریی سیاسیدا چەمکی سەروەری گرینگترین بنەمای دەوڵەتە و یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێ دەناسرێتەوە. بۆ گشت قەوارەیەک پرەنسیبی سەروەری دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دەگەیەنێ لە بەجێگەیاندنی دەسەڵاتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دا. لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانیش دا پرەنسیبی سەروەری لە هەردووک ئاستدا بەتەواوی خوویا بوو و چ جێگایەک بۆ ئۆتوریتە و دەسەڵات و تەنانەت سێبەری دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لەئارادا نەبوو. لە میانەی ئەو باسەدا تا ئەو جێگایەی بۆ رووکاری دەرەوەی ئەو سەروەرییە دەگەڕایەوە، سەقامگیریی قەوارەکە و

پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد لە نێوەندی بایەخی خۆی دانابوو. واتە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی و لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دا، سەربەخۆ سیاسەتی خۆی دادەڕشت و خاوەن سیاسەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو، بێئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە رادەی دەسەلاتەکەی سنووردار کرابێ. بۆ وێنە سەربەخۆ گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی دەرەکی دەبەست. بۆ پێگەیاندنی کادر و پسپۆڕی قەوارەکەی گەنج و لاوی وڵاتەکەی رەوانەی وڵاتێکی دەرەوە دەکرد. لە سیاسەتی جیهانیدا لەسەر بنەمای رێزدانانی دوو لایەنە دیپلۆماسییەکی کارای بەڕێوە دەبرد و پێوەندیی سەربەخۆی بە دەوڵەتەکانی ترەوە هەبوو. لەگەڵ حکوومەتی میلیی ئازەربایجان رێککەوتننامەی هاوکاری و تەبایی مۆر دەکرد و بە وێنەی سیستم و نیزامێکی سیاسی - حقووقیی سەربەخۆ لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد و سەروەرییەکەی خۆی لە خانەی دەسەڵاتێکی رەهای بێسنوردا دەپاراست. بنەمای (رەها) لێرەدا پشڕاستە بە مافی بێسنوور بۆ حوکمرانی و پاراستنی سەربەخۆیی قەوارەکە لە حاند دەستتێوەردان و هەڕەشەکانی دەرەکی دا. واتە وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ بەرژەوەندیی نەتەوەخوازیی کوردی لە رێگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە بەڕێوە دەبرد.

دیوێکی دیکەی ئەو سەروەرییە، بۆ ئاستی نێوخۆی کۆمار دەگەڕایەوە و خۆی لە دانانی یاسا، حوکمرانی و دارشتنی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات و دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی دانیشتوان و شارومەندانی دا دەدیتەوە. لەم بوارانەش دا رادەی دەسەڵات و جۆری بڕیار و یاساکانی گرێدراوی هیچ یەکەیەکی سیاسیی دیکە نەبوون. بۆ وێنە ئەگەر لە خودموختاری دا سیاسەتی دەرەوە، پرۆژەی درێژخایەنی ئابووری، دیفاعی میللی، داهاتی نەتەوەیی، یاسا گشتییەکانی وڵات لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن، لە کۆماری کوردستان دا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی هەموو ئەم دەسەڵاتانە لە پاوانی خۆی دابوون. حکوومەتی خودموختار کارگێڕیی نوێنەرایەتیی ناوەندی هەیە و مافی سەربەخۆ بڕیاردانی نییە و لەو چوارچێوەیەدا باس لە سەروەریی نەتەوەیی نایەتە گۆڕێ، بەڵام کۆماری کوردستان هیچ ماف و دەسەڵاتێکی لەخۆی دانەبڕیبوو بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی بەڕێوەی بەرێ.

هەر بۆیە خاشەبڕ کردنی هەموو سیمبول و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی نەتەوەخوازیی داگیرکەرانەی فارس لە کوردستان، بوو بە یەکێک لە گرینگترین خەم و سەرقاڵییەکانی نەتەوەخوازیی کورد لەو قۆناغەدا. بە هەڵکەوت نییە کاتێ لە هەر روویەکەوە لە بیچم و سروشتی کۆمار دەڕوانی، بچووکترین شوێنەوار و ئاسەوارێکی دەسەڵاتی تارانی پێوە نابینی.

- لەخۆڕا نەبوو ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەر لە سەربان و دەزگا ئیدارییەکان دێنێتە خوارێ و لە جێگای ئەو ئاڵای نەتەوەیی خۆی دەشەکێنێ.

- هێزی چەکداری دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێکدێنێ کە هەم کیانی نەتەوە لە پەلاماری دەرەکی بپارێزێ و هەم ئاسایش و هێمنیی شارومەندانی دەستەبەر بکا.

- یاسا و رێسا و میراتی دەسەڵاتی داگیرکەر هەڵدەوەشێنێتەوە و لە جێگایان یاسای تایبەت بە خۆی دیاری دەکا.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی ساواو کەم تەمەنە و لەگەڵ گەلێک هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆیی بەرەڕووە، بۆ یەک ساتیش چاوی لە دوایین ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران غافڵ ناکا و بۆ خاشەبڕ کردنی هەموو قوژبنەکان دەگەڕێ و: "ناوە فارسی و ناقۆلاکانی مەکتەب و شوێنە گشتییەکان کران بە ناوی کوردیی خۆش." (۲)

جگە لەوەش بە پێی "دەستووری پێشەوا رەئیسی جمهوری کوردستان لە ۲۰ی ۱۰ی ۲۴ دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆ بوونەوە پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بەنێوی مەکتەبی ئامانجی کوردستان نێودار بێ." (۳)

لە هەموو ئەوانەش گرینگتر. لە رۆژی "ئیعلامی جمهوری"و بە بەشداریی پتر لە ۲۰ هەزار کەس لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەئاشکرا راگەیاندرا:

۱- لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستقلالی تەواو بگا.

۲- ئینتخاباتی مەجلیسی شورا دەس پێ بکەن.

۳- حکومەتی میللی کوردستان، وەزیران ئیدارەکانی ساز بکەن.






٤- هێزی موسەلەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.

٥- لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابیتەی تیجارەتی و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن.

٦- لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکان هەمکاری و دۆستایەتی مەحکەم بکەن." (٤)

بڕیاری ئازایانەی پێشەوا و بڕیارنامەی جەماوەریی دووی ڕێبەندان هەڵگری دوو پەیامی گرینگی بەم چەشنە بوو: یەکەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دووەم،سەربەخۆ ڕاگەیاندنی کورد و بزووتنەوەکەی و نەبوونە پاشکۆی هیچ لایەنێک.

پەیامی یەکەم: بە هەڵبژاردنی سەرکۆمار و راگەیاندنی جمهوری، بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان ئاراستەی دەوڵەتی شاهەنشاهی لە تاران کرا. ڕێبەرانی کورد بە هەڵبژاردنی سیستمی کۆماری لە کوردستان وەک شێوەی دەسەڵاتدارەتیی سیاسیی کوردی بە ئاشکراو بە کردەوە دابڕانی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێرانی پاشایەتی راگەیاند. بەو هەنگاوە واتە بە بونیاتنانی ئەو قەوارە نەتەوەییە و راگەیاندنی سیستمی جمهوری ڕێگای جیابوونەوەی کوردیان بە ئاشکرا و بێ دڵەڕاوکێ لە ئێران گرتەبەر. ئەمە هەم بڕیارێکی یەکلا کەرەوەی یەکجارەکی بوو، هەم بڕیارێکی یەک لایەنە. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی یەک جارەکی بوو، لە بەر ئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان هێنا و چەشنی دەسەڵاتێکی بەتەواو جیاوازی بۆ ژیانی دوارۆژی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی دیاریی کرد و کۆتایی بە ژیانی کۆیلەتیی کورد لە نیزامی پاشایەتی هێنا و خەوی لەمێژینەی بەدەوڵەتبوونی ئینسانی کوردی لە ئاستی خەو و تئۆرییەوە بۆ ژیانی راستەقینە گواستەوە.

هەر بەو پێیەش راگەیاندنی کۆمار بڕیارێکی یەک لایەنەش بوو، بەو مانایە لە ئاکامی هیچ جۆرە دانوسانێک و یاخۆ بە هۆی هیچ جۆرە پێ قایل بوون و ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تاران نەهاتبووە دی. سەرچاوەی ئەسڵی و ناوەندی سەرەکیی ئەم بڕیارە تەنیا بۆ ئیرادەی ڕێبەرایەتیی سیاسیی کوردی و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەگەڕایەوە.

لەو قۆناغەدا، فاکتۆرەکانی "بوونی ئیرادەیەکی پتەوی نەتەوەیی و ئاستی داخوازی سیاسیی کورد"و "باڵانسی هێز" خۆ لە خانەیەکی هاوبەش و تەواوکەری یەکتر دا دەبیننەوە بۆ دانی ئەو بڕیارە مێژووییە.

"مەفهوومی کۆمار ڕێژیمێکی حقووقی- سیاسی ناسراوە و سیستمێک نیشان دەدا کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە. لە حاڵێکدا حکومەتی خودموختار نوێنەری حاکمیەتی ناوەندییە؛ قانوونەکانی نابێ لەگەڵ قانوونی دەوڵەتی ناوەندی دژایەتییان هەبێ؛ پووڵ و ئابووری و پێوەندیی دەرەوەی نییە؛ ئەرتەشی نییە و سنوری جوغرافیایی ئاواڵەیە. لە حکومەتی خودموختاردا باس لە حاکمییەت ناکرێ و کەسایەتی حقوقی- سیاسی سەربەخۆی نییە. ناوی کۆماری کوردستان و سروود و پەرچەم و لەشکر و دیار کردنی سنوور، سڕینەوەی هەموو شوێنەواری فارس و قەدەغە کردنی خوێندن بە فارسی بە گشتی راماڵینی هەموو شوێنەواری عەجەم تەنانەت ببووە قسەی نەستەق". (٥)

بەکار هێنانی زاراوەی "سەربەخۆیی"، "استقلالی تام و تەمام"، "هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان" و راگەیاندنی "جمهوری کوردستان"... کە بەردەوام لەلایەن پێشەواوە لە کۆبوونەوەکانی قسەی لەسەر دەکرد، راست بەو مەبەستە بوو کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان بێنێ.

وەک دەبینین لە هیچکام لەو هەنگاوانە دا، چ باسێک لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و مانەوە لە سیستمی پاشایەتیی ئەو وڵاتەدا لە ئارا دا نییە. بەتایبەتی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان وەک ڕۆژی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی کورد، ئەوەی ناوی لەنێو ناواندا نییە، ئێران و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتییە. بە پێچەوانە هەموو بڕیارەکان و گشت هەنگاوەکان بۆ ئەوەیە کوردستان و کورد لە پاشکۆیەتی بە نەخشەی جوغرافیایی ئێران، بۆ هەمیشە رزگار بکرێ. ئەم راستییە لە ئایینی سوێند خواردنی پێشەوا بە باشترین شێوە خۆی دەنوێنێ:

"ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە ڕێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێدەکۆشم و نیسبەت بە رەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار دەبم". (٦)

دانانی وەزارەتخانە و بنکە و دامەزراوی دەوڵەتی بۆ ئیدارەی وڵات و لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر، هەنگاوێکی تر بۆ دارشتنی بناغەکانی ستروکتوری سەربەخۆیی کۆمار بوو.

هەر چەند یەکێک لە بریارەکانی رۆژی ٢ی ڕێبەندان هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا بوو کە جێگای پارلمانی ئێستا دەگرێتەوە، بەڵام کەشو هەوای نالەباری سیاسی و کەم تەمەنیی کۆمار رێگای نەدا ئەم بریارە بە کردەوە بێنێتە دی، هەر بۆیە لە کۆماری کوردستان دا دەسەڵاتی یاسا دانان وەک پارلمانێکی هەڵبژێردراو نەبوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بریارەکان لە سەرکۆمارەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەردەچوون. بەڵام:

"لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری حکومەت بەتەواوی دامەزرابوو و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ١٣ وەزارەتی لەخۆ گرتبوو. کە ئەم وەزارەتانەش دام و دەزگای تریان دامەزراندبوو کە بەردەوام بۆ خزمەت کردن و راپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان و پەیوەندی کۆمارەکە و پاراستنی سنوورەکانی و... لە هەڵسووران و کارکردن دابوو." (٧)

بەشێکی تر لە ستروکتوری کۆمار بوونی دەسەڵاتی دادوەری بوو. لاکردنەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک تلیاک کێشان، شەڕ و کێشەی نێوان هاووڵاتیان و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئاسایش و هێمنایەتی... ئەرکگەلێک بوون کە بۆ چارەسەرکردنیان ، پێویستیی دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەریی هێنابووە گۆرێ.

پەیامی دووهەمیش رووی لە کاربەدەستانی سەرانی فیرقە لە تەورێز بوو. پێشەوا بە راگەیاندنی جمهوری لە نێوان خۆبوون و پاشکۆ بوون دا، ئیرادەی نەتەوەیی کوردی بە باشترین شێوە بۆ رەت کردنەوەی هەر چەشنە پاشکۆیەتییەک بەگوێی کاربەدەستانی ئازەری گەیاند. ئەو پەیامەی پێشەوا بۆ لایەنی ئازەری گەلێک روون و ئاشکرا بوو. پێشەوا بە ئیعلامی جمهوری ویستی لە سەرانی فیرقە بگەیەنێ پاشکۆیەتیی کوردو دوور کەوتنەوەی کورد لە بازنەی دەسەڵات، لەلایەن کێوە بێ، بۆ تاران بێ یاخۆ تەورێز، پاشکۆیەتی، پاشکۆیەتییە. ئەم پاشکۆیەتییە لە ژێر هەر ناوێک و بە هەر رەنگێکەوە بێ لەلایەن ئیرادەی نەتەوەیی کوردەوە دەخرێتە

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی ٢١ی ژانویەی ٢٠١٣

## مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان



هاشم رۆستەمی

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە بەرچاو و مەزنەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوی کورد، کۆماری کوردستانە.

ئەو کۆمارەی کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بە هەوڵ و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، لە لە لایان پێشەوای مەزنیی کوردەوە لە مەیدانی چوار چرای شاری مهاباد راگەیەندرا. گەر تەمەن مەودا بدا لە وتارێکی دیکەدا باسی ئەوە دەکەم کە بە پێچەوانەی نەزەری ئەو کەسانە کە باسی ئەوە دەکەن، کۆمار خودموختار بووە نەک سەر بەخۆ، ئەمن بە ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاری روون پێ لە سەر ئەوە دادەگرم کە کۆماری کوردستان سەر بەخۆ بووە نەک خودموختار. بەڵام لەم نووسراوەیەدا مەبەستم ئەوەیە کە باسێکی دیکە بهاروژێنم، تا خاوەن نەزەران و دڵسۆزانی حیزب و گەل هاو کار بن لە راست کردنەوەی هەڵە و کەم و کوڕییەکان.

مێژووی نەتەوەیەک یان مێژووی حیزب و جووڵانەوەیەک تەنیا بریتی نیە لە سەرکەوتن و شانازی خوڵقاندن. مێژوو ئەوەیە کە رووی داوە، بە چاک و خەراپیەوە، بە سەر کەوتن و شکستیەوە، بە رۆژی لە دایک بوون و رۆژی شەهید بوونەوە.

زۆر سروشتیە کە لە بیرەوەری رۆژە خۆش و پر دەسکەوتەکاندا شادی بکەین و جێژن بگرین. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ رۆژە تاڵ و ناخۆشەکانیش فەرامۆش

بکەین. هەر وەک چۆن لە ١٠ی خاکەلێوەدا مەراسیم دەگرین و یادی شەهیدەکانمان زیندوو رادەگرین. ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرین، پەیمانی وەفاداری و بەردەوام بوون لە سەر ڕێگەی خەباتیان دووبارە دەکەینەوە.

ئێستا لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی ئێمەدا ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی جێگەو پێگەی خۆی گرتووە و هەمووساڵێک لە هەر جێگایەک کە کوردستانیان بۆیان لوا بێ ئەم یادەیان بەرز و پیرۆز را گرتووە.

ئەوانەی کە هەر کەمێک شارەزای مێژووی بزووتنەوەی گەلی کورد بن، دەزانن کە مخابن کۆماری کوردستان هەر ١١ مانگ دەوامی هێنا و، لە لایان دوژمنانی کوردەوە کۆتایی بە دەستەڵاتە دێموکراتیکەکەی هات. بەڵام کەی و چ ڕۆژێک؟ بۆ تا ئێستاش ڕۆژی ئەو تراژیدیایەی نەتەوەکەمان لە مێژووی ئێمەدا باسی لێوە ناکرێ؟

دامەزرانی کۆماری کوردستان ئاواتی سەدان ساڵەی خەڵکی کوردستان بوو، ئێستاش خەباتکارانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بە هیوای زیندوو کردنەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بە گژ دوژمنانی گەلدا دەچنەوە. کە وابوو بە بڕوای من هەم بێ دیققەتی و هەم نارەوایەکی گەورەیە دەرحەق بە کۆماری کوردستان کە لە ڕۆژی ڕووخانی کۆماردا ئێمە جێژن بگرین و شایی و هەڵپەرکێ بکەین. ئەوە زیاتر لە چارەگە سەدەیەکە هەموو ساڵێک ئێمەی دێموکرات، ئێمەی درێژەدەری ڕیگەی پڕ لە شانازی کۆمار، لە ڕۆژی مەرگی کۆماردا شایی و هەڵپەرکێ دەکەین. ساڵ بە ساڵیش بەزمەکە خەستتر دەکەین.

با ڕوونتر بچمە نێو ئەو باسە. " ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی خەڵکی خرۆشاوی شاری مهاباد بە دەست بە سەر داگرتنی شارەبانیی ئەو شارە، ئاخرین نمادی حکومەتی پاشایەتیان لەو شارە پاک کردەوە" ، (هێندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە گرتنی شارەبانی مهاباد لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ دا بووە نەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤) بەلام ئەوە ڕوونە کە هەر ئەو ڕۆژە، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ، بە شکۆیەکی تەواوەوە ڕێ و ڕەسمی هەڵکردنی ئالای کوردستان، لە مهاباد و هێندێک شوێنی دیکە بە ڕێوە چوو. بەم شێوەیە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی، وەک ڕۆژێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی خەڵکی کوردستاندا، بوو بە ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان.

لە ٢ی ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا، هەر وەک ئاماژەم پێ کرد مخابن کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگ تەمەنی بوو کە لە لایان ئەرتەشی حکومەت پاشایەتی ئێرانەوە هێرشی کرایە سەر و بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراو، ڕاست لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا، واتە لە سالوەگەری ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستاندا، ئەرتەشی ئێران شاری مهاباد، واتە پایتەختی کۆماری کوردستانی داگیر کردەوەو، بە کردوە کۆماری کوردستانیش کۆتایی بە تەمەنی ١١ مانگەی هات. کەوابوو ٢٦ی سەرماوە هەم ڕۆژی هەڵکردنی ئالایە و هەم ڕۆژی تێکچوونی کۆماری کوردستان.

نزیک ٤٠ ساڵ دوای ئەو ڕێکەوتە، واتە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دەی هەویست بۆ ڕێز گرتن لە خەباتی فیداکارانەی پێشمەرگە ڕۆژێک دیاری بکات، بۆ ئەو مەبەستە بە بێ ئەوەی ئەو کات مەسەلەی هەڵدانی ئالا زۆر زەق بکرێتەوە، ڕاست ڕۆژی هەڵدانی ئالای کوردستان وەک ڕۆژی ڕیز گرتن لە خەباتی پێشمەرگە دیاری دەکرێت و لە کاتەوە هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژە دەکرێ بە جێژن و، بە خۆشیەوە ئەوە چەند ساڵێکیشە هاوکات باس لە ڕۆژی هەڵدانی ئالاش دەکرێ. بەڵام مخابن ئەوەی جێگەی لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە کە تا ئێستاش لەو مەراسیمانەدا باسێک لە ڕۆژی تێکچوونی کۆمارە جوانە مەرگەکەمان نەکرێ.

لێرەدا ڕوو دەکەمە ڕێبەرایەتی هەردوولای دێموکرات تا لە و بوارەدا چاوخشاندنەوەیەک بە مناسبەتەدا بکەنەوە. ناکرێ و نابێ، لە ڕۆژی مەرگی کۆماردا، لە ژێر هیچ ناو و پاساوێکدا بیکەینە شایی و هەڵپەرکێ. ریز گرتن لە پێشمەرگە و خەباتی فیداکارانەشی تەنیا شایی و هەڵپەرکێ نیە. با لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ررۆژی پێشمەرگە و ئالا و تێکچوونی کۆماردا، ڕەنگ و ڕوویەکی دیکە بدەینە ئەو مناسبەیە. ولاتانی تر و نەتەوەی تریش ڕێز لە خەباتی هێزی چەکداری خۆیان دەگرن، بەلام نەک بە هەڵپەرکێ.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی ٧ی ژانویەی ٢٠١٣






# ژنان و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ دا

## Women and Nationalism in the Kurdish Republic of 1946

نووسینی : شەهرزاد مجاب
وەرگێڕاو لە ئینگلیسی: ئەحمەد ئەسکەندەری

### وەکوو پێشەکی

کتێبی Women of A Non-state Nation, The Kurds (ژنانی میللەتێکی بێدەوڵەت، کوردەکان) کە لەلایەن خانمی شەهرزادی موجابەوە ئامادەکراوە، ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە زۆربەنرخە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیە سەبارەت بە دەوری ژنان لەبوارەجۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەدرێژایی مێژووی کوردستان، بریتیە لە پێشەکییەکی چڕوبڕ و لەسێ تەوەردا پێشکەشکراوە. پێشەکی کتێبەکە لەلایەن شەهرزادی موجاب خۆیەوە نووسراوە و ناوەرۆکی هەموو باسەکانی کتێبەکەمان پێدەناسێنێت.

سەردێڕی تەوەری یەکەمی ئەم کتێبە «ڕوانگە مێژوویەکان»ە کە پێکهاتووە لە سێبەش: «پرسی ژنان لەگوفتاری ناسیونالیستەکوردەکان لە خولی کۆتایی ئیمپراتوری عوسمانیدا» لەنووسینی جانێتکلاین (Janet Klein)؛ « ژنانی کورد لە قسطنطنیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا»، لەنووسینی ڕوهات ئالاکوم (Rohat Alakom)، «ژنان و ناسیۆنالیسم لە کۆماری کوردستانی ١٩٤٦دا»، لەنووسینی شەهرزادی موجاب (Shahrzad Mojab).

تەوەری دووهەم لەژێر سەردێڕی «ڕوانگە سیاسیو یاساییەکان»دایە کە پێکهاتووە لە سێ بەش: «لە عادیلەخانمەوە هەتا لەیلا زانا: ژنان وەکوو ڕێبەرانی سیاسی لەمێژووی کوردستاندا»، لەنووسینی مارتین ڤان برۆینسۆن (Matin van Bruinsson)؛ «ژنانی کۆچکردووی کورد لە ئەستەموڵ: کۆمەڵگا و سەرچاوەپێویستەکان بۆبەشداری سیاسی ناوچەیی بۆ ئەو تاقمە کۆمەڵایەتییەی کە خراوەتە پەراوێزەوە»، لەنووسینی هایدی ویدێل (Heidi Wedel)؛ «ژنانی کورد ومافی چارەی خۆنووسین: سەرنجێکی فێمینیستی بۆ یاسا نێونەتەوەییەکان»، لە نووسینی سوزان مەکدانالد (McDonald Susan).

تەوەری سێهەمی کتێبەکە لەژێر سەردێڕی «ڕوانگە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو زمانناسییەکان»دایە کە بریتیە لە پێنج بەش: «دەرمانکەر، نهێنیئامێز یان جادوویی: هەڵبژاردە لەشساخییەکانی ژنان لەشارێکی کوردستاندا»، لەنووسینی ماریا ئووشی (Maria O Shea)؛ «فۆلکلۆرو فانتازیا: ناساندنی ژنان لە نەریتی گێڕانەوەی کوردەکاندا»، لەنووسینی کریستین ئالیسن (Christine Allison)؛ «پەیکەرەی ژنانی کورد لە سۆفیگەری هاوچەرخدا»، لەنووسینی ئانابێل بوتچێر(Annabelle Böttcher)؛ «سیماکانی ڕۆژهەڵات لەرۆڵی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستاندا»، لەنووسینی میرێلا گالێتی (Mirella Galletti)؛ « (دووبارە) بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاری لە زمانی کوردیدا»، لە نووسینی ئەمیری حەسەنپوور (Amir Hassanpour)

دوکتۆر شەهرزادی موجاب مامۆستایاریدەدەری زانکۆی تورانتۆیە لە کانادا، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوە لەسەر ژنانو لێکۆڵینەوەی (ژەندەر) جنسیە لە زانکۆی تورانتۆ و هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی کانادایی لێکۆڵینەوەی پەروەردەی گەورەساڵانە. بۆوەرگرتنی زانیاری لەسەر چالاکییەکانی شەهرزاد خانم و هەروەها بۆلەنزیکەوە ئاشنابوون لە کارو هەڵسووڕانی زانستی و توێژینەوەی ئەم خانمە، دەتوانن سەرێکی سایتەکەی بدەن لەسەر ئینتەرنێت:
/http://fcis.oise.utoronto.ca/~mojabweb

لەوەرگێڕانی کوردی ئەمدەقەدا داوام لە شەهرزادخانم کرد کە ئەوبەشە لە نووسراوەکەی وا ڕاستەوخۆ لە سەرچاوە کوردیەکانەوە وەریگرتووە بۆم بنێرێت با من ناچارنەبم لەئینگلیزیەوە دەقێک بکەم بەکوردی کەخودی دەقەکە کوردی بووە! ئەویش بەخۆشیەوە ئەم کارەیکردو ئەو بەشە لە نووسراوەکانی بۆناردم کە لە «کوردستان» و لە «نیشتمان»دا بڵاوکراونەتەوە. من جگە لەگۆڕینی شێوەینووسین، دەقەکانم هەروەکوو خۆیان بەبێدەستکاری نووسیوەتەوە،

وەرگێڕانی فارسی ئەم دەقەم پێشتر بڵاوکردووەتەوە.
وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری ڕێبەندانی٢٠٠٤






سەرەرای ئەوەی کە هەردوو وشەی دەوڵەت و حکوومەت عەرەبین، لەزمانی کوردیدا لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەک مانا ناکرێنەوە. لە باشوور state واتە دەوڵەت و government واتە حکوومەت. لەرۆژهەڵات پێچەوانەیە؛ سەرۆکی دەوڵەت واتە سەرەک وەزیران و سەرۆکی حکوومەت واتە سەرەک کۆمارو یان پادشا. من لێرەدا لەباتی state دەوڵەتم داناوە. وەرگێر subfolders/Icon/mojabs-book.jpg "

---------------------------------------------------------------------------

## ژنان و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستانی ۱۹۴۶دا (۱)

هەرچەند کوردەکان وەکوو گەورەترین میللەتی بێدەوڵەتی جیهان ناسراون، بەڵام مێژوویەکی دوورودرێژی دەسەڵاتدارەتیان هەیە. یەکەم مێژووی کوردەکان شەرەفنامە لەساڵی ۱۵۹۷ دا لەلایەن شەرەفخان دەسەڵاتداری بەهێزی میرنشینی بەدلیسەوە نووسراوە. شەرەفخان لەبەرئەوە رووداوەکان دەگێرێتەوە کە مێژوونووسەکان بەسەرهاتی «میرو حاکمانی کوردستان»و «هەڵومەرجەکان»و «هەڵوێستەکانی» ئەوانیان «لەحیجابی سیترو کیتماندا» شاردربووەوە. (شەرەفنامە چاپی تاران لاپەرەی ۹، ۵۸۶). لەگوێن ئەم سەرچاوەیە کە بەشێوەیەکی زۆربەرچاو پەسنیدراوە، بەدەوڵەت بوونی کوردەکان شێوازی جیاوازی بەخۆوەگرتووە هەرلە دەسەڵاتی سەربەخۆوە بگرە هەتا پاشایەتیو هەتا میرنشینی نیوەسەربەخۆ. ئەم سیستەمە هەتا ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم واتە ئەوسەردەمەی کە حکوومەتەکانی عوسمانی و ئێران بۆ رووخاندنی دوایین میرنشین لە شەش میرنشینە سەرەکییەکان هێزی چەکداریان بەکارهێنا، درێژەی هەبوو. خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام ناوەرۆکی بزووتنەوە ناسیونالیستیەکانی کوردەکانی پێکهێناوە. گرینگترینی ئەم ئەزموونانە کەدەکرێت لە شێوازەکانی دەوڵەتی پێشمودێرن بناسرێتەوە، کۆماری کۆردستانی ۱۹۴۶ە کە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کەئێستا بەشێکە لە باکووری رۆژئاوای ئێران، دامەزرا. دەکرێت ئەم دەوڵەتە نەک هەر لەبەر رواڵەتی کۆماری بوونەکەیو ئەوەی کەلەلایەن حیزبێکی سیاسی و کابینەیەکەوە بەرێوەدەچوو لە شکڵەکانی پێش مودێرنی پێشوو بناسرێتەوە، بەڵکوو هەروەها لەبەر سیستەمی مودێرنی فێرکردن، دەزگای راگەیاندنی مودێرن، ئەرتەشی میللی، سیستەمی باج وەرگرتن [مالیات]، سروودی میللی، ئاڵای میللی، زمانی میللی و هەروەها وەگەرخستنی ژنانیش لەبوارەکانی فێرکردن، فەرهەنگ و ژیانی سیاسیدا.

لەهەمانکاتدا کە هەبوونی ژنان لەژیانی پەروەردە و سیاسەتی کۆماری کوردستاندا دەستبەجێ ئەم دەوڵەتە لە هەموو شکڵەکانی پێش مودێرنی دیکەی کوردی جیادەکاتەوە، ئەمبەشە [لەم کتێبە] ئەوەمان پێنیشاندەدات کە ئەزموونی دەسەڵاتی دەوڵەت لەهەردوو حاڵەتەکەدا تایبەتمەندی پیاوانەیان هەیە. لەراستیدا خەباتی میللی بۆ دەسەڵاتدارەتی رێک هەروەکوو مافەنێونەتەوەییەکان کەپشتگیری لەمافی چارەی خۆنووسینی کوردەکان دەکەن، سیاسەتێکی بەتەواوی پیاوانەیە.

ئەم بەشە لە خۆتێوەردانی ژنان لە بوارەکانی سیاسەت دەکۆڵێتەوە کە بەپێی دابونەریت بواری پیاوانەبوون. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بناغەی توێژینەوە لەسەر بڵاوکراوەکانو بەڵگەنامەکانی دەوڵەت و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژنان و پیاوانەی کە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ژیاون، بەرێوەچووە. حکوومەت لەماوەی کورتی ژیانی خۆیدا چەندین هەنگاوی هەڵگرت بەرەو بەشداریدانی ژنان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام ژنان نەک وەکوو هەڵسووراوانی بزووتنەوەی ژنان و یان سەرۆک و کادرە هەڵسووراوەکانی حیزب بەڵکوو بۆ پشتگیری کردن لە پرسی میللی چوونە ناو بوارەکانی دەرەوەی ماڵەوە. رێبەرانی پیاوی ئەم بزووتنەوە میللی یە رۆڵێکی `شیاو` و `شەرافەتمەندانە` یان بۆ ئەم ژنانە وەکوو نموونەی بەرجەستەی میللەتێکی مودێرن و وەکوو «دایکی نیشتمان»ی پەسندراو رەچاوکردبوو.

### ناسیونالیسمی میللەتێکی بێدەوڵەت

پاش رووخانی میرنشینەکان لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا، داخوازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بەردەوام لەرۆژڤی بنەماڵە لەدەسەڵاتکەوتووەکاندا هەبوو. حاجی قادری کۆیی (۱۸۹۷ - ۱۸۱۸ ) مەلا و شاعیر کۆچی کردبوو بۆ ئەستەمووڵ و داوای لە کوردەکان دەکرد راپەرن و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.






حاجی قادر هەروەها هانی کوردەکانی ئەدا کە زمانی خۆیان بەکاربێنن، زانستی نائاییینی مودێرن وەربگرن، بەکچەکانیان بخوێنن و لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار دا هەڵسووراوبن. جگە لەوەش تاقمێک لە رووناکبیرانی خوێندەواری مەدرەسە مودێرنەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خەریکی سەرهەڵهێنانبوون ئەم هەڵسووراوانە لە ئەستەمووڵی پایتەخت و باقی شارە ناوەندیە گرینگەکان خەریکی ڕێکخستن و دەرکردنی بڵاوکراوە بوون. بزووتنەوەی تورکەگەنجەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەروەک بزووتنەوە میللی و دیموکراتیکەکانی ئەورووپا و ئاسیا دنەدەری بیری پێکهێنانی میللەتێکی مودێرنی کوردی و دەوڵەتی میللی بوون. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەساڵی ١٨٩٨ دا دەرچووو. دوابەدوای ئەو یەکەم ڕێکخراوی سیاسی لەساڵی ١٩٠٨ دا پێکهات. بەڵام ڕێبەرایەتی ئەم چالاکیانە لەدەستی ئاریستۆکراسی خاوەن مڵکدا بوو.

شەری جیهانی یەکەم بووەهۆی ماڵوێرانی زۆر گەورە لەکوردستان. دەوڵەتی عوسمانی بەدوای جینوسایدی (گەل کوژی) ئەرمەنیەکان لەساڵی ١٩١٥ دا چەند سەدهەزار کوردیشی بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا دوورخستەوە. زۆربەی ئەوانە پێش ئەوەی بگەنە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەبەینچوون. بەڵام ئەم ئیمپراتۆریە لەشەردا شکستی خواردو زۆربەی سەرزەمینەکانی لەنێوان دەسەڵاتە ئوروپاییەکاندا دابەشکرا. دەوڵەتە نوێکانی سووریا و عێراق لەلایەن بەریتانیا و فەرانسەوە دامەزران و لەئاکامدا کوردستانی عوسمانی لەنێوان دەوڵەتە تازەکان و هەروەها تورکیادا دابەشکرا. سەرکەوتووەکانی شەڕ لە پەیمانی سێڤر (Sèvres)دا ساڵی ١٩٢٠ بەڵێنی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیان دا. بەڵام پێش دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە عوسمانیەکان پاش تێکشکان خۆیان کۆکردبووەوە و بە هێزی دوبارە ڕێکخراوەوە بەدەستی مستەفا کەماڵ دەسەڵاتێکی کارامەیان لەسەر ئەوەندەی کە لە سەرزەمینی ئیمپراتۆری مابووەوە، واتە تورکیا ئێستا، دامەزراند. لەژێر کارتێکردن و ئاڵ و گۆڕ لەترازووی هێزەکاندا پەیمانی سێڤر جێگای خۆیدابە پەیمانی لۆزان(Lausanne) کەتێیدا ناوێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبراوە. ساڵی١٩٢٣ تورکیا کۆماری راگەیاندو دەستبەجێ و بەزۆر کوردەکانیان لەناو ئەو ڕژیمە ناسیونالیست-قەومیەی کە خەریکی سەرهەڵێنان بوو، تواندەوە.

خەباتی کوردەکان بۆ دەسەڵاتدارەتی لەژێر فەرمانرەوایانی `مودێرن` و چڕکراودا(متمرکز) پاش شەریش هەر بەردەوامبوو. زنجیرەیەک شۆرشی گەورە کەلەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٥ تا ١٩٤٢ لەئێران، تورکیا و عێراق بەرپاکران، بەتوندی سەرکوتکران. لە عێراقی داگیرکراو و لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا دەوڵەتێکی خودموختار بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموود کە ڕێبەرێکی ئایینی و فیئۆداڵێکی خاوەن زەوی زۆربوو، لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩١٠ و سەرەتای ١٩٢٠ دا بەدەسەڵات گەیشت. شێخ مەحموود بەرامبەر بەو سنوورانەی بەریتانیاییەکان لەبەردەمیان دادەنا رادەوەستاو خۆی کرد بە پادشای کوردستان. بەڵام دەوڵەتەکەی ئەویش لەچەشنی میرنشینەکانی قەدیم و سەرەرای کابینە و لەشکرێک کە بەشێکیان خولی پەروەردەیان دیبوو و هەروەها سەرەرای هەبوونی بڵاوکراوەی دەوڵەتی، لەباری ڕێکخستنەوە فیئوداڵی بوو. هیچ حیزبێکی سیاسی لەئارادا نەبوو و دەسەڵاتیش لەدەستی شێخ مەحموود و بەشێکی بەربڵاوی ئاغاوبەگی خاوەنمڵک دابوو کە ئەوخۆی دابنابوون. لەژیانی جووتیاران و ژنان دا کە زۆربەی نفووسیان پێکدەهێنا، هیچ ئاڵ و گۆڕێک پێک نەهات.

دابەشبوونی دووبارەی کوردستان شوێنەواری دژبەیەکی لەسەر گەشەی کوردەکان وەکوو میللەتێک دانا. لەکاتێکدا کە فیئۆدالیسم لەلادێکانی کوردستان زاڵبوو، کۆمەڵگای کوردەکان لە ئەرمەنستانی سۆڤییەت لە قەرەباغی ژوورو خەریکی ئەزموونی ئاڵوگۆڕی سوسیالیستی بوون لەناوچە خودموختارەکەی خۆیان(١٩٢٩-١٩٢٣). لەکاتێکدا کە ئێران و تورکیا کوردەکانیان بەتوندترین شێوە خستبووە بەر زمان کوژی و قەوم کوژی، لەعێراقی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و لەژێر چاوەدێری کۆمەڵی نەتەوەکان بەکوردەکان ئەو ئازادییەیان دابوو کە زمانی خۆیان لە پەروەردە و فێرکردن و لە بڵاوکراوەکانیاندا بەکاربێنن. هەرچەند زۆربەی کوردەکان هەتا ئەم دواییانەش نەخوێندەوار بوون، کوردەکانی سۆڤییەت هەتاساڵی ١٩٣٠ هەموویان بەتەواوی خوێندەوار بوون. گەلی کورد لەساڵی ١٩١٨وە لەژێر دەسەڵاتدارەتی سیستەمی سیاسی جۆراوجۆر دا بوون. هەرلە ژێردەسەڵاتی فەرانسە (سووریا ١٩٤٦- ١٩٢٠) و بەریتانیاوە (عێراق ١٩٣٢-١٩٢٠) بگرە هەتا پاشایەتی سێکولار [نائاییینی، عیلمانی] (ئێران ١٩٧٩- ١٩٢٥، عێراق ١٩٥٧- ١٩٣٢)، هەتا دەوڵەتی ئایینی (ئێران لەساڵی ١٩٧٩وە) هەتا ڕژیمە نائاییینی و ناسیونالیستە توندرەوەکان (تورکیا لەساڵی١٩٢٣وە، عێراق لە ١٩٦٣وە و سووریا لە ١٩٦٣).

کاتێک کە یەکەمین دەوڵەتی خودموختار لەچەشنی مودێرن واتە کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ لە ئێران دامەزرا، کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی کۆمەڵگەیەکی لادێنشین تێکەڵ لەگەڵ سیستەمی پێشکەوتووی پەیوەندی فیئۆداڵی و ڕێکخستنی عەشیرەتی هەرچەند روو لە فەوتان بەڵام بەهێز، کۆمەڵگای

ناوشاری رووڵەگەشەی بەردەوام هەرچەند بە ئەسپایی، بورژوازی پچووک و بازرگانی و رووناکبیرانێکی سێکولار (نائاییینی) کە خەریکی سەرهەڵدان بوون. هیچ شوێنەوارێک لە گەشەی پیشەسازی مودێرن و پرۆلیتاریا جگە لە ناوچە پەراوێزەکانی کوردستان لە کەرکووک و کرماشان دیارنەبوون. پارچەپارچەبوونی بزووتنەوەی میللی بەهۆی سنوورەکانی دەوڵەتە میللییەکانەوە پرۆژەی دامەزراندنی میللەت و دەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی میللی کورد ئاڵۆزتر کردبوو.

## سەرهەڵدان و رووخانی کۆماری کوردستان

دامەزرانی دەوڵەتی کوردی کە لەژێر ئەو هەل و مەرجە ژێئۆستراتێژیکەی لە سەرەوە باسکرا، دارێژرابوو لەو ەدەچوو دەست نەدات. بەڵام شەڕی جیهانی دووهەم ترازووی هێزەکانی لەناوچەکەدا تێکداو زەمینەیەکی لەباری بۆ بزووتنەوەی میللی کورد لەئێران پێکهێنا. رێک پاشئەوەی کە ئەڵمان ساڵی ١٩٤١ هێرشی بردەسەر سۆڤییەت، دووهێزی هاوپەیمان واتە بەریتانیا و سۆڤییەت بەمەبەستی پێشگرتن لەداگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەڵمانەوە هێرشیان بردەسەر ئەم وڵاتە کە ئەوکاتە لەژێر دەسەڵاتی رەزاشادا بوو و پشتیبە ئەڵمانەوە بەستبوو. هێزەکانی سۆڤییەت لە باکوورەوە ئێرانیان داگیرکردو بەریتانیا باشووریان گرتەژێر کونترۆڵی خۆیان و لەنێوانیاندا ناوچەیەکی بێلایەن پێکهات.

کوردەکان لە باکوور بەشێک لەبەرئەوەی ئەمکارە خێرا بووبەهۆی رووخانی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی رەزاشا واتە پولیس، ئەرتەش و ژاندارمری لەکوردستان، بەرەوپیری ئەرتەشی سوور چوون. لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتی پەهلەوی وشیاری میللی لەناو کوردەکانو تورکەکانی ئازەربایجان ئاشکرا سەریهەڵدا. هێزەداگیرکەرەکانی سۆڤییەت دەستەبەری ئەوەببون کە هەتا ئەوکاتەی کە شەربەردەوامە و ئەوان خاکی ئێرانیان داگیرکردووە، رێزبگرن لە تەواوەتی خاکی ئەم وڵاتە. لەهەمانکاتدا ئەوان پیانخۆش بوو هێمنایەتی لەکوردستان و ئازەربایجان بپارێزن چونکوو ئەو ناوچانە لەلایەن بەریتانیاو ئەمریکاوە بەکاردەهێندرا بۆ گەیاندنی یارمەتی مان و نەمان بەمەیدانەکانی شەر هەرلە ستالینگرادەوە بگرە هەتا لێنینگراد. کەوابوو یەکیەتی سۆڤییەت نەیدەهێشت کە بزووتنەوەی میللی کوردەکان و ئازەرییەکان هیچ هەنگاوێک هەڵگرن بەتایبەت لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥. سەرەڕای ئەو سنووردانانە ناسیونالیسمی کوردەکان و ئازەربایجانیەکان ژیانەوەیەکی بەخۆوە بینی.

ئەمریکا تەنانەت پێش کۆتایی پێهاتنی شەڕیش خەریکی یارمەتیدان بوو بە شای تازەی ئێران بۆ تەیارکردنی ئەرتەش و ژاندارمری. خەڵک لەسەرانسەری وڵات بۆ دیموکراسی و سەربەخۆیی دژ بە زاڵبوونی رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتری ئێگلیسیەکان و ئەمریکاییەکان خەباتیان دەکرد. شیرکەتە ئەمریکاییەکان لە حکوومەتی ئێران خوازیاری بەش بوون لەنەوتی باکووری ئێران کە دەکەوێتە نزیک مەیدانی نەوتی باکوو. یەکیەتی سۆڤییەت ئەمەی وەکوو پلانێک دەبینی کە ئەمریکا بۆ دامەزراندنی پێگەی چاوەدێری بەدرێژایی سنوورەکانی لەگەڵ کۆمارەکانی سۆڤییەت لە کەناری دەریای خەزەر دایدەرێژێت.

هێزە رۆژئاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا کە شکستی ئەڵمانیان پێخۆش بوو، لەهەمان کاتیشدا لە سەرکەوتنەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی یۆنان، ئالبانی، یۆگوسلاویا، چین و باقی شوێنەکانی دیکەی جیهان هەستیان بە مەترسی دەکرد. بە هۆی ئەم سەرکەوتنانەوە بزووتنەوە رزگاریبەخشە میللی و سۆسیالیستەکان لە ئێران و وڵاتانی دیکەی ئاسیا کەوتبوونە بارووددۆخێکی لە بارتر. دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان لەهەل و مەرجی ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکانی ساڵەکانی کۆتایی شەڕدا تێدەکۆشان پێشبە تەقینەوە بگرن لە بزووتنەوە دژبە کۆلۆنیالیەکاندا. ئێران، تورکیاو یۆنان لەروانگەی ئەمریکاوە وەکوو ناوچەی گرینگی ستراتێژیک دەژمێردران بۆ دامەزراندنی پێگەکانی لەبەرامبەر یەکیەتی سۆڤییەتداو بۆ دەستبەسەرداگرتنی بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکانی باڵکان ورۆژهەڵاتی ئاسیا. ململانێی دیکەی نێوان سۆڤییەت و دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان، هێندێک کۆن و هێندێکیش نوێ لەئەورووپاو ئاسیا، بە کۆتایی هاتنی شەڕ لەساڵی ١٩٤٥دا ئاشکرابوون.

لەوەها هەل و مەرجێکدا یەکیەتی سۆڤییەت پاش کۆتایی هاتنی شەر ئامادە نەبوو هێزەکانی لە باکووری ئێران بباتەدەر. جگەلەوەش مۆسکۆ ناسیۆنالیستە خودموختاریخوازەکانی لە کوردستان و ئازەربایجان هاندەدا بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختار لە چوارچێوەی دەستوور (قانوونی ئەساسی) ئێراندا. «حکوومەتی میللی ئازەربایجان» لە دیسامبری ١٩٤٥دا دامەزراو «کۆماری کوردستان» لە ٢٢ی مانگی یەکی ١٩٤٦دا لە شاری مەهاباد راگەیەندرا.(٢)

هەردوو رژیمی خودموختار بوون بە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان رۆژئاوا بەرێبەرایەتی بەریتانیا و ئەمریکا و پاشایەتی ئێران لەلایەکەوە و سۆڤییەت و

کوردەکان و ئازەربایجانیەکان لەلایەکی دیکەوە. ئێران بەیارمەتی ڕۆژئاوا پرسی خۆدزینەوەی سۆڤییەت لە بردنەدەری هێزەکانی لەوڵات بردە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تازەدامەزرابوو. دواهێزەکانی سۆڤییەت لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٤٦دا خاکی ئێرانیان بەجێهێشت و شەش‌مانگ پاش ئەوەش ئەرتەشی ئێران بەناوی ئەوەی کە دەیهەوێت هێمنایەتی بپارێزێت لەکاتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلەماندا کە قەرارابوو لەونزیکانەدا بکرێت، هێرشی بردەسەر هەردوو حکوومەتەکە. سۆڤییەت هەردوو رژیمە خودموختارەکەی والێکرد کە بەرگری‌نەکەن و لەئاکامدا لە دیسامبری ١٩٤٦دا بە چالاکی چەکداری و هەروەها بە ئێعدامکردنی سەدان کەس لە رێبەران و بەشداربووانی بزووتنەوەکە ئەم دوو رژیمە رووخان.

## ژنانی میللەت

کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ک)ەوە دامەزرا کە خۆی لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٤٥دا بە هەڵوەشانەوەی حیزبی ناسیونالیستی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» کە بە کۆمەڵەی ژ. ک دەناسرا، دامەزرابوو. ئەم رێکخراوەیە نهێنی بوو و بانگەوازی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد کە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە بگرێتەوە. کۆمەڵەی ژ. ک راگەیەندراوی زۆری بڵاودەکردەوە و هەڵوێستەکانی خۆی لەسەر بابەتە سیاسیەکان رادەگەیاند. هەروەها کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی نهێنیشی دەکرد. بۆنموونە بڵاوکردنەوەی شێعری میللی، رۆژ ژمێری کوردی و گۆڤارێکی زۆر خۆشەویست بەناوی نیشتمان. زۆرجار کۆمەڵەی ژ. ک وەکوو یەکەمین حیزبی کوردی بە روانگەی مودێرنەوە دادەنرێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە ئەندامانی پیاوی وردەبۆرژوازی و بۆرژوازی ناوشار بوون. لەروانگەی ئەم رێکخراوەیەوە عەشیرەگەری و فیئۆدالیسم یان بەواتایەکی باشتر خاوەن ملکە دەرەبەگ و عەشیرە نامیللیەکان کۆسپی سەر رێگای گەشەکردنی میللەتی کورد و بزووتنەوە سیاسیەکەی بوون. ئەمان هەرچەند داوای رێفۆرمی زەوی و زاریان نەدەهێنایەگۆڕ، لەهەمان کاتدا یەکەمین رێکخراوی کوردی بوون کە لەسەر پێداویستی باشترکردنی باری ژیانی جووتیاران پێیانٔدادەگرت.
چوار دوژمنی سەرەکی دەرەوەی کۆمەڵەی ژ. ک بریتی بوون لە چوار حکوومەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا کە دەسەڵاتداربوون لە کوردستان و مافی میللی کوردەکانیان پێشێل دەکرد. دوژمنە سەرەکییەکانی ناوخۆ بریتی بوون لە عەشیرەگەری، نەخوێندەواری، گەشەنەکردنی ئابووری و پیشەسازی. لەم چوارچێوە دا ژنان هەرتاوێ نەتاوێک بانگهێشتن دەکران بۆئەوەی لەگەڵ پیاواندا رێکبکەون و لە رزگارکردنی دایکی نیشتماندا بەشداربن. لەشێعرێکدا لەژێر سەردێڕی «ئاخاڤتنی خوشک و برایان»کە لە گۆڤاری نیشتماندا (٤ - ٢٣، ١٩٤٤-١٩٤٣) بڵاوکراوەتەوە خوشکێک بە براکەی دەڵێت کە ئیتر نابێت ژێردەستەیی قبووڵ بکات و لەبەرئەوەی کە هەموو گەلانی دیکە رزگاربوون ئەویش پێویستە ژیانو ماڵی خۆی بۆ ئامانجی دایکی نیشتمان بەختبکات. براکەی دەڵێت:

«دێدە«گیان: کچە کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دووری لە پەڵە
«لێنین» هەڵستا زوڵمی «چار» شێوا
تۆ هێشتا حەبسی لەژێر چارشێوا
کچی هەمووکەس ئیمرۆ سەربەستە
هەر حەقی کچی کوردە پێ‌پەستە
بیسێنە لەپێت تۆ زنجیرو کۆت
«دێدە» گیان بەیاری برای خۆت
لەرێی نیشتمان بەهیوای خودا
خەریکی کاربین باخوشکوبرا






*لەگوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان*

*دوژمن وەدەرنێ لەخاکی کوردان!*

**ئەم ناوەروکە بەدرێژایی سەدەیەک لە شێعری ناسیونالیستی کوردیدا دووبارە کراوەتەوە. ژنی کورد شۆخ و داوێن پاکە بەڵام وەکوو پیاوان لەلایەن دوژمنەوە ستەمی لێدەکرێت. ئەوەدەتوانێت بەیارمەتی پیاوان هەروەکوو ژاندارک دایکی‌نیشتمان رزگاربکات. هەرلەم ژمارەیەی نیشتماندا ( ۳۰ - ۲۹ ،۱۹۴۴-۱۹۴۳) وتارێکی کورت سەبارەت بە «حەیران خانمی دونبلی، ژنی شاعیری کورد» هاتووە. شێعرەکە بە زمانی فارسیە و لەوەدەچێت کە نووسینەکەی هەرلەبەر ئەوەیە کە دەسکەوتەکانی ژنانی کورد لە مەیدانی شێعردا نیشان‌بدرێت.**

**دوایین ژمارەی نیشتمان (۹ - ۸ -۷- هاوینی ۱۹۴۴:۱۰) وێنەی دوو ژنی کوردی‌تێدایە کە لە تورکیا ئێعدام کراون. شێعرەکانی ژێر وێنەکان نموونەی چۆنیەتی ناساندنی سیمای ژنە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە.**

*هەرکەس جنێوبدا بەکەسێک پێی دەڵێ برۆ،*

*بێغیرەتیت، وەکوو ژنی، دەرپێت ژنانەبێ*

*کوانێ لە گیتیا وەکوو ئەو دووکچە کورێک،*

*بۆنیشتمان لەداری سیاسەت نیشانەبێ!*

*ئەو دوونەمامە بوون بەفیدای نیشتمانی کورد،*

*ئەی خۆزگە بەوکورەی وەکوو ئەو دوو کچانەبێ!*

**ئەم شێعرە بەو ژنانەدا هەڵدەڵێت کە لەگەڵ دوژمندا شەردەکەن، بەڵام هەموو ژنان دەخاتەبەر توندو تیژی سیمبولیکی پیاوسالارانەوەو خۆیان و تەنانەت جلەکانیشیان وەکوو `خوێری` لە قاودەدات. ژنان و پیاوان هەر لەکاتی خەباتکردندا بۆ رزگاری میللەت دەتوانن لە ئاستێکی یەکساندا جێگایان بێتەوە؛ بەڵام ئەوەندەی دەگەرێتەوەسەر ژنەکان خۆیان، جنسیەتی ژنانەیان جیاناکرێنەوە لە پرۆژەی دروستکردنی میللەتدا. پاکبوونی میللەت و تواناییەکانی لە داوێنپاکی ژنەکانیان جیاناکرێتەوە. ئەگەر قەراروایە کە دایکی‌نیشتمان لە زاڵبوونی دەرەکی پاک بکرێتەوە ژنی دڵخوازێش هەربەم چەشنە دەبێت کچێنیەکەی بمێنێتەوەو بەشێوەی یاسایی داگیربکرێت.**

**ئامانجی کۆمەڵەی ژ.ک پێکهێنانی یەکمیللەت بوو لەرێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکەوە بۆ فەرمەنرەوایی بەسەر کوردستانی گەورەدا. جەوهەری ئەم دەوڵەتە روون‌نەکرابووەوە هەرچەند کە رێکخستنی 'دیموکراسی' وەکوو برگەیەکی مەرامناکەکەیان راگەیەندرابوو.(۳) هەچۆنێک‌بێت سەرقاڵی سەرەکی کۆمەڵەی ژ. ک رێک وەکوو بزووتنەوە میللیەکانی‌دیکە، تەنها یەکێک لە لایەنەکانی دیمۆکراسی واتە سەربەخۆبوون لە دەسەڵاتی دەرەکی بوو. کۆمەڵەی ژ. ک لە پێداویستیەکانی دیکەی ژیانی دیمۆکراتیک واتە یەکسانی ژن و پیاو پشتگیری سەرزارەکی دەکردو بیری لە نەهێشتنی پەیوەندی دەرەبەگایەتی نەدەکردەوە. ژنان مڵکو دایکی داوێنپاکی میللەت بوون.**

**کۆمەڵەی ژ. ک جگەلە پروپاگەندە لەرێگای دەزگای چاپەمەنی و شێعرەوە، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کەڵکی لە شانۆگەری وەردەگرت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی میللی. یەکەمین بەرێوە بردنی شانۆ لە باکووری کوردستانی ئێران کە لە لایەن کۆمەڵەوە نووسراو چووە سەرشانۆ ، «دایکی نیشتمان» بوو. لەم شانۆیەدا دایکی نیشتمان لەزنجیردایە، جلی رەشی لەبەردایەو قژەکانی سپی بووە و لەبەرداماوی داوادەکات لە «کورەکانی» کە لەژێر کۆت و بەندی دەسەڵاتدارانی ئێرانی، تورکو عێراقی رزگاری بکەن. لەم پەردەیەدا فیرمێسک لەچاوی بینەران دێتەخوار. لەپەردەی دواتردا کورەکانی دایکی نیشتمان وەڵامی ئەم داخوازییە ئەدەنەوە، چەک هەڵدەگرن و داگیرکەران راودەنێن و ئەویش رزگاردەکەن. دوایین پەردەی شانۆکە بەدەسەڵات گەیشتنی دایکی نیشتمانە - دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. پێنج بەشی شانۆکە و پشووەکان بەشێعری حاجی قادری کۆیی وسروودی میللی رازابوونەوە. ئەم شانۆیە کە پەیتاپەیتا لە ساڵۆنی‌پرلە بینەردا لەمەهابادو شارەکانی دیکە نیشاندەدرا، کاریگەریەکی قووڵی هەبوو. ئەم شانۆیە وەکوو یەکێک لەساتە شکۆمەندەکان لەبیری خەڵکی**






ناوچەکەدا ماوەتەوە. جێگای سەرسووڕمان نیە کە کۆمەڵە کەبەرهەمهێنەری ئەم شانۆیەبوو، نە هەوڵیئەداو نەدەشیتوانی شانۆگەرێکی ژن بۆ گێڕانی ڕۆڵی دایکی نیشتمان بدۆزێتەوە. تەنانەت بەشێک لە پیاوانی گەنجی شانۆگەرو بەڕێوەبەر لەلایەن باوکە ساماندارەکانیانەوە تووشی کۆسپەدەبوون لەبەرئەوەی بەچاوی سووکەوە سەیری شانۆیان دەکرد و ئەم چەشنە شانۆگەرییەیان بۆ چینەکانی خوارەوە دادەناو لایان وابوو ئەم شتانە لە گەڵ شەرافەت و متمانەی چینایەتی ئەوان نایەتەوە.(٤)

## پێکەوەنانی میللەت لە کۆماری کوردستاندا

کۆمار کە یەکەمین ئەزموونی دامەزراندنی حکوومەتی خودموختار لەچەشنی مودێرن بوو، بەکردەوە لە دەوڵەتی ئێران سەربەخۆ بوو. دامەزرێنەری کۆمار نەک سەرۆکایەتیەکی عەشیرەتی و دەرەبەگانە بەڵکوو رێبەری حیزبێکی نوێ بوو لەچەشنی رێکخراوی ئاڵوگۆڕ پێکراوی کۆمەڵەی ژ. ک. ئاڵ و گۆڕی سەرەکی لە کۆمەڵەی ژ. ک دا لابردنی خواستی پێکهێنانی کوردستانی گەورەبوو. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر هەبوونی سۆڤییەت لەناوچەکەدا کە حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستانی دەستەبەرکرد بوو تەواوەتی خاکی دەوڵەتی ئێران بپارێزن.
لەباری خەڵکناسیەوە [دێمۆگرافی] شاری پایتەخت واتە مەهاباد کەوتبووە ژێرسێبەری ناوچە لادێنشینەکان کە لەژێر دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتو دەرەبەگە خاوەن زەویەکاندا بوون. ح.د.ک. بەکردەوە بۆ لەناوبردن و یان لانیکەم چاکسازی پەیوەندی دەرەبەگایەتی زەوی وزار کە جوتیارانی کردبووە کویلەی زەوی، هیچی نەکرد. ئاکامەکانی سەرنەکەوتن لە نەهێشتنی پەیوەندی دەرەبەگایەتیدا کارەسات ئامێزبوون. لەباری سیاسیەوە زۆربەی خەڵک لەژێر کونترۆڵی راستەوخۆی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکاندا بوون؛ هەربۆیە جووتیاران شارۆمەندانی (citizen) کۆمار بەمافی یەکسان لەگەڵ دانیشتووانی شاری پایتەختدا نەبوون. سەرەرای ئەوەش سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان لە دامودەزگا لەشکری و مەدەنیەکاندا بوونە خاوەنی دەسەڵاتی گرینگ. هەرچەند زۆربەی ئەمانە لەلایەن حکوومەتی رەزاشاوە (١٩٤١- ١٩٢٥) تووشی گوشاری زۆر ببوون، بەڵام بەبێمەیلییەوە چبوونە پاڵ کۆمار و چاوەروانی رووخانی کۆمار و گەرانەوەی حکوومەتی ناوەندی بوون. ئەوان لە هەبوونی سۆڤییەت، هەڕەشەی کۆمۆنیسم و سەربەرزکردنەوەی سیاسەتمەدارانی کوردی ناوشارەکان و دەستتێوەردانە ناو کاروبارەکانیان دەترسان. ناسیۆنالیستەکانی ناوشار هەرچەند خوازیاری نەمانی عەشیرەگەری و دەرەبەگایەتی نەبوون، رەخنەیان هەبوو لەهەل و مەرجی ستەمکارانەی لادێکان و دڵگرانی خەیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان بوون بە بزووتنەوەی میللی.
کۆمار ئەو سیستەمە ئیدارەیەی پیگەیشتبوو کە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لەشاری مەهابادو لەناوچەکە دامەزرابوو. حیزب، بووروٚکراسی ئیداری کورداندبوو، لەکاتێکدا کە ئەرتەش و ژاندارمری چەککرابوون و لەباتی ئەوانە `ئەرتەشی میللی` دانرابوو کە بەزۆری لەژێر فەرمانی ئەو ئەفسەرە کوردانە دابوون کە لەناو هێزە چەکدارەکانی ئێران و عێراقەوە ڕایانکردبوو. کابینەو شورایەک پێکهاتبوو و دامەزراوی فەرهەنگی وەکوو کتێبخانە، ئیزگەیەکی رادیۆ، سینەما، چاپخانەو رۆژنامە بەرپاکران. حیزب بە پێکهێنانی بەشیلاوان و رێکخراوێکی ژنان پەرەیدا بەچالاکیەکانی خۆی. بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی دوکاندارە پچووک و دەستەنگەکان چەند هەنگاوێک هەڵگیرا. بەڵام سەرەرای بەڵێنی خۆتێوەردان لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی زەوی وزار بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی هەردوولا واتە خاوەن مڵکەکان و جووتیاران، ئەم پەیوەندیانە هەروەکوو خۆیان مانەوە.(٥)

## دایکی میللەت

خاکی کۆمار هەربەشەکانی باکووری کوردستانی ئێرانی دەگرتەوە. دانیشتوانی پایتەختەکەی واتە شاری مەهاباد نزیکەی ١٦٠٠٠ کەس بوو و گرینگترین شارەکانی بۆکان، نەغەدە و شنۆ بوون. بە پێی ئاماری حکوومەتی دانیشتووانی مەهاباد لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ دا نزیکەی ١٦٤٥٥ کەس بوون کە ٨١٨٩ کەسیان ژنان و ٨١٨٩ کەسیان پیاوانیان پێکدەهێنا.(٦) ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە کە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە راگەیەندراوە ١٥٩٧١ کەس بوون.(٧) هەر هەمان سەرچاوە دانیشتوانی بۆکان بە ٣٠٧٤ کەس و هی شنۆ ٢٢١٢ کەس دادەنێت.
لەنەبوونی زانیاری سەبارەت بە سەرژمێری ئەو سەردەمە، زەحمەتە لەسەر باری ژیانی ژنان بکرێت بەدڵنیاییەوە ئاگاداری بدرێت. یەکەمین سەرژمێری گشتی






لە ئێران کە لەمانگی یازدەی ساڵی ١٩٥٦ دا واتە ڕێک ١٠ساڵ پاش ڕووخانی کۆمار بەڕێوەچووە، ئامارێکی زیندوومان لەسەر شاری مەهابادو دەوروبەرەکەی دەخاتە بەردەست (سرشماری منطقه مهاباد).

سەرەرای تێپەڕبوونی دەساڵ، سیمای ڕوویەدەرەوەی مەهاباد ئاڵ و گۆڕێکی بەرچاوی بەخۆوە نەدیوە. ژمارەی دانیشتوانی شار گەیشتووەتە ٢٠٣٢٢ کەس. بە پێی ئەم زانیاریانە، دەساڵ پاش کۆمار تەنها ١٠٪ ی ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لە دەساڵ زیاترە خوێندەوارن واتە `دەتوانن بنووسن و بخوێنن` . بەکەڵک وەرگرتن لە زانیاریەکانی ئەم سەرژمێریە دەکرێت بروانینە ناوەرۆکی رادەی نەخوێندەواری ژنانی گەورەساڵ (١٥ساڵ و گەورەتر) لە ساڵی ١٩٤٦ دا. بۆ نموونە ئەوانەی لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٦دا تەمەنیان لەنێوان ٢٥تا ٣٤ ساڵدا بووە، ساڵی ١٩٤٦ لەنێوان ١٥ تا ٢٤ ساڵ بوون. هیچ لەوەناچێت کە کارامەیی خوێندنی ئەم دەستە لەژنان لەماوەی دەساڵدا ئاڵ و گۆری بەسەرداهاتبێت. لەساڵی ١٩٥٦ دا تەنها ٦.٤٪ ی ژنان و کچان (٨٥ کەس لە ١٣٢١ کەس) لەنێوان تەمەنی ٢٥ تا ٣٤ ساڵ خوێندەواربوون. رادەی نەخوێندەواری لەساڵی ١٩٥٦ دا بۆ تەمەنی نێوان ٣٥تا ٤٤ ساڵ بەتوندی گەیشتووەتە ٣.٧٪ (٢٧ کەس لە ٧٣٨ کەس) و بە ٠.٨ ٪ (٦ کەس لە ٧٦٥کەس) بۆکەسانی نێوان تەمەنی ٤٥ تا٥٤ دەکەوێتە خوارەوە(٨). ئەم ژمارارانە ئەوە نیشاندەدەن کە رادەی نەخوێندەواری بۆ گەورەساڵانی ژن (١٥ ساڵو گەروەتر) لەساڵی ١٩٤٦دا زیاتر لە ٤٪ نەبووە. هەروەها سەرچاوەکانی دیکە دەریدەخەن کە زۆربەی خوێندەواران لەو خوێندنگا مودێرنانەی کە پاش ساڵەکانی ١٩٣٠ دامەزرابوون، فێری خوێندن ببوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیرەوی خۆی دا کەمانگی دوازدەی 1945 واتە دوومانگ پێش دامەزرانی کۆمار بڵاوی کردووەتەوە رادەگەیەنێت کەلە کوردستان و هەروەها لەوئوستانانەی دیکەی ئێران کە کوردیان تێدایە `بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەبێ لەسەربناغەی دێموکراسی رەچاوبکرێت` (بەشی دووهەم، برگەی چوارەم). ئەم بەڵگەیە هەروەها هەربەو زمانەی کە لە مەرامنامەی کۆمەڵەی ژ. ک دا هاتووە رادەگەیەنێت کە`ئامانجی حیزب پەرەئەستاندنی دیمۆکراسی و بە پێی ئەوەش خەباتە بۆ خۆشبژیەتی هەموو مرۆڤێک ` (برگەی پێنجەم). یەکسانی نێوان ژن وپیاو تارادەیەک بەرروونی راگەیەندراوە: `ژنان دەبێ لەهەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا مافی بەرامبەری وەکوو پیاوانیان هەبێت.` (بەشی چوارەم برگەی ٢١ ).(٩)

حیزب لەماوەی ژیانی کورتو پڕلەگێژاوەی خۆیدا نەیتوانی ئەوجۆرەی کە لە پەیرەوی خۆیدا بەڵێنیدابوو کۆنگرە بگرێت. نەشیتوانی هیچ چەشنە میکانیسمێک بۆ هەڵبژاردن و دیمۆکراسی پارلەمانی دابنێت. حیزب دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕێوەبەری و دادوەری بوو. سیاسەتی بەرابەری جنسیەکەشی گرێدرابوو بە روانگەی ناسیۆنالیستی ڕێبەرایەتی پیاوانەوە و ئەوشێوەیەیکە ڕێبەران و ژنان تێدەکۆشان لە چوارچێوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی ئەوکاتەدا دا ئاڵ و گۆڕ پێکبێنن.

**حیزبی ژنان**

ئەگەر ڕێبەرایەتی کۆمار زوربەی خەڵکەکە واتە جووتیارانی لەمافە دێموکراتیکەکان بێبەش دەکرد، نێوەکەی دیکەی خەڵک واتە ژنان لە ژیانی پایتەختدا بەشێوەیەکی بەرچاو گرینگیان پێدرابوو. لەکاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی `سەربەخۆیی کوردستان` لە ٢٢ی مانگی یەکی ١٩٤٦دا کە لەچەندین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان دا باسکراوە، ٢٣ کەس لە کەسایەتیە سەرەکییەکانی کۆمار وتار پێشکەش دەکەن. لەو شازدەکەسەی کە قسەدەکەن دوانیان ژن بوون.(١٠ ) وتاربێژانی ژن کەهەر دووکیان مامۆستای خوێندنگەی کچان بوون، ڕێزیان گرت لەسەربەخۆیی کوردستان و لەسەر پێداویستی بەشداری چالاکانەی ژنان لەخەباتدا پێدادەگرن. خەجیجەی مەجدی یەکێک لەمامۆستایان گوتی:

ئەلئان ئەی خوشکەخۆشەویستەکان با ئێمەش چاولە براخۆشەویستەکانمان بکەین

" ودەستی ئیتیحاد بۆ یەکتر درێژبکەین. چون دەبینم دایکی نیشتمان چاوەڕێی کچەکانی
خۆیەتی کە دەستبە فەعالیەت و خوێندینبکەن بەڵکوو تائێمەش بگەینە برا
خۆشەویستەکانی خۆمان؛ لەبەر ئەوەی دونیای ئەورۆ موحتاجی کچ و کوڕە
کە بەخوشک و برایەتی دەست بدەینە دەستی یەک بۆ رزگارکردنی دایکی نیشتمان.(١١ )

ئەم هێڵە سیاسیە کە پێشتر لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک دا بەروونی باسکرابوو، پەیتاپەیتا لە وتارخوێندنەوەی ژنان و پیاواندا و لەرۆژنامەکان و لە شێعردا دەگوترایەوە.(١٢)

نزیکەی دووهەفتە پاشتر مامۆستاکانی خوێندنگەی کچان بۆ دەربرینی شادی خۆیان لە`سەربەخۆیی و ناساندنی ڕێبەری کوردستان` کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست.(١٣) بەپێی راپورتی رۆژنامە (کە پاش پێکهاتنی حیزبی ژنان بڵاوکراوەتەوە)، `یای پیشەوای کوردستان`، ژمارەیەکی زۆر لەژنانی ئەندامی ح.د.ک و خەڵک لەهەموو چین و توێژەکان لەم کۆڕەدا بەشداربوون. خانمی یەکەمی کوردستان سەبارەت بە «پێشکەوتن و ڕێنوێنیکردنی ژنان» قسەی‌کرد. دواتر جووتێک گۆشەوارەی زێڕی پێشکەش کرد بە ویلما صیادیان بەڕێوەبەری خوێندنگەکە. خانم لەقسەکانی خۆیدا وەبیری هەمووانی هێنایەوە کە ژنان پێویستە لە ژنانی بێگانەوە فێربن کە`لەوشەڕە گەورەدا کۆمەکی گەورەی مێردی خۆیان‌بوون` . هەروەها گوتی:

*نابێ هەر چاوەنۆڕی پووڵ و لیباس و زێڕبین لەمێردی خۆمان. یایانی [ خانمانی ] خۆشەویست!*

منداڵانی خۆتان لەچواردیواری ماڵێدا بەدبەخت مەکەن‌و بیاننێرنە مەدرەسە کەوەکوو پیاو وژنە نەخوێندەوارەکانیان بەسەرنەیەت و بتوانن دیفاع لە حقووقی میللی خۆیان بکەن و بەتایبەتی ژنانی کورد لەریزی ژنانی خارجەی موتەمەدین دا راوەستن.

وتاربێژی دواتر بەڕێوەبەری خوێندنگەی کچانە بوو کە پێیداگرت لەسەر پەروەردەکردنی ژنان و یەکگرتنی ئەوان لەگەڵ پیاوان بۆئەوەی میللەتەکەیان بتوانێت پێشکەوێت. سێهەمین وتاربێژ عیسمەتی قازی `کچی ڕێبەری کوردستان`بوو کە گوتی ئێمە ژنان دەبوو چەندین جار جێژنی رزگاربوونمان بگرین بەچەشنێک کە `تاهەموو دنیا تێگەیبیان کە ژنی کوردی لەپیاوان ئازادیان پێخۆشترە` . چوارەمین وتاربێژ کوبرا عظیمی کە مامۆستابوو، زۆربەتوندی رەخنەی لە ژنانی مەهاباد گرت:

چونکە ئێمەزۆر لەپاشین کارمان گرانترو کۆڵمان قورستردەبێ. ئەمما دەبێ بزانین کە ئەوبارو کۆڵە گرانە چلۆن لەسەرشانی ئێمە لادەچێ. هەڵبەتە ئەوبارە سەنگینە بەقووە عەقڵو عیلم لادەچێ. ئەمما داخەکەم خەڵکی مەهاباد وانازانن. مەسەلەن ئەو کچە نەوجەوانانەی خۆیان بەدبەختو بێسەواد دەکەن. دەڵێن رۆڵە جووتێ گۆرەوی بچنە یا کڵاوێ بدروو یاخەیر دەڵێن:`ئەمن کچی خۆم بۆ مەدرەسە نابەم بێ ئەدەب دەبێ.

خانمانی عەزیز، دەبێ بێ‌ئەدەبی ئێمە چ بێ؟ ئەو کەسانەی کە ئەو فکرەیان کردووەتەوە

ڕێگای راستی دوورکەوتوونەتەوە و لیان‌حاڵی نەبووە. مەسەلەن من شەخسی خۆم

زۆر لەمەجلیسان گوێم لێبووە هەروەخت کە ئێمە دەبینن دەڵێن ئەوە موعەلیمەکانن` و بەچاوێکی زۆرکەم تەماشای ئێمەدەکەن. ئەگەر ئێمە چاولە زمان‌و کیتابانی خارجیەکان بکەین زۆرغەمگین دەبین و دەڵێین خودایا ئێمەش وەکوو ئەوانە عەبدین؟ بۆدەبێ ئەڵئان لەشارێکی وەکوو مەهاباددا لەقیسمەتی ژناندا نە جەرراحێک، نە حەکیم و نە ددانسازێک یا مامانێکی رەسمی نەبێ؟

وتاربێژ دواتر داوادەکات لەژنان کە خۆشحاڵبن لە رووخانی دیکتاتۆری رەزاشاو `لەناردنی کچی خۆیان بۆ مەدرەسە تەقسیر نەکەن` ئەو جێگایەی کە بە زمانی دایکی‌خۆیان فێری خوێندن‌دەبن. پاشان بەشداربووان یارمەتی ماڵی دەدەن بە ح.د.ک.(١٤) ڕۆژنامە نێوی ٤١ ژنی نووسیوە کە پارەو زێڕیان داوە بە حیزب. سەمەرە ئەوەیە کە هەموو ئەم ژنانە بەناوی مێردەکانیانەوە ناسێندراون. بۆنموونە خانمی ئاغای صالح شاطری. هەفتەیەک پێش ئەوە ، ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرتێکی لەسەر دانیشتنێکی کۆنفرانسی خانمان لە مەهاباد نووسیوە:

**کونفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد و شورەوی [سۆڤییەت]**

رۆژی جومعە ١٧ / ١٢ / ١٣٢٤ (هەشتی مارسی ١٩٤٦) لەلایەن یای پێشەوای کوردستان کونفرانسێک بۆ بیرئاچغ بوونەوەی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان لەیانەی فەرهەنگی کوردو وروەی گیرا؛ لەم کونفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لەیایەکانی [ خانمەکانی هاوسەری ] ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و [ مامۆستایان ] و شاگردانی مەدرەسەی کچان و کارگەرانی حیزبی دیموکرات و ئیداراتی حکوومەتی و توججارو کەسبە، بە پێی بانگهێشتنێ کەلە پێشدا کرابوون حازربوون. دەپێشدا یای پێشەوای کوردستان لە بابەت ئەهمیەتی خوێندنی ژن وکچ وپێشکەوتنی ئیتیحادیەی ژنانی شورەوی و پێویستی شناسایی دەگەڵ وان ئیرادکرد.






دوایە عیددەیەکی زۆر لە ئاموژگاران و شاگردان و یایانی دی نطق و خطابەیان خوێندەوە وکۆنفرانس کە لە ساتی دووی پاش نیوەڕۆ گیرابوو لە ساتی پێنج دوایی هات.(١٥)

هیچ ناوێک لە هەشتی مارس ڕۆژێ جیهانی ژن کە لە یەکیەتی سۆڤییەت بەردەوام بەڕێوەچووە نەبراوە. هەفتەی دواتر ڕێکخراوی ژنان پێکهات. راپۆرتێکی کورت لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووە:

**سازکردنی حیزبی دیموکرات (لەلایەن ژنانی کوردستان)**

ڕۆژی جومعە ٢٤ / ١٢ / ١٣٢٤ (١٥ مارسی ١٩٤٦) لەلایەن یای پێشەوای کوردستانەوە لەژمارەیەکی زۆر لە یایانی تێگەیشتووی کوردستان گێڕدرایەوە و لەساتی ٣ی پاشنیوەرۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوە و بەسەرۆکایەتی یای پێشەوای کوردستان (مینا خانم [وشەیەک ناخوێندرێتەوە]) حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژمارەیەکی زۆر لە یایان نێونووسیان کرد و مانگانەی ئەندامەتیان لە تمەنێک تا دە تمەن وەئەستۆگرت.(١٦) ناوی ڕێکخراوەکە لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەکەدا جیاوازە؛ بۆ نموونە، یەکیتی ژنانی دیموکراتی کوردستان (١٧) و حیزبی یایان(١٨).

ئەم ڕێکخراوە باڵی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. حیزبی ژنان کە بەهیچ شێوەیەک بەرهەمی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی نەبوو، لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسیەوە دامەزرا کە پیاوان دەسەڵاتی زاڵیان بەسەریدا هەبوو. سیمای بەڕێوەبەر `یای مینا` هاوسەری سەرەک کۆماربوو. حیزبی ژنان لەرواڵەتدا ڕێکخستنێکی شل وشەوێلی هەبوو. پاش یای مینا کە ڕێبەری ڕێکخراوەکە بوو، سەرۆکی دە گەڕەکی مەهاباد بوون. لە راپۆرتێکدا سەبارەت بە داهات و مەسرەفی حیزبی ژنان لە سێهەمین مانگی بەهاردا (جۆزەردان)، ناوی ڕێبەران و داهاتەکانی (مافی ئەندامەتی) هەموو گەڕەکەکان نووسراوە:(١٩)

١- کلثوم سلطانیان هەرمەنیان ١٣٠٥.٠٠
٢- خورشید شاطری بازار ٢٨٢.٥
٣- خەدیجە قاضی چۆمێ ٢٢٧.٥
٤- سەید عایشە شاطری حاجیحەسەن ٨٢٢.٥
٥- صدیقە وەلیزادە خرێ ٩٣٦.٥
٦- زیبا خانم قوڵەقەبران ٢٣٠.٠
٧- ئامینە داودی قیبلە ٢١٠.٠
٨- زارای مەولەوی رزگەیان ٢٠٠.٠
٩- پیروزە موشیری جامیعا ١٢٠.٠
١٠- ماوزەر بلەزادە یەهوودیان ٩٥.٠
تێکرا ٤٤٢٩.٠

داهاتی دوومانگی هەوڵی بەهار ٩٢٩١ قڕان بوو. مەسرەفەکان بریتیبوون لە کرێ(١٢٠٠ قڕان)، گۆرینی کەل وپەل و روومێزیەکان (٥٢٠٠ قڕان)، مانگانەی دوومانگی کارمەندێکی ژن (٤٠٠ قڕان)، مانگانەی سێ مانگی کارمەندێکی دیکە (٦٠٠ قڕان)، هاتوچوو و خەلووز (٨٠ قڕان)و جارچی شار (٦٠ قڕان) کە سەرجەم دەبێتە ٧٥٤٠ قڕان.(٢٠) حیزب سەرەتا لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا نیشتەجێ ببوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە گواستیانەوە خانوویەکی بەکرێ. لە ئاگاداریەکی کورتدا داوادەکرێت لە `یایانی خوێندەوار` کەهەرکەس پێی خۆشە بۆ ئەم کارانەی خوارەوە داوای خۆی بنێرێت: `حیسابدار، خەزانەدار، مونشی و صندووقدار.` (٢١)

یەکەمین ئامانجی حیزبی ژنان وەگەرخستنی ژنانی گەورە ساڵ بوو بۆ پشتگیری لە کۆمارو لە میللەت. لەبەرئەوەی کە زۆربەی ئەم ژنانە نەخوێندەواربوون،






حیزب کلاسی فێرکردنی خوێندن و هەروەها کۆڕوکۆمەڵی نارەسمی بۆ ڕێکدەخستن. چالاکی دیکە بریتی بوون لە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی بۆ ئەرتەشی میللی، بەشداری لەخۆپیشاندانەکان، ڕێپێوانەکان و نووسین لە رۆژنامەکاندا. یارمەتیدان بە ئەرتەشی میللی بریتی بوو لە چنینی جل و بەرگ و گۆرەوی بۆ پێشمەرگەکان. ڕێکخراوی ژنان لە کۆمار سیمای حکوومەتێکی مودێرنی نیشاندەدا کە لایەنگری پێشکەوتنی ژنان بوو.

ناسیۆنالیستەکان لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە جەختلەسەر ئەوەدەکەن کە پەروەردەکردن گرینگترین مەرجی رزگاری میللیە. بەدرێژایی سەدەی بیستەم زۆرێک لەرووناکبیرانی هەردوو جنسەکە، خوازیاری ئەوەبوون کە پەروەردە ئامادە بکرێت بۆ ژنان. سەرەرای ئەوەش هێندێک لەدایک و باوکەکان لەوانە دایکانی مەهاباد لەبەرامبەر ئەو شاڵاوی ناردنی کچان بۆ خوێندنگەدا رادەوەستان. رەخنەی کوبرا عەزیمی لەو دایک وباوکانەی کەئامادەنە بوون کچەکانیان بنێرنە خوێندنگە هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ململانێیەک نیشاندەدا لەنێوان ناسیۆنالیستەکانی لایەنگری بەشداریدانی ژنان لەناو میللەتدا و ئەو بۆچوونە نەریتیەی کە تێیدا سازگاری کۆمەڵایەتی پێشسەرمایەداری و پەیوەندی دوو جنس دووبارە دێتەوە بەرهەم. لەراستیدا ڕێبەرایەتی تەواو پیاوانەی کۆمار و بەتایبەت خودی سەرەک کۆمار زیاترلە زۆرێک لەژنەکان لایەنگری پەرەپێدانی فێرکردن بوون لەناو ژناندا. بۆ نموونە بەرپرسی ح.د.ک. لە شنۆ یەکەمین خوێندنگەی کچانەی ئەمشارەی کردەوە. لەراپۆرتێکدا سەبارەت بەم خوێندنگەیەکە لەلایەن حەسەن کاظمی بەڕێوەبەری خوێندنگەکەوە نووسراوە، هاتووەکە ` پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری ح.د.ک. بکەن بۆئەم خزمەتە گەورەیە و بەخۆشی و مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە.` (٢٢) جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە کوردستانێکی رزگارکراو پێویستی بە ژنانی پەروەردەکراو هەیە. ئازادی، رزگاری و پەروەدە لێک جیاناکرێنەوە. گەورەترین دە سکەوت ئەوەیە کە وەکوو پیاوبن.ژنێکی نەخوێندەوار بارێکە بەسەرشانی میللەت و مێردە خوێندەوارەکەیەوە. پیاوێک لەوتارێکدا سەبارەت بە `حاملاندنی [فێرکردنی] ژنان` نووسی:

رۆژێک لەئیدارەی فەرهەنگەوە بۆماڵێ دەچوومەوە. دیتم ژنێک لەبەردەرکی کانگای حیزبی دیموکراتدا راوەستاوە. رووی تێکردمو بە لەهجەیەکی ژنانە کە مەخسووسی ژنی نەخوێندەوارو سادەی وڵاتی ئێمەیە لێیپرسیم `ئەرێ براله ئێرە کوێیە؟` دیتم ئەگەر بڵێم کانگای حیزبی دیموکراتە، نەلە کانگا دەگاو نەلە حیزب و نە لە دیموکرات. ناچار سەرم بەرداوەو لەپاش کەمێک بیرکردنەوە گوتم:` لێرە چەنکەس لەگەورە گەورانی کوردی کە لەکن یەکەوە خڕدەبن و لەکاروباری نیشتمان بیردەکەنەوە.`

نووسەر پاشان وایلێکدەداتەوە کە تائەوکاتەی ژنان خوێندەوارنەبن و سەبارەت بەمافی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان وشیار نەبنەوە، کوردان نابێ پیانوابێت کەهەنگاوێکی گەورەیان لەرێبازی ئازادی و شارستانیەتدا هەڵگرتووە.(میکائیلی۴: ١٩۴۶)

ئەندامانی حیزب لەرێگای یارمەتی ماڵی و کۆکردنەوەی پارە لەوکەسانەی کە ئەندام نەبوون پشتیوانیان لە حکوومەت دەکرد. جارێکیان سەرۆککۆمار بە یایمینای گوت کە `شاژنی فەرانسە ئەنگوستیلەکەی خۆی بەخشی بەخەڵکی فەرانسە. ئەی تۆ بۆ واناکەیت. من دڵنیام کە ئەمکارە ژنانی دیکەش هاندەدات کە یارمەتی ماڵی بدەن بەکۆمار.`

## ڕێوشوێن دانان بۆ پێکهاتەی هاوسەریەتی

ڕێکخستنی حیزبی ژنان وادیارە بەرچاوترین هەنگاوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی حیزبەوە بۆ وەگەرخستنی ژنان لەپرۆسەی پێکهێنانی میللەتدا هەڵگیراوە. هەنگاوەکانی دیکە بەئاراستەی دەستێوەردان لە پەیوەندیە نەریتیەکانی دوو جنسەکەدا هەڵگیراون. یەکێک لەوانە سیاسەتی نایاسایی کردن و سزادانی هێندێک لەشێوەکانی رەدووکەوتنی [ ژنان و کچان ]ە. یەک لەو بڕیارانەی کە پەیتا پەیتا لەلایەن «هەیئەتی میللی کوردستان»ەوە لە چەندین ژمارەی رۆژنامەدا چاپکران ئەمەبوو:

### ئاگاداری

### رەدووکەوتنی کچانو ژنان قەدەغەیە






لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەرپیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە راکێشێ، دەبێ بکوژرێ و ئەگەر کچێکیش بەزۆر رابکێشێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما [ئەگەر پیاوەکە] کچێ خوازبێنیبکا و نەیدەنێ و مانیعی شەرعیش نەبێ و بەمێرد نەبێ و کچەکە رەزای ببێ جەزای نیە. وەگەرنا لە سێمانگەوە تا سێساڵ

حەبس دەکرێ. ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ . ١٣ / ١ / ١٩٤٦ .

رەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان حاجیسەید بابەشیخ. (٢٣)

ئەم بریارە لەگەڵ چەند بریارێکی دیکە سەربەخۆبوونی کۆمار لەسیستەمی دادوەری دەوڵەتی ئێران نیشاندەدات. ئەم یاسایە زۆرتر چاوی لە ناوچە عەشایری و لادێکانە کە تێیدا ڕەدووکەوتن بەڕێوەدەچوو. ئەم بریارە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئایینیەوە لە پایتەخت دەرچبوو، لەراستیدا درێژەی دەسەڵاتی ناوەند/ شار بوو بەرەو ناوچە ناشاریەکان کەلەژێر دەسەڵاتی ڕێبەرە فیئۆداڵ – عەشیرەکاندا بوون. هەروەها ئەمکارە داسەپاندنی سەرەتاکانی ئیسلامبوو بۆسەر سیستەمی پەیوەندی نێوان دووجنس کە لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئاییندا راوەستابوون. زمانی ئەم دەقەش بەتەواوی پیاوسالارانەیە. لەسەردێڕی ئاگاداریەکەدا ژن هەڵگرتن کە چەمکی لایەنی پیاوانە بۆ ئەمکارە بەکارنەهێندراوە. جێگای سەرنجیشە کە ڕێبەرایەتی کۆمار دەستێوەردانێکی لەم چەشنەی نەکرد لەسەر پەیوەندیەکانی زەوی وزار لەناوچەلادێنشینەکان و لەو گوندانەی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی باوبوو و تێیدا مافی ژنان بۆ ملکداری زەوی رەچاونەدەکرا. نەریتی بەرپەرچدانەوەی مافی ژنان بۆ بەمیرات وەرگرتنی زەوی کشت و کاڵی دەستدرێژیکردن بوو بۆسەر شەریعەتی ئیسلام کە نیوەی بەشی پیاوانی دەبەخشی بە ژنان. بەڵام تەنانەت نەهێشتنی ڕەدووکەوتنیش بەتەواوی سەرکەوتوونەبوو.

محەممەدئەمینی مەنگوڕی یەکێک لە ئەندامانی ئیدارەی ئاسایشی کۆمار لەلێکدانەوەیەکی زۆر دەگمەندا گوتی کە دانانی یاسا بۆ ڕەدوو کەوتن دژبەریکردنە لەگەڵ داب ونەریتی عەشیرەی بڵباس لەرۆژهەڵاتی مەهاباد. بۆخەڵکی ئەو ناوچەیە ئەمە بەکارێکی `داپڵوسێنەرانەو ناخۆش` ئەژمێردرێت لەبەرئەوەی رێگانادات بە `سەربەستی ئەوینداری، دەستبازی، ئەویندارێکردن، هەڵپەڕکێی رەشبەڵەک و ڕەدووکەوتن. ئەمەش گەنجەکان دەکات بە وشکەسۆفی و دنیای ئەوینداریان لەسەر دادەخات.` بەباوەڕی مەنگوری ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی دانانی یاسای بەرگری لە ڕەدووکەوتن کرا چونکوو ئەمکارە وەکوو ئاکارێکی شەرافەتمەندانە مەزەندەدەکرا. ئەگەر ژنێک ڕەدوونەکەوتبایە، رێزی بۆدانەدەنرا. ئەمە بۆپیاوانیش هەروابوو. ئەگەر پیاوێک ژنێکی ڕەدوو نەخستبایە پیاندەگوت «تۆ پیاونیت؛ ئەگەر پیاوبایەیت ژنێکت ڕەدوودەخست.» مەنگوری دەڵێ کە `تەنها خۆشبەختییەک کەمێژوو بەکوردانی داوە «دڵداریو عەلاقەی جنسیە» و ئەوەیە کە کوردەکان لە چێژوەرگرتن لەم ئازادیانەدا لەئورووپاییەکانیش لە پێشترن. ئەو هەروەها دەڵێت کەئەمکارە کارکردێکی ئابووریشی لەگەڵدایە. ملپێوەنانی ڕەدووکەوتن هەردەم تێکەڵە لەگەڵ مەترسی، بەڵام هەموو لایەنەکانی ئەمکارە دەزانن کە چۆن ئەم ململانێیە کۆتایی پێبێنن. ژن وپیاوەکە خۆدەخەنە شوێنێک (لای سەرۆک عەشیرەتێک یان ئاغایەک و یان دەسەڵاتێکی ئایینی یان هەرکەسێکی بێلایەن و جێگای رێز) و هەتا ئەوکاتەی سازانێک دەکرێت، وازیان لێدێنن؛ عادەتوایە کە بەباوکی کچەکە شیربایی ئەدەن و لایەنەکانی دیکەش لەباری ماڵیەوە قازانج دەکەن.(٢٤)

لەناو ئەو چاکسازیانەی کە بەدەستپێشخەری ڕێبەرایەتی بەڕێوەچوو بڕیارێکی سەرەک کۆماربوو سەبارەت بە بەڕێوەبردنی خوتبەی نوێژی جومعە بۆیەکەم جار بەزمانی کوردی. لەناو ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی کە لەم خوتبانەدا بەرجەستە دەکرانەوە یەکێشیان ئەوەبوو کە:` ژنان لەناو کۆمەڵگادا چۆن بن.` بابەتەکانی دیکە بریتی بوون لە: خەبات لەدژی خەرافات، رێزگرتن لەیاسا ئایینیەکان، تەندروستی و دروستکردنی نەخۆشخانە، کارتێکردنی هێمنایەتی لە گەشەکردنی نیشتمان و شارستانیەتی کۆنی کوردستان.(٢٥)

لەدەوڵەتی خودموختاری ئازەربایجانی دراوسێدا ژنان بۆیەکەمجار مافی دەنگدانی گشتییان وەرگرت. لە کۆماری کوردستان هەرچەند کە باسی دەنگدان نەهاتە ئاراوە، بەڵام سەرەک کۆمار لەگەڵ ئەوەدابوو کە مافی دەنگدانی گشتی بدرێت. لەکونفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە قازی محەممەد پرسیارکرا `حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بەژنان، ئایا ئێوەش ئەمکارەتان کردووە؟` وەڵامەکە ئاوابوو، `هەرچەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازەربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین بەڵام دەبێ ئاگادارتان بکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەست بێنین.` (٢٦)






## پرسی وشیاری فێمینیستی

لەبەرئەو هۆیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن، ئاشکرایە کە وشیاری فێمینیستی هێشتا لەناو ژنانی کۆماری کوردستاندا دەرنەکەوتبوو. ژنانی خوێندەوار باوەڕیان بە پەروەردەی ژنان و یەکسانی ڕەسمی هەبوو لەگەڵ پیاوان. بەڵام تەنانەت ئەوانیش بەشێوەیەکی لێبراوانە لەگەڵ سیستەمی پەیوەندیەکانی نێوان دوو جنسەکە نەدەکەوتنە ململانێ. رادیکالترین رەخنە لەلایەن کوبرا عظیمی‌یەوە دەگیرێت کە بووبەهۆی نارەزایی هێندێک لە ژنان. لەرێگای لاپەرەکانی رۆژنامەی کوردستانەوە دەتوانین بەڵگەبێنینەوە بۆ نەبوونی وشیاری فێمینیستی لیبراڵ. یەکێک لە مامۆستایان کە `ئامۆژگاری بۆ ژنان`ی نووسیبوو بۆوێنە ئەڵێت:

*" هەموو رۆژێ لەپێش رۆیشتنی پیاو بۆبازار دەبێ ژن لەپیاو بپرسێ `ئایا هیچ فرمانت نیە؟` ژنی چاکو راست تانجی سەری مێردی خۆیەتی، کارێکی مێردت پێی خۆش نیە ئەتۆش پێتخۆش نەبێ و قەرەی مەکەوە. تاریفی پیاوی بێگانە مەکەن دەنا مێرد لێتان دردونگ دەبێت، ئەگەر زۆریش دڵتەنگ بوویت دیسان ئەگەر پیاو[ەکە]ت هاتەوە رووی خۆت ترش‌مەکە. هەوڵ بدەن خووی مێردەکانتان بناسن تا بەوجورە دەگەڵیان رەفتاربکەن.(٢٧) "*

زۆربەی ئەو ژن وپیاوانەی سەبارەت بە بەشداری ژنان لەژیانی میللەتدا دەیاننووسی، ژنانی `وڵاتانی بێگانە`یان (هەم ئورووپا ۆ هەم یەکیەتی سۆڤییەت) وەکوو مودێلێک دەناساند کەدەبوو ببنە نموونەیەک بۆچاولێکردن. بەپێی ئەم نووسراوانە ژنی بێگانە لەبوارەکانی زانست، تەکنولوژی و هونەردا پەروەردەکراون؛ لەگەڵ پیاوان یەکسانن و هەروەک پیاوان یارمەتیدەری پێکهاتنی میللەتن. جاری‌وایە ئامۆژگاری حەزرەتی محمدیش بۆ پەروەردەی ژنان‌وپیاوان هەردووکیان باسکراوە. هەروەها یەک لەوتاربێژان بەناوی خانمی شاسوڵتانی فەتتاحی لە وتارەکەی خۆیدا لەسەر پشتگیری سەرەک کۆمار بۆ پەروەردەی ژنان لەرێگای ناردنی کچەکانیانەوە یۆ خوێندنگە پێدادەگرێت.(٢٨)

بابەتی دیکە توانابییەکانی ژن بوو بۆئەوەی ببێتە شەرکەرێکی چاک. لە وتارێکدا سەبارەت بەژنانی ئازەربایجانی سۆڤییەت (کە لەسەرچاوەکانی سۆڤییەتەوە وەرگیرابوو)، لەسەر ستانداردی باڵای پەروەردەی ژنان و هەروەها یارمەتیەکانی ئەوان لەشەڕی نیشتمانی دژی فاشیستیدا جەختکراوە.(٢٩) لەوتارێکی دیکەدا کە سەبارەت بە `ئازادی ئایین لەرووسیەی سۆسیالیستی`دا نووسراوە، لەسەر ئازادبوونی ژنانی سۆڤییەت بۆکارکردن لەدەرەوەی ماڵەوەو لەهەموو بوارەکاندا جەخت کراوە. سەرنج بۆئەوە رادەکێشرێت کە لە ژنانی رووس شانبەشانی پیاوان کاردەکەن. نەبوونی هەڵاواردن لەنێوان ژنان و پیاوانی بێگانەدا هاوتای‌خۆی لەناو میللەتدا دەدۆزێتەوە. `بڕواننە بارودۆخی ژنانی عەشایری کوردستان ئەوکات دەزانن کە ژنان و پیاوان وێرای یەک کاردەکەن( لەخەرمانهەڵگرتن، لەتووچاندن و لە گێرەکردندا) یارمەتی یەکتر ئەدەن، جگەلەوەش ژنان ئاگایان لەمنداڵەکان و ماڵەوەش دەبێت. بەڵام ئەوەی کە ژنانی رووس دەیکەن زۆر پربایەخە لەبەرئەوەی کە ئەوان زانیارییان هەیەو پەروەردەیان دیوە؛ ژنانی ئێمە زۆر هیچ نەزانن.` (٣٠)

## ئەنجام

بابەتی لێکدانەوەکە جەخت لەسەرئەو رەوتانەدەکاتەوە کە لێکۆڵەرانی دیکە لەپەیوەند لەگەڵ بزووتنەوە میللییەکان لە سەرانسەری جیهاندا رەچاویانکردووە. لەکوردستانی ساڵی ١٩٤٦دا بزووتنەوەی فێمینیستی لەچاو بزووتنەوەی میللی لەپاش بوو. وشیاری ناسیونالیستی زۆر بەربڵاوترو کۆنتربوو. لەکاتێکدا کە ئازادی ژنان، مافی یەکسان و بەشداریکردن لە خەباتدا چوبووە ناو رۆژەڤی ناسیونالیستەکانەوە، وشیاربوونەوە لە داخوازیەکانی پلاتفۆرمێکی فێمینیستی کاڵی لیبراڵی بەولاوە نەچوو.

یەکەم رێکخراوی ژنانی کورد لەساڵی ١٩١٩دا لەلایەن ئەندامانی نوخبەی ناسیونالیستی دوورخراو لە ئەستەمووڵ دامەزرا. ئەم رێکخراوەش هەروەکوو تاقمەسیاسیو فەرهەنگیە کوردیەکانی دیکە پاش دامەزرانی کۆماری تورکیا کە لەسەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لەساڵی ١٩٢٥دا هەموو چالاکییەکی ناسیونالیستی داپڵۆسی، لەناوچوو. پێدەچێت کە حیزبی ژنان دووهەمین رێکخراوی ژنانی کوردبێت. یەکێک لە ئەندامانی ئاریستۆکراتی خاوەن زەوی بەناوی






حەفسەخانم لەسەردەمی دەوڵەتی خودموختاری شێخ مەحمود لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا هەڵسووراوبوو. بەڵام کارەکانی ئەو ئاماژەناکەن بۆ سەرهەڵدانی وشیاری یان ڕێکخستنی فێمینیستی. ئەو خانمە پشتگیری‌دەکرد لە ئامانجی ناسیونالیستەکان و بەشوێن ڕۆژەڤێکدا دەچوو کە بریتی‌بوو لە گەشەکردنی ژنان و بەتایبەت وەدەستهێنانی خوێندەواری و پەروەدە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی ساڵی ١٩٤٦ ژنانی هاندەدا کە بەشداربن لە چالاکی دەرەوەی ماڵدا بەڵام سنوورێکی زۆری دادەنا بۆ هەبوونی ئاشکرای ئەوان؛ ژنان تەنها ئەوکاتە بەراوردەکران کە بتوانن یارمەتی پیاوان بدەن بۆئامانجی میللی. کۆمار یەکەم دەوڵەتی کوردی بوو کە خواستی دێموکراتیک و مودێرن بوونی هەبوو. پێکهێنانی حیزبێکی ژنان ئەم سیمایەی بردەسەرەوە: ژنان هەرلە سەرەتای حکوومەتی خودموختارەوە لە مەیدانە گشتیەکاندا دیاربوون. بوونی حیزبی ژنان ئامادە بوونی ژنانی لە ژیانی سیاسی کۆماردا بە شێوەیەکی فۆرمی ڕاگەیاند بەڵام لە هەمانکاتدا پاکانە کردنێک بوو بۆ وەلانانی ئەوان لە ئاستەکانی بڕیاردانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم حیزبە وەکوو ڕێکخراوی ژنانی ح.د.ک. هەروەها ڕەسمییەتی دا بە جیاکردنەوەی ریزەکانی حیزب بە پێی جنس و ئەوەی کەهەرکامەیان ڕێکخراوی خۆیان هەبوو. ئاشکرایە کە ئەم دوانە لەبارودۆخێکی یەکساندا نەبوون.

ڕۆژنامەی کوردستان کەهەردووڕۆژ جارێک دەردەچوو، لەگەڵ چەندین گۆڤار و دواتریش ئێزگەیەکی رادیۆ، ئەمانە نیشاندەری نۆمای گەردوونی گشتی (**Public Sphere**)یەکە واخەریکی پێکهاتنە. بەڵام لەکاتێکدا کە نوخبەکان و دەوڵەمەندەکان رادیۆیان لەبەردەستدابوو، باقی‌خەڵکی پایتەخت دەیانتوانی گوێڕایەڵی ئەو بڵیندگۆیانە بن کە لەسەر چوارڕیانەکان دامەزرابوون. هەرچۆنێک بێت گرینگە سەرنجی ئەم خاڵە بدرێت کە تەواوی بڵاوکراوەکان و ئێزگەی رادیوکەش هی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەچوون. ئەمەش ئەو هەل ومەرجەنیە کە لە گەردوونی گشتی بچێت کە تێیدا وێژەران/گوێگران و نووسەران/ خوێنەرانی جۆراوجۆر لەدەسەڵاتی بەڕێوەبەر سەربەخۆن. سەرەرای ئەوەش کەش وهەوایەک بۆباسکردنی چالاکی ژنان و سیاسەتی رەسمی سەبارەت بە دووو جنسەکە دەستەبەرکرا.

دەوڵەتی میللی ئازەربایجانی دراوسێ لەکۆماری کوردستان رادیکاڵتربوو. لە ئازەربایجان بە پێچەوانەی کوردستان چاکسازی زەوی وزار هەرچەند سنووردارێش بەڕێوەچوو و مافی ژنان بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا بەرەسمی ناسرا. پایتەختی ئازەربایجان واتە تەورێز دووهەمین شاری گەورەی ئێران بوو و تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە گەورەترین ناوەندی شاری لە وڵات ئەژمێردرا. ئێرە هەروەها ناوەندی شۆرشی رادیکاڵی مەشرووتییەتی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٠٦ - ١٩١١ بوو. میرجەعفەری پیشەوەری سەرۆکی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان‌و سەرۆک وەزیری حکوومەتی میللی بەیەکێک لەسیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی کومونیستی وڵات دادەنرا. هەبوونی هێزەکانی سۆڤییەتیش لەناوچەکەدا فاکتەرێکی دیکەبوو. بارودۆخی پێشکەوتووی ژنان لەکۆمەڵگای سۆڤییەت یەکێک لەوبابەتانەبوو کە پەیتاپەیتا لە دەزگاکانی راگەیاندن چ بەگوتن و چ بەنووسین دەهاتنە گۆڕ. لە بڵاوکراوەکانی کوردستان و ئازەربایجاندا بەشداری ژنانی سۆڤییەت لە شەڕی دژی فاشیسمدا بەردەوام وەکوو بەڵگەیەک بۆئازادی ئەوان نیشاندەدرا. گرینگەبزانین کە مافی ژنانی فەرانسە بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا تەنها لەساڵی١٩٤٤ واتە دووساڵ پێش ئازەربایجان بەرەسمی ناسرا.

نیوسەدە پاش پێکهاتنی حیزبی ژنان وادەردەکەوێت کە بزووتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان هێشتاش هەر وەدوای بزووتنەوەی میللی دەکەوێت. سەرکوتی توندوتیژی میللی سێبەری خستووەتەسەر سەرکوتی جنسی و چینایەتی؛ تەنانەت جەختکردنی ڕێبەرانی ناسیونالیست لەسەر خەباتی میللی لەوەش ڕێگرترە؛ ئەوان بە ئاشکرا پێشتریەتی ئەدەن بەخەباتی میللی تا بەخەباتی چینایەتی و هەروەها یەکسانی دووجنسەکە. زۆرلە حیزبە ناسیونالیستەکان کەم بایەخدەدەن بە پێشتریەتی چینەکان و جنس و ئەم بابەتانە ئەهێڵنەوە بۆداهاتوو. دوو حیزبی سیاسی واتە کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیسیتی ئێران) و حیزبی کرێکارانی کوردستان (پکک) لە خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی سیاسیدا مەودایەکی زیاتریان بەخشیوە بەژنان. دەوری ژنان لە پکک دا ساڵی ١٩٤٦مان وەبیردێنێتەوە. لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆری ژنان خۆیان خەریککردووە بە هەڵسووڕانی نانەریتی(وەکوو چالاکی چەکداری لەشەڕداو لەدەرەوەی شەڕیش، ڕۆژنامەگەری حیزبی و کاری بەکۆمەڵ)، هیچکامیان نەگەیشتوونەتە پلەی باڵای ڕێبەرایەتی. هێندێک لەحیزبەسیاسیەکان وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، ئەویان زیاترو ئەمیان کەمتر لەراستیدا پێشیان بە گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان گرتووە. بۆنموونە پارتی وانیشاندەدات کە کۆمەڵگای کوردستان ئیسلامی و نەریتیە وهەربەوپێیەش ژنان دەبێ فۆرمە نەریتی ۆ ئایینیەکانی دەسەڵاتی






پیاوسالاری پەیرەوبکەن. ئەم تاقمە لە ناسیونالیستەکان بە جەختکردن لەسەر دواکەوتوویی کۆمەڵگای کورستان زیاتر دڵ لەدوابوونی خۆیان بۆ پیاوسالاری دەردەبڕن تاوەکوو بەرژەوەندی ژنان لە نەریتگرایی.(١٣)

سەرهەڵدانی شارنشینی، پێکهاتنی چینی ناوەراست و چینی کرێکار، گەشەی پەروەردە و دەرکەوتنی Diaspora (کۆمەڵی دوورخراو و کوچکردوو)ی کوردەکان لەرۆژئاوا، هەموویان یارمەتیدەرن بۆگەشەکردنی بزووتنەوەی فێمینیستی و پەیوەندی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتری لەگەڵ فێمینسمی رادیکاڵ و سوسیالیست. رەخنەگرتن لە سیستەمی پیاوسالاری لەلایەن ئەوفێمینیستە کوردانەوە کەسەربەهیچ حیزبێکنین ماوەیەکە دەستپێکردووە. نووسەرانی کورد، بەژن و پیاوەوە توندوتیژی پیاوسالارانەیان چ لە کوردستان و چ لەناو دیاسپۆرادا خستووەتە ژێرپرسیارەوە.

مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنانی کوردستان هەروەکوو خودی خەڵکی کوردستان سەرکوتکراوە. زانیاری لەسەر دەسکەوتەکان و شکستەکانی زۆرکەمە. دەرخستنی ئەم مێژووە لەگرەوی پێشکەوتنی خودی بزووتنەوەکەدایە.

جیاوازییەک لەنێوان کوردستان و رۆژئاوادا، سەرکەوتنی ناسیونالیسمە لە `دیموکراسیە رۆژئاواییەکان`دا. لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە ناسیونالیسمی رۆژئاوایی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەدەستدایە، میللەت و دەوڵەتی میللی خۆی پێکهێناوە. هەرلەسەرەتاوە `میللەت` ژنانی دەرهاویشتەدەر (لەناو سەرچاوەگەلێکی رووڵەزیادبووندا بروانە نێلسۆن ١٩٩٨ Nelson). لەهیچ شوێنێک ژنان بە شارۆمەندی تەواو نەژمێردران و زیاترلە یەک سەدە خەباتی فێمینیستی پێویست بوو تا رێگایان پێدرا کە بتوانن کەڵک لەمافەکانی شارۆمەندێتی خۆیان وەکوو مافی دەنگدان وەرگرن. ژنان لەراستیدا لەرێگای خەباتی سیاسی رێکخراو و رووبەروو‌بوونەوەی بەربڵاوی تیئۆریک لەگەڵ پیاوسالاریدا توانیویانە لەزۆربەی `دیموکراسیە رۆژئاواییەکاندا` یەکسانی یاسایی وەدەست بێنن. بەڵام نابەرابەربوون ریشەکەی لەخودی کۆمەڵگای سەرمایەداریدایە.

ململانێی نێوان ناسیۆنالیسم و فێمینیسم هەروا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. دژبەری لەناو بزووتنەوە میللیەکان لە جیهانی رووڵەگەشەدا تەنانەت بەرجەستەترە. ناسیۆنالیسمی تورک و عەرەب و ئێرانیش لەساڵەکانی پاش شەڕی جیهانی یەکەمدا دەسەڵاتیان گرتەدەست. تۆماری ئەوان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندی دوو جنسەکە لە هێچ رووێکەوە لەهی هاوتا رۆژئاواییەکانیان باشتر نییە. ئامانجی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان بە پێچەوانە گەیشتنە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی. ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئەزموونی دەوڵەتەکەی خۆیان لە ئێران ساڵی ١٩٤٦ و لە عێراق پاش ١٩٩٢ ناسیۆنالیسمی کوردی لەو رەوتەی کەلەرۆژئاواوە دەستپێکردبوو لای نەداوە.

ئەم ململانێیە لە کوردستان بەردەوام لە رێگای گفتوگۆ و سازانێکەوە کە بەهۆی درندەیی قەومکوژی و جینوساید بەدەستی چوار دەوڵەتی میللییەوە بەسەر هەردوولادا دەسەپێندرێت، یەکلادەبێتەوە. ماوەتەوە بزانین ئایا فێمینیستەکوردەکان رێگادەدەن بە ناسیۆنالیسم کە بەردەوام هەروەکوو پاسەوانی پیاوسالاری بمێنێتەوە. بەڵام زۆر ساویلکەییە ئەگەر پێمانوابێت کە ناسیۆنالیسم تاقە کۆسپە لەسەررێگای رزگاری ژناندا. فێمینیسم وەکوو بزووتنەوەیەکی وشیار بۆلەناوبردنی پیاوسالاری، لەناوخۆیەوە لەلایەن هێندێک هەڵوێستی تیۆریکەوە کە داواکاری سازشکارییە، بەزێندراوە. ئەوبانگەوازەی کە لەرۆژئاواوە لەلایەن فێمینیستە پۆستمودێرنەکان و تیۆریسیەنەکانی سیاسەتی پێناسە (هەویەت)ەوە بۆ `فێمینیستە خۆجێییەکان` دەکرێت، هاندانە بۆ سازان لەگەڵ پیاوسالاری ئایینی، قەومی و میللی. بەڵام سیاسەتی ناسیۆنالیستی کوردەکان سە بارەت بە ` پرسیژنان` لەچاو ئەو رێوشوێنەی پۆست مودێرنەکان دایدەنێن، دەیان ساڵ لەپاشە. (بروانە نووسراوەکەی Klein لەم کتێبەدا) لەکاتێکدا کە ناسیۆنالیسمی کورد لەوەدا سەرکەوتووە کە رۆڵی پاسەوانی پیاوسالاری بگێرێت، خۆجێیخوازی و تیوریەکانی خۆجێیبوون بانگهێشتنی فێمینیسم دەکات ببێتە دەستەمۆی ناسیۆنالیسم. سەرەرای سەرکوتکردنی درندانەی میللی کەدژبە خەڵکی کورد بەرێوەدەچێت، زۆرتر لەوەدەچێت کە فێمینیستە کوردەکان لەبەرخاتری ئایین و میللەت و بێخەوشی قەومی، ناکەونە پاڕانەوە لەبەردەم پیاوسالاریدا.

## پەراوێزەکان

١- ئەم بەشە دووبارە نووسینەوەی توێژینەوەکانی منن لەژێر ئەم سەردێرە دا. من لە بڵاوکراوەکانی `کۆمەڵەی ژ.ک` ، بڵاوکراوەکانی کۆماری کوردستان،






دەستنووسەکان، وتوویژەکان و هەروەها سەرچاوەی ناراستەوخۆ کەڵکم ورگرتووە.

٢- وشەی `کۆمار` لەڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەی حیزبی دەسەڵاتداردا بەکارهێندراوەو ڕێبەری حیزب و دەوڵەت واتە قازی محەممەدیش وەکوو `سەرۆک کۆمار` ناسراوە. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد و هەمووانی ئاگادارکردەوە کاتی ناردنی‌نامە بۆ قازی محەممەد بنووسن`سەرۆک کۆماری کوردستان` (کوردستان ژمارە ١٤، ١٣ مانگی دووی ١٩٤۶ ل ۴). بەڵام لەژێر فشاری سۆڤییەتدا ئەم ناوە لەچوارچێوە ڕەسمییەکاندا لابراو بەسەرۆک کۆماریان گوت پێشەوا. کوردەکان هێشتایش هەر هەرپێی دەڵێن کۆمار.

٣- ڕێبازی کۆمەڵەی ژ. ک. دیموکراسیە و بۆ بەختەوەری ژیانی ئینسانەکان تێدەکۆشێت.(برگەی ٨ی پلاتفۆرمی بڵاوکراوە لە نیشتمان ۶؛۶ ١٩۴٢ دا تەنها سێ برگەی بەڵگەنامەیەکی دووروودرێژتر بڵاوکراوەتەو).

۴- دەقی شانۆنامەکە نەماوەتەوە. زۆرترین ڕوونکردنەوە لەلایەن فەرشی (١٩٩۵)ەوە دراوە. لێکدانەوەیەکی کورت لە کتێبەکەی **Eagleton** دا هاتووە(١٩۶٣).

۵- ئەم بەڵێنە لە مەرامنامەی حیزبدا دراوە (بڕوانە ژێرنووسی ژمارە ٩ لەخوارەوە)؛ هەروەها بڕوانە:

(١-٧٠؛١٩۶٣)Eagleton.

۶- کتێبی اسامی دهاتکشور(١٩۵٠:٢۶)

٧- فرهنگ جغرافیایی ایران(١٩۵١:۵١٢)

٨- بەپێی زانیاری لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە (۵- ١۴ :١٩۶١)

٩- مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان (١-١٩٧٠:٣٠)

١٠- کوردستان (١٩۴۶) ١٠ (۶ مانگی دوو): ۴،١.

١١- کوردستان (١٩۴۶) ١٣ (١١مانگی دوو):١.

١٢- گۆڤاری `گرووگاڵی منداڵانی کورد`. بۆ نموونە ئەم شێعرە بڵاوکردووەتەوە:

بۆ کچان

ئەی کیژی کورد! تۆیش هەروەک براگەورەکەت فێری خوێندن بە
نووری دیدەم قەت دەست لەخوێندن هەڵمەگرە.
براکەت پێویستی بە یارمەتی تۆیە،
ئەو زۆر موحتاجی بیری جوانی تۆیە.
کاکت بەقوربانت بێت خوشکم فێری خوێندن بە،
چونکوو ئەوەی نەخوێندەوارە حەیوانە. (١٩۴۶:٧)

١٣- کوردستان (١٩۴۶) ٢٧ (٢۵ مانگی سێ):٣-٢.

١۴- کوردستان (١٩۴۶) ٢٩ (٣٠ مانگی سێ):۴.

١۵- کوردستان (١٩۴۶) ٢۴ (١٣ مانگی سێ):٧.

١۶- کوردستان (١٩۴۶) ٢۴ (١٣ مانگی سێ):٣.

١٧- کوردستان (١٩۴۶) ٧٩ (٢٢ مانگی هەشت [دەبێ ٢٠ی مانگی هەشت، واتە ٢٩ گەلاوێژ بێت]):۴.

١٨- کوردستان (١٩۴۶) ٨۵ (۵ مانگی نۆ [دەبێ ١٢ی مانگی نۆ واتە ٢١ی خەرمانان بێت]):١.






١٩- کوردستان (١٩٤٦) ٧٧ (١٥ مانگی هەشت):٤.

٢٠- کوردستان (١٩٤٦) ٧٧ (١٥ مانگی هەشت):٤.

٢١- کوردستان (١٩٤٦) ٨٥ (٥ مانگی نۆ [دەبێ ١٢ی مانگی نۆ، واتە ٢١ خەرمانان بێت]):١.

٢٢- کوردستان (١٩٤٦) ٢٤ (١٣ مانگی سێ):٥.

٢٣ - کوردستان (١٩٤٦) ١٦ (١٨ مانگی دوو):٤.

٢٤- بەکەڵکوەرگرتن لە دەستنووسەکانی محمدامین مەنگوڕی نووسراوە (٧-١٩٥٨:١٧٦). نووسەر خۆی لە عەشیرەتی مەنگوڕ لەتایفەی بڵباسە و سەبارەت بە شوێنەواری ئەم یاسایە لە سەر خەڵکی ناوچەکە لێکۆڵینەوەی دەکرد لەکاتێکدا کە ماوەیەکی کورت پاش ڕووخانی کۆمار بەنهێنی دەژیا.بڕوانە Edmonds(٦-٢٢٥:١٩٥٧) سەبارەت بەڕەدووکەوتنی کچان لەناو بڵباسدا. لێرەدە سپاسی بەڕێز مەحموودی مەلاعیزەت دەکەم کە ئەم دەستنووسانەی پێدام. ئەو خۆی ئەم دەستنووسانەی لەسوید بڵاوکردوەتەوە.

٢٥ - کوردستان (١٩٤٦) ١٠ (٦ مانگی دوو):٣.

٢٦- کوردستان (١٩٤٦) ٢ (١٣ مانگی یەک):٤.

٢٧- کوردستان (١٩٤٦) ٢٧ (٢٥ مانگی سێ):٣.

٢٨- کوردستان (١٩٤٦) ٢٨ (٢٧ مانگی سێ).

٢٩- کوردستان (١٩٤٦) ٧٣ (٦ مانگی هەشت):٢.

٣٠ - کوردستان (١٩٤٦) ٧٢ (٣٠ مانگی یەک):٤.

٣١- بۆ نیشاندانی نموونەیەک لەم چەشنە بیرکردنەوە، وتووێژێک دەگێڕینەوە کە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ چوارکەس لەڕێبەرانی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان کە یەکێکە لەڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. یەکێک لەم ژنانە کوشتنی بەربڵاوی ژنان ڕەتدەکاتەوەو ئەڵێ کە تەنها یەکدوو ژن لە سلێمانی کوژراون. لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە ڕەدووکەوتنی کچان وەکوو ڕێگایەک بۆدەربازبوون لە هاوسەرێتی ڕێکخراو لەلایەن بنەماڵەوە، ژن بە ژنە و فرۆشتنی کچان، یەکێک لەو ژنانە ئەڵێت ئەو دژبەو کارانەیە چونکوو ئەو لەوباوەڕە دایە کە ئەوانە دژبە نەریتی خەڵکی کوردستانە. یەکێکیتر لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی ژنان دژایەتی ڕەدووکەوتن دەکات و ئەڵێت:

من ناتوانم ڕاستەوخۆ بڵێم کە ئەمکارە (ڕەدووکەوتن) شتەیەکی باشە. ئێمە بە ڕوونی ئەو کۆمەڵگایە دەناسین کە تێیدا دەژین.ئێمە چ فەرهەنگێکمان هەیە ؟ ئەگەر ئێمە لە چوارچێوەیەکی بەریندا باسی مافی ژنان بکەین، خودی کۆمەڵگا لە بەرامبەرماندا ڕادەوەستێ. ئێمە دەبێ هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ کۆمەڵەکەماندا بچینە پێش. فەرهەنگی ئیسلامی و کوردی بوونەتە یاسای کۆمەڵایەتی ؛ ئەگەر ئێمە ئەم سنوورە تێپەرکەین، سەرناکەوین.

ئەم چوار ژنەی وتووێژەکەیان لەگەڵداکراوە ڕیبەری یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان بوون و بەسەردان هاتبوون بۆ ئەورووپا بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ چالاکییەکانیان.(١٢٢، ١٩٩٣:١٢٤ چەنگیانی).

## سەرچاوەکان


- نەناسراو. (٤-١٩٤٣) «ئاخافتنی برایان و خوشکان.»، نیشتمان ٣/٤ (١٣٢٢دیسامبری ١٩٤٣ ژانویە ١٩٤٤)٤-٢٣.

- جەزا چەنگیانی (١٩٩٣) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ چوار ئافرەتی سەر بە یەکیتی ئافرەتانی کوردستان. خەرمانە ١٠-٩: ١٢٢ ؛ ١٢٤.

***Eagleton Jr William (1963). The Kurdish Republic of 1946. London: Oxford University Press***

***Edmonds, C.J. (1957). Kurds, Turks and Arabs. London: Oxford University Press***

- فرهنگ جغرافیایی ایران (١٩٥١). جلد٤، تهران چاپخانه ارتش، ١٣٣٠.

- برایم فەرشی(١٩٩٥)`کورتەیەک لە سەر شانۆی «دایکی نیشتمان»`. گزینگ ٢٨:٧-٢٣.

- گروگالی منداڵانی کورد (١٩٤٦) ١ (١) (٢١ مانگی سێ)

- دولت ایران (١٩٦١). وزارت کشور، آمارعمومی، آمار سرشماری منطقەای اولین سرشماری ملی در ایران، آبان ١٣٣٥ (مانگی یازدەی ١٩٥٦)، بەرگی جلد ٤٧، منطقه سرشماری مهاباد، ٥-١٤ : مه ١٩٦١.

- کتاب اسامی دهات کشور (١٩٥٠)جلد ١ استانهای ١،٢،٣ و٤، تهران وزارت کشور اداره کل آمار و ثبت احوال، فروردین ١٣٢٩، چاپ دوم: ٢٦.

- محمدامین مەنگوری (١٩٥٨). بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٢ی تەمووزی ١٩٥٨، بەرگی یەکەم، دەستنووس. لەسوید لەژێر سەردێڕی `بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨. بەشی یەکەم ١٩٩٩.

- مەرامنامەی حیزبیدیموکراتی کوردستانی ئێران. گۆڤاری توده ژماره ١٩، پووشپەڕ ١٩٧٠/١٣٤٩ : ١-٣٠.

- رسول میکائیلی (١٩٤٦). ` پەروەردەی ژنان` کوردستان ٧٥ (١١ مانگی هەشت):٤

Nelson, Dana(1998).National Manhood: Capitalist Citizenship and the imagined Fraternity of White Men. Durham: .Duke University Press


سەرچاوە : تریبونی فیمینیستانی کورد / ڕێکەوتی : ١٠ی ژانویەی ٢٠١٤

## کۆماری کوردستان و مەزنایەتی پێشەوای کورد!




لە نوسینی: ئاریتما موحەممەدیوێنە


تا مێژوو مێژووە و کورد کوردە پێشەواش هەر دەم زیندووە.

پێشەوا قازی موحەممەد لە ساڵی ١٢٨٩ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک دەبێت، دواتر لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ.ک. پێوەندی دەگرێت و پاشان دەبێتە ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا. شایانی وتنە کە کۆمەڵەی ژ.ک ڕێکخراێکی ناسیۆنالیستی کوردی و نەتەوەیی بو کە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی خەباتی دەکرد.

ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە دەبوایە نەتەوەیی و نیشتیمانی بونایە و خەباتی و تێکۆشانیان لەو پێوەندییەدا بەرەوپێش بردایە.

پێشەوا قازی مەحەممەدیش وەک کەسێکی خوێندەوار و ڕوناکبیر کە بە سەر چەندین زماندا زاڵ بووە و لە ناو کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان پێگە و جێپێی تایبەتی هەبووە و لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕێزی لێنراوە، هەروەها وەک کەسێکی نەتەوەیی و مافخواز و لە بەر نەتەوەیی بونی ئەو ڕێکخراوەیە دەبێتە ئەندامی چالاکی ئەو بزوتنەوەیە.

ئەندام بون لە کۆمەڵەی ژ.ک. دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەوە کە پێشەوا قازی مەحەممەد بێتە ناو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتی کوردستان و ناوچەکە، هاوکات لە بەر ڕوناکبیری ناوبراو و هەڵسوکەوتی پێشکەوتوخوازانەی زۆر زوو لە لایەن خەڵکەوە متمانەی پێدەرێت و خەڵک وەک کەسایەتییەکی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەیناسن، هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا پلە سیاسییەکان دەبڕێت و وەک نوێنەری کورد دەناسرێت.

پێشەوای نەمریش ئەو هێز و توانایەیی دەبێت، ئیتر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد بوروژێنێت، هەر بۆیە لە گەڵ نەتەوەی هاوسێی واتا ئازارییەکان پێوەندی دروست دەکات و لە هەمو بوارەکاندا هەوڵ دەدات کە لە گەڵ ئەو نەتەوەیەدا لە پێوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بێت.

ڕوانگەی پێشکەوتوخوازانەی پێشەوا ئاوا دەبێت کە پێی وابووە کە دژوارە کورد بە تەنیا لە دژی حوکوومەتی ناوەندی بوەستێتەوە و داوای مافەکانی بکات، هاوکات پێشی وابووە کە نابێت کورد دەستبەرداری مافەکانی بێت، دەبێت کورد لە هەمو بوارێکدا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات و لەو پێوەندییەدا هەنگاوی مەزن هەڵنێتەوە.

هەر بەو مەبەستە لە گەڵ ئازەرییەکاندا پێوەندی بتو ساز دەکات، بە جۆرێک کە لە گەڵ ئەو نەتەوەیەدا هاوپەیمانی پێک دەهێنێت و پێکەوە کۆماری سەربەخۆی کوردستان و ئازەربایجان بناغە دادەڕێژن.

قازی موحەممەد هێدی هێدی دەبێتە کەسایەتییەکی سیاسی ناوچەیی کە سرنجی ئەمریکایی و ئینگلیزیی و ڕوسەکان و پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و ئەوانیش چەندین جار سەردانی دەکەن بە مەبەستی تێگەیشتن لە ڕوانگە و بیرو ڕاکانی سەبارەت بە کوردستان و ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دیارە ڕوانگەی پێشەوا زۆرتر لە ڕوسەکان نزیک دەبێت، لە بەر ئەوە کە ڕوسەکان لەو کاتەدا بەرنامە و پلانیان بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و ناوچەکە پێ دەبێت و هەوڵ دەدەن کە سرنجی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بچوک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، لە بەرامبەردا ئینگلیز و ئەمریکاییەکان پشتیوانیان لە داگیرکەران و حوکوومەتی ناوەندی ئەو کاتی ئێران و عێراق دەکرد، هەر بۆیە ڕوانگەی پێشەوا لەوان دوور بو.

هاوکات ئاڵوگۆڕەکان بە شێوەیەک هاتەبونە پێش کە بۆشاییەک لەو بەشەی کوردستان کە کۆماری کوردستانی تێدا لە دایک بو، دەبینرا، ڕوسەکانیش لە پاش ئاگاداربون لە هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی پێشەوا و پێگە و جێپێی خودی پێشەوا پشتیوانیان لێی کرد، دیارە پێشەوا لەو ماوەیەدا چەندین جار سەردانی کۆماری سەربەخۆیی ئازەربایجانی کردووە و لە نزیکەوە لە گەڵ بەرپرسانی سیاسی و نیزامی ئەو کاتی یەکێتی سۆڤییەت کۆبووەتەوە و هەروەها سەردانی یەکێتی سۆڤییەتیشی کردووە.

هەر بۆیە پێشەوا قازی مەحەممەد لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی پارتێکی سیاسی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا، هەروەها لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا کۆماری کوردستانی دامەزراند، لە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان سپای کوردستانی پێکهێنا، ڕۆژنامەی فەرمی دەرکرد، سرودی نەتەوایەتی هەڵبژارد و ڕادیو و قوتابخانەشی دروست کرد، گرینگی بە پەروەردە و پێگەیاندن درا و ئاستی ڕوناکبیری و هۆشیاری خەڵک بەرز کرایەوە.

پێشەوا دەیان کاری پڕ بایخی ئەنجام داون کە ئێستاش لە سەردەمی بەجیهانی بون و بچوک بونەوەی دونیا و بەرز بونەوەی ئاستی تێگەیشتنی خەڵک و هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد و دامەزراندنی دەیان پارتی سیاسی، نەیانتوانییوە وەک کۆماری کوردستان و کەسایەتی پێشەوا کاریگەری لە سەر بزاڤی نەتەوایەتی کورد و نەتەوەی کورددا بنێن، بگرە بە ڕێگەیەکدا چونە کە ڕێبازی پێشەوای کز و لاواز کردووە، ئەوەش لە ژێر ناوی خزمەت بە کورد و کوردستان و فریودانی نەتەوەی باڵادەست.

هەر ئەو سیاسەتەی کە خۆیان ناوی دەنێن هەوڵدان بۆ فریودانی دوژمن، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە کولتوری سیاسی بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسییەکان و خەڵکی پێ پەروەردە دەکەن، ئەوەش مایەی داخ و پەژارەیە.

پێشەوا هەوڵی زۆری بۆ ئەوە داوە کە حوکوومەتی ناوەندی ددان بە کۆماری سەربەخۆی کوردستاندا بنێت و وەک دەوڵەتی دراوسێی چاوی لێبکات، بەڵام لە بەر فاشیستی بونی ئەو حوکوومەتە و دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ڕەزا خانییەکان ئەو دەرفەتە نەڕەقسا، هاو کات دەسەڵاتی ئینگلیزی و ئەمریکاییەکانیش بە سەر یاساو ڕێسای ئێراندا زاڵە بووە و ڕوانگەی ئەو زلهێزانەش لە گەڵ بەرژەوەندی کورددا نەبووە و لە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بە هەمو شێوەیەک دژایەتیان کردووە.

بە بونی دەوڵەتی کوردی دەسەڵاتی ئەوان لە ناوچەکە کورت دەکرایەوە و ئیتر نەیاندەتوانی سەرمایەو سەرچاوە ژێر زەوییەکانی کوردستان بدزن. بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بونە کە نۆکەر و دەستنیشاندەی خۆیان دروست بکەن و دەسەڵاتی پێببەخشن و بیپارێزن، بۆ ئەوە کە هەرچیان پێباش بێت ئەنجامی بدەن.

وەک باس دەکرێت، پێشەوا بەردەوام پێوەندی بە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئێران گرتووە بۆ ئەوە کە هێرش نەبەنە سەر کوردستان و لە ڕێگای دیالۆگ و






گفتوگۆ پرسەکە چارەسەر بێت، ئەوە پەیامی ئاشتی و ئازادیخوازی پێشەوا دەگەیەنێت کە هەمیشە باوەڕی بەو پێوەرە ئینسانییەکان هەبووە و ئاواتی ئەوە بووە کە کێشەکە بە ڕێگای دیپلۆماسی چارەسەر بکرێت.

تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر درێژ نەبو، بەداخەوە تەنیا ١١ مانگی پێچو، تەمەنی هەر چەند کەم بو، بەڵام کار و تێکۆشانی پێشەوا بووەتە ڕەمزی تێکۆشانی کورد و دەسپێکی ڕێگای ڕزگاری کورد، لەو ماوەیەدا زۆر کاری گرینگ کران کە ئیستاش کاریگەریان لە سەر زمان و مێژو و داهاتوی کورد دەبێت و وەک نمونەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی کورد چاوی لێدەکرێت.

لە ٢٦ خەرمانانی ١٣٢٥ هەتاوی لە پاش داگیرکردنی کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجان، هێزەکانی پاشایەتی هێرش دەبەنە سەرکۆماری کوردستان و لە بەر ئەوەی کە گیانی خەڵک بپارێزێت و کەس نەکوژرێت پێشەوا خۆی دەکات بە قوربانی و دەبێتە ڕەمزی نەتەوەی کورد بۆ هەمیشە.

دواتر لە دادگایەکی نادادپەروەرانە و بەبەشداری نوێنەری ئینگلیزی و ئەمریکایەکان پێشەوا بوێرانە لە خۆی و نەتەوەی کورد دیفاع دەکات و هەمو چەواشەکارییەکان بەرپرچ دەداتەوە، لە ئاکامدا بە لە سێدارەدان حوکم دەدرێت و لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە سێدارە دەدرێت و بە کاروانی نەمران و شەهیدان پەیوەست دەبێت.

(ڕوسەکانیش لە پاش وەرگرتنی چەند ئیمتیاز لە حوکوومەتی ئەو کاتی ئێران، لە پشتیوانی کردنی کۆمار دەکشێنەوە و خیانەت بە کۆماری کوردستان دەکەن. هاوکات حوکومەتی ئێران بە پشتیوانی هێزە بریتانی و ئەمریکایەکان هێرش دەکەنە سەر کۆماری کوردستان)

ئەگەر باس لە هۆکاری ڕوخانی کۆماری کوردستان بکەین، ئەو گەلێک هۆکاری مەزن و ڕون هەن کە ئاماژەیان پێبکەین، فیئۆدالیزم و دەرەبەگایەتی، سیستمی دواکەوتویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشت کردنە پێشەوا و کۆماری کوردستان لە لایەن دەرەبەگەکان و دەیان هۆکاری دیکە هەن کە باسیان لەسەر بکەین، بەڵام من پێم وایە کە گرینگترین هۆکار ئەوەیە کە کورد و پێشەوا و نەتەوەی کورد دۆستی ڕاستەقینە و پشتیوانی سیاسی و دەرەکیان نەبووە، لە هەمو گرینگتر پشتیوانی بریتانی و ئەمریکایەکان لە ڕژیمی دیکتاتور و داگیرکەری ئەو کاتی ئێران کە دەستنیشاندەی خۆیان بو، بووە هۆکاری ڕوخانی کۆماری کوردستان.

لەو سەردەمەدا، هەرچەند کورد و نەتەوەی کورد خۆڕاگر و خەباتگێڕ و نەبەز بونایە لە بەر نەبونی پشتیوانی نێونەتەوەیی و دەرەکی بزوتنەوەکە دەشێوا و دەرۆخا. کۆماری کوردستانیش قوربانی نەبونی پشتیوانی دەرەکی وسیاسی و پشتیوانی زلهێزەکان لە ڕژیمی ناوەندی بو.

سەرکوتی بزوتنەوەی لۆڕەکان، عەرەبەکان لە ئەهواز، بەختیارییەکانی چوارمەحال، تورکەمەن و ئازەرییەکان لە ئازەربایجان ئەو پەیامە دەگەیەنن کە کێشەی ناوخۆی و سیستمی دەرەبەگی و عەشایەری هۆکاری بنەڕەتی ئەو ڕوخانەی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان نەبووە. بەڵکو تەنیا هۆکاری دەرەکی و پشتیوانی زلهێزەکان لەو ڕژیمە دڕندەیە بووە.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧١٢ی کوردی واتا ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا و سەیفی قازی و هەڤاڵەکانی، گونجاوترین ڕۆژە بۆ ئەوە بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە هەمو بەشەکانی کوردستان. لە بەر ئەوە کۆماری کوردستان تەنیا پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبووە، نوێنەرانی کورد لە هەمو بەشەکانی کوردستان لەو کۆمارەدا بەشداریان کردووە و یارمەتیان داوە، بۆ نمونە ڕۆشەنبیرانی سلێمانی لەو سەردەمەدا نامە بۆ پێشەوا دەنێرن و هاوپشتیوانی خۆیان بۆ کۆمار دووپات دەکەنەوە، لە باکوری کوردستانیش هەر بەو شێوە نوێنەر و ڕوناکبیریان بەشداری ڕاگەیاندنی کۆمار دەکەن، لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان چەشن بووە.

هاوکات بەرزانییەکانیش دەوری گرنگیان لە ئاسایشی کۆماردا گێڕاوە. ئەمانە هەموی نیشانەی ئەوەن کە کۆماری کوردستان پەیوەست بووە بە هەمو بەشەکانی کوردستان، ئەو کەس و لایەنانەش کە کۆماری کوردستان بە کۆماری مەهاباد پێناسە دەکەن ناڕاستەوخۆ دەیانهەوێت لە مەزنایەتی کۆمار کەم بکەنەوە، بەڵێ ڕاستە کۆمار لە ماهاباد دامەزرا، بەڵام پەلی ڕاکێشا بوو بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

لێرەدا ئەو خاڵەش بەرپرچ دەدەمەوە کە هندێک لایەن کۆماری کوردستان بە کۆمارێکی خودموختار پێناسە دەکەن، کۆماری کوردستان بە تەواوەتی کۆمارێکی نەتەوەیی و لە سەر بنەمانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ. ک. دامەزراوە، ئەو ڕێکخراوەشە ڕێکخراوێکی بە تەواو ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە، ئەندامەکانی






ئەو ڕێکخراوەیە سوێندیان دەخوارد کە لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان هەنگاو هەڵنێینەوە و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بدەن، هەر بۆیە هیچ کات ئەو خەیاڵە بە مێشکی قازی و کۆمارییەکاندا تێنەپەڕیوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر دەستی بنەماڵەی ڕەزاخاندا کۆمار بمێنێتەوە یان ببێتە بەشێک لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراو، قازی کەسێکی دیموکرات و ئازادیخواز بووە، باوەڕی بە چەوساندنەوە نەبووە و لە دژی هەر چەشنە چەوساندنەوەیەک خەباتی کردووە. هاوکات ئاگاداری پێشهاتەکانی جیهان و ناوچەکە بووە، بۆیە باوەڕی بە داگیرکەری ئێران و ئینگلیز و ئەمریکایەکان نەبووە.

قازی پێی وابو کە داگیرکەران تەنیا سەرمایەی سروشتی ئەو وڵاتەیان دەوێت، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەن کەسانێکی نەخوێندەوار و ناسیاسی دەسەڵات بە دەست بگرن. ئەوش دژی ڕوانگەی ئەو زلهێزانە بو.

ئەو ڕاستییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە قازی هەوڵی بۆ ئەوە نەداوە کە بەشێک لە ئێران بێت. ڕێگای قازی بە چەواشە کردن درێژەی پێنادرێت، بەڵکو دەبێت لە فەلسەفەی ڕێگاکە تێبگەین و لەو پێناوەدا برەو بە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆمان بدەین.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٩ی مارسی ٢٠١٣

## دوورگەی بەختەوەریی مرۆڤی کورد



ئەیوب ئەیوبزادە

پێتەختی کۆمار، شاری مەهابادە. مەهاباد لەو کاتەدا "وەک گوندێکی گەورە وایە و بنەمای ئابووری و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەوێدا درێژەی شێوەی مەعیشەت بەرهەم هێنانی لادێیە. لە سەنعات و کارخانەو کارگە و سەرمایەدار و چینی کریکار و بۆرژوازیی گەورەو پەرەگرتوو هەواڵێک نییە و تەنیا جەماوەرێکی کەم بە کاری تیجارەت و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەوە خەریکن کە هەر چەند باری ژیان و پەرەگرتنیان روو لە پێشکەوتنە بەڵام هێشتا دە ژێر دەسەڵاتی ملکدار و دەرەبەگەکاندان". (١)

تەنانەت "ئەو کات لە مەهاباد کەرەسەیەکی وەک بڵیندگۆش نەبوو، جارچی هەواڵەکانیان جار دەدا. ڕەسوڵ شاڵی یەکێک لەو جارچیانە بوو. بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە بڵیندگۆیەکی هێناو لە بەرانبەر مەحکەمەی قازی، لە دوولاوە لە دارتێلانیان قایم کردبوو، ئاواز و گۆرانی، یان هەواڵ و قسەی ڕێبەران، یان قورئانی لەسەر بڵاو دەبووە".(٢)

"دانیشتوانی مەهابادی سەردەمی کۆماریش بەگوێرەی بەڵگە و سەرژمێرییەکانی دەوڵەتی بە ١٦٤٥٥ کەس مەزندەکرابوو. لەو ڕێژەیەش ٨١٩٩ کەس ژن و ٨٢٦٦ کەسیش پیاو بوو. سنوور و کەوشەنی کۆماریش نەیتوانی بۆ هەموو شارو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەل بهاوێ. لە دوای مەهاباد، بانە و سەردەشت و بۆکان و شنۆ و نەغەدە لە زمرەی گرینگترین شارەکانی ژێردەسەڵاتی جمهووری بوون. بۆ وێنە بەگوێرەی ئاماری ئەرتەش، رادەی دانیشتوانی بۆکانیش لەو کاتەدا گەیشتۆتە ٣٠٧٤ کەس و شاری شنۆش ٢٢١٢ کەس بەراورد کراوە". (٣)

لەو نێوەشدا تەمەنی سەرکۆمارییەکەی پێشەوا پتر لە ١١ مانگی نەخایاند. لەو ماوە کەمەشدا نەیدەتوانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی دانیشتووانی ژێردەسەڵاتی جمهوری پێکبێنێ. خەوی بنەبڕ کردنی هەژاری و برسێتی و دادی کۆمەڵایەتی و ڕێگاوبان بۆ ژیانی ئینسانی کورد لە ماوەیەکی ئاوا کەم دا نەیدەتوانی وەلام بدرێتەوە. کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەش لەم دوڕگەیەدا کۆمار و سەرکۆمارەکەی بۆ خەڵک خۆشەویست بوون و لەژێر سێبەری دا خەلک هەستیان بە ئارامی و ئۆقرەیی و حەسانەوە و بەختەوەری دەکرد.

ئیتر ئاسەوارێک لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دامودەزگاکانی تاران نەمابوو. ژاندارمە و بەرتیلخۆریی لەشکری و ئیداری کە تا ئەو کات تەنگیان بە ئینسانی

کورد هەڵچنی بوو، شوێنەوارێکیان لێ نەمابوو. پاش چەند چەرخ خەبات هەستێکی لەخۆ دڵنیابوون لەنێو ئەو گەلەدا پەیدا ببوو کە ژێردەستەی کەس نەبێ و دەتوانێ بگاتە ئەو رادەیە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. هەر بۆیە لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکان و کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگا لە دوای راگەیاندنی کۆمار بەرنامەکانی پێشەوا بە دوو ئاقار دا وەگەڕ خران: بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەنجامدانی ریفورم و چاکسازیی هەمە لایەنەی پەروەردەیی و کولتوری.... پێشەوا بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا بەرنامەی چاکسازی هەموو ئەو لایەنانە بگرێتە خۆو هیچ بوارێک لەو بوارانە پەراوێز نەکرێ.

دامەزراندنی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" یەکێک لەو هەنگاوانە بوو. کۆمپانیای پەرەسەندن، ئەرکی بەرپرسایەتی و ڕێکخستنی پێوەندییە ئابورییەکانی کۆماری لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئەستۆ بوو. لەم پێوەندییەدا:

"لە نەتیجەی جەلسەی ڕۆژی جومعەی ١٩ی ڕێبەندانی٢٤ وا قەرار درا سەرمایەی ئەسڵی شیرکەت بە یەک ملیون تمەن دانراوە کە سوڵسێکی نەغدە و دوو سوڵسی دیکەی قەبزی سپەردەی دوخانییەیە لە کەسانێکی پولی نەغدیان نەبێ قبوڵ دەکرێ بەڵام قازانجیان بۆ حساب ناکرێ هەتا وسولی پولی ئەو قەبزانە و شیرکەتی تەرەقی موجاز کرا سەرمایەی خۆی بە دوو موقابیل مەبلەغی ئەسلی زیاد بکا کەسانێکی تا ویستا کە سەهمیان نەکڕیوە ئەوانیش دەتوانن بە قەبزی سپەردەی دووخانییە هەر چەند سەهمێک مایل بن بکڕن. هەر سەهمی شیرکەت عیبارەتە لەیەک هەزار تمەن. لە برواری ئەو نووسراوە قەبزی سپەردەی دوخانییە قبول دەکرێ هەتا ئاخر مانگی رەشەمەی١٣٢٤ هەر کەس قەبزی خۆیان بەنێوی شیرکەتی تەرقی کوردستان ئینتقال بدەن". (٤)

پێشەوا لە جێژنی بونیادنانی "شیرکەتی تەرەقی کوردستان" کە لە لایەن بەزازانەوە بە بۆنەی سەربەخۆیی کوردستان دەستی بەکار کردبوو، دەڵێ:

"لازمە کە ئەمە ڕێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە. شیرکەتی تەرەقی دەبێ تەوسیعەی پێ بدرێ و رەواییتی تەجارەتی لە هەموو کوردستاندا بەرقەرار بکرێ. حکوومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆر دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەورۆ تەغییر بدا. مەسەلەن، فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ وە تەوسیعە و تەرەقی و ئیجادی ئەوانە دا سەعی و جیددیەت بکرێ". (٥)

پێشەوا بەوپەڕی پەرۆشەوە داوای لە ئەندامانی نەتەوەکەی دەکرد و دەیگوت: "ئەی خۆشەویستەکانم وەختی میللەتی کورد بەختیار دەبێ کە ئێمە واز لە مەنافیعی شەخسی بهێنین... هەر وەکوو کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین کاری میللەتیش وا بخەینە ڕێ. کاری شەخسی وەپێش کاری عموومی نەخەین... مەدرەسە لە دیهاتەکان بکەنەوە، بیمارستان دروست بکەن، یاریدەی هەژاران بدەن، کارخانە بکرن... پووڵ نێوی ئنیسان بڵیند ناکا، بەڵکوو خزمەت بە میللەت و نیشتمان ئەستێرەی سەر شانی ئینسانە". (٦)

بەڵام گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی کۆمەڵی کوردەواری یەک و دوو نەبوون. سەدان ساڵ داگیرکراویی کوردستان و ژێر دەستیی کورد لە ئێران، ڕێگەی ئەوەی نەدابوو بنکە و بونیاتی بەرهەم هێنان لەو وڵاتە دابمەزرێ و گەشە بکا. هەر بۆیە ئەم وەزعە، کاری کردبووە سەر خودی کۆماریش. خەزێنەی کۆمار لە راستیدا بەتەواوی بەتاڵ بوو. ماڵیات وەرگرتن تەنیا سەرچاوەی هەرە گرینگی کۆمار بوو. هەر بۆیە بۆ کرانەوەی دەستو باڵی کۆمار:

"بە دەستووری حزبی دموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ٢٤ / ١٠ / ٢٠ هەیئەتی مالیات بردرآمد تشکیل دراو دەستی کردوە بە کار. تصویب کرا هەوەل مالیاتی شاری وصول لە پاشان دێهات دەس پێ بکرێ". (٧)

ئەم هەنگاوانە ئەگەرچی لە سەرەتای پێوانی ڕێگایەکی دوورودرێژدا بوون و لە راستیدا هێشتا بە مانای دەسپێکی کار بوو، بەڵام بەخێرایی کاریگەرییەکانی خۆی دەردەخست.

"مەهاباد لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار بوژانەوەیەکی ئابوری و ئازادییەکی سیاسی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کە ئەم گەلە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی دوورودرێژی خۆیدا بەخۆیانەوە نەبینیبوو. حکوومەت خەرجی و مەسرەفی خۆی لە باجو خەراج کۆ دەکردەوە، حیزب ئابونەی ئەندامانی خۆی وەردەگرت و خیزانە دەوڵەمەندەکانیش پیتاکیان دەدایە. سەرەک خێڵەکانیش بۆ ئەوەی گوێرایەڵی خۆیان بە حیزب بسەلمێنن پیتاکیان دەدا". (٨)






لەو لاشەوە:

"کۆماری کوردستان دەستی بە بازرگانیی راستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد و بەتایبەتی فرۆشتنی توتن بە یەکیەتی سۆڤیەتی و کڕینی زۆر کەرەستە لەم دەوڵەتە گەشەیەکی تایبەتی بە بازرگانی دابوو و ریگای بۆ باشتربوونی وەزعی ئابووری خۆش کردبوو". (٩)

شان بەشانی هەوڵدان بۆ گەشەی ئابووری و بازرگانی، گرینگییەکی تایبەتیش درا بۆ ئەوەی گەندەڵیی ماڵی نەتوانێ روو لە دەزگاکانی حکوومەتی بکا. هەر بۆیە لەو قەوارەیەدا بەرتیل خواردن و گەندەڵیی ئیداری بە تاوانێکی گەورە دادەنرا:

"لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی مەئمورینی حکوومەتی کوردستان رادەگەیەنرێت، هەرکەس لە هەر رێکەوە بە هەر نێویک لە تەمەنێک تا چەند تمەن بو هەڵسووراندنی کارێکی (چ قانوونی، چ شەرعی و غەیرە) بەرتیل و ریشوە بداو یا وەربگرێ لە پاش مەعلووم بوون بە خائینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ...". (١٠)

بەڵام سیستمی لێپرسینەوە تەنیا هەر بە قسەو لەسەر لاپەڕی کاغەز نەبوو. بەڵکوو بە کردەوەش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی لێپرسینەوە دەهاتە ئاراوە. رۆژنامەی "کوردستان" لەم بارەیەوە وێنەیەکمان دەداتە دەستو تێیدا هاتووە:

"کێشان بۆ محاکەمە... کە کراوەتە سەرۆکی گومرگی خانێ (لاجان) بە تاوانی صادر کردنی چەند جەوازی غەیرە رەسمی و جەعلی لەسەر کار دەرکراو بۆ دادگایی کردن بانگ کرا". (١١)

هاوکات لەگەڵ ئەوە:

"لەسەر دەستووری وەزیری بەرزی جەنگ بەتەواوی برایانی کورد و هاونیشتمانانی کوردستان راگەیەندرا کە هەرگاه کارێکی خلافی اصولی دیموکراسی و برایەتی لەلایەن مەئمورانی هیزی کوردستان هەر لە پێشمەرگە یان ئەفسەر نەسبەت بە ئەفرادی نەتەوەی کورد روو بدات و یا داوای رشوە و غیرە بۆ پێکهێنانی کاروبار بکەن پێویستە بە زوویی مقاماتی هیز و ایدیکە لە حقیقەتی موضوع ئاگادار بفەرموون والا بە پێچەوانەی ئەو بەخشنامە اگر رفتار بکرێ قطعا" مجازاتی هەردووک لا بە ئەندازەی یەک دەبێ".(١٢)

بۆ پتەوتر کردنی پێوەندیی نێوان پێشەوا و خەڵک، رێبەرانی کۆمار بیرێکی ژیرانە دێننە ئاراوە. دانیشتوانی کۆمار، دەیانتوانی گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی خۆیان، بە سەرکۆمار رابگەیەنن. نووسینی نامە یەکێک لەو رێگایانە بوو. لەم بارەیەوە لە رۆژنامەی "کوردستان"دا هاتووە:

"عنوانی نووسراو بۆ ریاست جمهور:

بە پێی دەستوری ژمارە ١١٥٩-١٣٢٤ / ٢٢ / ١١ کومێتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا ملت بییەوێ دەدری دڵی خۆیان یا احساساتێک بە نووسین پێشەکشی رەئیسی جمهوری کوردستان بکەن عنوانی نووسراو تەنیا دەبێ: (رەئیس جمهوری کوردستان) بێت". (١٣)

جۆری نەتەوەخوازیی کۆمار لە چەشنی نەتەوەخوازییەکی عەدالەت خوازانە بوو. واتە هاوکات لەگەڵ گرینگی دان بە رزگار کردنی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران و بەهێند گرتنی کار و تێکۆشانی کولتوری و پێداویستییەکانی ژیانی روحیی ئەندامانی نەتەوە، لە هەمان کاتیش دا لە هەوڵی ئەوە دابوو ئاوڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کوردیش بداتەوە. بواری لەشساغی و مەسەلەی دابین کردنی دوکتورو دەرمان بۆ توێژی هەژار و بێداهاتی کوردستانی یەکێک لەو بوارانە بوو. ٦٢ ساڵ لەمەوبەر لە دڵی قەوارەیەکی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا بڕیار دەدرێ دوکتور و دەرمان بۆ هەژارانی ئەو وڵاتە بەخۆڕایی بێ.

هەر بۆیە:






***"لەلایەن وەزیری بهداری کوردستانەوە راگەیەنرا کە ئەوانەی فەقیر و دەستنەڕۆیو بن نامەی ئیدارەی شارەداری لەمەڕ هەژاریی خۆیان وەرگرن بەخۆڕایی معالجە دەکرێن و دەرمانیان دەدرێتێ". (١٤)***

***راستە بۆ ژیانی مرۆڤ لاکردنەوە لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ بیر بکاتەوە و بژی، نانی گەرەکە، بەڵام نانیش بەبێ ئازادی میللی و سەروەریی نەتەوەیی و رزگاریی نیشتمان ناتوانێ حەسانەوە و رەزامەندیی راستەقینە بۆ مرۆڤ دابین بکا. ئەویش بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد، کە بە درێژایی چەنای چەند ساڵ بە تاوانی کوردبوون سەرکوت کرابوو، بەهرەمەند بوون لە دەسەڵاتێکی نەتەوەیی توانی سوکنایییەکی گەورەی پێبدا. بە بەجێ هێشتنی سەردەم و رۆژگاری ترس و خۆف و نکۆڵی کردن لە بوون و مەوجودییەتی، ئەو جار دەیتوانی بیر لە دابین کردنی ویستەکانی تریشی بکاتەوە.***

***بەر لە هەر تشتێک مرۆڤی کورد بۆن و بەرامە و تامی ئازادییان چەشت. ژیانی ئازادی بەدوور لە سەرکوت و هەڕەشەی هێزی داگیرکەریان تاقیکردەوە، کیان و سەروەریی نەتەوەیی خۆیان دیت. هەستیان بەوەکرد ئەوانیش وەک کورد چییان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە. ئەویش دەتوانێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ و بۆخۆی چەرخی چارەنووسی خۆی بەڕێوە بەرێ. لەم دورگەیەدا ئیتر کەس نەمابوو نکۆڵی لە ناسنامەی میللی و نەتەوەیی بکا. زمانێک کە جاران هەوڵ بۆ توانەوەی دەدرا، بوو بە زمانی فەرمیی کیانەکە. لە قوتابخانەکان بوو بە زمانی رەسمی لە راگەیەنە گشتییەکانیش هەر بە هەمان شێوە.***

***"گەلێک کە سەدان ساڵ ژێردەست نەبووبێ، زۆرداری چەند دەوڵەتی نەچێشتبێ و هەموو وەختێک خۆی لە نیشتمانی خۆی دا زیندانی هەست نەکردبێ، ناتوانێ قەدری ئەو ئازادییە بزانێ کە لە کۆماری کوردستان دا وەدەست گەلی کورد کەوتبوو، نەک هەر کورد ژێردەست نەبوو، بەڵکوو چەکی لەشان بوو و پاش سەدان ساڵ شەخسییەتی ئینسانێکی تەواوی پەیدا کردبوو، خۆی بە کەمتر لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە دانەدەنا و دڵنیایی بەخۆی و هیزی خۆی پەیدا کردبوو". (١٥)***

***سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا کۆماری کوردستان بەتەواوی سەقامگیر نەببوو لە ناو گێژەڵۆکەی سیاسیدا دەژیا و هەردەم لەگەڵ مەترسیی مەزن بەرەوڕوو دەبوو، بەڵام پێشەوا دیسانیش نەیهێشت ئەو دۆخە سیاسییە ئاڵۆزە شوێن لەسەر پرۆژەکانی دابنێ. یەکێک لە گرینگترین بواری ئەو پرۆژانەی پێشەوا، کارو تێکۆشانی کولتووری و رۆشنبیری بوو. پێشەوا زۆر لەوە بەپەلە بوو کۆمەڵی کوردەواری لە دواکەوتوویی رزگار بێ، نەخوێندەواری بنەبڕ بکرێ، قوتابخانە و شوێنی پەروەردە و بارهێنان دابمەزرێ.***

***هەر بۆیە روانگە و دیدی پێشەوا تەنیا لە ئاستی تیئۆری و خیتابێکی رووتی سیاسییەوە نەمایەوە. بۆ قەرەبوو کردنەوەی دەلاقەی پشت گوێخرانی دەیان ساڵەی کورد، بۆ فێربوونی عیلم و زانست هەنگاویتری بەکردەوەی پێویست بوو. کورد ئیتر لەو رۆژگارەدا سەردەمی بێکیانی تێپەڕکردبوو، خاوەنی کۆمار و سەرکۆماری خۆی بوو. کابینە و وەزیری خۆی هەبوو، هەربۆیە بەخێرایی فیکر و روانگەی سەردەمییانەی پێشەوا دەیتوانی لە کردەوە دا بێتە دی و راگەیەندرا:***

***"لەسەر ئەمری پێشەوای معظم و قەراری (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەوەی بەدواوە پیوسیتە بۆ بەرەو پیدان و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٥ رۆژی دیکە هەر کەسێک کورو کچی هەبێ کە عومری اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینێریتە مەدرەسە". (١٦)***

***بەڵام لە کۆمارەکەی پێشەوادا مەسەلەی گرینگی دان بە خوێندن و کردنەوەی قوتانخانە، هەر تەنیا بۆ منداڵان نەبوو، بەڵکوو کەسانی بەساڵاچووش دەبوایە لەو بەهرەیە بێبەش نەبن. لەوێیوەشدا بەتایبەتی بۆ ژنان کە لەمەوبەر بەهۆی بوونی کولتووری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی هەلی دنیای فێربوون و زانستیان لێ ستاندرابوو، دەبوایە هەلێکیتریان بۆ رەخسابا. هەر بۆیە راگەیەندرا:***

***"بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە هەوەڵی ساڵی تازە.. مەدرەسەی اکابری یایان لە جێگای مەدرەسەی کچان دامەزراوە و تا ئێستا لە حدوودی چل کەس لە کچان و ژن بۆ خوێندن لەو مەدرەسە دا نێونووسیان کردوە و هەموو رۆژێ ساتی 3 بۆ رۆژئاوا لە جێگای نێوبراو کۆ دەبنەوەو خەریکی خویندن دەبن. لەسەر هەموو کچ و ژنێکی نەخوێندەوار پێویستە لەو نعمتە گەورە ئیستیفادە بکەن و بۆ خویندن فێربوونی زانست لەو مەدرەسەدا لە غایەتی شوق و رغبت حاضر بن.***






ئاموزگاری مەدرسەی کچان کبرای عظیمی." (١٧)

پێ بەپێی ئەو هەنگاوانە بەهێند گرتن و گرنگی دان بە زمانی کوردی بوارێکی تری هەوڵەکانی پێشەوا بوو. زمان لە روانگەی ئیتنۆگرافیاوە، یەکێک لە نیشانە گرینگەکانی نەتەوەیە، هەم بۆ خۆ ناسینەوە هەم بۆ خۆ جیا کردنەوە لەویتر. لە راستی دا زمان بەشێکی هەرگرینگە لە ناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک. ناسنامەش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە یەکێک لە گرینگترین باسەکان دادەنرێت. ئەو کەسەی کە لە ناسنامەی خۆی دەدوێ، نە تەنێ دەیهەوێ بڵێ کێیە و چ کەسێکە، بەڵکوو لەو ڕێگایەوە لە هەوڵی ئەوە دایە کە بڵێ ئەوەیتر نییەو لەویتر جیایە. بۆ وێنە کاتێ باس لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکرێ، بە مانای ئەوەیە باس لە بوونێکی دیاریکراو دەکرێ و یەکێک لە ماکە پێکهێنەرەکانی ئەو بوونەش خۆ لە زمانی ئەو نەتەوەیەدا دەبینێتەوە. هەر بۆیە لە ئاکامی هەست کردن بەو ڕۆڵە گرینگە بوو کە زمانی کوردی لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا گێڕاویەتی، پێشەوا لەو ماوە کەمەدا ئەوپەڕی بایەخی پێدا.

"بە رەسمیکردنی زمانی کوردی و بڵاو کردنەوەی خوێندن و خوێندەواری بڕیارێکی گرینگی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. قازی محەممەد لە ڕێگای بڕیاری بەرەسمیکردنی زمانی کوردی جگە لەوەی ویستوویەتی کورد وەکو نەتەوە لە زمان‌و کولتوری باڵادەستی نەتەوەی فارس کە هیزی دەوڵەتی لە پشت بوو جیا بکاتەوەو، هەوڵی داوە زمانێکی ستانداردیش لە ڕێی دەسەڵاتو بە ئیلزامی کردنی خوێندنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کورد دروست بکا. بە مانایەکی تر ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵیداوە زمان بکاتە بنەڕەتێکی گرینگی یەکبوونی کولتووری. ئەو یەکبوونەی کە هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیزم لە تێکۆشانی سیاسیانەی خۆی و لە دروستکردنی فانتازیای نەتەوەییدا پێویستی پێیەتی. چونکە گومانی تێدا نییە کە زۆر جار زمان نەک هەر دەتوانێت یان توانیویەتی خەسلەت و تایبەتیمەندیی روحی و کولتوورییەکانی نەتەوەیی بەهێز بکات، بەڵکوو بە پێی هەلومەرجی جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژوویی نەتەوە جیاوازەکانیش دەتوانێت هەست و هۆشی خود ناسین و پێداگرتن لەسەر شوناسی نەتەوەیی و خۆ جیاکردنەوە لە ئەوی تری بێگانە بگەیەنێتە ئاستێکی ئەوتۆ کە چیتر نەتەوەیەک نەتوانێت لەژێر سایە و دەسەڵاتی زمان و کولتوورێکی تری بێگانەدا درێژە بە ژیان و مانەوە لە چوارچێوەو سنووری ئەو زمان و کولتوورە بدات". (١٨)

پێشەوا لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا باس لە کۆمەڵێک لەو هەنگاوانە دەکات و دەڵێ:

"ئێمە وەک گەلێک یەکمان گرتەوە و بەهێزتر بووین و بە یەکجاری بۆ گەیشتن بە مافی خۆمان دەستمان بەخەبات کردوە و ئیستا ئێمە لەم بارەوە دەسکەوتی زۆرمان بەدەست هیناوە ئەگەر لە رابردوودا نووسین و ئاخافتن بە زمانی کوردی ڕیگای پی نەدەدرا، ئیستا ئێمە رۆژنامەی "کوردستان"مان هەیە. لە کوردستان دا نزیکەی سێ هەزار زارۆک بە زمانی خۆیان دەخوێنن، چەند رۆژ لەمەوبەر دەستووری بەزۆرەملێی خوێندنی سەرەتایی بۆ هەموکەس بەبێ پارە، دراوە. قوتابیە هەژارەکان لە باری جلوبەرگ و کتێبەوە، هەروەها خواردنی بەیانیان لە قوتابخانەدا یارمەتی دەدرێن. مەهاباد کۆمەڵە (کەلکتیو)ی لی هەیە، ژنان بەشداری تێدا دەکەن". (١٩)

"لەنێو منداڵانی مەدرەسەدا، ئی وا بوو زۆر فەقیر بوو و بە پیخواسی دەچووە مەدرەسەی و بەرگ و پێڵاوی نەبوو. بۆیە دەستوور درا کە تەواوی منداڵانی مەدرەسە لیباسی یەک فورم و یەک رەنگیان هەبێ. ئەو لیباسانە لە قەوارەی جۆراوجۆردا دروابوون و زەلام و چکۆڵە، درا بە هەموو کەس. دیارە عیلدەیەک لە دەوڵەمەندەکان گوتبویان منداڵی ئێمە ئەوانەیان پیوسیت نییەو نایانهەوێ. پێشەوا قەبوولی نەکردبوو گوتبووی نابێ فەرق و جیاوازی هەبێ و دەبێ هەمو یەک فۆرم و یەک لیباس بن. پێشەوا ئەو کات ١٠٠ تمەنی مانگانە یارمەتی لە دەوڵەتی کوردستان وەردەگرت. ئەویش تەواوی ئەو پوڵەی تەرخان کردبوو بۆ مەدرەسەکان و هەر مانگەی دەدرا بە قوتابخانەیەک". (٢٠)

لەم پێوەندییەدا چەند هەنگاوی هەرە گرینگی تر هاویژرا. مەنافی کەریمی بە وەزیری فەرهەنگ و سەدیق حەیدەری بە وەزیری تەبلیغات دیاری کران و لە پاڵ ئەوەشدا هەیئەتی فەرهەنگیش دامەزرێنرا. "هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان" لە رۆژی چوارشەممۆ ١٢ی ١٠ی ١٣٢٤ چەند بڕیارێکی گرینگی دەرکرد. "ئەو






منداڵانەی بێ کەسن و بە سواڵ مەشغوولن کۆ بکرێنەوە و لەناو میللەت دا دابەش بکرێن و ڕۆژانە لە مکتبی گەلاوێژ بخوێنن. بە ئەکسەریەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەرو کەریمی خەڵکی بێسەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن". (٢١)

بەڵام خوێندن بە زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی قوتابخانەکان دا نەمایەوە بەڵکوو تەنانەت زمانی نەتەوە رووی لە مزگەوت و خوتبەی ڕۆژانەی هەینییش کرد:

"هەوەڵ جارە کە خوطبەی جومعەی بە کوردی دەخوێندرێتەوە. وەکو برایان هەموو دەزانن سالێکی تەواوە کە لەلایەن حیزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درابو کە خوطبەی جومعە بە کوردی بخوێندرێتەوە، ئیمام لە پێش دا خوطبەکەی بە کوردی دەخوێندەوە و پاشان بە عەرەبی. بەڵام دوێنێ ١٢ی ١١ی١٣٢٤ ئیمام پاش بسم... خوطبەکەی بە کوردی خوێندەوە.

بە ئەمری پێشەواو رەئیس جمهوری بەرزی کوردستان لەلایەن حیزبەوە بە جەنابی مەلا حسین مجدی ئیمام جومعە و سید محمد حمیدی ئەمر دراوە کە خوطبەی جومعە لەسەر دەستووری ژێرو تەنظیم بکری: موبارەزە دەگەڵ خوارافات و ئیحترامی قانوون و دین. بیهداری و ئیجادی بیمارستان. تەفسیری ئەمنییەت لە سەرکەوتنی نیشتماندا. تەمەدونی کوردستانی قەدیم، ئیعتیماد بە نەفس و ئەهەمیەتی سەربازی وەظیفە... تەهیەی کودەکستان. چلۆن دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ. روحی سەلەحشووری. وەحدەتی میللی. عەواقیبی تەبهکاری، سوخەن چینی و دوزبانی. وە دەستوور دراوە جەنابی ئیمام جومعەش ئەمانە رەچاو بکرێ و خوطبەیای دێهاتیش لەم دەستوورە پشتیوانی بکەن". (٢٢)

هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە "چەن دەزگا ماشینی چاپەمەنی کە قازی مەحەمەد لە شورەوێکانی وەرگرتبوو، بەوانە هێندێک ڕۆژنامە و کتێب چاپ بوو، یەکێک لەو ڕۆژنامانە ڕۆژنامەی رەسمی کوردستان بوو کە ڕۆژانە بڵاو دەبۆوە". (٢٣)

پێشەوا لەمەڕ گرینگی و بایەخی رۆلی چاپەمەنی و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەڵێ:

"بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ راگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کراو دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچی و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە". (٢٤)

"ڕۆژنامەگەری یەکێک لە خەسلەتە دیارەکانی ئەو ماوە مێژووییە بوو. دوابەدوای گۆڤاری نیشتمان کە زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو، چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تر لە دامەزراندنی (ح.د.ک)ەوە تا رووخاندنی کۆمار دەرچوون. لەوانە: گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گروگاڵی منداڵان، گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان بوون". (٢٥)

"دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە تەنها ئەزموونێکی تازەی ژیانی ڕۆژنامەگەری کوردی نەبوو، بەڵکوو دانانی بنچینەیەکی گرینگیش بوو بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی". (٢٦)

لەو نێوەدا ڕۆژنامەی "کوردستان" هەوڵی دەدا رۆلێکی هەرە چالاک بنوێنی و پتر ببێتە زمانی حاڵی خەڵک و پێوەندییەکی پتەو و نیزیکیان لەگەڵ دامەزرێنێ. هەر بۆیە بە شێوەیەکی زۆر کراوە لە هەمان کاتدا دۆستانە لە خوێنەرانی خۆی دەپرسی:

"ڕۆژنامەی کوردستانت چۆن دەوێت؟

چ باسێکت پێ خۆشە؟

چ ناتەواویکی تیا دەبینیت؟

چۆنی بەباش دەزانی بومانی بنووسە؟" (٢٧)

هاوکات لەگەڵ ئەوەش رووی لە دەزگای حیزبی و حکوومەتییش دەکرد و داوای لیدەکرد:

"بۆ ئەوەی ملەت لە کاروباری هەموان ئاگاداری هەبێ هەموو ڕۆژێ نەتیجەی کاروباری خۆیان: انتصابات، انتقالات، بودجە، مجازات و دەستگیر کردنی خائنان و هەر کاری کە بۆ نوسین لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بگونجی بە وەسیلەی مامورێک کە دەیکەنە باوەڕپێکراوی ئەم کارە بە ادارەی ڕۆژنامەی کوردستان وەلام بدەن کە بۆ ئاگاداری هەموو کەس دە ڕۆژنامە دا بلاو بکرێتەوە". (٢٨)

سەرەڕای ئەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکرات و زمانی حاڵی کۆمار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر جار شەقڵ و مۆری ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی پێوە دەبینی و هەوڵی داوە پردێک بێ لە نێوان خەڵک و حکومەت. بەرزکردنەوەی سکالای هاووڵاتیان بۆ بەرپرسانی حکومەتی لە بڵاوکراوەکەدا یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوو. بۆ وێنە لە دوو ژمارەی کوردستاندا هاتووە:

"ئاغای قاسمی مسگەری نامەیەکی شکایەتاوی دریژی بە ادارەی ڕۆژنامەی کوردستان داوەو دەڵی: ستەم و زۆر لێ کراوە و مقاماتی حزبی هێشتا بەدەردم رانەگەیشتوون". (٢٩)

"نووسراوەیەک بە ادارەی ڕۆژنامە گەیوە کە گۆیا نەخۆشی (تیفوس) لە شاری دا پێدا بووە، تکا دەکەین هێئتی بەرزی حزبی دێمۆکرات بۆ رزگاری خەڵکی و لەبین بردنی ئەو نەخۆشیە قەدەم هەڵێنن". (٣٠)

بەڵام لاپەڕەکانی "کوردستان" هەر تەنیا بۆ خزمەت بە ئەدەب و زمانی کوردی و هوشیاریی نەتەوەیی و بۆ دەربڕینی سیاسەتی کوردی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان نەکرا، بەڵکوو گەلێک بریار و قەراری گرینگی بەرپرسانی کۆمار کە دەبوایە بەخێرایی بچنە ناو خەڵک، خۆیانی تێدا دەبینییەوە. مەسەلەی دیاری کردنی نرخی فرۆشی پێداویستییەکانی ژیان یەکێک لەو بوارانە بوو.

"لەسەر قەراری کمیسیۆنی انجمنی شارەداری کە لە بەرواری ١٣٢٥ / ١ / ٧ بە حضور قصابانی شاری لە ئیدارەی شارەداری تشکیل دراوە، لە تاریخ ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ تا ئەوەلی مانگی خەرمانانی ١٣٢٥ نرخی گۆشت، مەڕ و بزن سیەی لە قەراری سێ تمەن (کیلۆی پازدە قران) تعیین کراوە...". (٣١)

بواری لەشساغی یەکێکیتری ئەو بڕیارانە بوو:

"بەهۆی ئەو ئاگاداریە بە تەواوی تەبەقەی "سلمانی"، کبابچی"- قصاب ئاشپزخانچی، قاوەچی" شاری مەهاباد و تەواوی ئەو کەسانەی کە لە اماکنی عمومی دخالتیان هەیە رادەگەیەندریت کە لەو تاریخەوە تا پیج ڕۆژی دی بە ئیدارەی بهداری مراجعەو پاش معاینەی لزوم تصدیقی سلامتی مزاج لە بهداری وەرگرن و ئیدارەی شارەداری پێشکەشی کەن...". (٣٢)

هەر لە درێژەی بەهێند گرتنی باری لەش ساغیی دانیشتوانی کۆمار لە یەکێک لە ژمارەکانی "کوردستان"دا دەخوێنینەوە:

"لە بەرواری ئەو ئاگادارییەوە بە تەواوی قصابان رادەگەیندرێت کە پیویستە هەر حیوانێکی دەگوژرێتەوە بدستوری دامپزشکی و لە معاینە دەرچێت و هر کەسیک حیوانات لە هەر قبیل بە عنوانی تەجارەت لە مهاباد بۆ خاریج صادر بکا پیویستە ئەویش تحت نظری دامپزشکی کوردستان ئەنجام بدریت". (٣٣)

شان بە شانی گشت ئەو هەنگاوە گەورانە، ئەویش لەو ماوە کەمەدا و بەوپەڕی بێئیمکاناتی، بە مەبەستی سەروەر کردنی حکوومەتی یاسا بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هاووڵاتیان و بۆ دادخوایی و هێمنی لە کۆمەڵدا، ئیدارەی "عدلیە"ش دامەزرێنرا و خەڵک دڵنیا کرایەوە بەوپەڕی عەدالەت لە کێشەکانیان دەکۆڵرێتەوە. لەم پێوەندییەش دا هاتووە:

"تیبقی نظری حەزرەتی پێشەوای معظمیی کوردستان ئیدارەی عدلیە دانراوە و تشکیلاتی خطابی بە تصویبی جەنابی ژنرال سیف قازی فرمانداری محترم مهاباد گەیشتووە بە عمومی اهالی محترم شاری و اطراف عەرزی ئاگاداری دەکرێ هەر کەس دە اموری قضایی و دادخوازی حقوقی و جزایی مەرجەعاتێکی هەبێ دەکەماڵی عەداڵەت و سرعت و دقت لە حدودی اصولی مەربوتەدا رسیدگی و احقاقی حەق دەکرێ.
دادستانی دادسرای مهاباد لاهوتی" (٣٤)

هەر لەم ماوە کەمەدا بیر لە دامەزراندنی کتێبخانەی میللییش کرایەوەو بڕیار درا:

"لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی زۆر بە بوونی کتێبخانەی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستوری فەرمو کە بە زویەکی زو دەست بە کۆ کردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادەو فەرهەنگ بکری و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابندرێن و کتێبخانەی میللی و عوموومی ساز کری". (٣٥)

"کتێبخانەی فەرهەنگ کە تازە دامەزرابوو توانی لە ماوەیەکی کەمدا ٦٠٠ جلد کتێبی کوردی، فارسی، عربی، تورکی، فرانسە، ئینگلیسی کۆ بکاتەوە". ٣٦

لە ماوەی ١١ مانگ لە تەمەنی قەوارە نەتەوەییەکەی کورددا ڕەوتی نوێ کردنەوەی کۆمەڵی کوردەواری بواری سینەماشی گرتەوە. لە دوای هێنان و دامەزراندنی رادیۆ ئەوجار نۆرە گەیشتە دامەزراندنی دەزگایەکی سینەمایی بە مەبەستی گەشەپێدانی بیر و هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی مرۆڤی کورد لەو سەردەمەدا.

کوردستانی ژمارە ٧٢ رێکەوتی١٣٢٤ / ٤ / ٥ ئەم هەواڵە بە خوێنەرانی دەگەیەنێو دەنووسێ:

"صحنەی سینەمای کوردستان چەندی لەوەی پێش لەلایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە ساز کردنی کرابوو، دوایی هات و فیلمی نوێی زۆر ئەعلای ئەخلاقی کە ئەندازەی لەخۆ بوردون و نیشتمان پەرەستی قارەمانانی جەماهیری شورەوی نیشان دەدا و دەنوێنێ کە ئەم میللەتە ئازایە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیان چ فیداکارییەکیان بە خەرج داوە وارید کراوە و دەستی بەکار کردوە. پێویستە برایانی نیشتەجێی مەهاباد و دەوروبەر ئیستیفادەی لێ بکەن و بەتایبەتی لە لایەن وەزارەتی تەبلیغاتەوە راگەیەندراوە کە لە کاتی چوون بۆ سینەما و لە وەختی وارید بوون و دانیشتن دا موراعاتی ئینضیباط بفەرموون". (٣٧)

"بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردیش پێک هات. نەخشی تەئاتر (شانۆ) زۆر گرینگ بوو چونکە خەڵکی نەخوێندەوار لە تەئاتر حاڵی دەبوون، لە حالیکدا نەیان دەتوانی چاپەمەنییەکان بخوێننەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە ٩٠ لە سەدی خەڵک لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، ئەو جار گرینگی تەئاتری کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ. یەکێک لە پیەسەکانی تەئاتری کوردی "دایکی نیشتمان" بوو. دایکی نیشتمان کوردستان بوو کە لەلایەن چەندین دەوڵەتی زۆردارەوە زوڵمی لێ دەکرا، لە پاشان رۆلەکانی کورد بە خەباتی خۆیان دایکی نیشتمانیان لە چەنگ ئەو زۆردارانە رزگار دەکرد". (٣٨)

"بۆ راکێشانی زیاتری سەرنجی ژنان پێشەوا ژن و کچی خۆی هان دەدا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشداری بکەن و ببن بە نمونە بۆ ژنانی دیکە: لە رۆژی٢٤ی رەشەمەی١٣٢٤ یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا رۆژ بە رۆژ تیکۆشانی پتر پەرەی دەستاند". (٣٩)

لەوەش گریگنتر، ژنان لە سەردەمی ١١ مانگەی جمهوری دا رێگایان پێ دەدرا لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا نە تەنیا بەشدار بن، بەڵکوو شان بە شانی پیاوان وتار بدەن و لە تێکۆشانی سیاسیدا دەنگیان هەبێ. شان بە شانی هەموو ئەوانە:

"هاووڵاتی کۆماری کوردی دەیتوانی بەوپەڕی ئازادی بێ و بچێ و سەفەر بکات. ئاسایش بە رادەیەک بوو کە پۆلیسی کوردی بە درێژایی یەک دانە ساڵ تەنیا پینج کەسیان گرت. هیچ سانسۆرێک لەسەر رۆژنامە نەبوو. یەکەمین کتێبی دەرسی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی هاتە نووسین و بۆ چاپ ئامادە کرا، گوێگرتن لە رادیۆی بێگانە ئاسایی بوو لە پاڵ گوێگرتن لە رادیۆی کوردی کە رۆژانە شەش سەعاتیان کار دەکرد و بەرنامەی بڵاو دەکردەوە". (٤٠)

"قازی بە هیچ جۆرێک باوەڕی بەوە نەبوو کە پێویستە لەم مەڵبەندە دا ئیدارەیەک هەبێت کە خەڵک لێی بترسێن،... هەر بۆیە بە خەڵکەکەی دەگوت کە بزووتنەوەی ئێوە دەبێ تێبینی سیاسیتان نیشان بدات. قازی بەرداشتنی زۆر جوانی لە مەسەلەکان هەبوو، دەیزانی کە ئەو کۆمارە هەڵقوڵیوی ئارەزووی خەڵکە و لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ لە پشتیوانی زۆرایەتی گەل و هۆزەکان بەهرەمەند بێت، ئەو کات ئەو هێزانە (هێزی گەل) لە هەموو چەشنە تەشکیلاتێکی نیزامی یان پۆلیسی نەهێنی باشتر دەتوانن کە پاریزەری ولاتو مافی رەوای خۆیان بن". (٤١)

به مەبەستی پاراستنی کەش و هەوای ئارام لە شار چەک هەڵگرتنیش قەدەغە بوو. لەم بوارەشدا بریار درا:

"بە تەواوی ئەهالی رادەگەیەندریت کە هەڵ گرتنی ئەسلحە لە نێو شاری دا غەیری ئەشخاسی مەجاز بە کلی قەدەغەیە. هەر کەسێک لە نێو شاری دا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیب و موجازات دەکری". (٤٢)

جگە لە هەموو ئەو دەسکەوتانە:

"خەڵکی شارەکە ئازاد بوون کە گوێ بدەنە هەواڵی تەواوی رادیۆ خاریجیکانی دونیا و کەڵکی لێ وەرگرن، کە ئەو مەسەلەیە ئەسلەن لە نێو تورکەکانی ئازەربایجانی وجودی نەبوو. پۆلیسی نەهینی کە بەشێکی جوێ نەببووەوە لە حکومەتی تەورێز بوو، لە مەهابادی نەبوو". (٤٣)

کۆمار وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی ئاڵوگۆرێکی گەورەشی لە مێشکی ئینسانی کورد چێ کرد. لایەنێکی هەرە گرینگی ئەم ئاڵوگۆرە بواری فیکریی دەگرتەوە. خۆناسین و راوەستان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی سەروەریی سیاسی بەسەر نیشتمانەکەی دا و رەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی دەسەڵاتی تاران، وەک سیستمێکی فیکری جێی خۆی کردبووەوە. زۆر گرینگە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە سیاسەتی کوردیدا باس لە موستەعمەرە بوونی کوردستان بە دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق‌و تورکیە هاتبێتە گۆڕێ.

"ئادەمیزاد بۆیە دروست کراوە بە سەربەستی بژی: هیچ نەتەوەیەک نابێ لە دەستی نەتەوەیەکی دی دا دیل بێ و ئازادی بەشێکی خودائیە و دەبێ هەموو تیرە و رەگەزێک بەهرەی لێوەرگرێ، هەموو کەس حەقی هەیە لە چوار دیواری خانووی خۆی دا بە سەربەستی رایبوێرێ. کەچی داخەکەم لە دونیای ئەورۆدا کە لە کنە خۆی دنیای ئازادی و دیموکراتیە و چاخی ئاتۆم و کارەبایە هێشتا زۆر لە نەتەوەکانی سەر زەوی بە ژێردەستی و دیلی رادەبوێرن و هەتا ملان بە زەلی چارەرەشیوە بوون و پەنجەی زولم و زۆرداری ئەوکیان رێک دەکوشێ. ئەگەر کەمێک بیر بکەینەوەو تۆزێک وردبینەوە هێندێک لە چلۆنایەتی هەوڵسوڕانی کاروباری دونیا بفکرن بۆتان روون دەبێ بەرهەستی هەرە گەورەی ئازادی و دوژمنی بێ رەزا و زۆرداری... هەر سیاسەتی شومی استعمارە. ئیستیعمارە ٩ ملیۆن کوردی پاک و خاوێنی لەمێژینە کردوەتە نۆکەرو چاو لەدەستی دوژمنانی کوردستانی رەنگینی پر پیتو بەرەکەتی کردووەتە مستعمرەی تورک و عرب و ایران بۆ قازانجی خۆی". (٤٤)

لە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ دۆزی نەتەوەیی لە هەر وڵاتێک دا بێ، مانایەکی گەورەی لە ئاستی داواکارییە سیاسییەکانیدا لیدەکەوێتەوە. ئینتما بۆ کورد بوون و خۆ پێناسە نەکردن بە بەشێک لە وڵاتی نەتەوەی سەردەست، ستراتیژییەکی روونی سیاسی لە داوێنی خۆی بەرهەم دێنێ کە نەتەوەی کورد وەک پێکهاتەیەکی جیاواز لە دۆزی خۆی بڕوانێ. هەر لەم پێوەندییەدا:

"ئ.ک.س.لەمبتۆن" راسپێراوی چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لەم سەروبەندەدا بەو ناوەدا تێپەڕیوە لە راپۆرتێکدا دەنووسێ: "لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان بازرگانێک بوو لە میاندواو دا کە ئەستەم دەبینرا سوودێکی راستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچەنگ بکەوێ، [بەڵام] دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆ هەرچەند هەژاریش بێ، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت". (٤٥)

بەلام کۆمار بە تەنیا بریتی نەبوو لە پێکەوە نانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ ئەو بەشە لە رۆلەکانی نەتەوەی کورد کە بە ئێرانەوە لکێنرابوو، بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و هومێد و پشتیوان بوو. راستە پانتایی سنووری دەسەڵاتدارەتییەکەی هێشتا نەیتوانی بوو تەنانەت باڵ بەسەر هەموو ناوچە و مەڵبەندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دا بکێشێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە چاوی هیوایان تێبرِیبوو. هەموو کوردێک هیوای سەرکەوتن و راوەستاوی بۆ دەخواست و خەو و حەزی وەدینەهاتووی لە مێژینەی خۆی لە بیچم و ناوەرۆکی ئەودا دەدیتەوە.

"وێنەی قازی محەممەد لە چوارچێوەی رەنگاورەنگ لە هەموو شوێنێک دا و بە تەنیشت نەخشەی کوردستانی گەورە هەڵواسرابوو کە کۆماری کوردی وەکو خاڵێکی بچووک تێیدا نیشانە کرابوو. خەڵکی کۆمار لە حاڵەتی خەونێکی نەتەوەیی رەنگیندا دەژیان. سرودی نەتەوەیی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان دەگوترا". (٤٦)






دوکتور قاسملوو لەو پێوەندییەدا دەنووسێ:

"کۆماری کوردستان بوو بە جێی هیوا و هومێدی ئازادیخوازانی هەموو بەشەکانی کوردستان. نوێنەرانی رێکخراوەکانی کورد و هەروەها شەخسیەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە و سوریە و عێراقەوە پەیتا پەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد بوو بە جێی هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بە دڵەوە ئاواتی ئەوە بوو ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ، چونکە دەیانزانی کە رووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دوارۆژدا رون دەکاتەوە. لە وەڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیە کە پاش پێک هاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەکی نووسیبوو: "رووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە"". (۴۷)
رۆژهەڵاتی کوردستان باوەشی ئاوەڵا دەبێ بۆ هەموو تێکۆشەرانی کورد لە هەمو پارچەکانی تری کوردستان. هاتنی بارزانیی نەمر و هاوڕێیانی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و دانی پلەی ژنرالی و بەشدارکردنی ئەوان لە دەسەڵاتدارەتیی کۆمار لەلایەن پێشەواوە، وێنەیەکی بچوکە لەو راستییە. دروست بوونی ئەو جۆرە پێوەندییەش هەروا دیاردەیەکی بەهەڵکەوت و بەرێکەوت نەبووە، بەڵکوو لە روانگەیەکی ناسیۆنالیستیانەی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە.
خەون و هیوای پێشەوا، تازە بە وێنەی گوڵەباخێکی تازەپشکووتوو، سەری هەڵدابوو، هێشتا بۆ خاشەبڕ کردنی دواکەوتوویی و ئاوەدان کردنەوەی وڵات کات پێویست بوو. بۆ ئەوەی وڵاتێکی دابەشکراو و نیشتمانێکی داگیرکراو، رەوتی گەشەو بەرەوپیشچوونی خۆی پێوابا، هێشتا کات و دەرفەت پێویست بوو. ۱۱ مانگ ماوەیەکی گەلێک کەم بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش چونکە کورد تینووی گوڵی سەربەستی بوو، هەنگاوی گەورە نرا. مرۆڤی کورد چەرخی چارەنووسی خۆی گرتە دەست و ۱۱ مانگ بە کردەوە ژیانی بەدەوڵەتبوونی تاقیکردەوە.

هیزێکی گەورەی روحی و مەعنەویی هاتە بەر. پێشەوا لەگەڵ نەتەوەکەی شەرتی بەستبوو و دەیگوت:

"بۆخۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەو و رۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم. تا یەک رۆژم لە دنیا مابێ دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە هەمو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە". (۴۸)

سەرچاوەکانی فەسڵی یازدەهەم :


۱- کەسایەتیی فەرهەنگی قازی محەممەد، سەردێری وتارێکە بە پێنوسی کاک ئەحمەدی قازی. بڕوانە بڵاوکراوەی رۆژهەڵات ژمارە ۲۱ و ۱۹گەلاوێژی ۱۳۸۴ی هەتاوی.
2- وڵاتی من. بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی. چاپی سوئید. ساڵی ۲۰۰۵ی زایینی لاپەری ۷۱.
۳- تێبینی ئەو ئامارە لە وتاری بەڕێز خاتوو" شهرزاد مجاب "بە ناوی: زنو ناسیوناليسم در جمهوری ۱۹۴۶ وەرگیراوە.
۴- "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ۱۶ سالی یەکەم. دووشەممە ۲۸ی رێبەندانی ۱۳۲۴.
۵- رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ۲۳ ساڵی یەکەم. رەشەمەی ۱۳۲۴.
۶- نوتقی پێشەوا. رۆژنامە "کوردستان" ژمارە ۷۲، ۸ی گەلاوێژی ۱۳۲۵.
۷- "کوردستان" ژمارە ۵ بڵاو کەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ساڵی یەکەم. شەممو ۲۹ی بەفرانباری ۱۳۲۴ لاپەری ۴.
۸- کۆماری یازدە مانگە لە نووسینی د. دێشنەر. وەرگێڕانی بەڕێز حەمە کەریم عارف.
۹- چل ساڵ خەبات، لە نووسینی دوکتور قاسملوو لاپەڕی ۳۵.
۱۰- رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ۱۲ رۆژی ۲۰ رێبەندان.
۱۱- "کوردستان" ژمارە ۵۴. جۆزەردانی ۱۹۴۶.

١٢- "کوردستان" ژمارە ٥٤ جۆزەردانی ١٩٤٦ .

١٣- "کوردستان" ژمارە ١٤ . ساڵی یەکەم. ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ . لاپەڕی ٤ .

١٤- "کوردستان " ژمارە ٦٨. ساڵی یەکەم، پێنج شەممە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٢٥ . لاپەڕی ٤ .

١٥- چل ساڵ خەبات، لە نووسینی دوکتور قاسملوو لاپەری ٣٦ .

١٦- "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان. ژمارە ١ . ساڵی یەکەم ٥ شەممۆ .٢٠. ١٣٢٤.١٠ . لاپەری ٤ .

١٧- "کوردستان" ژمارە ٣٢ ساڵی یەکەم. شەممۆ ١٧ی رەشەمەی ١٣٢٥ . لاپەری ٣ .

١٨- ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی لە نووسینی ڕێزدار جەعفەر عەلی. سلێمانی ٢٠٠٤ لاپەرەکانی ٢٩٤ و ٢٩٥ . بە هاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری لە چاپدراوە.

١٩- وتوویژی هەوڵانێری ئاژانسی دەنگوباسی تاس لەگەڵ پێشەوا. بروانە کتێبی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتدا. بەرێز ئەفراسیاو هەورامی لاپەری ٤١ .

٢٠- ولاتی من ، بیرەوەرییەکانی حاجی عەبدوڵڵای قازی لە ئامادە کردنی کاک قاسمی قازی لاپەری ٧٠ .

٢١- "کوردستان" ژمارە ١٠ . ٢٠ ،٢٤.١٠ .

٢٢- "کوردستان" ژمارە١ . ١٣٢٤.١.١٥ .

٢٣- مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا نووسراوی کریس کۆچیرا. وەرگێرانی محمد ریانی لاپەری ٢٨٢ .

٢٤- وتاری پێشەوا لە رۆژی دووی ڕێبەندان کە لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارەکانی ١٠و١١ دا بڵاو کراوەتەوە.

٢٥- ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی، سلێمانی ٢٠٠٤ لاپەری ٢٨٦ .

٢٦- ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی. جەعفەر عەلی، سلێمانی ٢٠٠٤ .

٢٧- "کوردستان" ژمارە ٨ ساڵی یەکەم. دووشەممۆ ٨ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ، لاپەری ٤ .

٢٨- "کوردستان" ژمارە ٢٥ ساڵی یەکەم یەک شەممۆ ٢٦ی رەشەممەی ١٣٢٤ .

٢٩- "کوردستان" ژمارە ٥. ساڵی یەکەم. شەممۆ ٢٩ی بەفرانباری ١٣٢٤ . لاپەری ٣ .

٣٠- "کوردستان" ژمارە ٦ ساڵی یەکەم. دووشەممو ١ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ . لاپەری ٤ .

٣١- "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حزبی دێمۆکراتی کوردستان ژمارە ٣٣ ساڵی یەکەم. دوو شەممۆ ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ لاپەری ٣ .

٣٢- "کوردستان" ژمارە ٧٦ . ساڵی یەکەم ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٢٥ لاپەری ٤ ، سەرۆکی شارەداری مهاباد خسروی.

٣٣- "کوردستان" ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان. ژمارە ٧٥ . ساڵی یەکەم. ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥ . لاپەری ٤ . سەرۆکی کشاورزی کوردستان وەلی زادە.

٣٤- کوردستان ساڵی یەکەم. ٢١ خەرمانانی ١٣٢٥ ژمارە ٨٥. لاپەری ٤ .

٣٥- "کوردستان" ژمارە ٢ . ١٣٢٤.١٢.٢١ .

٣٦- "کوردستان" ژمارە ٧٠ . ١ی گەلاوێژی ١٣٢٥ . ساڵی یەکەم لاپەری ٤ .

٣٧- کوردستان ژمارە ٧٢ . ١٣٢٥.٤.٥ .

٣٨- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا عبدالرحمن قاسملو ١٣٦٤ی هەتاوی لاپەری ٤٤ .

٣٩- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، دوکتور قاسملو. بەرگی یەکەم ١٣٦٤ لاپەری ٤٥ .

٤٠- کۆماری یازدە مانگە. لە نووسینی د. گرینتر دیشنەر و وەرگێرانی حمە کەریم عارف.

٤١- کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە نووسینی ویلیام ایگلتون جونیر و لە وەرگێرانی سەید محمد سەمەدی.

٤٢- "کوردستان" ژمارە ٢. شەممۆ ٢٢، ١٠، ١٣٢٤. لاپەری ٣.
٤٣- کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە نووسینی ویلیام ایگلتون جونیر. لە وەرگێرانی سید محمد صمدی.
٤٤- "کوردستان" ژمارە ١٦ ساڵی یەکەم، دووشەممۆ ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ وتاری : سیاسەتی شوم، بە پێنووسی مامۆستا هێمنی شاعیر.
٤٥- پینج بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەسەر کورد.وەرگێڕ کاک ئەنوەر سوڵتانی گۆڤاری گزینگ ژمارە ١٥. زستانی ١٩٩٦، لاپەڕی ٢٥.
٤٦- کۆماری یازدە مانگە. د. دێشنەر. و،حمەکەریم عارف.
٤٧- دوکتور قاسملووی ئەمر چل سال خەبات لاپەری ٤٨.
٤٨- نوتقی پێشەوا. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٢ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.

سەرچاوە :ویبلاگی ئەیوب ئەیوب زادە / ڕێکەوتی : ١٥ی ژانویەی ٢٠١٣

## کۆماری کوردستان، دیاردەیەکی دیموکراتیک



ئازاد چلچەمە

گەلانی مزۆپۆتامیا لە بواری بەرخۆدان و راوەستانی مێژووییدا، هەمیشە مۆری خۆیان لە مێژوو داوە. ئەوە لە یەکێتی ناوبەینی مادەکان و ئۆرارتۆکانەوە هاتووە کە لە سەردەمی ئیمپراتوورییەتی ئاشووردا بە درێژایی سێسەد ساڵ بەردەوام ئامانجی هێرش بوون و توانییان خۆیان بپارێزن. هەڵبەت خۆڕاگری لەو بەشە لە جیهاندا فەرهەنگێکی هەمیشەییە و لە بەر ئەوەش توانیویانە کە پێکهاتەی خۆیان بپارێزن و لە نەمان، بە دووری بگرن. پێداگری لە سەر فەرهەنگ و ژیان کردن بەو فەرهەنگە، هەمان راوەستانە. ئەوەی کە وەک دیاردەیەکی مێژوویی دەکرێ ئاوڕی لێبدەینەوە، ئەوەیە کە پاش کۆتایی هاتنی پێواژۆی زێرینی مادەکان و ئۆرارتۆکان، جارێکی دیکە لەو جوغرافیایەدا شایەتی وەدیهاتنی دووبارەی ستاتۆ نەبووین. بێگومان ئەوەش لە بواری جیاجیادا کاریگەری لە سەر کۆمەڵگای کوردی داناوە و بۆتە هۆی دروست بوونی کەسایەتێکی تایبەت بۆ مرۆڤی کورد و رەفتاری سیاسی و کرداری تایبەتی بەخشیوە بە گەلی کورد و هەر چەند کورد لە جوغرافیایەکی بەربڵاودایە، بەڵام بە هەمووی پێکهاتەی خۆیەوە جلی ئەو تایبەتمەندییانەی لەبەر کردووە.

کورد تا ئێستا نە دەوڵەتی پێکهێناوە و نە سەری بۆ هیچ دەوڵەتێک دانەواندووە. کاتێک کە باس لە هەبوونی دەوڵەت دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە کە باس لە میرنشین و پاشا بچووکەکان ناکەین کە ریشەیان لە قووڵایی هەمان راوەستانی مێژووییدا هەیە و هەر لە بەر پاراستنی نرخەکانیان بووە کە ستاتۆیەکی دەمکورتیان ئاوا کردووە. زیاتری ئەو دەسەڵاتانەش، ریشەی عەشیرەییان هەیە. عەشیرەتیش شێواز یان فۆرمێکی خۆڕاگری کۆمەڵگای دیموکراتیکە کە پێداگرە لە سەر بنەماکانی ئازادی و پێوانەکانی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵگا بوون. لە کۆنفدراسیۆنی مادەکانەوە بگرە هەتا ئەمرۆ، لە شێوازی رێکخستن و رێکخراوەییدا، بە بەردوامی کۆمەڵگای کوردی دووچاری ئاڵۆزی و ناتەبایی بووە و وەک گرێیەکی نەگریسی لێهاتووە کە ناکرێتەوە. لەوانەیە کە گەلێک جار شەرتومەرج، هەلێکی پێک هێنابێ کە رێکخەربێ و سازدەربێ، بەڵام بە هۆی نەبوونی ژێرخانی تایبەت سوودی لێوەرنەگیراوە.

یەکێک لەو هەلومەرجانە کە دەکرێ باسی لیوە بکەین، کۆماری کوردستانە. لە دووی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا، مێژووی گەلی کورد قۆناخێکی تازەی بە خۆیەوە بینی و شایەتی رووداوێکی تازە بوو. لەو کاتەدا بۆ جارێکی دیکە ئیمکانی ئەوە خوڵقابوو کە ستاتۆیەکی بەرفراوان وەدیبێ. بەڵام بە هۆی گەلێک مژاری وردودرشتی ناوخۆ و دەرەکی، رووبەڕووی بنبەست بۆوە و مێراتەیەکی لە ئەزموون و تەجرەبە بۆ جێهێشتین. لەوانەیە کە لە سەر کۆماری کوردستان و






چۆنێتی و چەندایەتی زۆر نووسرابێ، بەڵام بەرز ڕاگرتن و پیرۆز ڕاگرتنی نرخەکانمان بە قووڵبوونەوەی زیاتر و تێڕوانینی تازە وەدی دێ. هەروەها لەوەش ئاگادارین کە ئازادی و بەرخۆدان و ڕاوەستان و گەیشتن بە ترۆپکی ڕزگاری، پرۆسەیەکی درێژخایەنە و خاوەنداری لە مێژووی ئازادی و ڕاپەڕین و ڕاوەستان، بەشێکی خەباتە و دەبێ بەڕێوە بچێ.

قۆناخێک کە کۆماری کوردستان لەودا لە دایک بوو و تەمەنی کەمی خۆی بەسەر برد، کاتی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. ئەو کاتە قەیرانێکی(کائووس) گران و بەربڵاو، جیهانی لە خۆگرتبوو. لە کاتی قەیران و ئاریشەی وەهادا، کام لایەن بتوانێ کە بە زووترین کات شکڵێکی باش بگرێ و خۆی ڕێک بخا، دەتوانێ لە قەیران دەرکەوێ. لە کاتی قەیراندا بە هۆی کەش‌وهەوای تایبەت، ئیمکانی وەدی هاتنی هەرچەشنە ڕووداوێک هەیە. ئەوەی کە لە کاتی ئاریشەکاندا قسەی یەکەم و کۆتایی دەکا، ڕێکخستنە؛ هەڵبەت ئاگاداری لە هاوسەنگێکان و دروستکردنی پێوەندی بەجێ و ئاوێتەبوون یان خۆبەدوورگرتن لە کاتی خۆیدا، مەرجی سەرەکی دەرکەوتنی سەلامەت، لە ناو ئاریشە و قەیرانن. هەروەها دەبێ لە بواری ناسینی کات و وەختدا شارەزاییمان هەبێ. مەبەستم ئەوەیە کە بزانین کە کام قەیران لە پێش ئەوی دیکەدا تەواو دەبێ و کاتی درێژی و کورتی و پانتایی ئاڵۆزییەکان بزانین و بە گوێرەی ئەوانە تاکتیک و ستراتژی خۆمان دانێین و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش بچین.

کاتێک کە باس لە وەدی هاتنی هەر جۆرە پێشهاتێک دەکرێ، لە بەرامبەردا دەبێ کە خۆشمان بۆ هەر جۆرە ڕووبەڕوو مانەوەیەک، ئامادە بکەین و تەگبیری پێویست وەرگرین. ئەگەرنا لەناو دەچین و بێ پیلانی دەمانباتە بەر هەر درگایەک و موحتاجی هەر کەسێکمان دەکا. کەڵک وەرگرتن لەو چەند فاکتەرە ئەساسییە، دەبێتە هۆی بە خەسار نەچوونی هێز. چون لە کاتی قەیراندا چونێتی بەکارهێنانی هێزیش لە ئەگەرەکانی دوایی کەم دەکاتەوە. بەرژەوەندییەکان لە کاتی قەیراندا زۆر زوو دەگۆڕێن و متمانە کردن دادەبەزێتە ڕادەیەکی ژێر و نابێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە نرخت بۆ دیاری بکەن.

بەو تێبینیانەوە کاتێک کە چاو لە کۆماری کوردستان دەکەین، بە باشی ئەوەی کە لە سەرتاوە باسمان کرد دەردەکەوێتە پێش چاومان. بۆ وێنە باسمان کرد لە فەرهەنگی عەشیرەتی و مانەوەی ئەو لە کوردستاندا بە درێژایی هەزاران ساڵ و پتەو بوونی لە ناو کێلگەی زەینی مرۆڤی کورددا. هەر فەرهەنگێک کە لە شوێنێک سەقامگیر بوو، زەحمەت ڕێگە بە فەرهەنگێکی دیکە دەدا کە مەودای ژیان ببینێتەوە و سەرهەڵدا. لە بەر ئەوەش بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا، ناسینی تان و پۆی ئەو کۆمەڵگایە یەکجار گرینگە، یانی ناسینی زەمینێکی کە دەخوازین کاری تێدا بکەین. لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا بەر لە هەر شتێک ئەوەی کە زەربەی گەورەی لێدا و نەیهێشت کە بەرەو پێش بچێ، گرینگی نەدانە بە ڕێکخستنی ناوخۆیی و ساکار چاو لە مەسەلە کردنە. یانی دەبێ کە هەر دوو بواری پێکهاتەی عەشیرە لە بەر چاو گیرابایە. بەهێز بوونی نەریتێکی ژیانی دەتوانێ(ئەگەر کە لەبەر چاو نەگیرێ) هەمووی پیلانەکان تێک بدا. نەتەوەپارێزی سەرتایی و لە بەرامبەریشدا عەشیرەگەری ڕۆچوو بە ناخی کۆمەڵگای کوردی لە کاتێکدا دەکەونە ڕووبەڕووی یەک، کە بەر لەوە هەموو هێزە دەرکییەکانی وەک ئینگلیس و ڕووسییە خاوەن پیلانی تایبەت بوون لەو بەشەدا و خۆیان ڕێکخستبوو. لە پێوەندی ناو بەینی عەشیرەکانی مەنگور و مامش و پیران(فیدراسیۆنی بلباس) لە تەک کۆماری کوردستان، ئەوە دەردەکەوێ. ڕاستە کە بەرخۆدانی عەشیرەتەکان لە هەمبەر دەسەڵات و ئیستبداد قەت ئینکار ناکرێ، بەڵام هەمان زەمین، بە ئاسانی دەکەوێتە خزمەتی داگیرکەرانەوە.

لە لایەکەوە، ئەو هەموو ڕاوەستانە لە بەرامبەری حوکمەتی تاران هەیە بۆ پاراستنی ژیانی عشیرەیی، و لە لایەکی دیکەوە، بەربەرەکانێ لە تەک کۆماری کوردستان هەیە. لەبەر ئەوەیە کە دەبێژم هەر دوو بواری فەرهەنگی عەشیرە دەبایە کە لە بەر چاو گیرابا. بە ڕوونی دەبینین کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان، هەوڵدان یەکجار کەمە بۆ ڕێکخستنی هێزی عشیرەتەکان بە تایبەت کە فەرهەنگی تەریقەتیش لە ناو عشیرەتەکاندا هەبێ. هەروەها دەبینین کە وڵاتانی داگیرکەر یانێ ڕووس و ئینگلیس، بە ئاسانی لە بەشی باشوور و باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خۆیان لە تەک نەریتی عەشیرەیی بە باشی ڕێک خستووە و هەرکات کە بخوازن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن. لە لایەک هەتا سنووری سەقز لە دەستی ئینگلیس دایە و لە شنۆ بەرەو ژووریش لە دەستی ڕووسەکاندایە. تەنێ مابەینی ئەوانە دەکەوێتە بن دەسەڵاتی حوکمەتی کوردستانەوە کە بەداخەوە لەوێشدا ئاڵۆزی ناوبەینی عەشیرەتان هەیە. هەڵبەت دەستی دەرەکی تێدا دەبینین و ئاگادارین لەو ئاڵۆزییانەی کە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە دروست کراوە. تەنانەت لە پێشی گرتن لە پەیوەست بوونی شارەکانی وەک، بانە و سەقز و مەریوان بە کۆماری کوردستانەوە، ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە. ڕووسەکانیش لە بەکار هێنانی کۆماری کوردستان بۆ

بەرژەوەندییەکانی خۆیان هیچ دەریغیان نەکردووە. بە تایبەت بۆ وەرگرتنی و مسۆگەر کردنی گرێبەستی نەوتی ناوبەینی خۆیان و ئێران کە بە پشتگیری قەواموسەڵتەنە پێشیان دەخست لە هەر چەشنە بێ پێوانی سوودیان وەرگرت.

لەوانەیە کە کۆماری کوردستان لەوەی کە هەبوو، زیاتریش ڕاوەستانی کردبایە بەڵام ئەو کۆمەڵە کێشەیەی کە باسمان لێوە کرد لە ئاکامدا هەر بەرەو نەمانی دەبرد. هەمیشە ڕووخان و داڕمان ناکرێ وەک دیاردەیەکی ناوخۆیی چاوی لێبکرێ، چونکوو هۆکارەکان دوو بەشن: یەکەم، هێزی ناوخۆیی کە باسمان لێوە کرد یانی هێزی عەشیرەیی و ڕێکخستن نەکراو( هۆکاری ناوخۆیی) و دووهەم، هێزە دەرەکییەکان کە خوازیاری ستاتۆ نەبوون بۆ گەلی کورد (هۆکاری دەرەکی)، هەڵبەت هەر وەک لە ڕۆژی ئەمڕۆدا نین. دەبێ کە هەوڵدان بۆ ڕێکخستنیان هەبووبێ، بەڵام پەیڕەو نەکردنی یاساکانی کاتی قەیران کە باسمان کردن، دەبێتە هۆی لەدەست چوونی هێز و بڕست.

خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کۆماری کوردستاندا، خەباتێکی گشتییە و هەرکاتێک خاوەنی دەرسی تازەیە. پشت بستن بە هێزی دەرەکی کە نامانگەیەنێتە ئەنجام یەک لەو دەرسانەیە. ئاستی سیاسەتی داسەپێنراوی ئەو وڵاتانە بە ئاشکرایی دەبیندرێ. تەنانەت لە هەڵبژاردنی ناوی تازە بۆ کۆمەڵەی(ژ.ک)دا، کە دەگۆردرێ بە حیزبی دیموکرات، ئەوە دەبینین. یانی دەبێ کە ئەوان ناو و ناوەڕۆک دیاری بکەن. ئەوان بە ناوەکانیش حەساسن. کاتێک کە دوو جەمسەری هێز لە جیهاندا بۆ کورت کردنەوەی دەستڕۆیشتوویی یەکتری هەوڵدەدەن، ئاسایی دەبێ کە نەک کۆماری کوردستان، بەڵکوو وڵاتێکی وەک ئێرانیش ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە. یانێ نابێ کە چاوەڕوانی لەوە زیاترمان هەبێ لەو هێزانە، هەڵبەت کە خێرخوازی گەلەکەمان نین و نەبوون. لەوانەیە بوترێ کە دەبوایە هێزی دەرەکی ئێمەیان بە فەرمی ناسیبایە و دانیان بە هەبوونی ئێمە دانیبایە. بەڵام هەتا ئێستا، بەڵگەیەک دەرنەکەوتووە کە نیشانی بدا کۆماری کوردستان بە فەرمی ناسرابێ. ئەوەی کە ئێمە وەک گەلی کورد لە جیهاندا بە فەرمی دەداتە ناسین و دەبێتە هۆی ڕێزدانین، تەنێ یەک مژارە ئەویش هەبوونی هێزی ڕێکخستنییە.

ئەگەر ڕێکخراو بین، کەس ناتوانێ بکەوێتە ناومانەوە و بمانخەڵەتێنێ. ئەو دیاردەیە لە کۆماری کوردستاندا بەرچاوە، مەبەستمان پێش نەکەوتنی بواری ڕێکخستنییە. لە چوارچێوەی سیاسەتی سەقامگیری و بەرقەرار بوونی هێمنی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەردوو بەرەی جیهانی پشتگیری لە پێکهاتنی قەوارەی نوێ سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەن، هەڵبەت تا کاتێکی کە بەرژەوەندی قەوارەیەکی دیکە لە هەمان ئاراستەدا نەخاتە مەترسییەوە. لەو کاتەدا کۆماری کوردستان مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر بەشەکانی دیکە و ئەگەر مابایەتەوە، هاوسەنگییەکانی تێک دەدا. ئینگلیسییەکان هیچ پێیان خۆش نەبوو کە بەرەی سوسیالیسمی بونیادنراو، سنوورەکانی خۆی بەرفراوانتر بکاتەوە. ئەو کاتە لە دونیادا هیچ جووڵانەوەیەکی سیاسی نابینین کە بە تەواوی دابڕاو بێ لە سیاسەتی جیهانی و مەنتەقەیی، کۆماری کوردستانیش بەشێکە لەو سیاسەتانە و دەبێ شرۆڤەی ڕاستەقینەی بۆ بکرێ.

دیسان لە کۆماری کوردستان، ئەوەی کە شیاوی باس بێ، مژاری ڕێوەبەرییە کە بەردەوام یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگای کورد و خەساری تایبەت لە تەک خۆی دێنێ. باس لە فیدایی بوون و لەخۆبوردوویی نیە، مەبەست بوون بە هێز و هزری ڕێوەبەرییە کە هەر کەسێک بتوانێ کەڵکی لێوەرگرێ. لە ڕاستیدا بەردەوامی شێوازی ڕێوەبەری خانەدانی و عەشیرەیی یانیش کاریزماتیک . لە کاتی کۆماری کوردستاندا . وەڵامدەر نەبووە و نەیتوانیوە کە هەمووی بەشەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە بن چەترێکی ڕێوەبەریدا کۆ بکاتەوە. هەوڵدانیش بۆ تێپەڕاندنی کەموکورتییەکان لەو پێوەندییەدا هەیە. خۆدی نەمر قازی لەو مەسەلەیە بە باشی تێگەیشتووە و خوازیاری ئەوەیە کە بە دروست کردنی پێکهاتەیەکی نوێ لە ڕێوەبەری . کە دەکرێ بە شێوەیەکی دیموکراتیک بەناوی بکەین . چارەسەری بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. بڵام دیسان عەقلییەتی کۆن، ئاستەنگی دەهێنێتە ڕێوە. لەوانەیە کە دانە پێشی خانەدانێک لە کوردستاندا لە لایەن هێزەکانەوە و نەهێشتنی ئەوەی کە ڕێکخستنی نوێ بە ڕامانی تازەی ڕێکخستنی سەرهەڵدا، پیلانێک بێ کە بە ئاسانی لە کۆتاییدا بتوانن پێکهاتەکانی کۆنی کۆمەڵگا لە هەمبەری بەکار بهێنن.

کاتێک کە هەمووی ئەو مژارانە رادەخەینە بەر چاو، دەزانین کە کۆماری کوردستان بۆچی نەیتوانی درێژە بە ڕێگای پیرۆزی بدا. ئەمما هەبوونی کەم و کووڕی لە گرینگی دەسکەوتەکە کەم ناکاتەوە و وەک ئەزموونێک لە بواری پێکهێنانی کۆمەڵگای دیموکراتیک، دەبێ چاوی لێبکرێ. بۆیە دەبێ بێژم کە کۆماری کوردستان لە سەرەتادا و بەر لە هەر شتێک، ئەزموونێکە کە هی هەمووی کۆمەڵگای کوردە و کەس ناتوانێ وەک ملکییەت نزیکی بێتەوە. نزیکایەتێکی بەو






جۆرە گەلێک تەیمان دەخاتە بەر ناسینی ڕاستییەکان و لە تاپۆوە بەرەو تابۆ بوون و نامۆ بوونی دەبا. بە ناو کردنی کۆماری کوردستانیش لەو نووسراوەدا بە جێی کۆماری مەهاباد لەسەر ئەو ئامانجەیە کە لەو قالب و چوارچێوە تەنگەی بەرگری دەکا لە ناسینی دەریخەین.

کۆماری کوردستان هەڵبەت کە دیاردەیەکی دیموکراتیکە. چون لە پێکهێنانی ئەودا گرینگی دراوە بە سیستەمێکی دیموکراتیک کە ریشەی لە مێژووی گەلی کورددا هەیە و نموونەی بەرخۆدانی بەو جۆرە زۆرن. ئامانجی سەرەکی دابین کردنی ستاتۆ بۆ خەڵکە و ستاتۆیەکی کە بە ساڵان لێی دابڕابوو. نەبوونی تەقلید و لاساییکردنەوە، مژاریکی بنچینەییە و نیشانەدەدا کە لەسەر داخوازی گەل و بە پێشنیاری خەڵک سیستەم دابین دەبێ و ئەوە ڕەمزێکی سەرکەوتنە. ناکرێ لێرەدا پێشکەوتنی خزمەت گوزاری لە بەینی گەلدا نەبینین و وەک هەر دەسەڵاتێکی دیکە چاوی لێبکرێ. ئەوەی کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، مەسەلەی گەشەی سیستەمێکی دیموکراتیکە. یانی هەر سیستەمێک بۆ گەشەی زیاتر و مەزن بوون ناچارە کە خۆی بەرفراوان و بەربڵاو بکاتەوە و نابێ قەت لە حاڵەتی پاراستنی تەواودا بمێنێتەوە. مانەوە لە حاڵەتی پاراستنیدا، ڕێگە بۆ هێرش هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوە دەکاتەوە. دەبوایە کە کۆماری کوردستانیش پیلانەکانی گەشە پێدانی یەک لە دوای یەک بخستبایەتە گەڕ و بەو جۆرە هەمیشە هێزکانی دەرەکی ناچار بکردایە دەرهەق بە گەلی کورد هەنگاوی کرداری هەڵگرن. یەک لەو پیلانانەی کە کەم ماوە و پێک نەهات چوون بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بەشی ئەردەڵان بوو. هەر لە ناو شاری مەهابادیشدا، دەبینین کە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیکە کە رای گەل لە سەرووی هەموویانەوە بێ.

هەبوونی مەسەلەیەکی بەو جۆرە، ئامادەیی کۆمەڵگا بۆ خۆبەڕێوەبردنێکی دیموکراتیک نیشان دەدا و دەبینین کە لەو سیستەمەدا مژاریکی دیکەی بەرچاو هەیە ئەویش نەبوونی حیزب و حیزبایەتییە. ئەگەر حیزب بێتە ئامێرێک لە دەستی گەلدا بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، راست دەبێ و جێگای ناکۆکی نابێ. بەڵام ئەگەر کە حیزب بوو بە چینێکی ژووری کۆمەڵگا و گەل بوو بە ئامێری سیاسەتەکانی، ئەو کاتەیە کە گەندەڵی دەردەکەوێتە پێش و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبا. بەڵام لە دیاردەیەکی دیموکراتیکدا قەت کێشەی بەو جۆرە دەرناکەوێ و هەرچی بەرەو پێش دەچێ، ستاتۆ زیاتر مسۆگەر دەبێ و ڕێکخراوەکان بەهێزتر دەبن.

لە کۆماری کوردستاندا ئامانجی سەرەکی دانینی بەردەکانی بنچینەیی ژیانی گشتییە و ڕێکخستن بە بنەما وەردەگیرێ. پەرەپێدانی خەباتی وەک پەروەردە و ئابووری، دەستنیشان کردنی خەباتی دەمی پێش نیشان دەدا و یەکجار گرینگە. گەلێک خەباتی بۆ وشیاری ئاستی نەتەوەیی بەڕێوە چووە، بەڵام ناتەواو بووە و لە ئاستی بەربەرەکانی لەتەک زهنییەتی کۆندا نەبووە. بەڵام کارەکانی کۆمار لە بواری ئەدەبێ و وێژەییدا خاوەن گرینگی تایبەتن. کاتێک کە باس لەوە دەکەین با چاوێک لە باشووری ڕۆژئاواش بکەین کە لە ئێستادا سیستەمێکی دیموکراتیکی تێدا بەڕێوە دەچێ و هەوڵدانێکی بەرفراوان هەیە بۆ سەقامگیر کردنی هێمنی و ئاسایش لەو بەشەدا. دەکرێ وەک هەڵسەنگاندنێک باس لە سیستەمی پاراستنی بکرێ. لە باشووری ڕۆژئاوا، هێزی بەرگری بە پیلان و بەرنامەیە و هەنگاوی مەزن لەم بوارەدا هەڵگیراون، بەڵام لە کۆماری کوردستاندا ئەرکی پاراستن خرایە سەر هێزێک کە بۆخۆی ئاوارەیە و تەڤگەری دەکەوێتە ناو یاساکانی سەردەمی قەیران و ئاریشە. لەو بڕوایەدام کە دەکرا لە بواری بەرگریدا زیاتر لە سەر بنەمایەکی خۆماڵی کار بکرێ و بیرۆکەیەکی بەوجۆرە ساز بکرێ کە مرۆڤ دەبێ لە دەسکەوتەکانی خۆی خاوەندارێتی بکا و هێزی بەرگری تەنیا بۆخۆیەتی و کەسی دیکە بەبێ بەرژەوەندی دەست ناداتە پاراستن. بەو جۆرە دەکرا هێزێکی هەڵقوڵاوی ناخی گەل دروست بێ.

ئابوورییەکی خۆماڵی، یەکێکە لە بنەماکانی سەربەخۆیی و تێکۆشان لە سەر ئەو بنەمایە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەبینین و هاوکاری گەل بە شێوەی هەرەوەزی . وەک تایبەتمەندێکی کۆمەڵگای دیموکراتیک . بەرچاوە. بە هەموو ئەو مژارانەوە دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان پێکهاتەیەکی دیموکراتیکە. کە لە ڕاستیدا میراتەیەکی هەموومانە و نابێ وەک موڵکی کەس ببینین. دەبێ کە لەو مژارە تێبگەین، خۆ بە خاوەنی ئەو میراتەیە زانین بە شێوەیەکی سروشتی ئەرک و بەرپرسیارێتی گران دەخاتە سەرشانی مرۆڤ و بێگومان ئەرک و بەرپرسیارێتی لە هەمبەر گەلی کورد و نەمر قازی بۆ درێژە پێدان لە سەر ڕێبازی و بە ئەنجام گەیاندنی لە کاتی ئێستادا شیاوی باسە. تەنی ناکرێ بە هی خۆ کردن و تاپۆ کردنی میراتەیەک بگوترێ لەسەر ئەو ڕەوتە بەرێدا دەچین. ئەگەر بەو شێوەیە ڕەفتار بکرێ، وەک مژاری میرات بەش کردنی پاش مردووی لێدێ و لە تەک چەمکی فەلسەفی ئەو مژارە راست نابێ. یەکەم ئەوەی کە میراتەی گەلە و کەس ناتوانی بیکا بە موڵکی خۆی و بە جۆرەیەک دەبێتە دژی لە گەل و دژی لە گەل کاری چینی دەسەڵاتدار و پاوانخوازە و

**نەریتێکی ڕاست نابێ.**

**بڕوام وایە لەسەر دەسکەوتە دیموکراتیکەکانی کۆماری کوردستان، دەکری زیاتر بیر بکەینەوە و ڕۆژانەیان بکەینەوە و بەوجۆرە خاوەنداریتیان لێبکەین. بە تایبەت خەباتی ڕێکخستنی و فەرهەنگی کۆمەڵەی(ژ. ک) کە زۆر نزیکی خەباتێکی نەتەوەیی و گشتییە و رامانێکی پیرۆزی تێدایە و بەتایبەت بواری فرهەنگییەکەی خاوەن گرینگی تایبەتە. چون گەلی کورد گەلێکە لە ناو پەنجەکانی ژینۆسایدی فەرهەنگیدا و هەتا ئەوڕۆش بە فەرهەنگی خۆی راوەستانی کردووە. بەوجۆرە دیتن و روانین بۆ خەباتی کۆمار، پێشی لە رانتی سیاسی دەگرێ. ئیدی نابێتە پەلی داری رەز بۆ داپۆشینی جەستەی ناهەمواری رەز. ئەگەر کە بە باشی سەرنجی سەدەی رابردوو بدەین، لەوە تێدەگەین کە خەباتی فەرهەنگی پێواژۆی وەک کۆماری کوردستان و کۆمەڵەی (ژ. ک) بووە کە لە گرانترین قۆناخەکاندا کەناری هێمنی نیشان داوین. هەموو دوژمنانی گەلەکەمان لەوە تێگەیشتوون کە تەنیا بە قرتاندنی رەگەکانی فەرهەنگی گەل دەتوانن راوەستانمان لەبن بێنن و پەیوەستمان کەن بە سیستەمی جیهانییەوە.**

**بەڵام لە دونیای دوارۆژدا هیچ هەبوونێکمان نابێ، ئەگەر تەنیا پێکهاتەیەکی بێ مەعنەویات بین و فەرهەنگمان وەک بەشێک لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی چاوی لێنەکرێ. لەبەر ئەوەش پێداگری لە سەر فەرهەنگی کۆمار وەک فەرهەنگێکی دیموکراتیک پێویستییەکە.**

***سەرچاوە : ماڵپەری خودمدیریتی دمکراتیک / ڕێکەوتی : ٢ی فێوریەی ٢٠١٣***

## لە یادی کۆماری کوردستاندا داوای یەکیەتی نەتەوەیی دەکرێت

***محەمەد حەسەن چایەچی***

**ڕۆژی (٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦)، واتە (٦٧) ساڵ لەمەوبەر، لەگۆڕەپانی (چوارچرا) لەشاری (مەهاباد)ی خۆرهەڵاتی کوردستان، بەئامادەبونی هەزاران کەس لەهەرچوار پارچەی کوردستان، لەلایەن پێشەوا (قازی محەمەد)ەوە، دامەزراندنی (کۆماری کوردستان) ڕاگەیەندرا.**



**ڕۆژی دواتریش واتە (٢٣ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦)، لەهەمان گۆڕەپان، (قازی محەمەد) بەسەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردراو نازناوی (پێشەوا)ی پێبەخشرا، هەر لەهەمان ڕۆژیشدا شاری مەهاباد وەک پایتەختی کۆماری کوردستان ناسێنرا.**

**پاشان لەڕۆژی (٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٦)دا، لەگۆڕەپانی چوارچراو بەئامادەبونی سەرۆک کۆمار (قازی محەمەد)و هەموو وەزیرەکانی حکومەتی کوردستانو چەند تیپێکی پێشمەرگەی کۆمارەکەو چەندین کەسایەتی ناودارو شاعیرو ڕۆشنبیر، بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە.**

**سەرەڕای تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان، بەڵام لەو ماوە کورتەدا، زۆر دەستکەوتی گەورەو گرنگ لەبوارەکانی، (سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، پەروەردەیی، ئابوری، چەسپاندنی بنەماکانی ئازادییو مافی مرۆڤ، ئازادیی ژنان لەدامەزراندنی یەکێتی ژنانی کورد، پراکتیزەکردنی دیموکراتی، دامەزراندنی لەشکری کوردستان، بەڕەسمی ناساندنی زمانی کوردیو خوێندن بەکوردی، گەشەکردنی ڕۆشنبیرییو ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو کردنەوەی ڕادیۆ بەزمانی کوردیو سینەمای گەڕۆک)و چەندین دەستکەوتی جۆراوجۆری دیکەی بەدەستهێنا.**






بەڵام بەهۆی هۆکارو پیلانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ڕۆژی (١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦) لەلایەن شای ئێرانەوەو پاش تەنها (١١ مانگو ٢٠ ڕۆژ)، کۆتایی بەتەمەنی کۆماری کوردستان هێنراو دواتر (پێشەوا قازی محەمەد)و چەند سەرکردەیەکی دیکەی کۆمارەکە دەستگیرکران و پاش دادگاییکردنێکی ڕوکەشیانە، لەڕۆژی (٣٠ی ئاداری ساڵی ١٩٤٧)دا، لەگۆڕەپانی چوارچرا لەو شوێنەی کۆماری کوردستانی تێدا ڕاگەیەنرا، لەسێدارەدران.

ئەو مێژووەی کە پێش (٦٧) ساڵ لەمەوبەر لەدامەزراندنی کۆمارێکی نەتەوەیی‌و بەبەشداری نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان تۆمارکرا، ئەو کات بەدەستپێشخەریی و میوانداری (پێشەوا قازی محەممەد) لەمەهاباد دامەزرا، دەستپێشخەریەک بوو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردانی هەرچوار پارچە.

بەبڕوای چاودێران و مێژوونوسان، دامەزراندنی (کۆماری کوردستان)، وەرچەرخانێکی زۆر گرنگبوو لەمێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، چونکە بۆ یەکەمجار خەبات و ڕەنج و ماندووبوونی گەلی کورد بەریگرت و بووە خاوەنی دەسەڵات، بەتایبەتیش لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کە گەلی کورد ژیرانە توانی ئەو دەرفەت و هەلە ڕەخساوە بقۆزێتەوە.

قازی محەمەد

چاودێران دەڵێن، ئەگەر باسی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بکرێت، نابێت هەوڵەکانی (کۆمەڵەی ژ. ک)و (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەبەرچاو نەگیرێن، چونکە وەک چاودێران دەڵێن، ئەو دوو لایەنە، ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاویان هەبووەو توانیویانە لەماوەیەکی زۆر کورتدا، ڕیزەکانی گەلی کورد یەکبخەن، بەتایبەتیش هاندانی چینی ڕۆشنبیران و لاوان، کە بەپەرۆشەوە سەرگەرمی ڕزگاریی و ئازادیی و دیموکراتی بوون، ئەمە وێڕای ڕۆڵی خودی (پێشەوا قازی محەمەد).

بێگومان ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خۆشترین و پیرۆزترین ڕۆژە لەمێژووی هاوچەرخی کوردو کوردستاندا، تا ئەمڕۆش ڕەنگدانەوەو کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەدا هەیە، لەئێستاشدا کە (٦٧) ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی بەناوی (کۆماری کوردستان) لەخۆرهەڵاتی کوردستان، ئەو کۆمارەی چاودێران دەڵێن هەوڵێکیش بووە وەک دەستپێشخەریەک بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردانی هەرچوار پارچە، لەئێستاشدا داوا لەپارتە کوردیەکان دەکرێت هەوڵی کۆنگرەی نەتەوەیی زیندوو بکەنەوەو کاری جدی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی گەلی کورد، خاوەنی یەک گوتاری نەتەوەیی بێت، لەئاست هەر گۆڕانکاریی و پرسێکی چارەنوسسازدا.

بەبڕوای چاودێران، یادکردنەوەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەساڵی (٢٠١٣)دا، پێویستە جیاوازتربێت لەساڵانی ڕابردوو، چونکە ساڵی (٢٠١٣) چاوەڕواندەکرێت لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی و کوردییش، گۆڕانکاریی بەرچاو بەخۆیەوە ببینرێت، لەکاتێکدا کە هاوکات لەگەڵ جوڵەو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا، کوردیش لەهەر چوار پارچەی کوردستان، بەردەوام سەرقاڵی خۆداڕشتنەوەو خۆڕێکخستنەوەو خۆئامادەکردنە بۆ قۆناغی نوێ‌و قۆستنەوەی هەلە نوێکان.

مافی خۆیەتی لەمساڵدا یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، وەکو ساڵانی پێشوو یادکردنەوەیەکی ڕاگوزەر نەبێت، بەتایبەت لەمیدیای کوردیدا لەباشوری کوردستان، بەڵکو پێویستە بکرێت بەباسێکی وردو فراوان بۆ ماوەی بەلای کەمەوە هەفتەیەک کاری لەسەربکرێت و جۆرەکانی میدیای کورد مانشێت و ناونیشانی جیاجیای لێدروست بکەن‌و شەقامو ڕای گشتی پێوە سەرقاڵ بکەن، لەو ڕووەوە کە ئێستا باسی دەوڵەتی کوردیی باسێکی زیندووەو دەبێت لەمکاتەدا کۆماری کوردستان وەکو بناغەدانەر تەماشای بکرێت و سودی لێوەربگیرێت، بەجۆرێک، لەیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، خەونی دەوڵەت لای هەر تاکێکی کورد بەهێزتر بکرێت و بکرێت بەباسێک، تا تاکەکانی کورد هەمیشە باسی یەکەمی سەر زاریان بێت.

چاودێران باس لەوەدەکەن، یادکردنەوەی ساڵیادی کۆماری کوردستان لەکاتێکدا لەئێستادا شۆڕشی گەلانی سوریا بەردەوامەو گەلی کوردیش لەخۆرئاوای کوردستان لەڕزگاربوون و دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ نزیکبووەتەوە، هاوکات لەباکوری کوردستانیش گەلی کوردو حکومەتی تورکیا لەگفتوگۆو دانوستاندان بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕو کوشتار.

بەبڕوای ئەندامێکی لیژنەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا، پێویستە لەساڵیادی کۆماری کوردستاندا، حزبە کوردیەکانی پارچەکانی






تری کوردستان، پشتیوانی گەلی کورد لەخۆرئاوای کوردستان بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، چاودێرێکی سیاسیش هاوڕایەو پێیوایە، بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی لەم قۆناغەدا، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان.

(فەتحوڵڵا حسێنی) نوێنەری پارتی چەپو ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا بۆ NNA ڕوونکردەوە:"ئێمە بەگشتی داوا لەهەموو کوردان دەکەین، پشتیوانی لەشۆڕشی گەلی کورد لەخۆرئاوای کوردستان بکەن، بەتایبەت حزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی کۆماری کوردستانن‌و پشتیوانی ئەوان کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر خەباتی گەلی کورد لەخۆرئاوای کوردستان و یەکێتی نەتەوەییش زۆر گرنگە لەئێستادا بۆ گەلی کورد".

هاوکات (د. فایەق گوڵپی) چاودێری سیاسی لەلێدوانێکدا بۆ NNA، پشتیوانی لەوتەکانی ئەندامەکەی لیژنەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا دەکات و پێیوایە، بەر لەهەر شتێک پێویستە لەساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، گەلی کورد یەکێتی نێوانیان بەهێز بکەن و زیاتر لەیەک نزیکببنەوە پشتیوانی یەکتر بکەن.

بەبڕوای د. فایەق گوڵپی چاودێری سیاسی، ڕوداوە مێژووییەکان بەلای هەموو گەلێکەوە گرنگی خۆیان هەیە، چ ئەوانەی میللەتەکان سەرکەوتنیان تێدا بەدەستهێنابێت، یان ئەوانەی شکستیان هێنابێت تێیدا، چونکە ئەو میللەتە ئەو مێژووە بەبەشێک لەڕوحی خۆی دەزانێت‌و هاوکات دەبێتە پەندێکیش بۆ درێژەدانیان بەخەبات و ژیانی ئاسایی، وتیشی:"پێویستە ئێمەی گەلی کورد بیر لەدامەزراندن و ڕوخاندنی کۆماری کوردستان بکەینەوە، بزانین ئاخۆ بۆچی ڕێگەی پێدراو دواتریش ڕێگە نەدرا تەمەنی کۆمارەکە بگاتە ساڵێک".

بەبۆچوونی د. فایەق گوڵپی چاودێری سیاسی، ئەگەرچی کۆماری کوردستان لەلایەن گەلی کورد لەخۆرهەڵاتی کوردستانەوە دامەزرێندرا، بەڵام بەپشتیوانی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان، هاوکات هۆکارێکیش بوو بۆ دروستبوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی لەنێوان گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، هەر ئەوەش ببووە هۆی پێشکەوتنی کۆماری کوردستان، بەڵام د. فایەق گوڵپی ئەوەشی نەشاردەوە؛ کە لەدوای کۆماری کوردستانەوە تائێستا یەکێتی نەتەوەیی لەنێوان گەلی کورددا بەرەو پاشەکشە ڕۆیشتووە، وتیشی:"زۆر پێویستە ئەو یادانە هاندەرێک بن بۆ ئەوەی هەوڵی بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی بدەین و دۆزە ڕەواکەمان وەک گەلی کورد بەهەموو دنیا بناسێنین".

(فەتحوڵڵا حسێنی)ش نوێنەری پارتی چەپو ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا باس لەوەدەکات، ئەوان وەک کوردانی خۆرئاوای کوردستان زۆر ماندوو بوون و هەوڵیشیانداوە بۆ سازکردنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی و بوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی لەنێوان گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، وتیشی:"کۆماری کوردستان باشترین نمونەیە بۆ ئەوەی هەرکاتێک وڵاتانی دۆست پشتمان تێبکەن، دەستکەوتەکمان دەکەونە مەترسییەوە، هەروەکو چۆن لەئێستادا زۆربەی وڵاتانی هەرێمیی چاویان بریوەتە دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵدەدەن لەباری ببەن".

د. فایەق گوڵپی چاودێری سیاسی هەمان بۆچوونی ئەندامەکەی لیژنەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریای هەیەو دەڵێت:"ئەمڕۆ ئێمە لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەک دەستکەوتمان لەعێراقدا هەیە، دەبێت ئاگامان لێبێت لەلایەن هێزێکی ناوچەیی یان نێودەوڵەتیەوە لەبار نەبرێن، بەبەکارهێنانمان بۆ مەرامە تایبەتەکانی خۆیان لەدژی لایەنێک یان وڵاتێکی تر".

د. فایەق گوڵپی وەک چاودێری سیاسی بەگرنگی دەزانێت، لەساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، گەلی کورد لەهەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لەڕووی ناوخۆییەوە زۆر خۆی بەهێزبکاتو لەڕووی دیبلۆماسیشەوە کارێک بکات جارێکی تر ئەوانەی دۆستمانن، لەکاتی تەنگانەدا دەستمان لێبەرنەدەن.

(فەتحوڵڵا حسێنی) نوێنەری پارتی چەپو ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا تەئکید دەکاتەوە لەوەی، ئەوان وەکو کوردانی خۆرئاوای کوردستان شانازی بەکۆماری کوردستان‌و پێشەوا (قازی محەمەد)ەوە دەکەن، هاوکات ئەوەشی وت، کە ئەوان داوای پشتیوانی‌و هەماهەنگی نەتەوەیی لەکوردانی خۆرهەڵاتی کوردستان دەکەن.

ڕەزا شای سەرۆکی ئەو کاتی ئێرانیش لەجیاتی گرتنەبەری زمانی گفتوگۆکردن بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، بەسوپایەکی زەبەلاحەوە، دڕندانە پەلاماری کوردستانیدا بەهاوکاریی ئەو کوردانەی هاوکاری ڕەزا شایان دەکرد، ڕۆژی (١٩٤٦ / ١٢ / ١٧)، چوونە ناو شاری مەهابادەوە، لەو ڕۆژەشدا کۆتایی بەتەمەنی






کۆماری کوردستان هێندرا، زۆریش داوایان لەسەرۆک کۆمار (پێشەوا قازی محەمەد) کرد، کە خۆی بەدەستەوە نەداتو خۆی دەربازبکات.

وەک دەگێڕنەوە پێشەوا قازی محەمەد وتویەتی:"چۆن من هەڵبێم و گەلەکەم لەم بارودۆخەدا ڕووبەڕووی چارەنوسی دەبێتەوە، سوێندم خواردووە، تا دوا تنۆکی خوێنم پارێزگارییان لێبکەم و جێیان نەهێڵم"، ئەوەبوو (قازی محەمەد، محەمەد حسێن سەیفی قازی کە ئامۆزای پێشەوا بوو، لەگەڵ ئەبولقاسمی سەدری قازی کە برای پێشەوا قازی محەمەد بوو)، دەستگیرکران، وەک دەگێڕنەوە بەڕوویەکی خۆش وگەش و بەپێکەنین و بەئەوپەڕی بێباکی و چاونەترسییەوە، ڕووبەڕووی دادگاییکردن و لەسێدارەدان بوونەوە، شاعیری کوردستانپەروەر، پیرەمێردی نەمر دەڵێت:"گەورەیی هیچ قەومێک وەک گەورەی کوردان ـ لەڕێی وەتەندا نەبوون بەقوربان".

بۆ دادگاییکردنی قازی محەمەد حکومەتی ئێران، دادگایەکی سەربازیی بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ (پارس بەتار) داناو هەر خۆیشیان پارێزەرێکی فارسیان دانا، کە نەقیبی سەربازی بوو ناوی (سەروان شەریفی)، ئەو کەسەیان بۆ داکۆکیکردن لەقازی محەمەدو هاوڕێکانی ڕاسپارد، دەربارەی بەجەرگی و چاونەترسیی قازی محەمەد لەکاتی دادگاییکردنیدا، سەروان شەریفی وتوویەتی:"قازی محەمەد پیاوێکی مەزن و دانابوو، بەوپەڕی ئازایەتییەوە دەربارەی دۆزی گەلی کورد قسەی کرد، زۆر بەبوێریی و جەسارەتەوە داکۆکیی لەمافەکانی کورد دەکرد، لەخودموختاریو مافی چارەی خۆنوسین".

شەریفی وتوویەتی:"لەڕاستیدا، قازی محەمەد دادگایی ڕژێمی دەکردو لەباتی بەرگریکردن لەخۆی، پرۆتستۆی ڕژێمی دەسەڵاتداری دەکرد کە بەنامەردی و بەقێزونییەوە، هەڵسوکەوتیان لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد کرد".

دەستەی دادگاییکردنی سەربازیی لەئازایەتی و چاونەترسی و خۆڕاگریی قازی محەمەدو هاوڕێکانیدا، زۆر سەرسام بوون و واقیان وڕما، کە لەو ساتە وەختەشدا، هەر سووربوون لەبەدەستهێنانی مافە ڕەوا نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، پەشیماننەبوون لەوەی کە لەپێناوی گەلەکەیاندا کردبوویان.

هەر لەبارەی هەڵویستی جوامێرانەی قازی محەمەد لەکاتی دادگاییکردنیدا، (سەروان کیومەرس ساڵحی)، کە هەواڵنێرێکی سەربازیی سوپای ئێران بوو لەناو هۆڵی دادگاییکردنەکەدا ئامادەبوو، نوسیویەتی:"من لەزۆربەی دادگاییەکانی مەیدانی و سەربازییەکاندا، وەک هەواڵنێرێک ئامادەبووم، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم نەدیوە کە بەڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێرو دلێر بێت، لەکاتی دادگاییکردنیدا نەیدەزانی ترس چییە، زۆر بەبێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە".

سەروانی پەیامنێر دەڵێت:"قازی محەمەد بەدادگای وت، من لەزووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادەکردووە، کە بەباوەشێکی ئاواڵاوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە بکەم، کە لەڕێگەی ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەوە بەڵێنێکە کە بەنەتەوەکەمم داوە، لەگەڵیاندا بژیم و لەپێناوی ئەوانیشدا بمرم، تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم".

کاتێکیش کە سەرۆکی دادگا بەتاوانبار ناوی قازی محەمەد دەهێنێت، قازی محەمەد وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:"تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە، ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین، ئێرە ماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرمە، چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم، دڵنیابن ئێوە قازی محەمەدێک دەکوژن، بەڵام ئەوە بزانن کە لەهەر تنۆکە خوێنێکی مندا، قازی محەمەدێک شین دەبێتەوە، داوا لەگەلی کورد دەکەم، خەباتی خۆی لەپێناوی ڕزگاریی کوردستاندا یەکبخات، باوەڕ بەدوژمنان نەکەن.. بژی کورد ـ بژی کوردستان".

بەگوێرەی شایەتحاڵەکانی ئەو کاتەی کە پێشەواو هەڤاڵەکانی لەسێدارەدراون، ئەوانەی لەسێدارەدانەکەیان جێبەجێکردووە، ویستویانە چاویان ببەستنەوە، بەڵام پێشەواو هاوەڵانی نەیانهێشتووە چاویان ببەسترێتەوە، لەو کاتەشدا پێشەوا قازی محەمەد وتوویەتی:"هیچ شتێک نییە کە شەرمی لێ بکەم، تا لەبەردەم ڕۆڵەکانی گەلەکەم و نیشتمانە خۆشەویستەکەمدا چاوم ببەستنەوە، حەزدەکەم لەدوا سات و لەدوا چرکەی ژیانمدا، بەوپەڕی سەربەرزیی و بەچاوی کراوەوە، لەنیشتمانە جوان و خۆشەویستەکەم کوردستان بڕوانم".

لەڕۆژی (٣٠ / ٣ / ١٩٤٧) لەگۆڕەپانی چوارچرا لەشاری مەهاباددا، (پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حسێن سەیفی قازیو ئەبولقاسم سەدری قازی) لەسێدارە دران، پێشەوا قازی محەمەد لەکۆتا قسەشیدا بەر لەسێدارەدانی وتوویەتی:"لەسێدارە ناترسم، بەهەڵواسراویش پێڵاوەکانم لەئاستی سەری ئێوە بەرزترە"، حزبی دیموکراتی کوردستانیش ڕۆژی لەسێدارەدانی قازی محەمەدو هاوڕێکانی، وەک (ڕۆژی شەهیدانی کوردستان) ناساندووەو لەو ڕۆژەشدا

لەسەرتاسەری کوردستان چالاکی و مەراسیمی تایبەت بۆ ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان سازدەکرێت.

سەرچاوە | ئاژانسی هەواڵی ناوەخۆ / ریکەوتی : ٢٠١٣

## دووی ڕێبەندان و سەرنجێک...



حەمەدەمین سلیمان

دووی ڕێبەندان و سەرنجێک لەمەڕ خەمساردی ڕۆژنامەنووسانی کورد

دووی ڕێبەندان، ئەو ڕۆژە شکۆدارو مەزنەیە لە مێژووی کورداندا پانتاییەکی دیارو زێڕینی هەیە، کە تێیدا جمهوریەتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوای نەمرو ژمارەیەک لە سەرکردە تێکۆشەرەکانی گەلەکەمان لە شاری مهابادی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕاگەیەنرا.

ئەگەرچی ئەو جمهوریەتە هەر لە سەرەتای تەمەنیدا جوانەمەرگ کراو دەرفەتی پێنەدەرا قەرەبووی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەی بکاتەوەو کێرڤی خەون و ئاواتی ڕۆڵەکانی ڕووەو ڕاهێزان بەرێت.. بەڵام دەستکەوت و داهێنانی گرنگی بەدواخۆیدا هێنا، کە لەهیچ بارودۆخ و سەردەمێکدا ناتوانرێ ڕۆڵی مێژووییان فەرامۆش بکرێت، لەوانە: زیندووکردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە ڕێگەی دانانی کتێبی جۆراوجۆرو تایبەت بە بواری وشەسازی، هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان لەناو کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا کە نەوەد لەسەدی بەرەوژوور لە نەخوێندەواریدا دەژیان! ئەمە جگە لە ئاوڕدانەوە لە بواری ڕۆژنامەگەریی و دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)، کە (١١٣) ژمارەی لی بڵاوکراوەتەوە .

هەڵبەت، پانتایی باسکردنی لایەنی جیاجیای جمهوریەتی کوردستان زۆر لەوە بەرفراوانترە لە بابەتێک و چەند بابەتبکدا کۆبکرێتەوە، من هەرگیز ئەو هەقەش بەخۆم نادەم خۆم لەو بوارە ئاڵۆزو هەستیارە بدەم و مەبەستی بابەتەکەی منیش کارێکی لەوجۆرە نیە، بەڵکو ئەوەی من دەمەوێت لەو چەند دێڕەمدا ئاماژەی بۆ بکەم، سەرنج و تێبینییەکی ڕەخنە ئامێزە، کە وەک سوکە گلەییێکی برایانە ڕوبەڕووی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرو دەزگا پەیوەندیدارەکانی بکەینەوە و پێیان بڵین:

لە دەمێکدا میللەتەکەمان خاوەنی چەندین (ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو سایت و..هتد) ی جۆراوجۆرە.. ساڵانە لە یادی دووی ڕێبەنداندا کەموکورتی و خەمساردی گەورە لە مەیدانی ڕۆژمەگەریی کوردی لەو ئاستەدا بەدیدەکرێت، هەستناکرێت کارێکی واکرابێت لە ئاستی ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویدا بووبێت و کورد گوتەنی: "کاڵا بەقەدی باڵا بووبێت"؟! لە کاتێکدا ڕۆژانە بابەت گەلێکی وا لە مانشێت و بەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمانەوە دەبینین مەگەر تەنها خوێنەر بتوانێت بڕیاری خۆیان لە بارەوە بدات! بێگومان، زانکۆو دامەزراوە ڕۆشنبیریەکانیشمان وەک ناوەندی ئەکادیمی و مەعریفی بەدەرنین لەو کەمتەرخەمی و قەرزدارباریەدا، چونکە دەرفەتی زۆریان لەبەردەستدایە تاکو ئەوانیش ئەسپی خۆیانی تێدا تاوبدەن و لە ڕێگەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانستی خزمەتێک بەو لایەنە گرنگەی مێژووی میللەتەکەمان بکەن، بە تایبەت کە ژمارەیەک لە کارەکتەرو تێکۆشەرانی سەردەمی کۆمار خۆشبەختانە هێشتا لە ژیاندا ماون و لەگەڵ هیوای تەمەن درێژیی بۆیان دڵنیام دەست بارێکی باش ڕادەگرن لە کارێکی ئەوا پیرۆزدا

دیارە ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا من دەمەوێت ئاماژە بۆ بکەم بابەتێکی مێژووییە کە وەک داهێنانێکی سەردەمی جمهوریەتی کوردستان دێتە ئەژمارو تاکو ئێستاش وەک زاراوە ئەگەر لە تەواوی پارچەکانی کوردستانیش نەبێت.. لە بەشێکی زۆریدا بەکاردێت و شانازی زۆریشی پێوە دەکەین ئەویش وشەی (پێشمەرگە)یە، کە وەک باسی لێدەکرێت لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی نێوان پێشەوای نەمرو کاربەدەستانی جمهوریەتی کوردستان بۆ ناونانی سوپاکەیان هاتووەتە ئاراو بە دوو شێوەی جیاواز باس لە جێگەی ئەو کۆبوونەوەو یەکەم کەسی خاوەن پێشنیازو داهێنەری ئەو ناوە دەکرێت، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ






هەردوو بۆچوونەکان دەکەین:

١- چەند ساڵێک لەمەوبەر تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە دیمانەیەکی بەپێزو تایبەتدا یەکێک لە تێکۆشەرو کاربەدەستانی سەردەمی جمهوریەتی کوردستانی بەسەرکردەوە، کە مام (هاشم بەزاز) بوو و لە کابینەی حکومەتەکەی پێشەوای نەمردا پۆستی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەبووە، یەک لەو تەوەرە گرنگەی ناوبراو ئاماژەی بۆ کرد کۆبوونەوەیەک بوو کە لە ماڵی پێشەوای نەمر بەڕێوەچووەو ئەویش تێیدا بەشدار بووە، بەپێی قسەی ئەو بەڕێزە بێت.. لە گەرمەی گفتوگۆکانیان لەو کۆبوونەوەدا کە هەریەک پێشنیارێکی خۆی دەخاتەڕوو بۆ ناونانی سوپای کۆمار.. لەوکاتدا چایچی ماڵی پێشەوا کە ناوی (ئەحمەد دەسماڵ) بووە دێتە ژوورەوە چایان بۆ دێنێت، پێش دانانی چاکانی ڕوخسەتی خستنەڕووی پێشنیارێک لەپێشەوا دەخوازێت و دوای مۆڵەت دانی پێشنیاری ناوی (پێشمەرگە) دەکات ، لەوێدا پێشنیارەکەی جێی خۆی دەگرێت و قبوڵی دەکەن، ئیدی کاک ئەحمەد دەسماڵ دەبێت بە داهێنەری ئەو ناوە پیرۆزەی هەموومان شانازی پێوە دەکەین و دڵنیام بۆ قۆناغەکانی داهاتوش لەناوماندا بە زیندوێتی دەمێنێتەوە.
٢- لە برای گەورەو بەڕێزم کاک (جەلیلی گادانی) کە یەک لە سەرکردە دیارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و تێکۆشەرێکی سەردەمی جمهوریەتە گوێبیست بووم، گوتی: ئەوەی من بیستبم ئەو کۆبوونەوەی ناوی (پێشمەرگە)ی تێدا بەرهەم هاتوە لە جمهوریەتی کوردستان بەڕێوەچووە، ئەو کەسەشی پێشیاری ئەو وشەی کردوە چایچی دیوانی جمهوریەت بووە، کە ناوی مام (ئەسەدی ئیسلامی) بووە، تەنانەت دوای نەمانی کۆماریش تا لە ژیاندا بوو خووی گرتبوو بە مانەوەی لە (چوارچرا)دا و بەردەوام هەرلەوێ دەمایەوە!
بەهەرحاڵ، ڕاستی ئەو سەرگوزشتەیە هەرکام لەو دوو بەسەرهاتە بوو بێت.. یەک لە چایچیەکانی دیوانی جمهوریەتی کوردستان و ماڵی پێشەوای نەمر داهێنەری ئەو ناوە پیرۆزە بوون، هەست بە ناهەقیێکی گەورەی مێژوویش دەکرێت بەرامبەریان، چونکە ڕۆڵی داهێنەران لە مێژووی میللەتەکەمان و کایەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا خەفەکراوە؟!

سەرچاوە : ماڵپەری یەکیەتی میدیا / ڕێکەوتی : ٤ی فێبوریەی ٢٠١٣

## بەبۆنەی ٦٧ ساڵەی یادی کۆماری مهابادەوە هەوڵەکانی قــازی محەمەد بۆ دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان

بەشی یەکەم

حەسەن مەحمود حەمەکەریم

جەنگی جیهانی یەکەم ڕووداوێک بوو، ژیان و سنووری وڵاتان و گەلانی سەرزەویی هەتا ئاستێک گۆڕی، بۆ زۆر گەل سودمەند بوو ، بەڵام کەس نەبوو هێندەی کورد زەرەری لێکردبی ، بێئەوەی بە دورو نزیک دەستی یان ویستی لە هەڵگیرسان و وەستاندنی ئەو شەڕەدا هەبووبی.. ئەنجامەکەی دابەشکردنی خاکی کورد بوو بەسەر پێنج دەسەڵاتی دژ بەیەکدا، هەروەک بڵێن بابیدەینە دەست پێنج کەسی دژو جیاواز بەکورد، لەزمان و خاک و ڕەچەڵەک و داب و نەریت، هەتا چوار پەلی ئەم گەلە ببەستنەوە، نەبادا ببزوێ و کارێک بۆخۆی بکات، یان بەڵکو ئەم گەلە لەناو ئەم چوار پێنج گەلە جیاوازە دا بتوێتەوە. دەنا بەچ میللەتێک ئەمە کراوە؟ لەگەڵ ئەوانەشدا، وەک قازانجی نەکرد، دەستەوسان نەبوو بەبڕیارە ناپەسەندەکان رازی بێت، بەڵکو بەزنجیرەیەک لە شۆڕش و ڕاپەڕین وەڵامی دانەوە، کە کوردی پێ گەیشتە قۆناغێکی نوێترو








پێشکەوتووتر، لەهەوڵ و تێکۆشان و ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی، زیاتر چینەکانی کوردی لەیەکتری نزیک و لە دەوری یەکتر کۆکردەوە، کۆبوونەوەی لایەن و توێژو سەروک خێڵ و زانا ئاینییە کوردەکان لەسەر سفرە و خوانێک، بۆ یەک هیواو مەبەست، هەستێک و شێوازێکی ناوازەو نوی بوو.

## لەسێڤرەوە بۆ لۆزان

لە کوردستانی بندەستی ئێران، کوردەکان چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشیان دژی ڕژێم کرد، هێشتا جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی نەهاتبوو، کە (سەردار ڕەشید)، یەکێک لەنەوەکانی (ئەمانۆڵلاخان)، لەناوچەی ئەردەڵان دەستی بەجوڵەکرد، ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆک خێڵ و ناودارانی ناوچەی موکریان و هەورامان و ناوچەکانی تر لەدەوری کۆبوونەوە ، پەیوەندیشیان بە روسەوە کرد، جگەلەوەی کە پەیوەندیان بەسالارولدەولەوە هەبوو کە دژی دەسەڵاتی تاران دەجوڵا(١) دەسەڵاتی سەردار ڕەشید گەیشتە ناوچەکانی کرماشان و سنەو زۆر جێگەی تر لەکوردستانی ئێران، بەڵام دەسەڵاتی تاران توانی لەشوباتی ١٩٢٠دا بەداوێک کە شەریفولدەولەی حاکمی سنە بۆی نابۆوە، بیگرێت و لەناوی ببات (٢). لەم ماوەیەدا پەیماننامەی سێڤر بەسترا کە هیوایەکی زۆری بۆ گەلی کورد نزیککردەوەو داوای کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی تێدابوو، کە وردە وردە بەرەو سەربەخۆیی دەبرد، بەڵام زۆری نەبرد ئەو هیوایەش سوتا، کاتێک کە پەیماننامەی سێڤریان گۆڕی بە پەیماننامەی لۆزان، کە وەیشومەیەک بوو، ئەنجامەکەی بەم دابەشکردنەی ئەمڕۆ کۆتایی هات کە دەیبینین(٣).

## زنجیرەیەک ڕاپەڕینی پچڕپچڕ

پاشان (ئیسماعیل ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا)ی سەرۆکی هۆزی شکاک لەناوچەی ورمێ دەرکەوت وەک کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەر کە نازناوی (سمکۆ)ی لەخۆگرتبوو، ئەم شۆڕشە دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرسا، بەڵام ڕەگی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٥، کاتێک کە دەسەڵاتی ئێران (جەعفەر ئاغا)ی برایان کوشت، ئیتر لەو ڕۆژەوە سمکۆ پەیوەندییکرد بە (عەبدولڕەزاق بەدرخان)و روسەکانەوە (٤)، خەڵکێکی زۆر لەدەوری شۆڕشەکە کۆبوونەوەو ناوبانگی بڵاوبۆوە، بەڵام کوشتنی مار شەمعون (٥) وایکرد کە شۆڕشەکە لەناوەڕۆکێکی خێڵەکی نەترازێت و بەرەو پوکانەوە بچێت، ئەوەبوو لەناوەڕاستی تەمموزی ١٩٣٠دا بەفێڵێکی دەسەڵاتی تاران کوژرا (٦).
دوای ئەوە چەند جووڵانەوەیەکی سوک روویدا، وەکو جووڵانەوەی جەعفەر سوڵتان کە دواتر هەڵهات بۆ عیراق، ئەمە لەناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٣٢دا بوو، پاشان هەندێک لەگوندنشینەکانی سنە و هەورامان و مەریوان زنجیرەیەک ڕاپەڕینیان کرد لەنێوان ١٩٣٦- ١٩٣٩ دا، بەڵام چونکە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبوو، ڕێکخستنیان نەبوو، ئێران زۆر ئاسان بەفەرماندەیی (جەنەراڵ ئەمیر ئەحمەدی) لەناوییبردن، کە هیچ خۆلادان و دەست پاراستنی لەڕشتنی خوێنی داماوو هەژارانی جوتیارو گوندنشینان نەبوو، ١٢٠ کوردی لەبەندیخانە دەرهێناو هەڵیواسین، لەساڵی ١٩٣٥دا زۆر لەهۆزەکانی (گوڵباخی و جەلالی و پیران)ی لەشوێنی خۆیان گواستەوە بۆ کرمان، سەخترین ژیانیان رادەبوارد، کێڵگەو جەڵەبی مەڕو ماڵاتیان بەتاڵان برا.
ستەمکاریی شۆڤێنیی ڕژێمی تاران وایکرد، کوردی ئێران پێبنێتە قۆناغێکی تری خەباتو یەکەم ڕێکخستنی حزبی کۆمەڵانی خەڵک دروستبوو بەناوی (کۆمەڵەی ژ.ک) کە حزبێکی نەتەوایەتی بوو، دژی پاکتاوکردنی خاک و ڕەگەز و لەناوبردنی زمان و کەلتووری کوردبوو (٧).

### دامەزراندنی کۆمەڵەی – ژ-ک

کاتێک جەنگی دووەمی جیهان لە ١٩٣٩دا هەڵگیرسا، کورد هیچ بەشدارییەکی نەکرد، بەڵکو هەلەکان لەباربوون کە کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات شتێک بکەن، دەسەڵاتی تاران لاوازبوو، هەستی ئازادیو نەتەوایەتی لەگەشەدابوو، هەموو کوردێک حەزی بەڕزگاربوون دەکرد، تەنها یەک کەسی دەویست بیانجوڵێنێت و یەکیان بخات.
قازی محەمەد کەسایەتیەک بوو، توانی لەحزبی کۆمەڵەی ژ.ک-ەوە، کە لەبیرو بۆچووندا بەرتەسکبوو، بەهەلومەرجی گەل و کات و ساتی نەدەخوارد، قازی بازێکی پێدان و حزبی دیموکراتی پێ دروستکردن.

لە ١٦ / ٦ / ١٩٤٢ دا کۆمەڵێک لەهاونیشتمانیانی کوردی ئێران لەشاری مهاباد دەرچوون، بەجادەی خۆڵدا ڕێگەی ڕەزاییەیان گرتەبەرو لەژێر درەختەکانی باخی (حاجی داود) لەنزیک چەمی (سوج بلاغ) کۆبوونەوە، تیایاندا هەبوو تەمەن (١٩) ساڵ ناوی (ڕەحمان) قوتابی بوو، تیاشیاندا هەبوو (٥٠) ساڵ ناوی (مەلا عەبدوڵلای داودی)و بازرگان بوو، بەهەموویانەوە (١٥) کەس بوون، باسیان لەڕێکخستنێکی سیاسیی حزبی کوردی دەکرد، هیچ تەماع و بەرژەوەندییەکی تریان نەبوو، جگە لەو هەڵوێستە قووڵە نیشتمانپەروەرییەو تێکۆشان بۆ گەلەکەیان، ئەمە جگەلەوەی لەجێی تر (حزبی هیوا)و لەدەرەوەی کوردستانیش (خۆیبیبوون) دروستببوو، ئەم حزبانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبوو، بەڵام ئامانجیان جیاوازبوو، هەرچەندە لەتێکۆشان بۆ کوردستاندا یەکیاندەگرتەوە.

ئەندامانی (کۆمەڵە) یان ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)، بەماوەی (٦) مانگ لەشاری مهاباددا بوون بە(١٠٠)کەس، پڕۆگرامی ناوخۆییان هەبوو، نزیکەی (٥ - ٦ )گرووپ – خانەی حزبییان دروستکرد، ئەندامێتی لای کۆمەڵە کراوەبوو بۆ هەموو کوردێک، لەڕۆژێک لەڕۆژەکانی کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٣دا بڕیار دەرچوو بۆ ١٠٠ ئەندامی کۆمەڵە، کە لەسەر گردی (خواپەرست) لەنزیک مهاباد کۆبوونەوە، لەوێدا (١٣) ئەندامیان بۆ (لیژنەی مەرکەزی) هەڵبژارد کە هەردوو شاعیری گەورەی کورد (هێمنو هەژار)ی تێدابوو، پاشان ئەو دانیشتنەیان ناونا (کۆنگرەی خواپەرست)بەناوی گردەکەوە، وشەی نهێنیان دانا بۆ ئەندامان بەم ڕستەیە (خوداپەرستی شتێکی چاکە)(٨).

بەڵام کۆمەڵە نەیدەتوانی شان بەشانی گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان ڕەوتبکات، نەیدەتوانی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی تازە پێگەیشتوو بکات، چونکە چوارچێوەی کۆمەڵە بەجۆرێک داڕێژرابوو، نەدەکرا پەیوەندیی ڕێکخستنی لەگەڵ گروپو ڕێکخراوو پارتە ئێرانییە غەیرە کوردەکاندا بکات، چونکە نەتەوایەتییەکی کوردیی رووت بوو، نەیدەتوانی بەفراوانی بچێتە ناو جەماوەرەوە، بەحوکمی پێکهاتە سروشتییەکەی کە بەنهێنی کاری دەکرد، جگە لەوانە ناکۆکییەک لەناوخۆی ئەندامانی سەرکردایەتیدا هەبوو، هەربۆیە لەنیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥دا پارچە پارچەبوو و هەڵوەشایەوە(٩). بەڵام هەندێک لەکوردە پێشکەوتنخوازەکان هیوایان نەبڕی، ڕێکخراوێکی تۆکمەترو بەهێزتریان دروستکرد، کە لەڕووی نەتەوەییو سیاسییەوە لەپێشتربوو، بوونی ئەو ڕێکخراوە پێویستییەکی مێژوویی ئەو کاتەبوو، هەر بۆیە لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا (حزبی دیموکراتی کورد) دروستکرا لەسەر هەمان هەوڵی ڕێکخراوە هەڵوەشاوە کۆنەکە (کۆمەڵە)و بەهەمان ئەندامانی پێشوو، بەڵام لەئەندامانی سەرکردایەتیدا هەندێک گۆڕانکاریی ڕوویدا.

## دروستبوونی حزبی دیموکراتی کوردستان

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لەڕوسیا کەسۆڤێتی سۆشیالیستی لێکەوتەوە، بەباوانی گەلانی هەژارو ستەمدیدە لەقەڵەم دەدرا، لەڕاستیدا لەسەرەتاوە هەر وابوو، زۆر لەگەلان دوای مژدەکانیان کەوتن و سوودیشیان لێوەرگرت، گەلی کوردیش چاویان لەو شۆڕشە بوو، زۆریان بەباڵادا هەڵدا، هەرچەند شکستی زۆریان بەدەست بێ پەیمانی و پەشیمان بوونەوەی سۆڤێتەوە خوارد، لەکۆتاییدا جگە لەزەرەر، کورد هیچ قازانجێکی لەسۆڤێت نەبینی.

کۆتایی ساڵی ١٩٤١ (قازی محەمەد) لەگەڵ کۆمەڵێک لەسەرکردە عەشایەریو ناودارە کوردەکاندا، چوون بۆ (باکۆ) بەبانگهێشتی سۆڤێت بەمەبەستی توندکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کورددا، وەفدەکە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان کۆبۆوە، وەفدی کورد (٣٠) کەس بوون، زۆری دەرەبەگەکان بوون، پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی ئەوکاتە وابوو، سەفەرەکە بۆ بینینی سۆڤێتو ڕاگۆڕینەوە بوو، کاریگەریی ئەو سەفەرە وایکرد (کۆمەڵە)ی لێبکەوێتەوە (١٠).

لە ٣ی ئەیلولی ١٩٤٥دا کاتێک ئاهەنگەکانی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، نوێنەرانی کوردستان بانگ کرابوون بۆ (تەورێز)ی پایتەختی ئازەربایجانی ئێران، بۆ بەشداریکردن . هەر لەوکاتەدا لەتەورێز (ژەنەراڵ ئەتاجیکیۆڤ)ی سۆڤێتی لەسەر داوای سۆڤێت، داوای لەنوێنەرانی کورد کرد بەسەرکردایەتی قازی محەمەد کە کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵیدا بچن بۆ سۆڤێت هەتا لێپرسراوانی سۆڤێت ببیننو هەندێک بیروڕا بگۆڕنەوە لەبارەی ئایندەی کوردستانەوە.

## سۆڤێت دەیویست شتێک بۆ کورد بکات






بێگومان سۆڤێت چاودێریی بارودۆخی کوردی دەکرد، دەیزانی ئەگەر دەست لەمەسەلەی کوردەوە بدات، دەتوانێت زۆر لاسەنگیی ناوچەکەی لەلایەن ئێران و بەریتانیا و فەڕەنسا و تورکیاوە بۆ راستبێتەوە، حەزی دەکرد ئەگەر بەرژەوەندییەکانی بهێڵن و هێزە ناوچەییەکانی لێ راست نەبنەوە، شتێک بۆ کورد بکات، ئەوە ئامانجی بانگێشتەکەی بوو بۆ کورد.

ئەم دوو سەفەرەی دوایی بۆ تەبرێزو باکۆ، لەعەقڵیەتی کوردی ئێرانی زۆر گۆڕی، بینیان حزبی دیموکراتی ئازەربایجان زۆر کراوەو لەبەردەم جەماوەردا بەگشتی فراوانبوو، بەرتەسک نەبوو، چونکە (کۆمەڵەی ژ.ک) داخراوبوو لەبەردەم جەماوەری کورد و پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، جگە لەچینێکی کەم لەجەماوەر، کەسی تری نەدەگرتەوە! نوێنەران لەتەبرێزو باکۆ زۆر شتی تریان بینی و پرسیاری وردیان کرد، لەوێ ئامۆژگاریی کران و بینیان لەئاهەنگی دامەزراندنی (حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی)دا هەموو چینەکانی جەماوەر بێجیاوازی لەنیشتمانپەروەران و رۆشنبیران و دەرەبەگ و بازرگان و جوتیارو سیاسەتمەداران و زانایانی ئیسلامی بەحەماسەوە بەشدارن، هەرهەموو بۆ یەک مەبەست هەوڵ دەدەن. لەوێدا رایان گۆڕدرا، زۆر بابەتیان بۆ ڕوونبۆوەو گۆڕانکارییان لەمەغزدا بۆ دروستبوو، دوای ڕاگۆڕینەوەو وتووێژ، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٥دا قازی محەمەد پێشنیازیکرد کە ئەو ڕێکخراوە نهێنییە بگۆڕن بەحزبێکی سیاسی و وەک ئەوەی ئازەربایجان ناوی بنێن (حزبی دیموکراتی کوردستان)(١١) ، هەندێکی تر لایانوایە دوای ئەو مێژووە بڕیاری دامەزراندنی ئەو حزبە دراوە(١٢). ئەوەتا (جیغالینا) دەڵێت: رەنگە (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەکۆتایی ١٩٤٥دا دامەزرابێت، بەهۆی کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی ئازەربایجانی دراوسێی(١٣)، چونکە جووڵانەوەی نەتەوایەتی لەوێ پێشکەوتووتربوو، زیاتر لەوەی کوردستان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای ئابووریی دامەزرابوو لەوەی کوردستان بەهێزترو پتەوتربوو، بەهۆی دراوسێیەتیان بەئازەربایجانی سۆڤێتەوە، ئەمە جگەلەوەی سوپای سۆڤێت، لەوێ هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە سۆڤێت زۆر هۆی سەرکەوتنیان بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان ئاسانکرد، چاپخانەیەکیان پێبەخشین و یاریدەیان دان و ڕێنماییان کردن لەکاری ڕێکخستنی حزب و جەماوەردا.

ئەمانە هەموو وایان کرد کەحزبێک دروستببێت کە هەموو چینەکانی جەماوەر لەخۆبگرێت و لەئاستی ڕووداوەکانی رۆژگارو بتوانێت لەگەڵ ڕووداوە پەلەکاندا رێبکات و پێیان بگاتەوە.

### داوای دەوڵەتی کوردی کرا

لەسەفەری نوێنەری کورد بۆ سۆڤێت، داوا لەسەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان لە (باکۆ)کرا کە سۆڤێت هەوڵبدات بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی و یارمەتیی ماددی و سەربازییان بدات.(١٤)، دیاربوو سۆڤێت پەیمانی پێدابوون، هەربۆیە بەگەڕانەوەیان ڕێکخراوی کۆمەڵەیان هەڵوەشاندەوەو حزبێکی فراوانتر لەبیرو بۆچوون، روانگەی دوورو جەماوەری فراوانتردا کە هەموو چینەکان لەسەر یەک سفرە کۆبکاتەوەو پاشەڕۆژی بزاڤی کوردی بەڕوونتر تیایدا دیاربێت بێتەدی، هەربۆیە (حزبی دیموکراتی کوردستان)یان دامەزراندو بەیاننامەی یەکەمیان راگەیاند کە (٧١) کەسایەتی کورد ئیمزای لەسەر کردبوو (١٥)، زۆربەیان لەئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک بوون، زۆریش لەکەسایەتی چینە جیاجیاکانی تێدابوو (٢٤) دەرەبەگو خاوەن زەویوزار (١٨) بۆرژوازیی بچووک، (٩) رۆشنبیر، (١٤) زانای ئاینی، جگەلەوە قازی محەمەد قازی شاری مهاباد کرا بەسەرۆکی حزب، ئەویش لەکۆنگرەی یەکەمدا دیاریکرا کە لە ٢٥ / ١٠ / ١٩٤٥ بەستراو نوێنەرانی هەموو لقو ڕێکخستنەکان تێیدا بەشداربوون، پاشان بەرنامەی حزب و پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکرا کە لەچوار بەش پێکهاتبوو، دابەشببوو بەسەر (٢٤) مادەدا، کە مادەی دووەم مەبدەئی (شەرعیەت، دادوەری، شارستانی) هەڵگرتبوو.

### خواستەکانی کورد لەهەشت خاڵدا

لەبەرنامەکەدا داوای (مافی کورد لەچوارچێوەی ئێراندا، لەرێگەی دامەزراندنی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی لەکوردستاندا بەجۆرێک کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵکیدا بگوونجێت کرابوو، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو کۆمەڵە عەشایەری‌و ئایینییەکان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنی گەل‌و حزب داواکارییە بنەڕەتییەکانی بۆ گەلی کوردستان لەهەشت خاڵدا کورتکردبۆوە ، پاشان ئەوانەی بەرنامەی کاریان دیاریکرد، کارەکانیان بۆ جێبەجێکردن بەجۆرێک ڕێکخستبوو، بۆ

دابەزاندن و کارپێکردنیان، کە هیچ کەس زویرو نارەحەت ناکات، ئاسانەکانیان پێش خستبوو و توندەکانیان دواخستبوو، هەندێک پێیانوایە کە زیاتر بەرنامەکان لەبەرژەوەندیی دەرەبەگو بۆرژوازبوو، هەتا جوتیارو ماندووەکان، ئەوە هەبوو، بەڵام جێبەجێکردنەکان وارێکخرابوو هەتا دڵی هەموولا رازیبکاتو زۆر دژ نەبێت بەو سروشتەی کە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بەندبووە، دەنا (کۆمەڵە) کە شکستی هێنا، هۆی چیبوو؟ جگەلەوەی کە توند دەجولایەوە لەبەرامبەر دەرەبەگ و بۆرژوازی و گرووپە ئایینیەکان! یان دەڵێن بەرنامەکە هیچ پێشکەوتنخوازییەکی پێوە دیارنەبوو، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆنگرەی یەکەم هەر ئەوەندەی بۆ دەستەبەر دەکرێت، ئەگەر فرسەتیان هەبوایە دەتوانرا لەکۆنگرەکانی داهاتوودا گۆڕانکاریی گەورە رووبدات، چونکە هەر هەنگاوی یەکەم و گواستنەوە لەبیرۆکەی (کۆمەڵەی ژ.ک) بۆ بیرۆکەی (حزبی دیموکرات) هەستکردن بوو بەو هەنگاوە نوێیانە کە چاوەڕوانی لەوە پێشکەوتووتریشی لێدەکرا، (کۆچێران) دەڵێت: بەرنامەی حزب بەرنامەیەکی نیشتمانی بوو، هیچ شتێکی شۆڕشگێڕیی تێدا نەبوو، تەعبیری لەئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی حزبی نویٚ دەکرد (١٦). بەڵام (عەبدولڕەحمانی قاسملو) دوای (٤٠)ساڵ کە بەرنامەی ئەو حزبەی هەڵسەنگاند، واتە (حزبی ١٩٤٥)و وتی:(ئەو هەشت بەندەو داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دوای چل ساڵ هەمان داوای ئێمەیە، چونکە ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) چوارچێوەیەکە بۆ ناو کرۆکی مافی چارەی خۆنوسین (١٧)و داواکردنی داننان بەزمانی کوردیداو کردنی بەزمانی خوێندن، یارمەتی پێگەیاندنی رۆڵەکانی گەل دەدات لەسەر زمانی دایکیان، کە ئەوەش هۆیەکی گەورەیە بۆ پێشکەوتنی رۆشنبیریی نەتەوایەتیو برەوپێدان). بەردەوام زمان یەکێکە لەلایەنە بەهێزەکانی چەسپاندنی پێناسەی نەتەوایەتی، هەر ئەوەیە کە حکومەتەکان هەتا ئەمڕۆش هەوڵدەدەن لەو ڕێگەیەوە زاڵبین بەسەر بوونی نەتەوەیی لەڕێگەی زاڵبوون بەسەر زمانی نەتەوەییدا.

### سنووری حوکمی زاتییەکە دیارینەکرابوو

دەڵێن بەرنامەکە زۆر گوێی بەسوپا نەداوەو سنوورەکانی روون نییەو سنووری حوکمی زاتییەکە دیارینەکراوە. هەر ئەوەش بووە کە ناجۆرییەک لەنێوان حکومەتی مهابادو ئازەربایجاندا هەبووە.

بەڵام چاکەی زۆرو لایەنی سودمەند لەبەرنامەکەدا هەبووە، لەهەموو روویەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسی و رۆشنبیرییەوە، کە رەنگە لەمێژووی کورد دا وێنەی نەبووبێت، چونکە زۆربەی پێکهاتەکەیان لەسەر حزبی دیموکراتی ئازەربایجان داناوە، تەنانەت لقی ژنانیان کردبۆوە بەسەرۆکایەتی ژنی قازی محەمەدو لقی لاوانی دیموکراتی کورد کرابۆوە بەسەرۆکایەتی عەلی خوسرەوی و سەرکردایەتی فراوانکرد بەپێکهێنانی (مەجلیسی باڵا)کە لە (١٢) ئەندام پێک هاتبوو(١٨).

رۆژنامەکان شتی سەیریان بڵاودەکردەوەو گرفتی ئاڵۆزیان چارەدەکرد، کە رۆشنبیران حەزیان دەکرد لایان روونتربێت وەک «شۆسیالیستی مانای چیە ؟ شۆسیالیستی زانستی ، ئازادیی ، راپەڕینی کوردان و زمان و ئەدەبی کوردی و زۆرشتی تر(١٩). ئەگەر ئەمە دەلالەت لە شتێک بکات هەر ئەوە بە دەستەوە دەدات کە پێشکەوتنێکی فکری و سیاسی و نەتەوایەتی لەبزاڤی رزگاریخوازی ئەوکاتەدا بۆتە پرسیارو پێویست بەوەڵامی رۆشن دەکات.

### پێکهاتنی کۆماری مهاباد

کاتێک کە لە ٤ / ٩ / ١٩٣٩دا جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، ئێران بێلایەنیی خۆی راگەیاند، کاتێکیش کە جەنگی نێوان ئەڵمانیاو روسیا لە ٢٦ یۆلیۆی ١٩٤١ روویدا، بێلایەنیی خۆی لەوەش راگەیاند، بەڵام ئەڵمانیا هەر بەلایەنگری خۆی دەزانیو سوودی باشی لێدەبینی، ئەمەش دوودڵیی بۆ بەریتانیاو روسیا دروستکردبوو، داوایان لەئێران کرد کە ئەڵمانییەکان دەربکات، ئێرانیش وتی: « ئەم دەرکردنە دژی بێلایەنییە، ئەمە چاری نەبوو، لە٢٥ی ئۆگۆستۆسی ١٩٤١دا سوپای روس بەرەو باکووری ئێران هات (٢٠)، سوپای بەریتانیاش لەباشوورەوە سەرکەوت، روسەکان هەتا شاری سنە هاتن، بەریتانیاش گەیشتە کرمانشا، سوپای ئێران بەرگرییەکی خوێناوی کرد دژی روسو بەریتانیاو سێ رۆژی خایاند، بەڵام بەوە کۆتایی هات کە رەزاخانی پادشای ئێران وای






بەچاکزانی بۆ پاراستنی وڵات و خێزانی پەهلەوی لەئێراندا، واز لەعەرشی دەسەڵات بهێنێت بۆ حەمە ڕەزاخانی کوڕی، هەربۆیە لەسێیتەمبەری ١٩٤١دا ڕەزاخان تارانی بەجێهێشت و روویکردە ئەسفەهان و کۆشکی شاهانەی دایە دەست محەمەدی کوڕی، وتارێکی وازهێنانی بەجێهێشت بۆ سەرۆک وەزیران (لەعلی خان) کە بیخوێنێتەوە. محەمەد ڕەزا لەگەڵ بەریتانیاو روسیا ڕێککەوتنیان لە ٢٩ی یەنایەری ١٩٤٢دا مۆرکرد، وا بڕیاردرا هەتا شەش مانگی تر سنووری ئێران چۆڵبکەن، لەدوای کۆتایی جەنگی ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکان.

### تودە لەئێران، ژ.ک لە کوردستان

هێرشی روسیا بۆ ناوچە کوردییەکان، هیوایەکی روونی بەخشییە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو ناوچەیەداو جووڵەی رزگاریخوازی کوردی هەستانەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لەکوردستان لاوازبوو، زۆر لەسەربازە ئێرانییەکان لەکوردستان هەڵهاتن و سەربازگەکانیان چۆڵکرد، چەکو جبەخانەیەکی زۆر کەوتە دەست کوردەکان، جگەلەوەی زۆر لەناودارو سەرکردە عەشایەرە کوردەکان کە دوورخرابوونەوە بۆ تاران لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاخاندا، ڕێگەیان پێدراو گەڕانەوە ناو خێڵەکانیان، لەم کاتەشدا بۆشاییەکی دەسەڵات لەناوچەکەدا هەبوو، کە ئەوەی لای کوردەکان دروستکرد بۆخۆیان پڕی بکەنەوە.

کە محەمەد ڕەزاخان ساڵی ١٩٤١ هاتە سەر دەسەڵات، ڕێگەی بەپارتە سیاسیەکان دا کاری خۆیان بکەن، ئەوانیش کەمبوون، بەهێزترینیان حزبی (تودە) بوو لەسەر ئاستی ئێران و کۆمەڵەی ژ.ک بوو لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام دەسەڵاتی خێڵایەتی لەکوردستان و ئازەربایجاندا زاڵبوو، هەربۆیە ئاژاوەگێڕیی بڵاوەیکرد، ئەمەش وایکرد کە سوپای روسیا ڕێگە بدات بەهێزەکانی شاهەنشای ئێران بجووڵێت بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی روسیا لەخاکی ئێراندا، بەتایبەت ناکۆکیی کوردەکان لەناوچەی ورمێ.

### پێشەوا قازی بازێکی پێدان

سوپا زۆر ناوچەی گێڕایەوە جگە لەشاری مهاباد، چونکە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی ئارامی تێدابوو، بەلێهاتوویی چەند کەسایەتیەک وەک شێخ حەمەڕەشید و قازی محەمەد کە خاوەن دەسەڵات و بەڕێز بوون لای سەرۆک خێڵەکان و کۆمەڵەی ژ.ک. بەڵام لەناوچەکانی تر راوڕووت و ڕێگریی و بێدەسەڵاتییەکی مەرکەزی هەبوو، سەرانە لەکاروانچیان و خەڵکی تر وەردەگیرا، سەرەتا ساڵی ١٩٤١ حەمە رەشید خان هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کوردی و زاڵبوو بەسەر شاری مهاباد و ناوچەی سەقزو بانە دا، بەڵام سوپای شا بەئاسانی راوینراو ساڵی ١٩٤٢ هەڵهات بۆ عیراق و لەوێ گیرا، بەڵام ساڵی ١٩٤٩ بە (٢٠٠) چەکدارەوە بەرە و کوردستانی ئێران هاتەوە، بەڵام سوپای ئێران بەتەواوی ناوچەکانی گرتەوە(٢١).

### کۆبوونەوە بۆ ئۆتۆنۆمی

دەسەڵاتی تاران هەر لاوازبوو بەکەمترین هێز دەتوانرا پاشاکشەیان پێبکەن. هەستی ئازادیی و نەتەوایەتی لەگەشەدابوو، هەموو کەس حەزی بەرزگاربوون دەکرد، بەڵام کەسێکی حەکیمو زاناو شارەزاو سیاسی دەویست کۆیان بکاتەوەو مەبەستەکانیان لەسەر خاڵێک یەکبخات، ئەوەبوو قازی محەمەد لەکۆمەڵەی ژ.ک-ەوە بازێکی پێدان بۆ حزبی دیموکرات ،کوردی زیاتر سەرقاڵی سیاسەت کرد، بیریان بۆ ئەوە چوو کە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن و ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە هەیە، بەنهێنی ٢٠ کەس لەبەرزترین پیاوانی شاری مهاباد لە٢١ی یەنایەری ١٩٤٦دا لەفراوانترین مزگەوتی مهابادا کۆبوونەوە بۆئەوەی قسە لەسەر ئۆتۆنۆمی بکەن، بڕیاریاندا ئەو ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆیان و کۆبوونەوەیەکی گەورە لەمەیدانی چوارچرای شاری مهابادا سازبکەن، ئەوەبوو لە ٢٢ی یەنایەری ١٩٤٦دا ئەو کۆبوونەوەیە کرا ، خەڵکی بەنهێنی و ئاشکرا ئاگادارکران کە لەو جێگەیە ئامادەبن، هەموو شار بەئاڵای کوردستانو دروشمی نەتەوایەتی رازایەوە، هەرچی پێی هاتنی هەبوو گەیشتبوونە شوێنی دیاریکراو، لەخەڵکی شارو خەڵکی عەشایەرو کۆمەڵەی ژ.ک-ی کۆن و دیموکراتی نوێ و






بەئامادەبوونی لیژنەی مەرکەزی کۆمەڵەی ژ.ک و هەموو ئەندامان و سەرکردایەتی و دەسەڵاتی باڵای دیموکرات و چەندین کەس کەنوێنەرایەتی عەشایرەکانی مامش و مەنگوڕ و جاورگ و راوەندو هەرکی و بەگزادەو بارزان و شکاکی و جەلالی و زۆری تر.

پێشەوا کۆمار رادەگەیەنێت

قازی محەمەد لەسەر تەختی سەکۆکە وەستاو بەیاننامەیەکی خوێندەوە و باسی مافی چارەنووسی گەلانی کردو پاشان چووە سەر پێکهێنانی کۆماری کوردستانی دیموکراتی لەناو قەوارەی ئێراندا (٢٢)و بەوەی کە کورد نوێنەری گەلێکەو لەسەر خاکی خۆیان دەژین و بەشدارە لەگەڵ گەلانی تردا و مافی ئۆتۆنۆمی هەیە. باسی یارمەتییەکانی سۆڤێتی کرد لەڕووی مادیو مەعنەوییەوە، پاشان سڵاوی ناردو پیرۆزبایی کرد لەئازەربایجانە براکانیان کە سەربەخۆیی خۆیان چەسپاندو یارمەتیی کوردیان داو کوردیش لەسەرێتی یاریدەیان بدات. کە لەوتارەکەی بۆوەو لەسەکۆکە دابەزی (٣٠٠) چەکدار بەتفەنگەکانیان تەقەیان کرد وەک سڵاوکردن بۆ سەرۆک کۆمارەکەیان، ئەوە یەکەمجاربوو کە ناوی کۆماری مهاباد و ئاڵای کورد لەسەر خانووە بەرزەکان و شاخە بەرزەکان بشەکێتەوە، ئەمەش بەرهەمی هەوڵێکی دووربوو، دوای راگەیاندنی دەوڵەتەکەیان، دەستکرا بەپێکهێنانی حکومەتەکە کە پێکهاتەی ئەمڕۆی هەموو دەسەڵاتێک هەر ئەوە دەخوازێت، لە ٥ / ٢ / ١٩٤٦دا قازی محەمەد (١٠) کەسی لەئەندامانی لیژنەی مەرکەزی بانگکرد بۆ (مەڵبەندی بازرگانیی کوردی- روسی)، دەستیانکرد بە راگۆڕینەوە بۆ دروستکردنی پێکهاتەی حکومەت، دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردو تاوتوێکردنی لیستی کاندیدەکان، قازی محەمەد دەسنیشانکرا بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، دوای شەش ڕۆژو لە ١١ / ٢ / ١٩٤٦دا پێکهێنانی حکومەت لە (ڕۆژنامەی کوردستان )دا راگەیەندرا، قازی محەمەدو هەموو وەزیرەکان سوێندیان خوارد کە دڵسۆزبن بۆ کۆمارو کاری خۆیان بەباشی بکەن(٢٣)، وەزیرەکان بەزۆری لەئەندامانی لیژنەی مەرکەزی حزبی دیموکرات بوون ، دوای ئەوان لەچینی دەرەبەگو سەرۆک خێڵەکان و پیاوانی ئاینی و چینی بۆرژوازی بوون.

پێکهاتەی حکومەتی کۆمارەکە

١- حاجی بابا شێخ - سەرۆک میللی کوردستان- یان (سەرۆک وەزیران) یەکێکە لەپیاوە ئاینییە بەرزەکان.
٢- محەمەد حسێن سەیف قازی -وەزیری بەرگری – خاوەن زەوییوزار (مەڵلاک).
٣- مەناف کەریمی- جێگری سەرۆکو وەزیری مەعاریف – تاجرو مەڵلاک.
٤- سەید محەمەد ئەیوبیان- وەزیری تەندروستی -خاوەن سەیدەلی.
٥- عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە- وەزیری دەرەوە -مەڵلاک.
٦- ئەحمەد ئەلاهی -وەزیری ئابووری- بەزاز.
٧- ئیسماعیل ئیلیخانی زادە-وەزیری رێگاوبان- مەڵلاک.
٨- خەلیل خوسرەوی- وەزیری عەمەل- بازرگان.
٩- کەریم ئەحمەدین – وەزیری پۆستو تەلەگراف- کارمەندێکی گەورە.
١٠- حاجی مستەفا داودی- وەزیری بازرگانی تاجرێکی گەورە.
١١- مەلا حسێن مەجدی – وەزیری داد – پیاوی ئاینی.
١٢- محمود وەلیزادە – وەزیری کشتوکاڵ- بەزاز.
١٣- سدیق حەیدەری- وەزیری ڕاگەیاندن.
١٤- محەمەد ئەمین معین – وەزیری ناوخۆ – تاجر.

١٥- شێخ محەمەد بورهانی- ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار- پیاوی ئاینی.

١٦- محەمەد خان شکاک- سەرکردەی گشتیی سوپا- مەلاک.

١٧- مەحمود ڕەهانی- ڕاوێژکاری دەوڵەت.

٢٧ / ٣ / ٢٠١٣

## بەبۆنەی ٦٧ ساڵەی یادی کۆماری مهابادەوە هەوڵەکانی قازی محەمەد بۆ دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان

### بەشی دووهەم

قازی محەمەد وەزیری دەرەوەی دانا، بە پێچەوانەی ئازەربایجان، چونکە حکومەتی ئازەربایجان دەڵێت: پێویستمان بەوەزیری دەرەوە نییەو نامانەوێت جیاببینەوە لەئێران و بەشدارین لەدەسەڵاتی مەرکەزیدا، بەڵام قسەی وا لەدەمی قازی محەمەدەوە دەرنەچوو، هەرچەندە ڕایگەیاند کە ئەوان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و نیازی جیابوونەوەیان نییە (٢٤)! دیارە قازی مەبەستێکی تری هەبووە بەرزتر لەئۆتۆنۆمی، هەندێک دەڵێن لەزەینی قازی محەمەددا هەبووە مهاباد بکاتە ناوکێک بۆ بازرگانیکردن و بەستنەوەی ناوچەکانی تری کوردستان پێکەوە، هەرچەند قازی محەمەد لای ڕۆژنامەکانی دەرەوە دەیگوت هیچ پەیوەندییەکمان بەکوردی پارچەکانی ترەوە نییە، بەڵام بوونی ئاڵا کە خۆرێک لەناو دوو گوڵە گەنمی زەردداو لەسەرییەوە نووسرابوو کۆماری مهاباد، هەڵکردنی ئاڵاو سەلام خوز بۆ سەرۆک کۆمارو هەڵواسینی نەخشەی کوردستانی گەورە لە پشت سەری قازی محەمەدەوەو بەکارهێنانی ناوی کۆمار هەرهەموو مانای تری هەڵدەگرت. هەروەک قاسملو دەڵێت: «ئەو دەوڵەتە کوردییە مەبەستەکانی بەتەواوی و ئاشکرا دیاری نەکردبوو، هەروەک بڵێیت قازی خۆی بۆ هەلێکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی و ناوچەیی هەڵگرتبوو، دەنا هەموو جار دەیگوت: ئامادەم بچمە تاران بۆ وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران.



### بەبێ شەڕ ناوچەکەی درا بەدەستەوە

ئەوکاتە سنووری کۆمارەکە کەم بوو، پاشان چەند ناوچەیەکی گرنگی هاتەسەر، جەماوەری ناوچەی موکریان پێشوازییان لەهەڵکردنی ئاڵای کوردستان کرد بەسەر شارو گوندەکانیانەوە، بەڵام (حمە ئاغای سەرا) کە دەرەبەگێکی سەر بەتاران بوو، وای نەکرد، (حەمە ڕەشید خانی بانە)ش ئەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕەی ناوچەی بانەو پێنجوێن بوو، کە لەساڵی ١٩٤١-١٩٤٤دا دەسەڵاتێکی خۆجێیی لەناوچەکانی (بانە، سەقز، سەردەشت، مەریوان و دیواندەرە) دامەزراندو پاشان لەبەردەم هێزەکانی تاران و خۆفرۆشانی خێڵە کوردەکاندا شکاو گەڕایەوە ناوچەی (شلێر) لە پێنجوێن. بەڵام دوای دامەزراندنی کۆمار جارێکیتر بە (٣٠٠) چەکدارەوە بەرەو مهاباد کەوتەڕێ بۆ پشتگیریی قازی محەمەد، لەڕێگەیدا نامەی بۆ مهاباد نارد بۆ پشتگیریی، قازی وەڵامی دایەوە کە چاوەڕوانی وەڵامی تربێت تا بڕیاردەدەین، هەندێک دەڵێن : ویستویەتی پرسوڕا لەگەڵ روسیادا بکات.

لە ٥ / ٢ / ١٩٤٦ دا قازی محەمەد فەرمانی دا بەسەر حەمە ڕەشیدخان دا هێزی بردو داوای لە(حەمەئاغای سەرا) کرد کە سەر بەتاران بوو، وازبهێنێت یان پشتگیریی کۆماری مهاباد بکات، (حەمە ئاغای سەرا) بەبێ شەڕ ناوچەکەی دایە دەستەوە، بەمەرجێک ڕێگەی بدەن ناوچەکە چۆڵ بکات، قازی محەمەد

وەزیری ئابووریی و راگەیاندن و ئەفسەرێکی روسی نارد بۆ سەرا تا ناوچەکە ببینن، بەمجۆرە سنووری کۆمار گەیشتە سەقزو بانەو سەردەشت.

## هێزێکی ٣٥٠٠ کەسی

قازی (١٠) دەمانچەو (١٠) تفەنگی بەدیاری نارد بۆ حەمە ڕەشید خان و میوانداریی کرد بۆ مهاباد، لەنووسینگەی پێشەوا پلەی جەنەراڵ پێشکەش بەحەمە رشید خان کراو کرایە فەرماندەی هێزەکانی بۆکانو دەوروبەریو سەراو هێزێکی (٣٥٠٠) کەسی خرایە ژێر دەسەڵاتییەوە (٢٥).

بەمجۆرە سنووری کۆمارەکە گەیشتە (مهاباد، شنۆ، میاندواو، سەردەشت، بانە، سەقز، سنە). بەم پێیە کوردستانی ئێران بوو بەسێ بەشەوە ، ناوچەی باکوور، کە پایتەختی تەورێز بوو سەر بەحکومەتی ئازەربایجان بوو. حکومەتی مهاباد، کە هەردووکیان لەژێر نفوزی روسیادا بوون، بەڵام بەشی سێیەم لەباشوور، کەبەزۆری لەکرمانشاو خێڵەکانی دەوروبەری سەر بەحکومەتی تاران بوون کە سەندیکای کرمانشاو خێڵەکانی خۆرئاوا یان دروست کردبوو، هەندێ داواکارییان هەبوو، هەروەها خەڵکی مازندەرانیش بەکوردەکانیشییەوە داواییان لەدەوڵەت کرد داواکانیان جێبەجێ بکات، ئەم جموجوڵانە ئاژاوەی لەئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراندا دروست کرد، هەندێک نوێنەر داوایان کرد داواکاریی ئەو گەل و هۆزو ناوچانە جێبەجێبکرێت.

## مەلا مستەفاو هێزەکەی

لەگەڵ ئەوانەشدا حکومەتەکەی مهابادیش زیاتر خێڵەکی زاڵبوو بەسەریدا هەتا حزبی، زۆر سەرۆک خێڵ کاری خۆی دەکرد بەبێ گوێدانە بڕیاری پایتەخت (مهاباد)، قازی محەمەدیش کردارەکانی بە پرسوڕابوو بەسەرۆک خێڵەکان، بەتایبەت زۆر پرس بەعومەر خانی شکاک و رەشید بەگی هەرکی و مەلا مستەفای بارزانی دەکرد، پاشان سوپایەکی بۆ کۆمارەکە دروستکرد کە جیابوو لەچەکدارەکانی کە سەر بەخێڵەکان بوون. لە کۆتایی مارسی ١٩٤٦دا، چوار جەنەراڵی دامەزراند بۆ سەرکردایەتیی سوپای مهاباد کە (سەیفی قازی و عومەر خانی شکاکو حەمە رشید خانی بانەو مەلا مستەفای بارزانی بوون) کە مەلا مستەفا بەهێزترینیان بوو کە (١٢٠٠) سەربازی ئازای هەبوو و (١٢) ئەفسەری کوردییان دامەزراند کە لە کوردی عیراق بوون و لەسوپای عیراقدا بوون و سەر بەمەلا مستەفا بوون، بەرگی تایبەتیان کرد بۆ سەربازەکان، کۆمارەکە ئارام بوو، خوێندن بەکوردی بوو، چاپخانە دانرا، رۆژنامەی رۆژانە و گۆڤاریان بڵاوکردەوە بەناوی (هاوار، ئاگر، هەڵاڵە، کوردستان) نوێنەری رۆشنبیرییان نارد بۆ روسیا، قوتابیان نارد بۆ خوێندن لەزانکۆی تەبرێز، (یەکێتیی ژنان)و (لاوان) یان دامەزراند، بازرگانییان لەناوخۆو دەرەوە گەرم کرد، (سەندیکای کرێکاران) کرایەوە، ئافرەتان لەکاری سیاسییدا ئازادبوون، کاری شانۆو هونەر کرایەوە، ئەم هەموو شتە نەگەیشتە ئەنجامێکی وا بەهۆی تەمەنی کورتی کۆمارەکەوە.

## پیلانی زلهێزان و کۆتایی کۆمار

بارودۆخی ناوچەکە گۆڕدرا، لە پڕێکدا روسەکان لەکوردستان و ئازربیجان لەمانگی مایسی ١٩٤٦ دا کشانەوە، هەر دوابەدوای ئەوە قازی محەمەد لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦دا بەئامۆژگاریی سۆڤێت خۆی گەیاندە تاران بۆ وتووێژ لەگەڵ تاران، بەڵکو بگەنە ئەنجامێک، ئێرانییەکان وتیان دەتوانن کوردەکان یەک پارێزگایان هەبێت و حاکمێکی گشتی حوکمی بکات کە ئێران دایبنێت ، کە قازیی هەر خۆی دەبوو، قازی دڵی بەلای ئەو رایەوە بوو، بەڵام سۆڤێت رازی نەدەبوو بەشتێکی لەوجۆرە، لەباڵیۆزخانەی سۆڤێت قازی محەمەد بەرگوێی کەوتبوو کە رازیبوون بەو پێشنیازە خیانەتە لەئازەربایجان و پێناچێت روسیا پێی رازی بێت، چونکە کۆماری مهاباد بەیارمەتیی سۆڤێت هاتبووە ئاراوە، قازی محەمەد نەیدەتوانی بەرەنگاری بێتەوە. هەربۆیە قازی لەتاران بەدەستی خاڵی گەڕایەوە (٢٦).

## دەستبەسەردا گرتنەوەی مهاباد

جگە لەوە قوام السلطنة (سەرەک وەزیرانی ئێران) دیپلۆماسییەکی زۆر زیرەکو لێزان بوو، زانی کوردەکان بەبۆچوونەکە رازی نین، لە ١٩ی تشرینی یەکەمی






١٩٤٦دا وەزارەتێکی نوێی پێکهێنابوو نەیارەکانی لابردبوو، هەر خێرا دەستیکرد بەپەلاماروگێڕانەوەی دەسەڵاتی ئێران بۆ ناوچەکان، ئەوەبوو لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦دا چووە تەبرێز، پاشان (جەنەڕاڵ ڕوزمارە) و (مقدم ئەسغەر فیوزی) نارد بۆ مهاباد بۆ راگۆڕینەوە لەبارەی گێڕانەوەی دەسەڵات و تەسلیمکردنەوەی هەموو چەک و جبەخانەکان کە خێڵە کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو،

کوردەکان سەری دنیایان لێ هاتەوەیەک، ئێرانیش بەپەلەو لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦دا چووە ناو مهاباد (٢٧) ئەم کۆمارە (١١)مانگ بەردەوام بوو، بەفێڵێک قازی محەمەد و نوێنەری مهاباد لەپەرلەمانی تاران سەدری قازی و وەزیری بەرگری حەمە حسێن سەیفی قازی، دەستبەسەرکران، خۆی و گیراوەکانی لەشانۆییەکی سازدراو دا دادگایی کران، لە ڕۆژی ٢ / ١ / ١٩٤٧ حوکمی لەسێدارە دانیان بەسەردا درا، لەشەوی ٣٠ | ٣١ / ٣ / ١٩٤٧ لەمەیدانی چوارچرای شاری مهاباد، هەر لەو شوێنەی کە کۆماری مهابادی تێدا راگەیەندرا، هەڵواسران.

قازی دەیتوانی هەڵبێت، بەڵام وتی: خۆم ناشارمەوە، لەوانەیە ژیانی من ببێتە قوربانی هاووڵاتیان و باری گران و تۆقاندنیان کەم بکاتەوە (٢٨).

هەزار سڵاو لەگیانی پاکت ئەی ئەو کەسەی کە گیانی خۆت کردە قەڵغان، هەتا هاووڵاتیانت زەحمەتیان لەسەر کەمبێتەوە. خۆی کردە قوربانی میللەت.

### وەڵامی قازییەکان بۆ دادگای ئێران

قازی محەمەد کوڕی قازی عەلی، زاناو نیشتمانپەروەر بوو، لەساڵی ١٩٠١ لەشاری مهاباد لەدایکبووە، لەحوجرەی مزگەوتەکانی شاردا فەقێیەتی تەواوکردو بووە زانایەکی تێگەیشتووی لێهاتوو، ڕووناکبیرێکی هۆشیاربوو، پاشان بووبە بەڕێوەبەری (مەعاریفی قوتابخانەی میری شاری مهاباد). هاندەری خەڵک بووە بۆ خوێندنو زانست.

کە قازی عەلی باوکی کۆچی دواییکرد، قازی محەمەد بووبە جێگرەوەی باوکی و کرایە (قازیی مهاباد)، لێرەش ناوبانگی ئیسڵاح و دادپەروەری بڵاوبۆوە، ڕۆشنبیرێکی وابوو، زمانی کوردی و فارسی و تورکیو ئازەری و عەرەبی بەخوێندنەوەو نووسین زانیووە، جگە لەوە بەزمانی روسی و فەڕەنسی و ئینگلیزی قسەی کردووە. سەرەتا ئەندامی (کۆمەڵەی خۆیی بوون) بوو، پاشان بووە ئەندامی (کۆمەڵەی ژ.ک).

پاشان لە (کۆنگرەی یەکەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بەسەرۆکی حزب هەڵبژێردرا، پاشان لەکۆماری مهابادا بەسەرۆک کۆماری مهاباد هەڵبژێردرا. لەشەوی (٣٠ | ٣١ / ٣/١٩٤٧) دا لەسێدارە درا.

### ناوەڕۆکی بەشێک لەدادگاییەکە

دەربارەی دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەدو سەیفو سەدری قازی گەلێک وتراوەو نووسراوە، هەندێک مێژوویان شێواندووەو بۆ بەرژەوەندییان دایانڕشتووە، هەیشە شەونخونی کێشاوەو بەدوای ڕاستیی ڕووداودا گەڕاوە، سەروان (کیومەرس ساڵح)(٢٩) هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران، کە خۆی لەدادگایی کردنەکەدا ئامادەبوو، دەقی دادگایی کردنەکەی وەک وێژە نامەیەکی تایبەت چاپکردووە بەمەبەست، تا بەسەر ئەفسەرانی گەورەی شای ئێراندا بەنهێنی دابەش بکرێت، لەژمارەی تایبەتی (تاج کیانی) لە (ستاد) بنکەی ناوەندیی فەرمانداریی ئەرتەش ئەرشیف کراوە، هەر لەژمارەکانی (ماهنامە)دا، نامەی وەفاداریی دڵسۆزی زۆری سەرۆک هۆزەکانی کورد لەناو کۆماری مهابادا کە بەنهێنی بۆ شای ئێران نێردراوە، بڵاوکراوەتەوە. لەهەموی سەیرتر نزیکەی (١٧) نامەی عومەر خانی شکاک، فەرماندەی هێزی لەشکری کۆماری مهاباد، لەسەقزو دەوروبەری نێراوە بۆ شا، بۆ دڵنیاییکردنی شا لەدڵسۆزیو مل کەچییان، تەنانەت نامەو ڕاپۆرتی عەلییار سەرداری دیبۆکری کە نهێنییەکانی ناو کۆماری ناردووە بۆ شاو لەنامەیەکدا چۆنێتی چوونیان لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەددا بۆ باکۆو ئازەربایجانی ڕوسیاو کۆبوونەوەکانیانی بێ کەموکوڕیو بەتێرو تەسەلی بۆ دەرباری شا نووسیووە، زۆر شتی تر ، نامەکەی عەلی یار گەورەترین گورز بووە لەکۆمار، عومەر خانی شکاکیش زۆرترین نامەی نووسیووە(٣٠).






## ئاشکرابوونی نامەی سیخوڕەکان

هەر دوابەدوای دەرچوونی لەشکری روسی لەکوردستان، عومەرخان بەپەلە نامەیەک بۆ شا دەنووسێت و داوا دەکات هەرچی زووترە ئەرتەشی ئێران بگاتەوە کوردستانو نووسیوێتی وا من بەخۆمو هەموو هۆزی شکاکەوە فەرمانتان جێبەجێدەکەم، بۆ شایەتیش دوو کوڕی خۆی (قادرو لەزگین) دەنێرێتە تاران تا ببەنە یارمەتیو چاوساغ لەکاتی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ مهاباد.

جگە لەو زۆربەی سەرۆک هۆزو خێڵە کوردەکانی دیکەش بۆ دڵنیاییو ڕێنمایی ئەرتەش، کوڕو برای خۆیان رەوانەی تاران کردووە.

کە سوپای ئێران چووە بۆ تەبرێز، هەموو سەرانی حکومەتەکەی ئازەربایجان بەرەو سۆڤێت هەڵهاتن و وڵاتیان بەجێهێشت، پاشان چەند یەکەیەکی لەشکری ئێران رووەو مهاباد کەوتنەڕێ، ڕۆژی ٢٠ی مانگی سەرماوەرز گەیشتنە سەقز، لەوێوە ڕێنمایی سەرۆک هۆزەکانی کورد بۆ سوپای شا، بەڕێی بۆکاندا بەرەو مهاباد هێنایان، رۆژی ٢٩ی سەرماوەرز گەیشتنە مهابادو قازی و سەیف و سەدر لەپادگان (سەربازگە) بەندکران و چاوەڕێی گەیشتنی لیژنەی دادگاییان کرد لەتارانەوە بگات، لیژنەکە ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان بەسەرۆکایەتی سەرهەنگ غوڵام حسێن عەزیمی و سێ فەرماندەی تر گەیشتن. سەیوان کیومەرس دەڵێت: «منیش لەتەواوی دادگایی کردنەکاندا ئامادەبووم، تاوانەکان خرانەڕوو، قازییەکان زۆر بوێرانە رەتیانکردەوەو داوای بەڵگەیان کرد، بەڵام پێشتر هەر لەتارانەوە بڕیاری کۆتایی درابوو، بەڵگە قبوڵ نەدەکرا ، دوای چەند سەعاتێک بڕیاری لەسێدارەدان دەرچوو، هەر ئەو شەوەش بەقازییەکان راگەیەنرا.

## تاوانە ئاراستەکراوەکان بۆ پێشەوا

- بازرگانی نەوت لەگەڵ روس بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەند.
- دەستکاریکردنی نەخشەی ئێران.
- دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆمار.
- لێدانی سکە بەناوی کوردستان.
- سازدانی نەخشەی کوردستانی گەورە.
- هێنانی بێگانە، وەک مەلا مستەفا.
- هاندانی خەڵک دژی ئێران و شا.
- بەڵێن بەستن لەگەڵ روس دژی ئێران.
- راگەیاندنی سەربەخۆیی.
- کۆبوونەوەو چوونە دەرەوەو هاتوچۆ بۆ روسیا و ئازەربایجان.
- گرێدانی پەیماننامەی بازرگانی بێ پرسی تاران.
- کوشتنی کارمەندانی میری و سوتاندنی ماڵەکانیان.

قازی هەمووی رەتکردەوە، جگە لەسیانیان ؛ چونی بۆ ئازەربایجان و ئاڵاو هاتنی مەلا مستەفا(٣١).

## تاوانە ئاراستەکراوەکان بۆ سەیفی قازی

تاوانەکانی سەیفی قازی (محەمەد حسێن خانی قازی) وەزیری جەنگو جێگری سەرۆک کۆمار ئەمانە بوون :

* چونی بۆ دەرەوە.

* پەیمان بەستن لەگەڵ هەردوو سەرۆکی ئازربایجانو روسیا.
* وەرگرتنی وەزارەتی جەنگ دژی ئێران.

## تاوانەکانی سەدری قازی

تاوانەکانی سەدری قازی نوێنەری مەجلیسی شورای میللی ئێران کە خەڵکی مهاباد دایاننابوو ئەمانە بوون:

* نووسینی شیعری حەماسی بۆ بەخێرهاتنی مەلا مستەفا.
* هاوکاریی قازی محەمەدو وەزیرەکانی.
* نووسینی نامەی نهێنی بۆ قازی محەمەد.
* هاندانی خەڵک لەدژی ئێران.

دوای سێ مانگ بەسەر ئەو دادگاییکردنەدا، دەستەیەکی تر لەستادی ئەرتەشی ئێران بۆ دووبارە دادگاییکردن، نێردرانەوە بەسەرۆکایەتی دادستان سەرهەنگ ڕەزانیکوزادەو سێ ئەندامی تر، ئەمانە لە ٢٨ / ٣ / ١٩٤٧ گەیشتنە مهابادو کیومەرسیان هەر لەگەڵ بوو.
بۆ بەیانی دادگا دەستی پێکرد، سەرەتا قازی محەمەدیان هێنا، جارێکیتر ئەو ١٢ خاڵە تاوانەی بۆ خوێندرایەوە ، قازیش جگە لەسیانیان ئەوانی تری ڕەتکردەوەو داوای بەڵگەی کرد، قازی زۆر ئارامو لەسەرخۆو بەهێمنییەوە وەڵامی دەدایەوە، بەڵام دادستان قیرانـدی بەسەر قازیدا، قازیش بەتوڕەبوون وەڵامی دایەوەو وتی: ئێوە ئەگەر ئاینتان نییەو خوا ناناسنو باوەڕتان بەحیسابو کتابو دوارۆژ نییە، بەڵای کەمەوە زەرەیەک جوامێریت باشە، ئەم هەموو درۆو بوختانانەتان چۆن بۆ من دروست کردووە.

دادستان زیاتر توڕە بوو، بەقازی وت: کوردانی سەگ سیفەت.

قازیش توڕەبووە و وتی:»سەگ و بێشەرەف و بێ ئابڕو ئێوەن کە هیچ سنوورێک بۆ خۆتان و خەڵک و یاسا دانانێن، ئاخر بێشەرەف، تۆ هەر دەتوانی بڕیارێک کە ئەو بێشەرەفەکەی دیکە داویەتی، جێبەجێی بکەیت، لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکی دیکەت لەدەست نایەت، من لەزووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادەکردووە بەباوەشی ئاواڵاوە، ئەوەی کە بێتاوانم و لەرێگەی ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بەرەحمەت لەلای خودا بۆ خۆم دەزانم، شانازیی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم» (٣٢).

قازی سوێندی خوارد وەڵام نەداتەوە

ئیتر قازی محەمەد بڕیاریداو سوێندی خوارد هیچ وەڵامێک نەداتەوەو وتی:»ئەم نامەردە هەر غەڵەتێک دەیکات بابیکات»، ناچار کاتی پشوودانیان راگەیاند، پاشان زۆر هەوڵیاندا قسەبکات قازی وتی: « قسەناکەم مەگەر کەسێکی دیکە پرسیارم لێبکات»، ناچار سەرهەنگ ڕەجەب کرایە دادستانی دادگا.

دادستان وتی:

- بۆچی بازرگانیی نەوتتان لەگەڵ حکومەتی روسیا بەست؟






* قازی محەمەد وتی : «کامە نەوت، کام بیرو کۆمپانیای نەوتمان لە بەردەستدابووە، بوختانە و بناغەی نییە.

- بۆ داواتان لەبێگانە کردووە بێنە ناو خاکی ئێران وەک مەلا مستەفا؟

* مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبووە، کوردستانماڵی هەموو کوردێکە.

- سەرهەنگ نیکوزا، کە پێشتر قازی محەمەد لێی تورە بوو، خۆی بۆ نەگیرا پارچە قوماشێکی لەجانتاکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سورو سپی و سەوز بوو، چەکوش و داسێکی لەسەربوو، بەقازی وت:

- ئەی هەموو حکومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟ سەرهەنگ تفێکی لەئاڵاکە کردو خستییە ژێر پێی.

* قازی محەمەد وتی: «ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە، ئاڵای ئێمە چەکوش و داسی تێدانییە، ئێوە دەستتان بەئاڵای کوردستان ناگات، ڕۆژێک دێت لەسەر ئەم خانووە هەڵدەدرێت و دەشەکێتەوە، ئاڵای کوردستانم بەمەلامستەفای بارزانی سپاردووە ،لەسەر شانی ئەوە«.

- سەرهەنگ عەتایی وتی: ئێمە بیستوومانە کەس نییە لەم وڵاتەدا بەڕادەی تۆ لەسەرخۆو ئارام و هێمن بێت، ئەو هەموو تورەییەتان لەجەنابی سەرهەنگ نیکۆزاد چیبوو؟

* قازی محەمەد وتی: من ئەو مافە بەکەس نادەم ئیهانە بەگەلەکەم بکات، من بەخاتری چی ئامادەبم ئیهانەی هەر خوێڕی و ناپیاوێک قبوڵ بکەم، من هەر وەڵامی ئەوەم داوەتەوە نە زیاتر، من چیم دەوێت تا قبوڵی هەر بێحورمەتییەک بکەم.

- سەرهەنگ عەتایی وتی: لەو کاتەوە مەلا مستەفای بارزانی لەوناوە ڕۆیشتووە، هیچ پەیوەندیتان هەبووە؟

* قازی محەمەد وتی : تا بارزانی گەیشتە شنۆو نەغەدە پەیوەندیمان هەبووە، بەڵام لەوەتەی دوورکەوتۆتەوە، هیچ پەیوەندیمان نەماوەو ئاگام لێی نییە.

- لێیان پرسی: مەلا مستەفا چی پێ ڕاسپاردی؟

* قازی وتی: زۆری هەوڵدا لەگەڵی بچم تا نەخرابوومە بەندیخانە، پێی وتم کە من دڵ بەبێ تاوانی خۆم خۆشنەکەم ، وێنەی ڕاستەقینەی ئێوەی بۆ کێشاوم، کە ئێوە چۆنن. وتی هیچ گەل و میللەتێک نییە وەک ئەمانە ، کە دەسەڵاتیان هەبوو لەخۆیان بێبەزەیی و بێویژدان و زاڵمتر نییە، کە ژێر دەستیش بوون، کەس ناتوانێت وەک ئەوان خۆی زەلیل و مەزڵوم بکات و بپاڕێتەوە، وتی تۆ بەتەمای ئەوە مەبە کە تاوانت نەکردووە.

- سەرهەنگ عەتایی وتی: پەشیمان نیت کە لەگەڵی نەڕۆشتی؟

* قازی محەمەد وتی: پەشیمان نیم، چونکە بەڵێنم بەمیللەتی کورد دابوو لەگەڵی بژیم و لەپێناویدا بمرم.

- کە لەزیندان بویت بارزانی نەخشەی رزگار یوونتی هەبوو؟

* بەڵێ خەبەری دامێ کە هەر شەوێک دەڵێی دەتوانم ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بنێرم رزگارت بکەن.

- ئەی بۆچی ئەو کارەی نەکرد؟

*من خۆم نەمویست!

- لەبەرچی؟

* لەبەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەم بوو کە وتم، دووەم بۆ ئەوە بوو زیاتر خوێن نەڕێژرێ. من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم، دەنا چەند ئۆتۆمبیلم لەبەردەستدابووە، هەرکات مەیلم هەبوایە دەمتوانی بڕۆم و لەخاکی ئێران دەربچم.

ئەمە کۆتایی دادگایی کردنی قازی محەمەد بوو لەبەشی یەکەمدا (٣٣).






## بەبۆنەی ٦٧ ساڵەی یادی کۆماری مهابادەوە هــەوڵەکانی قــازی محەمەد بۆ دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان

### بەشی سێهەم

ئینجا سەرەی سەیفی قازی هات و زۆر بەهەیبەت و ویقارو لەسەرخۆ هاتە ژورەوە، هەر پێیوانەبوو ئەمە دادگایی کردنە، سەرهەنگ نیکوزاد هاتەوە شوێنی رەسمی و بەسەیفی قازی وت : تۆ چۆن بووی بەوەزیری جەنگ؟

سەیف وتی: من بەشانازییەوە ئەو ئەرکەم وەرگرت و مەبەستم خزمەت بەگەلەکەم بوو و هیچی تر.

پرسیار: مەبەستت خزمەت بوو یان لەو رێگەیەوە پارە کۆبکەیتەوە؟

سەیف بەپێکەنینەوە: مەگەر تۆ من ناناسی، من مەبلەغی دوو ملیۆن تمەنم بۆ میللەت و کۆماری کوردستان خەرجکردووە لەسەروەتی تایبەتیی خۆم . وادیارە شتێکی ئەوتۆش لەکار و دابونەریتی دادگاو دادرەسیش نازانی.

سەیفیش برِیاریدا وەڵام نەداتەوە

سەرهەنگ ویستی بەهانەیەکیش بەسەیفی قازی بگرێ، بەڵام سەیف ئاگاداری کردەوەو پێی وت: ئێمە تازە دەستمان لە ژیان و ماڵی خۆمان شتووە، ئەگەر تۆزقاڵێک بێئەدەبی بکەیت، بەم مستە سەرو گویلاک و دەم و ددانت دەشکێنم. ئاخر لەمەرگ زیاتر، یەک ملیۆن درۆو بوختانتان بۆ دروستکردووین، ئینجا خەریکن غەڵەت و ناماقوڵیش دەکەن؟ ئەویش برِیاریدا هیچ وەڵام نەداتەوە.

### نۆرە چووە سەر سەدری قازی:

یەکەم پرسیار: مەبەستت لەو نامەیە چی بوو کە ناردت بۆ قازی محەمەد کە خۆڕابگرن تاکو کۆمەکتان دەگاتێ؟

وەڵام: هەرگیز شتی وا لەئارادا نییەو فەرموو بیخەنەڕوو؟

پرسیار: ئەو شیعرە چییە کە بۆ بارزانیت نووسیوە؟

وەڵام: بەڵێ ئەوە من نووسیومەو خۆشمویستوە.

پرسیار: بۆچی لەتەوریز لەگەڵ پیشەوەری و لەگەڵ فەرمانداری سەربازیی روس لەمیاندواو هاتو چۆو کۆبوونەوەتان کردووە؟

وەڵام: ئەوانە پێویستی رۆژگار بوونو هەندێ پرسیاری تری لێکرا.

### نیوە شەو برِیاری دادگا دەرچوو

دووبارە دادگایی کردنەوەکەو برِیاردانیان ماوەی زیاتر لە ١٠سەعاتی خایاند، لەو ماوەیە دا پەیوەندیی بێتەل لەنێوان مهابادو تاراندا بەردەوام بوو، سەعات ١٢ی شەو دادگا برِیاری لەسێدارەدانی هەرسێ قازییەکانی برِییەوەو زۆر بەپەلە ئەو برِیارەش بەتاران راگەیەندرا، هەرچەند دووجار دادگایی نوێکرایەوە، بەڵام بەڵگەی پێویست نەبوو لەسەریان، هیچیش گوێیان بەرِەتکردنەوەی تاوانبارەکان (قازییەکان) نەداو برِیاری لەسێدارەدانی هەرسێکیان پەسەندکرا.

ئیتر کەوتنەخۆ، شوێنێک لەناو شاردا بدۆزنەوە تا داری سێدارەی لێ هەڵبخەن، بەڵام دیاربوو زووتر خانووەکەی چوارچرا دەستنیشان کرابوو.

سەرەتا ویستیان جێبەجێکردنی حوکمەکە بۆ فەرمانداری مەهاباد بەجێبهێڵن، لەناکاو برِیار هات، تا جێبەجێکردنی حوکمەکە دەبێت دەستەی دادگا لەوێبن.

قازییەکان لەنێو پادگانەکە لەژوورێک دانرابوون، بەهێزی چەکدار چاودێریی دەکران، فەرمان درا یەکە یەکە لەئۆتۆمبێل سواربکرێنو هەر ئۆتۆمبێلێک (١٠ سەربازی لەتەکدا سواربێت، پێیانوتن دەتان نێرین بۆ تاران، فەرمانداری مهاباد فەرمانی بەئەفسەرێک دا برِوات یەکە یەکە بیانهێنێت بۆ مەیدانی چوارچرا.

کیومەرس ساڵح دەنووسێت: « منیش بۆ تەواوکردنی راپۆرتەکەم بۆ گۆڤارەکەم چوومە بەندینخانە، دەبینین قازی محەمەد نوێژ دەکات، وتیان خۆتان

کۆکەنەوە دەتان نێرینە تاران، جلوبەرگ و شتومەکیان کۆکردەوە. وتیان: ڕێگەمان بدەن با هەواڵ بەماڵەوە بدەین پول و پارەیەمان بۆ بهێنن بۆ خەرجیی ڕێگە، ئەفسەرەکە وتی: پێویست ناکات. هەریەکە سواری لۆرییەک کران، هەر لەئێوارەوە فەرماندار بارودۆخی نائاسایی شاری ڕاگەیاند، ناوشارو دەوروبەر بەسەرباز تەنرابوو.

### قازی ماندووبوو لە نووسینی وەسێتنامەکەی

کە ئۆتۆمبێل گەیشتە بەردەرگای خانووی مەیدانی چوارچرا، قازی وتی بۆ دەبێت لێرە دابەزم؟ ئەفسەرەکە وتی: لێرەوە بەرەو تاران دەڕۆین، چەند پرسیارێکی لاوەکی ماوە لێرە لێتان دەکرێت. کە هاتە ناو ڕاڕەوەکە بینی دادستان سەرهەنگ نیکۆزادەو مەلایەکی کوردەواری و چەند سەربازو مێزێکی گەورەو قورئانێک لەسەر مێزەکەو سەرۆکی تەندروستی لەژوورەکەن. تێگەیشت چییە، دادستان حوکمی دادگای خوێندەوە. بەقازیی وت: ئەگەر وەسیەتتان هەیە بیکە یان بینووسە، قازی چووە سەر مێزو بە پەلە دەستیکرد بەنووسینی وەسێت، ماندوبوو، داوای لەمەلای مهاباد کرد: «ئەوەی من دەیڵێم بینووسە« پێبنووسی فلان زەوی و فلان جێگە بۆ مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانە، تا بۆ گەلی کوردو نەوەی داهاتوو سودی لێوەربگیرێت، ئامۆژگاری یەکگرتن و پێکەوە ژیان و خۆشەویستی بۆ گەلی کورد کرد. پاشان دەستیکرد بەنوێژو تۆبەو لەخودا پاڕانەوە ، ئەمە دوو سەعات و نیوی پێچوو، دادستان لەو ماوە زۆرە زۆر نیگەران بوو، پەلەی گەڕانەوەی تارانی بوو. ئەو وەسێتانەی بۆ ماڵەوە بوو، ئینجا داوای کرد وەسێت بۆ گەلی کوردیش بنووسێت، داوای قەڵەمو کاغەزی کرد، بۆئەوەی هەموو گوێیان لێبێت، بە مەلای وت: «وەرە بنووسەو هەرچی من دەیڵێم هەر ئەوە دەنووسیت»، مەلا وتی: «بزانم دادستان ڕێگەی ئەوەت پێ دەدات؟» قازیی بەدەنگی بەرز دەیوت تا هەموو لەقسەکانی تێبگەن، بەفارسی شتەکانی دەوت و بەمەلای وت: «تۆ بەکوردی بنووسە، مەلا وتی: «قوربان نازانم بەکوردی بنووسم»، قازی وتی: «ئەمەش یەکێکی ترە لەبەدبەختییەکانی گەلی کورد»، ئینجا قازی خۆی بەخەتێکی خۆش نووسیی(٣٤) .

### پێشەوا: تیربارانم کەن

دوای تەواو بوونی قازی بەدادستانی وت: «حەز دەکەیت بۆت بخوێنمەوە، دادستان وتی: پێویست ناکات، قازی محەمەد وتی: « لەبەرئەوەی لەشەرعی ئیسلامدا لەداردان کارێکی ناپەسەندە، کە دەمکوژن تیربارانم بکەن». بەڵام دادستان قبوڵی نەکرد، چونکە بڕیاری دادگا خنکاندن بە پەت بوو. قازی وتی: «نوێژ دەکەمو فەرمانی بەر لەمردن جێبەجێ دەکەم». ڕێگەیان دا پێش ئەوەی بچێتە ژێر پەتی سێدارە، ڕووی لەقیبلەکردو هەردوو دەستی بەرز کردەوەو لەخودا پاڕایەوەو بەدەنگێکی بەرز وتی: «خودایە تۆ خۆت شاهیدی کە من لەخزمەت بەو میللەتەدا هیچ خۆم نەبواردووەو کەموکوڕیم نەکردووە، خودایە تۆ شاهیدی کە من هەرچییەکم لەدەست هاتبێت لەڕێگای تۆداو لە پێناوی ڕازی بوونی تۆدا کردوومە، خودایە بەگەورەیی خۆت تۆڵەی مەزڵومان لەزاڵمان لەو دونیایەو لەقیامەتدا بستێنەوە، کە دەزانم هەر وایە، ئەی خودای ئاگادار لەهەموو شتێک، هەموو میللەتانی ژێر چەپۆک و میللەتی کورد لەژێر چنگی ئەو زاڵمانە ڕزگاربکە«.

کیومەرس دەڵێت: «ئەم پاڕانەوەیەش نزیکەی (٢٠) دەقیقەی کێشا، هەروەها ئەو وشانەی کە قازی محەمەد بەکوردی دەیگوتن، فارسیەکەیم لەمەلا کوردەکە دەپرسی.

پاشان قازی محەمەد-یان بردە ژێر پەتی سێدارەو لەداریاندا، دوو دەقیقەی نەکێشا کە قازی محەمەد گیانی سپارد، کاتژمێریش ببوو بە (٤)ی بەرەبەیان.

### چوارچرای لەخەو ڕاپەڕاند

ئینجا ئاماژەیان کرد بۆ ئەو لۆرییەی کە سەیفی قازی تێدابوو ــ وەزیری جەنگی کۆمار - کە هێنایانە ژوورەوەو چاوی بەدادستان و مەلاو سەرۆکی تەندروستی کەوت، یەکسەر زانی کارەسات چییە. بەڵام تێکنەچوو، دادستان حوکمی دادگای بۆ خوێندەوە و پێی وت: « دەتوانی وەسیەتنامەیەک بۆ خۆی بنووسێ، ئەویش ١٠ لاپەڕەی نووسی، کە بەرەو مەیدان بردیان، هەر کە چاوی بەقازی محەمەد کەوت لەدار درابوو، دەستیکرد بەدروشمی شۆڕشگێڕانە






بەکوردی و بەمست و پێلاقە کەوتە سەروگوێلاکی ئەفسەرو سەربازەکان، لەهەرچی دەدا دەیخست، نەعرەتەی سەیفی قازی وەک نەڕاندنی شێر وابوو، تەواوی خەڵکی دەوروبەر و نزیک چوارچرای لەخەو ڕاپەڕاند، لەگەڵ لێدانی هەرکەسێ وەک شێر دەینەڕاندو دەیوت: «بژی قازی محەمەد، بژی کورد، بژی ئیستقلالی میللەتی کورد، ئێمە دەمرین، بەڵام کورد هەرگیز نامرێ، خەیاڵتان خاوە«، کە بەدارەوەیانەوە کرد، دوای دوو دەقیقە پەتی سێدارەکە پچڕاو کەوتە خوارەوە، دووبارە بەرزیان کردەوە هێشتا هەر نەعرەتەی دەکێشا. بردیانە بن داری سێیەم کە بۆ سەدری قازی ئامادەکرابوو، دووبارە هەڵیانواسییەوە.

مەلاکەش هەستی کوردایەتیی جوڵا

سەعات بوو بە پێنجی بەیانی، دنیا تەواو ڕووناک بۆوە. نۆرە گەیشتە سەر سەدری قازی، چونکە چەند سەعاتێک لەناو لۆرییەکەدا چاوەڕوان بوو، گێژ ببوو، دەبێ گوێشی لەنەعرەتەکانی سەیفی قازی بوبێ، تێگەیشتبوو کارەسات چییە. کە دایانبەزاندو هاتە ژوورەوە، دادستان و مەلاو ئێمەی بینی، کیومەرس دەڵێت: دەستی کرد بە پاڕانەوەو وتی: ئاخر من هیچ تاوانێکم نەکردوە، تکا دەکەم بمنێرن بۆ تاران باکاری من باشتر ڕوون ببێتەوە، مەلای مهاباد پێی وت : عەیبە وامەکە، مەپاڕێرەوە، پیاوانە وەکو ئەوانی دیکەبە، تازە پاڕانەوە هیچ بەدەردت ناخوات،حوکمەو دەبێ جێبەجێ بکرێت، جا بۆچی پیاوانە نەمری، مەردانە ژیاوی و مەردانە بمرە، بۆ دڵی دوژمن بەخۆت خۆش دەکەیت؟ ئەوانە دوژمنکارانە ئێوە لەدار دەدەن، ئەم قسانەی مەلا زۆر کاری لێکرد، بۆیە دانیشت و دەستیکرد بەنووسینی وەسێتنامەکەی، بەڵام سەروان کیومەرس ساڵح باسی ناوەڕۆکی وەسێتنامەی سەدرو سەیفی نەکردووە، مەگەر هۆگرانی مێژووی کورد لەنێو ئەرشیفخانەی ئەرتەشی ئێراندا بیدۆزنەوە ، پاشان بەرەو مەیدانی لەسێدارەدان بردیان، کە چاوی بەتەرمی قازی محەمەدو سەیفی قازی کەوت، حاڵی تێکچوو و بووڕایەوە، ناچار بەباوەشی سەربازانەوە پەتیان لەملی کرد، ئەویش لەداردراو کارەساتی لەسێدارەدانی هەرسێ سەرداری کورد کۆتایی هات.

پێیوابوو دوعاکانی قازی قبوڵ دەبن

کیومەرس دەڵێت: قەت باوەڕم نەدەکرد کە بەرپرس و ڕێبەرانی کورد ئەوەندە بەجەرگ و بەغیرەت و ڕەشیدبن، تائێستاش دەنگی قازی محەمەد کە دەیگوت: [ خودایە جەزای مەزڵومان لەزاڵمان وەربگرەوە ]. یاخود نەعرەتەی سەیفی قازی کە تەواوی ئەو مەیدانەو دەوروبەری پڕکردبوو، زللەو پێلەقەی لەئەفسەرو سەربازان دەدا، لەبەر چاو و گوێمدایە، پێموابوو دوعاکانی قازی محەمەد قبوڵ دەبن، بەڵام نازانم کەی و چۆن (٣٥).

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی کۆتایی

٣٤- هەمان سەرچاوە – ل ٣٦ - ٤٠
٣٥- هەمان سەر چاوە . ل ٥١

سەرچاوە : ماڵپەڕێ کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ٢٩ی مارسی ٢٠١٣






## کەسایەتی قازی محەممەد و ڕۆڵی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا

ئا. هاوار حەمید

### بنەماڵەی قازی محەممەد

گومانی تێدانییە ئەو بەشە کوردەی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران هەر لەمێژەوە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگ و کۆنەپەرستی داگیرکەر, کۆمەڵێک هۆز و بنەماڵەی تیادادەرکەوتووە هەوڵی زۆریانداوە بۆ ئازادکردنی و دەرکردنی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەران.. یەکێک لەو بنەماڵانە بنەماڵەی (قازی محەممەد)ە.



قازی محەممەد کە کوڕی قازی عەلی کوڕی میرزا قاسم کوڕی میرزا ئەحمەدە لەسەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ناوبانگیاندەرکردووە لە موکریاندا، مێژووی ئەم بنەماڵەیە لە سابڵاخدا دەگەڕێتەوە بۆ چوارسەدە پێشتر, ئەم بنەماڵەیە لەلای خەڵکی ناوچەکە و کورد بەگشتی تەنانەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتیشەوە جێگەی ڕێز و تەقدیربوونە، لە ساڵی ١٨٣٥ بابەگەورەی قازی محەممەد واتا شێخ ئەلمشایخ هەموو هۆز و سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکەی کۆکردووەتەوە و لەو کۆکردنەوەیەدا داوای (جەبهەی یەکێتی) دژی ئینگلیزی کردوە، هەروەها ئازادی کوردستانیشی پێشنیارکرد.(١)

کەواتە بنەماڵەی قازی محەممەد هەر لە ڕەچەڵەکەوە هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری بەهێزیان هەبووە بەرامبەر بە کورد بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لەگەڵ ئەوەشدا هەستی توندیان هەبووە بەرامبەر بەوکەسانەی کە دەیانەوێست کوردستان داگیربکەن. لە ساڵی ١٩١٦ قازی فەتاح برابچووکەکەی باپیری قازی محەممەد لەبەرامبەر هێرشی ڕاستەوخۆی ڕوسەکان شەهیدکراوە و دووکوڕە لاوەکەشی (سالار و محەممەد) لەبەرامبەر هێرشی ڕوسەکان بەدیلیگیران و بۆ شوێنە دوورەکانی ڕوسیای ئەوکاتە بەڕێکران.(٢)

قازی فەتاح لە بزووتنەوەی مەشروتەدا بەشداربوو، هاوکار و هاودەنگ بوون لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران بۆ گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی (مگلق) ڕەها بە پاشایەتی مشرووتە(٣)، قازی فەتاح هەر لەسەرەتاوە کە لە پێناوی بەدیهێنانی یاسای دەستوری زۆر خەباتیکردووە هەر لەبەرئەم مەبەستەش چەندینجار لە تاران بەندکراوە.(٤) قازی فەتاح هەر بەردەوامبوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆی و کۆمەڵێک خەڵکی لە دەور کۆبوونەوە بۆ بەدەستهێنانی یاسای دەستوری. ئەم بنەماڵەیە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی زۆریانکردووە بۆ گەلی کورد, بۆیە قازی محەممەدیش لەسەر ئەو ڕێڕەوەی بنەماڵەکەی و باوباپیرانی بەردەوامبوو ڕابردووی خاوێنی بنەماڵەکەی پاڵی بە قازی محەممەدەوە ناوە زیاتر لە ڕێگەی ئازادکردنی کوردستان خەبات و تێکۆشان بکات، بۆیە ئەم بنەماڵەیە بە وریایی و هەستی زۆر بەرزەوە کاریان بۆ گەلەکەیان دەکرد قازی عەلی باوکی قازی محەممەد ئەویش بەهەمانشێوە خەباتی زۆریکردووە بۆ گەلی کورد چی بەئاشکرا چی بەنهێنی لە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا.(٥)

قازی عەلی لە ١٩٣٠ لە مهاباد ڕێکخراوێکی کوردی بەناوی (بزووتنەوەی محەممەد) پێکهێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پەیوەندییان هەبوو، تاساڵی١٩٣٤ لەسەر ئەوکارە بەردەوامبووە. قازی عەلی، دوو کوڕی هەبوو یەکیان) ئەبولقاسم قازی) ناسراو بە سەدری قازی, ئەویتریشیان قازی محەممەد بووە. قازی عەلی لە ساڵی ١٩٣٦ کۆچیدواییکرد فتوحاتی قازی بۆ قازی محەممەد گەڕایەوە.(٦)

### ژیانی قازی محەممەد

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی قاسم کوڕی شێخ مشایخە سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی قازی محەممەد بۆچوونی جیاواز هەیە یەکێک لەو






بۆچوونانە بۆچوونی دانا (محەممەد بەهائەدین ساحیب ) لە کتێبی پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری مهاباد دەڵێ: لە ساڵی ١٩٠١ لەدایکبووە. هەروەها کریس کۆچیرا لە کتێبی کورد لە سەدەی ١٩ , ٢٠دا و جەلیل گادانی لە کتێبی: (دەی خاکە لێوەی هەزار و سێسەد و هەشتادا ڕۆژی شەهیدانی کوردسان) دەڵێت: لە ساڵی ١٩٠٠ لە مهاباد لەدایکبووە, بۆیە ئێمەش لەگەڵ ساڵی ١٩٠٠ داین لەبەرئەوەی زۆربەی مێژوونوسان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان و قازی محەممەد کاتێک لەسێدارەدرا لە ساڵی ١٩٤٧ تەمەنی (٤٧ ) ساڵ بوو، قازی محەممەد لە بنەماڵەیەک لەدایکبوو کە هەموویان زانا و ژیر و ڕووناکبیر بوونە.(٧) قازی پێویستی بەلێوردبوونەوەیەکی ورد و زیاتر هەیە ئەو کەسایەتییە مەزنە پلەوپایەیەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی گەلی کوردا. پێشەوا قازی ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەوڕۆژگارەدا وێنەی لەناو کوردا زۆر کەم بەدیدەکرا. قازی شارستانییەتی و زانستی تازە و هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بەتەواوی شارەزابوو, زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی فەرەنسی و ڕوسی دەزانی.(٨) ئەوەی شایەنی وتنە قازی پیاوێکی دیندار و خواناس بوو کاتی خۆی بە شتی لاوەکییەوە بەفیرۆنەدەدا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوو هێمنی وئاسایش بەردەوامبێت, هەروەها قازی محەممەد پیاوێکی ئەندام باریکبوو کەمێک ڕەنگی زەردبوو، تووکی سەری کورتبوو، چاوی تاڕادایەک گەورەبوو لەڕاستیدا بە ڕوخساری جوانی دەرکەوت.(٩) قازی پیاوێکی ماقوڵ و باوەڕپێکراوبوو لەناو خەڵکدا هەموو ئەم خەسڵەتانەی تێکەڵبوو لەگەڵ ڕووناکبیری و لەسەرخۆیی و هێمنیدا بەڕاستی جێگەی تێڕوانینە.. قازی محەممەد تێکەلاوییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ڕوسەکاندا تاڕادەیەک خاسیەت و ڕەوشتی ئەوانی وەرگرتبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەستی نەتەوایەتی و کوردپەروەرییەکەی لەسەر هەموویانەوەبوو. گەلێک نووسەر بەدەر لە کورد باسی ڕەوشتی قازی محەممەدیان کردووە کە شارەزایی تەواوی هەبووە لە بواری ئایینی و ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیدا، ئەگەر کێشە ڕوویبدایە بگەشتبایە دەستی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرد ئەوجا بڕیاری لەسەردەدا هەرگیز لە بڕیاری خۆی پاشگەزنەدەبووەوە، قازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەوڵیدەدا بە شێوەیەکی دادپەروەری بێت. پێش ئەوەی باوکی ئیجازەی قازییەتی بداتێ سەرۆکایەتی معارف و ئەوقافی مەهابادی لە ئەستۆدابوو، تائەو سەردەمی کورد کەسی وای تێدادەرنەکەوتبوو کەوەک قازی شارەزابێت لە خوێندن و زانست و ڕۆشنبیریدا. (١٠)

رۆڵی قازی لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیدا

قازی محەممەد هەر لەبەرئەوەی کە لە حێزانێکی نیشتمانپەروەر پەروەردەکرابوو خۆشەویستی نیشتمان و گەل لە دڵیدا ڕەگیداکوتابوو, بۆیە زۆر بەچالاکانە هەوڵیدەدا بۆ ڕزگارکردنی گەل ونیشتمان لەژێر دەسەلاتی داگیرکەران و کۆنەپەرستانی ئێران. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە قازی محەممەد هەر لە سەرەتای ژیانیەوە تێکەڵ بە دنیای سیاسەت بێت, ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٧- ١٩٣٠ کۆمەڵەیەکی بچووکی سیاسی کوردی دامەزراند, هەر لەبەر بوونی کەسایەتی قازی خۆی بوو بنەماڵەکەی کە ناوبانگییەکی دیاریکراویان هەبوو لە ناوچەکەدا و لە هەموو لایەکەوە خزمەتی گەلی کردووە, جگەلەوەی قازی خۆی دەورێکی کاریگەری هەبوو لە کۆکردنەوەی سەرۆک هۆز و بنەماڵە ناودارەکان.(١١)

بەمجۆرە ژمارەی ئەندامەکانی زیادیکرد زۆربەی لاوەکانی ناوچەکە لە دەوروبەری کۆبونەوە, ئەوەی شایەنی وتنە قازی لەبەر کەسایەتی خۆی و ناوبانگی بنەماڵەکەی لە ناوچەکەدا بووە هۆی ئەوەی ئەم کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوجەکە لە دەوری کۆبوونەوە و هەمان هەڵوێستی قازی محەممەدیان وەرگرتووە لە هەستی نەتەوایەتیدا. هەر لەبەرئەوەش بوو کاتێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک) دروستبوو کە ژمارەی ئەندامەکانی لە (20) کەس تێپەڕینەدەکرد پەیوەندییانکرد بە قازی محەممەدەوە داوایانلێکرد بێتە ڕیزی کۆمەڵەوە ئەویش بە دڵێکی پاک و نیازێکی ڕاستەوە چووە ڕیزی خەبات و تێکۆشانەوە لەگەڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد, پاش ماوەیەک ژمارەی زۆربوو سەرکردایەتی لە ناوچەکاندا بلاوکرایەوە بۆئەوەی بە هەموو لایەک بەرنامەی کۆمەڵەیەی ژیانەوەی کورد بگەیەنن.(١٢) ئەوەی جێگەی وتنە ئەم کۆمەڵە کاتێک ژمارەی ئەندامەکانی کەمبوو بەنهێنی کاریدەکرد, بەلام کاتێک ژمارەی ئەندامەکانی زیادیکرد دەستیانکرد بە تێکۆشان لەسەر بیروباوەڕی ڕاست بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد لەبەرئەوە قازی محەممەد خەڵک بە کەسێکی ڕاستگۆ و خزمەتگوزار دایدەنا و کاتێ باوکی کۆچیدواییکرد قازی جێگەکەی گرتەوە ئەمەش قازی محەممەدی ئەوەندە بەرزکردبووەوە وایلێکرد کە خەڵکی زۆر لە دەوری کۆمەڵەی ژیانەوە کۆببنەوە, بەتایبەتی مەلاکانی موکریان کە خزمەتێکی زۆریانکرد بۆ کۆمەڵە بۆیە ئەم کۆمەڵەیە لای ڕۆشنبیران و تەواوی چینەکانی گەلی






کورد دەرکەوت. دوای ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بڕیاریاندا لە کۆبونەوەیەکی نهێنیدا سەرۆکی کۆمەڵە دەسنیشانبکەن. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی تشرینی یەکەمی١٩٤٤ لە مهاباد کۆبونەوەیەک ڕێکخرا لە ماڵی (عەلی ریحانی) ئیگلتون دەڵێت : لە ماڵی ئەحمەد ئیلاهی چاوەڕوانی قازی محەممەد دەکرا بۆ ئامەدەبوون پاش هاتن و ئامادەبوون و قسە و وتوویژ، لەمبارەیەوە ئینگلتون ((لە ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی (٢٤) ئەندامی کۆمەڵە چاوەڕوانبوون لەپێشدا قاسم قادری و قادر مدەڕسی لەگەڵ قازی محەممەددا قسەیانکرد دەربارەی بەئەندامبوونی, بێدوودڵی قبوڵیکرد لەدواییدا هەرچەندە قازی محەممەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو, بەڵام ڕابەر و دەمڕاستی کۆمەڵە هەر ئەوبوو, لەلایەکیتر هەندێ ڕا هەیە کە گوایە هەر ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەندامەتی قازی محەممەد تێپەڕنەبوو هەڵبژێرا بە سەرکردەی کۆمەڵە, بەڵام هێمنی شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا لە پێشکی تاریک و ڕووندا هاوژیانی خۆی لەتەک ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا وادەردەخات. پێشەوا قازی محەممەد ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو ناوی نهێنی (بینایی ) بوو.(١٣)

دوای ئەوەی کە قازی محەممەد هەڵبژێردرا ئەو ئەرکە گەورەییەی نیشتمان کەوتە سەرشانی.. جێگەی خۆی لە دڵی هەموو خەڵکدا کۆکردبووەوە, بەڵام دوای ئەوەی نوێنەرانی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد چوونە باکۆ لە سەفەری دووەمیدا بۆ کۆبوونەوە کاتێک گەڕانەوە پێشنیاری دامەزراندنی حزبی دیموکراتیکوردستانی کرد کە ئەم حیزبە جێگای کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دەگرێتەوە کوردەکانیش بە بۆچوونی مەحمودی مەلا عیزەت زۆرجار لەلایەن کۆمەڵەی (ژ. ک) دڕۆیان لەگەڵدا کراوە, کۆمەڵەی (ژ. ک) بەرەبەرە لەبەرچاوی خەڵک کەوت و پارتی (ژ.ک) بە بڕیاریکی تایبەتی هەڵوەشرایەوە. ئەندامانی (ژ.ک) سەر لەنوێ چوونە حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەندێ سەرچاوەیتر ئاماژەبەوەدەکەن کە لابردنی حیزبی (ژ.ک) و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ لێپرسراوانی ئازەربایجانی سۆفیەت. بۆیە ئێمەش لە گەڵ ئەم بۆچوونەداین کە دروستبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیاری سۆفیەت, لەبەرئەوەی داهاتووی کورد و ئاواتی لە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی بچووکی وەکو (ژ.ک) نایەتەدی بۆیە زۆر پێویستە بۆ سەربەخۆیی کورد حیزبیکی گەورە دابمەزرێت, وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان, بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەورێکی گەورەی هەبوو لە خەبات و تێکۆشان لەپێناوی گەلی کورد, جگەلەوەی قازی لەم حیزبە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو پێکبهێنێت, چونکە لەپێش ئەمەدا چەندین کێشەی تیرەگەری و خێڵەکی و نەخوێندەواری باڵای بەسەر کۆمەڵگای کوردی کێشابوو، جگەلە نەبوونی یاسا و دەسەڵاتیش, بۆیە ئەمکارەش شتیکی ئاسانەبوو پڕبوو لە کۆسپ و تەگەرە هەر لەبەرئەوەش بوو حیزب پەرەیسەند و گەیشتە ئەوڕادەیەی کە مەترسی بۆ سەر ئێران دروستکرد بوو, ئامانجی ئەم حیزبەش ڕزگاری کوردستان بوو سەرەڕای ئەوەش ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردی بە شێوەی ئاشکرا و ڕوونتر دەرخستبوو و کردیە خاوەنی بەرنامە و پڕۆگرامی نوێ.(١٤) دەتوانین بڵێین هەر ئەنجامی ئەم حیزبە بوو, بووە هۆی دروستبوونی کۆماری کوردستان لەپاڵ زیرەکی و کارامەیی قازی محەممەددا کە وەکو سەرکردەیەکی هۆشیار دەوریکی زۆری بینی.

## ڕۆڵی قازی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا

ئەوەبوو لە ڕۆژی٣ی تەموزی ١٩٤١ هێزی روسی لەلای سەرەوەی ئێرانەوە لە سێ لاوە و هێزی بەریتانیا لەلای ڕۆژئاوا و خوارووی ڕۆژئاوا لە چەند لایەکەوە خۆێانکرد بە ئێراندا. هێزەکانی سۆڤیەت لەسەرووی کوردستانی ئێران جێگیربوون سۆڤیەت ڕاستەوخۆ لەگەڵ کێشە و گیروگرفتەکانی گەلی کورد ڕووبەڕووبووە,(١٥ ) ئەوەبوو هەر لەدوای داگیرکردنی ئێرانەوە قازی محەممەد بەردەوامبوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، هەر لەمڕۆژەدا هەستی نەتەوایەتی پاڵی بە قازی محەممەدەوە نا کە زیاتر هەوڵبدات ئەوەبوو قازی محەممەد نەخشەی کوردستانی پیشان کاربەدەستانی ئینگلیز دا بۆئەوەی شارە کوردییەکان سەربەخۆیی بەدەستبهێنێ هەر لەبەرئەمەشە هەر لە سەرەتای داگیرکردنی ئێرانەوە کێشەی کورد لەگەڵ روسیا و بریتانیادا دەستیپێکرد تانزیکەی ساڵێک, لە ئەنجامی ئەم کێشەیەشدا لە ساڵی ١٩٤٢ حکومەتی روسیا بانگهێشتی بۆ سەرانی کورد نارد و داوای ئەوەی لێکردن چەند نوێنەرێ بنێرن بۆ باکۆ بۆئەوەی لە بارەی کورد و ئێرانەوە قسەبکەن. لەمکاتەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لەناوە و لەدەرەوە کاری خۆیدەکرد.. قازی محەممەد بۆئەمە وەفدێکی (٣٠ ) کەسی پێکهێنا و بە سەرۆکایەتی خۆی چوونە باکۆ.(١٦ )

ئامانجی کاربەدەستانی روسیا لە بانگهێشتکردنی سەرانی کورد بۆ ئەوەبوو کێشەکەیان چارەسەربکات لە ڕێگەی گفتووگۆوە و سەرانی کوردیش داوای






سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان هیچ خاڵێکی گرنگی تیانەبوو بۆ کورد، هەروەها روسیا ئەمەی بە رێگایەک دانا بۆئەوەی لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی کورد بکات , بەڵام سەرانی کورد هەر بەردەوامبوون لە داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان هەربۆیە لەم کۆبوونەوە و سەفەرەدا نەگەیشتنە ئەنجام, چونکە نوێنەرانی کورد لەگەڵ (باغرۆف) رێکنەکەوتن چونکە (باغرۆف) وایدادەنا باری روسیا لەوەدا نییە کە یارمەتی کورد بدات و لەدوای ئەمەش کێشەکە هەرمایەوە کوردەکان هەر بەردەوامبوون لە داواکانی خۆیان لە روسیا و ئینگلیز, بۆیە وا پێویستیدەکرد ئەوانیش چارەسەر بۆئەم کێشەیە بدۆزینەوە, بۆیە چەند ساڵێک بەسەر بانگکردنی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ تێپەڕیبوو, لە مانگی ئەیلولی ١٩٤٥ نوێنەرانی کورد بانگهێشتکران بۆ باکۆ ئەم سەفەرەش دوای ئەوەبوو قازی محەممەد چوو بۆ تەورێز بۆ هاوبەشیکردن لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان. لەم سەفەرەدا قازی محەممەد و هاوەڵانی بۆ ماوەی مانگێک لە باکۆ مانەوە و چەندین دانیشتنیان ئەنجامدا دەربارەی مافە رەواکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام (باغروف) دەیوت سەربەخۆیی کوردستان لەئێستادا ئیمکان نییە، بەڵام روسیا ئامادەیە پشتگیری لە کورد بکات لەبەرئەوە باغروف راوبۆچونی وابوو کە کوردستان کاتێک ئازاددەبێت گەلی کورد ئازادبێت لە ئێران و عێراق وتورکیا.. واتا کوردەکانی هەرسێ بەشەکە رزگاربێت و دەبێت گەلی کورد لە ئێران لەژێر چاودێری بەشێک لە ئازەربایجانی سەربەخۆدا بێت, بەڵام کوردەکان ئەمەیان رەتکردەوە ئینجا بەم قسەیە باغروف نارەحەتبوو، جارێکیتر دەستیانکردووە بە وتووێژکردن و لە ئاکامدا باغروف دەستی لەسەر مێزەکە دانا و وتی تا روسیا هەیە مافی گشتی بۆ نەتەوەی کورد هەیە پاش ئەوەی باغروف بەڵێنی بە کوردەکاندا کە یارمەتیانبدات لە ئەسلیحە و ماشین و تۆپ و رەشاشیان پێبدات هەروەها بەڵێنیدا ژمارەیەک لە کوردە لاوەکان بنێرێتە زانستگەی نیزامی باکۆ هەروەها بەڵێنیدا یارمەتیانبدات لە دەرکردنی کتێب و رۆژنامەی کوردی و کوردەکانیش بۆ شاری تفلیس سەفەربکەن.(١٧)

ئیتر ئەوەبوو سەرانی کورد گەڕانەوە، قازی محەممەد کۆبوونەوەیەکی فراوانی لە کۆتایی تشرینی ١٩٤٥ز پێکهێنا کە بەشێکی زۆر لە خەڵک بەشداریانتێداکرد و لەوکۆبونەوەیەدا قازی محەممەد کەوتەقسەکردن لەبارەی بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئەنجامی سەفەرەکەیان و لەوکۆبونەوەیەدا قازی محەممەد ئەوەی رایگەیاند کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بۆ حیزبی دیموکرات کوردستان بگۆڕێت، هەروەها خەڵکی داوای سەربەخۆییان لێدەکرد قازی محەممەد خۆی لافیتەیەکی هەڵگرد بەناو خەڵکی دەسووڕایەوە بۆئەوەی دەنگی جەماوەر کۆبکاتەوە کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی لابرد حیزبی دیموکراتی کوردستان جێگای گرتەوە هەر لەوکۆبونەوەیەدا قازی محەممەد ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمەی کورد دەبێت پەیوەندی خۆمان لەگەڵ دیموکراتی تەورێزدا پتەوبکەین نەهێڵین حکومەتی روسیا رەخنەمان لێبگرێت هەروەها قازی محەممەد بڕیاریدا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی خۆی پێکبهێنێ و سەردانی تەورێز بکات و پەیوەندی خۆی لە گەڵیاندا دابمەزرێنێ.(١٨) پاش ئەوەی سەردانی تەورێزی کرد لەگەڵ فیرقەی ئازەربایجان چاویان بەیەک کەوت دوای کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتی رێککەوتن لەسەر هاوکاریکردنی هەردوو حیزب و گەشەکردنی زمانی تورکی و کوردی لە ناوچەکاندا و لەسەر بەڕێوبردنی ناوچەکانیش هەروەها بڕیاریاندا لیژنەیەکی ئابووری پێکبهێنن لەنێوان هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری.

## کارەکانی قازی محەممەد

١- کارەکانی لەڕووی سەربازییەوە. نەبوونی ئەزموونی حکومڕانی خۆبەڕێوبردن و سەپاندنی یاسا بۆئەم کۆمارە شتێکی گرنگبوو، بۆئەوەی ئەم کۆمارە سەرکەوتوو بێت و بمێنێتەوە لە بواری حکومڕانیدا، پێویستی بە هێزی سەربازی بوو بۆئەوەی بتوانێ خۆی بەڕێوەببات بۆیە کێشەی کورد تەنها لە رێگای سیاسی و سەربازی چارەسەری بۆدەکرا, ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیگرت کە گەلێک بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندابوو هاتەسەر ئەوەی کە خۆی حوکمی خۆی بکات ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ متمانەی سیاسی کورد خۆی. بۆیە حکومەتی کوردستان بە پێویستی زانی وەکو هەموو دەسەڵاتێکیتری جیهان سوپای نیزامی پێکبهێنێت بۆ رۆژانی بەرەنگاربوونەوە و هەر ئەرکێکی دوژمن, هەروەها بۆئەوەی سەروەری گەل و نیشتمانی پێبپارێزێت.

ئەم سوپایە ژمارەی سەربازانی (١٢٠٠) سەرباز بوو بە فەرمانی قازی محەممەد ئەم سوپایە دامەزرا, هەروەها مەلا مستەفای بارزانی هەزار جەنگاوەری خستەڕیزی ئەم سوپایەوە.(١٩) ئەمەش یەکێکە لەو هۆ گرنگانەی کە یارمەتی حکومەتی کوردستان دەدات بۆ مانەوەی حوکمی خۆی, چونکە لەوکاتەدا دامەزراندنی هێزی سەربازی کارێکی زۆر پێویستبوو, چونکە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بەردەوام هێرشیدەکردە سەریان و ئەمە لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە بۆ






سە پاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا.

٢- لەڕووی ئابووریەوە لەبەرئەوەی لە پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان زۆربەی زۆری زەوییەکانی کورد لەژێر دەستی کاربەدەستانی ئێراندا بوون بۆیە دوای دامەزراندنی کۆمار لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیاراندا, ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی بەرهەمی کشتوکاڵی هەروەها سەربەستی هاتوچۆ و چالاکی بازرگانی و گۆڕینەوەی کەلوپەل هاتەکایەوە دامەزراندنی ئەمانە هەموویان تاڕادەیەک بازاڕی سنووری کۆماری بووژاندەوە، بەڵام دەرامەت و داهاتی سەرەکی لە کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو کە لە ڕێگای تەورێزەوە دەنێردرا، کۆماری ئازەربایجان (٢٠) تومەنی بە قەرز دابوو بە کۆماری کوردستان بڕیاریشدرا بە شەکر پڕبکرێتەوە هەرچەندە ڕژێمی شا ئابڵۆقەی خستبووەسەر ناوچەکە بەتایبەتی قەرزکردنی کڕینی تووتن, بەڵام سۆفیەت توانی ئەو ساڵە تووتنی کوردستان بکڕێت بە (٨٠) پاوەند.(٢٠) قازی هەمیشە لە هەوڵی زیاتردا بوو بۆ گەشەکردنی ئابووری لەلایەنی کردنەوە بانک و دانانی پارە لە بانکەکاندا دیسان زەوی لە هەندێ خێزانی دەوڵەمەند وەک خێزانی شافیعی لە مهاباد کە بەربەرەکانی کۆماری دەکرد وەرگیراوە.

٣- لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە: شانبەشانی گەشەکردنی لایەنی سیاسی و ئابووری لایەنی کۆمەڵایەتی گەشەیکرد، هەرچەندە کارەکە لەسەرخۆ بوو ئەویش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ چەوساندنەوە و زوڵملێکردنی زۆردابوو بۆیە خەڵکی وایلێهاتبوو ئەم کۆمارە بچووکەیان بە موڵکی خۆیان دەزانی, چونکە زوڵم وەکو جاران نەمابوو هەرچی داواکاریان بوایە دەگەیشت بەدەستی کاربەدەستان. تەنانەت قازی محەممەدیش ڕێگە و شوێنی تایبەتی بۆ ئەمجۆرە دیاردانە هەبوو بەتایبەتی ڕێگەی گەیاندنی نامە و دەنگی هاوڵاتییان بە خۆی هەر لەبەرئەوەش بوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی کەوتە قۆناغێکی نوێ و کە بیر و لایەنە کۆمەڵاتیییەکان باشتر خۆیان دەربخەن,(٢١) قازی محەممەد سەربەستی بە خەڵک دابوو بۆئەو داوایانەی کە هەیانبوو, لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە چەندین دامودەزگای بۆ خەڵک کردبووەوە. بەبێگوێدان بە رەگەز و ئایین و زمان, هەروەها پێکەوەژیان و برایەتی لەناویاندا بە کارێکی گەورە دەزانی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی، هەروەها پێکهێنان و ڕێکخستنی لاوان و ئافرەتان وەکو ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئافرەت شانبەشانی پیاو بتوانێ زۆر لە ئیشوکاری وڵات جێبەجێبکات و مافی خۆی بپارێزێت, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قازی یەکسانی و سەربەستی بیروباوەڕی لەنێوان خەڵکی ئەو کۆمارەدا چەسپاندووە.

٤- لەڕووی زانستییەوە : بێگومان لایەنی زانست و پەروەردە یەکێکیترە لەوکارە گرنگانەی کە قازی گرنگی زۆری پێدابوو هەر لەبەرئەمەش بوو کە قازی خۆی کەسێکی زانا و ڕووناکبیر و زمانزانبوو بۆیە زیاتر لە کارەکانیتر پەرەی بەم لایەن داوە, هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی کۆمارەکەدا چەندین قوتابخانەی لە ناوچە جیاجیاکاندا کردووەتەوە, هەروەها لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ دانانی کتێبی کوردی و خوێندنیان کرد بە کوردی سەرەڕای ئەوەیش چەندین کتێب وەرگێررا بۆ سەر زمانی کوردی , هەروەها بڕیاریاندا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەو وڵاتەدا و هەموو کەس فێری خوێندن و نوسین بکرێت و بۆ یەکەمجار بوو (٥٠) قوتابیان نارد بۆ یەکێتی سۆفیەت بۆ ئەوەی لە (دانشگا ) بەرزەکاندا بخوێنێت, هەروەها چەندانیتر بۆ تەورێز بۆ خوێندن لە زۆربەی لقەکانی زانیاریدا.(٢٢ ) گومانی تێدانییە ئامانجی قازی لە کردنەوەی قوتابخانە و ناردنی قوتابیان بۆ وڵاتانیتر بۆئەوە بوو ڕزگاربێت لە نەخوێندەواری, چونکە زانست مایەی شارستانییەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە هەر لەبەرئەوەش بوو قازی زۆر گرنگی دابوو بەم لایەنە، کاتێک قازی سەرۆکی پەروەردە بوو لە شاری مەهاباد دوو خوێندنگای دروستکردبوو بەناوی ( پەهلەوی) ئەویتریان بەناوی (یرماس) کە دوای ئەوە ناوی گۆڕا بۆ خوێندنگای ( پەروانە).

٥- لەڕووی ئایینییەوە : قازی خۆی کەسێکی دیندار و موسڵمان بوو بۆیە هەموو کارەکانی و بڕیارەکانی لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا بوو هەر لەبەرئەوەش مزگەوت گرنگییەکی گەورەی هەبوو لەناو کوردەواریدا جگەلەوەی جێگەی نوێژکردن و خواپەرستی بووە جێگای زانست و حوێندن بووە بۆیە زۆر لە شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیرەکان تا کۆتایی چلەکان لە مزگەوتدا پێگەیشتوون، سەرەڕای ئەوەش شوێنی کۆبوونەوە و پەیمانی نێوان خەڵک و بەرپرسەکان بوو، هەر لەبەرئەوەش مزگەوت گرنگیی زۆری بۆ حکومەتی کوردستان بووە، لەبەرئەوەی قازی زۆر کۆبوونەوە گرنگەکانی لە مزگەوتدا دەکرد و لەوێدا لەگەڵ پێشەوایانی ئایین و دەمڕاست و ئاغاکانی کورد کۆدەبووەوە ڕاوێژیدەکرد, هەروەها لە مزگەوتەکاندا وتاری هەینی بە زمانی فارسی یان عەرەبی ەسمی بوو,






بەڵام قازی بڕیاریدا وتاری هەینی بە زمانی کوردی بخوێنرێ.(٢٣) بۆیە قازی چەندین مزگەوتی لە شارەکانی کوردستان کردەوە بۆئەوەی ئایین لەناو خەڵکدا تەواو پتەوبێت و کێشەکان لە مزگەوتدا چارەسەربکات بەمەش قازی هەوڵی گەشەپێدان و گرنگیپێدانیداوە.

## داگیرکردنی مهاباد و خۆبەدەستەودانی قازی

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئێران بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ئازەربایجان جارێکیتر بیخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆئەمەش هەستا بە هێرشێکی گەورە بۆسەر ئازەربایجان لەبەرئەوەی ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەتر بوو لەوەی کوردستان لەڕووی هێز و تواناوە. ئەم هێزەی ئێران هەر ( ٢٥ ) کم لە تاران دەرچوون تووشی شەڕبوون، چەکدارەکانی ئازەربایجان پشتیان بە سوپای ئێران گرت, بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەنگەرەکانیان چۆڵکرد و تا تەورێز نەوەستاوە لە دەوروبەری تەورێز هەندێ شەڕێترکرا, بەڵام شەڕەکە وانەبوو بۆیە سوپای ئێران لە (١٣)ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ توانی تەورێز داگیربکات، بۆیە ئەم هەوڵەیش بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتە مەهاباد. بۆئەم مەبەستەش ئەندامانی حیزب و لێپرسراوانی کۆمار ڕوویانکردە ماڵی قازی بۆئەوەی بزانن چیبکەن شورای جەنگ بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ پێکهات بۆیە دانیشتنی یەکەم بڕیاردرا شەڕبکرێت. دوای ئەوەی بڕیارياندا جەنگبکەن لە دژی داگیرکەرانی ئێران, بەڵام دوای بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی زۆر لەلایەن قازی و ئەندامانی حیزبەوە ئەو بڕیارەیان هەڵوەشاندەوە و بڕیاری نوێیان ئەوە بوو جەنگەکەن لەبەرئەوەی حکومەتی ئازەربایجان بەو هەموو توانایەوە یەک ڕۆژ شەڕی پێکراوە ئایا کۆمارێکی بچووکی وەکو کۆماری کوردستان توانای بەرگریکردنی هەیە بەرامبەر بە سۆپای ئێران. ئامانجی قازی لەشەڕنەکردن زیاتر لەبەرئەوە بوو ئێران دەوڵەتێکی گەورەیە و کۆماری کوردستان بچووکە بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێت داگیریبکات, بۆیە ئەگەر شەڕبکرێت لەگەڵیدا, کاتێک مهاباد داگیربکات زۆر بەتوندی لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەجووڵێتەوە هەر لەبەرئەمەیش زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوایان لە قازی کرد کە لە سنووری کۆمار دەربچێت و سنووری عێراق یان ڕوسیا بگرێت، بەڵام قازی بەم پێشنیارە ڕازینەبوو وتی ئەگەر من لەم شارە دەربچم ئەوە حکومەتی ئێران هەموو ڕقوکینەی خۆی بە خەڵکی هەژاری ناوچەکە دەڕێژێ بەیەکجاری شارەکە وێراندەکات، بۆیە مەلا مستەفایش هەمان داوایلێکرد, هەروەها قونسولی ئینگلیز لە تەورێز و ئەمریکییەکان هەمان داوایانلێکرد, بەڵام بەهەمانشێوە وەڵامیدانەوە.(٢٤). بەمشێوەیە قازی لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوامبوو تا ئەوڕۆژەی هێزی ئێران بەرەو مهاباد کەوتەڕێ بۆیە لە ڕۆژی (١٧/کانونی یەکەمی/١٩٤٦) هێزی ئێران لە بۆکانەوە بەرەو مەهاباد کەوتەڕێ، هەر ئەوڕۆژە قازی و حاجی بابە شێخ و کۆمەڵێکی زۆری لە لێپرسراوانی کۆمار بەرەوڕوویان چوون بۆئەوەی بەڕەسمی پێشوازی هاتنەناوەی هێزی نیزامی ئێران بۆ مهاباد بکەن، کاتێک کە گەیشتەپێشەوە سوپای قازی بەگەرمی پێشوازیلێکردن.(٢٥) هێزی ئێران هەر لەگەڵ چوونەناوەوەیان لە مهاباد دەستیانکرد بە توندوتیژی وخەڵکگرتن بۆیە هەندێک لە ئەندامانی کۆمار رایانکرد، بەڵام هەندێکیان لە ماڵەوە بوون چاوەڕوانی گرتنبوون، قازی لە ماڵەکەی خۆیدا کەوتەژێر چاودێرییەوە، دوای چەند ڕۆژێک کە بەتەواوی دەسەڵاتی ئێران جێگیربوو قازی و ئەوانەی بەدەوریەوەبوون دەستگیرکران و خرانە بەندیخانەوە.(٢٦) هەر بەخۆبەدەستەوەدانی قازی کۆمار بەتەواوی هەرەسدەهێنێ.

هۆکار خۆبەدەستەوەدانی قازی چیبوو؟ چەندین شێوازی لەبەردەوامدا بوو بە بەرگریکردن یان هەڵهاتن یان شەڕکردن بەشێوەی پارتیزانی، بەڵام ئێستا هۆکاری خۆبەدەستەوەدانی ئەو هۆکارانەی پاڵی بە قازییەوە نابێ بۆ خۆبەدەستەوەدان بەتەواوی ڕووننەبووەتەوە بویە هەڵوستی خۆبەدەستەوەدان شتێکی زۆر گرنگە لە مێژووی گەلی کوردە.(٢٧) پێموایە کاریگەرترین هۆکاری خۆبەدەستەوەدانی قازی ئەوەیە کە پێشتر بەڵێنی بە خەڵکی مهاباد دابوو لە مەیدانی چوارچرا تاکو دواهەناسە لەگەڵ خەڵکی مهاباد بێت هەر لەبەرئەوەش بوو بەڵێن و پەیمانی نەشکاند تا دواهەناسە.

## دادگایکردنی قازی

دوای ئەوەی سوپای ئێران بەرەو مهاباد بەڕێکەوت قازی پێشتر بڕیاریدابوو شەڕنەکرێت لە دژی سوپای ئێران لە (ڕۆژی ١٢/کانونی یەکەمی/١٩٤٦) گەیشتە بۆکان پاشان بەرەو مهاباد لە (١٥/کانونی یەکەمی/١٩٤٦) هێرشی کتوپڕیان کردەسەر مهاباد و داگیریانکرد, بەڵام قازی و ئەندامانی پێشوازیانلێکرد ئەو پێشوازلێکردنە هیچ سوودی نەبوو, بەڵکو بەشێوەی نامەردانە هاتنەمەیدان هەر لە (١٧)ی ئەومانگەدا قازی و هاوڕێکانی گیران و خرانەبەندیخانەوە.(٢٨)

پاش ماوەیەک لە رووخانی کۆماری مهاباد دەستبەسەراگرتنی قازی راگەیەنرا. ئەوەبوو پاش ماوەیەک دادگاییکردن دەستپێیکرد. ئەوەی شایەنی باسە کۆبوونەوەی دادگاییکردنەکە چەند سەعاتێکی خایاند، پرسیاری تاوانەکان لەلایەن دادستان حەسەن خرانەڕووی دادگا قازیش زۆر بەهێمنی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە بۆ هەر پرسیارێکیش قازییەکان داوای بەڵگەیان دەکرد و بەشی زۆری پرسیارەکان لەلایەن قازییەکان و رەتدەکرایەوە، ئەو خاڵانەی قازی محەممەد پێیتاوانبارکرابوو ئەمانەبوو:

١- بازرگانیکردنی نەوت لەنێوان دەوڵەتی روسیا و کۆماری کوردستان.

٢- دەستکاریکردنی نەخشەی ئێران و جیاکردنەوەی ورمێ و کرمانشان و تەورێز و ئیلام.

٣- دانان و دروستکردنی ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان.

٤- لێدانی سکەی پوول بۆ حکومەتی کوردستان.

٥- دروستکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە هەرچوار پارچەکەیەوە.

٦- هێنانی بێگانە بۆ کوردستان وەکو مەلا مستەفای بارزانی.

٧- هەرەشەکردن و هاندانی خەڵکی کوردستان دژی دەوڵەتی ناوەندی.

٨- پەیمانبەستن لەگەڵ روس دژی دەوڵەتی ناوەندی.

٩- هاتوچۆکردن بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی روسیا و کۆبوونەوە لەگەڵ باغرۆف.

١٠- راگەیاندنی حکومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورەی خاکی ئێران, ئەمانە و چەندین خاڵیتر قازیی پێتاوانبارکرابوو.(٢٩)

قازی هەموو ئەمانەی رەتکردەوە تەنها دانی بە سێ خاڵدا نا ئەویش:

١- چوونی بۆ باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتن لەگەڵ باغرۆف.

٢- بوونی ئاڵای کوردستان.

٣- هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ مەهاباد ئەویش خۆی هاتووە، چونکە کوردە و کوردستانماڵی خۆیەتی.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ مانگ بەسەر داگیرکردنەکەدا دواتر لە ستادی ئەرتەشی ئێران دەستەیەک بۆ دووبارەکردنەوەی دادگای قازییەکان لەمانە دەستنیشانکران: سەرهەنگ رارا نیکوزادا (دادستان)، سەرهەنگ رەجەب عەتا سەرۆکی دادگایی, سەروان حوسێن ئەندام, سەروان نەبەوی وەک پارێزەر بۆ قازییەکان. ئەم دەستەیەی دادگا لە (رۆژی ٢٥ / ٣ / ١٩٤٧) لە تارانەوە بەرەو تەورێز کەوتنەڕێ لەوێ بەرەو میاندوا لەوەیوە بۆ مەهاباد. رۆژی (٢٨ / ٣ / ١٩٤٧) گەیشتە ئەو شوێنەی کە بڕیاری دادگاییکردنی قازی محەممەدی لێیە, پاشان دادگاییکردن دەستپێیکرد. تاوانەکان هەمان ئەو (١٢) مادەیەی پێشووتر بوون کە لەلایەن دادگای سەربازییەوە جاری پێشوو رووبەڕویکرایەوە قازی محەممەد تاوانەکانی دانە بەدانە بەدرۆخستنەوە بۆیە داوای لە دادگاکرد بۆ هەر تاوانێک بەڵگە بهێنێتەوە. قازی زۆر بەئارام و لەسەرخۆبوو, بەهۆی پێداگرتنی قازی لەسەر رەتکردنەوەی تاوانەکانی دادگا (دادستان) بەسەر قازیدا خۆی تووڕەکرد, قازیش کاردانەوەی هەمانشێوەی هەبوو لەسەرئەوە بۆیە قازی بە دادستانی وت ئەم هەموو درۆ و بوختانە چۆن بۆمتان دروستکردووە ئەگەر راستدەکەن بەڵگە بخەنەڕوو بۆیە ئەم قسەیە دادستانی زۆر تووڕەکرد تەنانەت وایلێکرد بە بستیش لەسەری خۆی دا.(٣٠) ئەویش بە قازی وت کوردان سەگ سیفەتن, بەڵام تەوڕەیی و هەڕەشەی دادستان هیچ کارینەکردەسەر قازی و لەوەڵامدا وتی سەگ و بێئابڕوو هەر ئێوەن من ئامادەم لە پێناو کورد خۆم بدەم بەکوشت و شانازیشدەکەم بەو مردنە مەردانەیە, قازی دوای تەواوبوونی قسەکانی بڕیاریدا وەڵامی پرسیارەکان نەداتەوە.. دادستانیش بۆ ئەوەی قازی بێتە سەرخۆی و لەسەر بڕیارەکەی خۆی پاشگەزبێتەوە کاتی پشوودانی دادگای راگەیاند، دوای پشوودان زۆر هەوڵیاندا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە, بەڵام قازی وەڵامینەدایەوە، دەستەی دادگا لەنێو خۆیاندا کەوتنەڕاگۆرینەوە ناچار بڕیاریاندا لە شوێنی نیکوزدا سەرهەنگ رەجەب عەتای ببێت بە سەرۆکی

دادگاکە، پرسیارەکان سەرلەنوێ دەستپێیکردەوە، دادستان پرسیاری ئەوەی لێکرد کە لەگەڵ دەوڵەتی روسیا رێککەوتن بۆ بازرگانیکردنی نەوت هەیە، لە وەڵامدا قازی پێکەنی و وتی ئێمە کام بیر و کۆمپانیای نەوتمان لەبەردەستدابووە تا بازرگانی پێوەبکەین، رەنگە ئاوی ئەو رووبارانە بڵێن کە بە شاری مەهابادا رەتدەبێت بە نەفتی بزانن، هەروەها وەڵامی قازی لە پرسیاری ئەوەی بێگانەی هێناوەتە کوردستان وەک مەلا مستەفای بارزانی لەوەڵامدا وتی مەلا مستەفا بێگانە نەبووە و کوردستان ماڵی خۆیەتی.

سەرهەنگ عەتایی پرسیاری زۆری لێکرد بەڵام هەر بەردەوام رەتیدەکردەوە لەبەرئەوەی قازی لە بەرامبەری بەتوندی وەستابوو. سەرهەنگ پارچە قوماشێکی لە جانتاکەی دەرهێنا کە رەنگی سوور و سپی و سەوز بوو چەکوش و داسێکی لەسەربوو.. سەرهەنگ تفێکی لێکرد و ختیییە ژێرپێی، قازی لەبەرامبەردا وتی: جارێ ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە چونکە ئاڵای کوردستان چەکوش و داسی لەسەر نییە و دڵنیابە ئاڵای کوردستان بە دەستت ناکەوێ.

هەروەها دڵنیابە لەوەی کە رۆژێ دێ ئاڵای کوردستان لەسەر ئەم خانووەی منی تیادا دادگاییدەکرێم هەڵدەدرێت، عەتایی لێیپرسی هەموو ئەو تووڕەییەت بەرامبەر سەرهەنگ نیکوزادە چیبوو لە کاتێکدا تۆ بەهێمنی و لەسەرخۆیی ناسراویت.. لەوەڵامدا قازی وتی من ئەو مافە بە کەس نادەم گاڵتە بە گەلەکەم بکات ئێستا من لە پێناوی گەلەکەم حوکمی لە سێدارەدانم بەسەردا دراوە.

دادگایی بەوجۆرە درێژەیکێشا و عەتای پرسیاری لە قازی دەکرد ئەویش زۆر بەتوندی و بەبێترس وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە لە کۆتاییدا قازی وتی: وائەزانن کە هەڵنەهاتم بەهۆی نەتوانینمەوە بوو, بەڵکو زۆر بە ئاسانی دەمتوانی هەڵبێم و لە سنوور بپەڕمەوە، چونکە شەش جێب و دوو ئۆتومبیلم لەبەردەستدابوو لەبەرئەوەی بەڵێنم بە گەلەکەم دابوو تا دواهەناسە لەگەڵیاندابم بۆیە هەڵنەهاتم.

بەمشێوەیە کۆتایی بە دادگا هێنرا، بۆیە لیژنەی دادگایی ویستی بەرەو تاران بچێت لەناکاو دەستور هات تا جێبەجێکردنی بریاری دادگا لەوێ ئامادەبن بۆیە لەوێ مانەوە تا حوکمی دادگا جێبەجێکرا لە (رۆژی ٣١ی مارت). پاش دەرکردنی دوابڕیار لەلایەن حکومەتی ناوەندی ئێرانەوە کە قازی محەممەد لە سێدارەبدرێت، کەوتنە راگۆرینەوە بۆ دەسنیشانکردنی شوێنێک تا بڕیارەکەی دەوڵەتی ناوەندی جێبەجێبکرێت، پاشان قازییان گەیاندە بەردەم بینایەکی چەند دەرگایی لە چوار گۆشەیەکی چوارچرادا دایانبەزاند چووە نێورێزێکەوە بینی دادستان سەرهەنگ نیکوازدە و مەلایەکی کوردەواری و چەند چەکدارێکی لێبوو و بوونی قورئانێکی گەورە لەسەر مێزێک و ئامادەبوونی سەرۆکی تەندروستی کە لە تارانەوە هاتبوو.. پاشان دادستان سەرهەنگ نیکوازدە بڕیاری دادگای خوێندەوە بەمەش قازی لەوە دڵنیابوو دەبێت هەر ئێستا لە سێدارەبدرێت هەر لەوکاتەدا دادستان داوایلێکرد کە دوا وەسیەتنامەی بنووسێت. بۆیە قازی دەستیکرد بە نووسینی وەسیەتنامە .. وەسیەتنامەکەی بەگشتی لەبارەی یەکێتی لە نێوان رۆڵەکانی گەل و پشتبەستن بەیەکتری و هەروەها باوەڕنەبوون بە بێگانە، هەروەها بەرەوپێشچوونی ئاستی زانست و برەودان بە دەزگا ئیدارەییەکان لەگەڵ گەلێک شتیتر لە چوارچێوەی وەسیەتەکەی دەردەکەوێت کە لە دواچرکەکانی تەمەنیشدا جوانترین ئامۆژگاری گەلەکەی دەکات، ئەو راستیەمان فێردەکات کە پشتبەستن بەخۆمان و بەرەودان بە دەزگا زانستی و پەروەردەیی و ئایینەکان گەورەترین پشتیوانن بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد. لەوشەوە زەنگەی کە بێدەنگی باڵای کێشابوو بەسەر مەهابادا و قازیش داوایکرد پێش ئەوەی ببرێتە بەردەم پەتی سێدارە رێگەی بدەن نوێژ بکات و لە خوابپاڕێتەوە نزیک دوو سەعات خەریکی خوێندنەوەی نوێژ و پاڕانەوەبوو, ئەمکاتە درێژەش دادستانی نیگەرانکردبوو دەستیکردە بۆڵەبۆڵ تا سەعات گەیشتە(3)ی شەو پاش ئەمە لە دەرگایەکەوە هێنایانە مەیدانی چوار چرا کە چاوی بە پەتی سێدارە کەوت داوایکرد لە سێدارەنەدرێت.. چونکە لە سێدارەدان لە ئیسلامدا کارێکی ناپەسەندە، بەڵکو تیربارانمکەن بەڵام لە سێدارەم مەدەن، بەڵام دوژمنان راکەیان پەسەندنەکرد بەبیانووی ئەوەی کە هەر دەبێت دادگا جێبەجێبکرێت لەوشەوەدا کە کات گەیشتە ١٠:٣ی بەیانی کە رێکەوتی ٣١ / ٣ / ١٩٤٧ هێنرایە ژێر پەتی سێدارە و پاش کەمتر لە دوو دەقیقە گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی نەبڕاوە فڕی.

خەڵکی مەهاباد لەکاتێک لە شرینی خەودا بوون کە هەر ئێوارە بڕیاردرابوو کە نابێت شەو کەس لە ماڵی خۆی دەربچێت نەیانزانی ئەمشەو ئەوکارە چاوەڕواننەکراوە روودەدات.. پاش ماوەیەک لاشەی شەهیدەکانیان درا بە کەسوکاریان و هەر ئەورۆژە لەسەر شانی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆڕستانی مەلا (جامی) بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.(٣١)

***






سەرچاوەکان

١- کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی ٢٠،١٩دا, وەرگێرانی: محەممەد ڕەباتی, چاپی یەکەم, ل ٢٤٦
٢- دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری مهاباد, چاپی یەکەم, سلێمانی ١٩٧١ , ل١٥
٣- عومەر بەلەکی: مهاباد و کورتەمێژوویەک: چاپی یەکەم, سلێمانی,٢٠٠٤ , ل٨٤
٤- دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل ١٥
٥- کریس کۆچیرا: سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٤٦
٦- جەلیل گادانی: خاکەلێوەی ١٨٣٠ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان, ل ١٩. ٢٠
٧- مەحمود مەلا عیزەت: جمهوریەتی کوردستان, چاپی یەکەم, سلێمانی ٢٠٠٢ , ل ١٩١
٨- عومەر بەلەکی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣
٩- کریس کۆچیرا: سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٧٧ ـ ٢٧٩
١٠- مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل ١٩٢
١١- هەمان سەرچاوە: ل ١٩٤
١٢- دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل ١٦
١٣- مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل ٩٧
١٤- هەمان سەرچاوە, ل ٩٧,٧٠ , ١٠٧
١٥- ڕەنجبار, ئەحمەد ئەمین: کۆماری کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان, چاپی یەکەم، هەڵەبجەی شەهید, ل ٤٩
١٦- کریس کۆچیرا: سەرچاوەی پێشوو, ل٢٥٤
١٧- هەمان سەرچاوە, ل ٢٥٣ , ٢٦٧
١٨- ڕەنجبار, ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩
١٩- هەمان سەرچاوە, ل ٤٩
٢٠- مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٦٨ ـ ٢٦٩
٢١- هەمان سەرچاوە, ل ٢٧٥
٢٢- دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل ٣٤٣٢
٢٣- نەوشیروان مستەفائەمین: حکومەتی کوردستان, کورد لە گەمەی سۆفیەتیدا , چاپی یەکەم, هەولێر, ١٩٩٣، ل ١٤٥
٢٤- ڕەنجبار, ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل ٦٠،٥٩
٢٥- نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٦٦
٢٦- ڕەنجبار, ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل ٦١
٢٧- مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل ٢٤٣
٢٨- دانا, محەممەد بەهائەدین ساحیب: سەرچاوەی پێشوو, ل ٧٤
٢٩- بەدرەدین سالح : سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا , چاپی یەکەم، هەولێر,٢٠٠١ , ل ٨
٣٠- نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧
٣١- بەدرەدین سالح : سەرچاوەی پێشوو, ل ١١ , ١٩.

سەرچاوە : ماڵپەری گۆڤاری کوچ / ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٣






# کۆماری کوردستان و خۆری زێرینی کوردستان

**نووسینی: عومەر کەریم بەرزنجی**

دیرۆکی ئەم گەلە دیرۆکێکە پڕ لە قوربانی و بەرخودان، ئەگەرچی شکست پانتاییەکی بەرفراوانی ئەم دیرۆکەی داگیر کردووە، بەڵام پاش هەر شکست و هەرەس هێنانێک کورد بە جەسارەتەوە هاتۆتەوە مەیدان و خەونی داگیرکەرانی زڕاندووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی بەرنگاری و کۆڵنەدانی گەلی کورد، لاپەڕە پرشنگدار و بە خوێن نوسراوەکانی کورد گەڵێک زۆرن، ئەوەی من دەمەوێت قسەی لە سەر بکەم، کۆماری کوردستانە.



ئەو کۆمارە مێژوویەکی پرشنگدارە و هەمیشە لە یادەوەریماندا ئامادەیی هەیە، لە ساڵڕۆژی شەهید کردنی قازییەکان دا واتا ٣١ی مارتی ١٩٤٧ وەک وەفادارییەک بۆ گیانی ئەو نەمرانەی زۆر لە خۆبوردووانە گیانیان کردە قوربانی نیشتمان چەپکێک وشە چەپکێک گوڵی وەفاداری پێشکەشی پێشەوا و قازییەکان دەکەم.

گیاکەڵەی خیانەت، ریشەیەکی قوڵی هەیە لە جەستەی کورد دا، هەر بۆیە دەکرێ لە باسکردنی شکستەکانماندا چەنێک دووژمنەکانمان تاوانبار دابنێین دەبێ پتر خیانەتکارانمان تاوانبار بکەین، ئەگەر دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقلیشێ، بەڵام کورد زۆرجار پوازەکەی لە خۆی بووە هەر بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتووە هەر بۆیە پێشەوا لە وەسێتەکەیدا دەنووسێ ( بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیا بن ئەگەر داگیرکەران هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، ئەگەر سەرانی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بە حکومەتی ڕەزاشا نەفرۆشتبا" ئێمە و ئێوە و کۆمارەکەمان" وای بە سەر نەدەهات) پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلی کورد، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی شکستەکانمانە، هەرچ کاتێک کورد تەبا و یەک دەنگ بێت سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات، پەرتەوازەیی ا ناتەبایش شکستمان بەسەر دێنێ، لە هەموویشی گرنگتر هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی خیانەتکاریە هەر بۆیە (بێکەس) دەڵێ:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک بۆیە وا بێ لانەیە

لەو ماوەیەی تەمەنی کۆمار دا، زۆرێک لە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان نامەی وەفادارییان بۆ دەرباری شا نووسیوە ( لە هەمووی سەیرتر پەیوەندی عومەرخانی شکاکە بە دەربارەوە کە لەو ماوەیەی لە سەقز و دەورووبەری " عومەر خان ئامیر هێزی لەشکری کۆماری کوردستان بووە" نزیکەی " ١٧" نامەی بۆ دڵنیا کردنی دەرباری شا لە دڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووە و خۆی بە سەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووە و بەرهەڤی بە جێگەیاندنی ئەرک و فەرمانی دەرباری لە خۆی نیشان داوە) هەروەها ( جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرداری دێبوکری عەلی یار لە یەکێک لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد دا بۆ باکۆ و ئازەربایجانی ڕوسیا و کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بە تێر و تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نوسیوە و ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە).

دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقلیشێ، بەڵام کورد زۆرجار پوازەکەی لە خۆی بووە هەر بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتووە هەر بۆیە پێشەوا لە وەسێتەکەیدا دەنووسێ ( بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیا بن ئەگەر داگیرکەران هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، ئەگەر سەرانی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بە حکومەتی ڕەزاشا نەفرۆشتبا" ئێمە و ئێوە و کۆمارەکەمان" وای بە سەر نەدەهات) پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلی کورد، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی شکستەکانمانە، هەرچ کاتێک کورد تەبا و یەک دەنگ بێت سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات، پەرتەوازەیی ا ناتەبایش شکستمان بەسەر دێنێ، لە هەموویشی گرنگتر هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی خیانەتکاریە هەر بۆیە (بێکەس) دەڵێ:

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە**

**دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک بۆیە وا بێ لانەیە**

لەو ماوەیەی تەمەنی کۆمار دا، زۆرێک لە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان نامەی وەفادارییان بۆ دەرباری شا نووسیوە ( لە هەمووی سەیرتر پەیوەندی عومەرخانی شکاکە بە دەربارەوە کە لەو ماوەیەی لە سەقز و دەوروبەری " عومەر خان ئامیر هێزی لەشکری کۆماری کوردستان بووە" نزیکەی " ١٧" نامەی بۆ دڵنیا کردنی دەرباری شا لە دڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووە و خۆی بە سەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووە و بەرهەڤی بە جێگەیاندنی ئەرک و فەرمانی دەرباری لە خۆی نیشان داوە) هەروەها ( جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرداری دێبوکری عەلی یار لە یەکێک لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد دا بۆ باکۆ و ئازەربایجانی ڕوسیا و کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بە تێر و تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نوسیوە و ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە).

سەرجەم ڕۆژەکانی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان، لاپەڕەی زێرینن لە دیرۆکی کورد دا، ئەوەی لە هەمووی زیندووترە لە زاکیرەی مندا هەڵوێستی جوامێرانەی قازییەکانە لە کاتی دادگایی کردنیاندا و بەر لە سێدار دانیشیان لە کاتی دادگایی کرنیاندا قازی دادستان بە توڕییەوە لە بەرامبەر پێشەوا دا دەڵێ: (کوردان سەگ سفەت؟!) قازی بە ڕووی دادستان دا هەڵدەپڕژێ و دەڵێ: ( سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕوو، ئێوەن" کە هیچ سنوورێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن، ئاخر بێ شەرەف: ئەتۆ هەر دەتوانی بڕیارێک کە ئەو بێ شەرەفەی دیکە داویەتی "جێبەجێ بکەی" لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکی دیکەت لە دەست نایە، من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاوالاوە" ئەوەی کە بێتاوانم و لە ڕێگای ئازادی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە ڕەحمەت لە لای خودا بۆ خۆم دەزانم، شانازی بەو مردنە مەردانەیە دەکەم) هەروەها ( سەروان کیومەرس ساڵح) دەنووسێ ( من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی و بەدەویدا وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە، ئەو کاتەی کە هەوڵنێری ماهنامەی ئەرتەش بووم، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە) سەیفی قازیش لە کاتی دادگایی کردنیدا دادوەر دەیەوێ تورە بێت ئەویش مشتی خۆی گرێ کردووە و بە سەرهەنگی (واتە دادوەر) نیشاندا و پێی گوت:

(بەم مستە سەرو گوێلاک و دەموو ددانت دەشکێنم " ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ئاواتی ئێمەشە" چیتر هەیە، یەک ملیۆن درۆ و بوختان و قسەی قۆڕ و شتی دیکەی بێ واتاتان بۆ درووست کردووین " ئەوجا خەریکن غەڵەت و ناماقووڵی زیاتریش دەکەن!).

جەربەزەیی و بوێری و لەخۆبردوویی سیفەتی ئەم پیاوە مەرد و ئەم ئەستێرە پرشنگدارانەی دیرۆکی کوردایەتی بوون، هەر ئەو سیفەتانەشە بە نەمری ئەم پیاوە تێکۆشەرانەی هێشتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٣

## به یادی ٢ی رێبەندان.



**رازاو هەمزە پوور**

بەرێزان، خوێنەران، ئەمن رازاو هەمزە پوور، ١٣ ساڵ بەر لە ئێستا لە رۆژی ٢ی رێبەندان،لە نەخۆشخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چاوم بە دونیا هەڵێناوە. لەو کاتەوە تا ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی هەمووساڵێک، دایک و باوکم لە ٢ی رێبەندان دا، ساڵرۆژی لە دایک بوونمیان بۆگرتووم.

ئەمساڵ کە بیر و خوێندنەوەکەم زیاتر لە رابردووم چۆتە سەرێ و باش دەزانم لە ٢ی رێبەندان دا چ رووداوێکی گرنگی کورد رووی دا وە و لەو رووداوە گرنگەش دا لە دایک بووم، هاتمە سەر ئەم رایە کە ئەمساڵ جێژنی ساڵرۆژی

دامەزرانی کۆماری کوردستان و سالرۆژی لە دایک بوونم ، بە شێعرێک بە ناوی( بۆ چوار چرا کڕنۆش دەبەن)، لە نێو کۆڕی یادی ۲ی ڕێبەنـدان لـە شوێنی کۆبوونەوە گشتیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ، بگرم.

بۆ ئەم مەبەستم لە ڕێکەوتی۱۴/ ۱۰/ ۱۳۹۱ی هەتاوی دا، دەقی شێعرەکەم ناردە لای بەرپزانی کە مەراسم و کۆڕیادەکانی حیزب بەڕێو دەبەن تا بتوانم لەوێدا مەبەستەکانم بگەێنم.

جگە لەوەش، هەر لەو کاتە دا، بە مەبەستی خۆشی وخۆشحالی لە مێژووی حکوومەتی کوردی، واتە کۆماری کوردستان و، نواندنی نیشانی ئاشتی، کراسێکی سپی سپیم بە دروون دا تا لەو ڕۆژە دا بە شێعرێک و لیباسی سپیەوە پێشوازی لە یادەوەری کۆماری کوردستان و ڕۆژی لە دایک بوونم بکەم. بەڵام بە داخەوە، وەڵامیان لێگێڕامەوە کە شێعرەکەم، کە ئەوەتا دەیهاوێمە بەر دیدی خوێنەران، بە قەوەت نیە و تەئیدی ناکەین و، ناخوێندرێت و، کە هەردوو یادەوەری لە دایک بوونی کۆماری کوردستان و لە دایک بوونی خۆمیان لێ تاڵ کردم.

لێرە دا سپاسی یەکیەتی لاوان دەکەم کە لە شەوی یەلدا، شەوی لە دایک بوونی سەرکردەی نەمر، دوکتور قاسملوو دا ڕێگایان بۆ خۆش کردم کە خۆم بگەێنمە سەر تریبوونەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەستی خۆم بۆ قاسملووی هەمیشە زیندوو دەربڕم .

هیوادارم یەکیەتی لاوان لە بۆنەکانی خۆیان دا، لە کۆڕیادەکانیان دا بێ بەشم نەکەن . بەڵام ئەهەدبێت تازە ئەوە ئاخر جارم بێت کە من وەک کچە پێشمەرگەیەکی دێرین، داوای بەشداری کردن لە کۆڕەکانی حیزب لەوانە بکەمەوە کە ئەمڕۆ مەراسم و کۆڕیادەکانی نێو حیزب بەڕێوە دەبەن . چونکە ئەمە بووە دووجارە کە لە بۆنەکانی حیزب دا من جواب دەکەن و دەست بەڕوومەوە دەنێنن ، هەی ئافەرین بۆ دەست گرتنتان. ئاوا دیفاع لە مافی منداڵان دەکەن و پێیان دەگەێنن؟

من قەت لە سەر ئەو باوەڕە نیم کە حیزبەکەم ئەوەندە بێ مباڵات بێت دڵی ئازادەکانی خۆی برِنجێنێ. ئەوە شەخسەکانن ، هەڵسەنگاندنکانن قەوی نێن و ڕێگرن.

لەمە بە دوا روو لە سایتی گیارەنگی سەربەرز و ئیدی دەکەم و لە ڕێگەی ئەوانەوە مەبەست و هەستەکانم بۆ کوردستان و نەتەوە و نیشتمانم دەردەبڕم وبۆ ۲ی ڕێبەندانیش، دەڵێم:

ئەمشۆ، شەو درەنگانێک،

کە ڕوانیمە ئاسمانی نیشتمانم،

دیتم، ئەستێرەکان،

جووت، جووت، لە دووی یەک،

قەتارەیان بەستوە و،

بۆ چوار چرا، کڕنۆش دەبەن.

پاش تاوێک،کە چاوم بڕیە ئاسۆیان،

بینیم ، زەردە لە سەرانی داوە و،

گشت کوردستان ڕوونا کە .

کە ئەوەم دیت ، نەمزانی چیە؟!!!

پرسیارم کرد، ئەی خودایە،

ئەمە چیە؟ بۆ ئاوایە؟

کە ئەوەم وت، نەرم، نەرم،

دەنگێک هاتە گوێم و ، وتی:






نەت زانیوە؟ لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ ،

لەوێ، لە وێ، لە چوار چرا،

بۆ یەکەمجار ، بووکی ئازادی دا بەزی و ،

کۆماری کورد لە دایک بوو؟.

کە کۆمار دامەزرا،

لە گشت کوردستان، بزە کەوتە سەر لێوان ،

لە چوار لاوە، لە باشوور و، باکوور، لە ڕۆژهەڵات و، ڕۆژئاوا،

بۆ چوار چرا، کڕنۆشیان برد،

بەو زستانە، بەو بەفر و، بەستەڵەکە،

لە چوار چرا، گوڵ پشکوتن.

لە بەرۆژ و نیسێبیان،

پۆل، پۆل، مەل لە جریوەیان دا و، هاتن ،

بۆ چوار چرا ، کڕنۆشیان برد.

لەو کاتە دا، سابڵاغ شاگەشکە بوو

دیاربەکر گریا و ، فرمێسکی شادی وەراند

قامیشلوو، دای لە قاقای پێکەنین و ، ئۆخەیەکی کێشا

بابە گوڕگوڕ، گوڕاندی

پەردەی ڕەشی سووتاند و، هەموو وێکڕا

بۆ چوار چرا، کڕنۆشیان برد

کوندە بەبووەکان، کە ئەوەیان دیت

کوێر بوون ، دڵی ڕەشیان سووتا

لە کوردستان، نەمامی ئازادی ڕوا

ڕووباری بیری نەتەوەیی کەوتە ڕێ

تینوەتی سەر بەخۆیی شکا و، ئەویندارانی ئاشتی

بۆ چوار چرا، کڕنۆشیان برد

کۆرپەکان، تیلکی مەمیان بەردا

دەسترازە و ، سەرلانکەیان پچڕی

یەخەی دایکانیان دڕی

زەردە کەوتە سەر لێویان و، بەو جوانیەوە ، بەو پاکیەوە

هێدی ،هێدی، بۆ چوار چرا ، کڕنۆشیان برد

بە تیشکی خۆری ئازادی ، بەفر گڕی گرت

زستان شەق بوو، مل کەچ و، دەستەوەستان، هەزار دەستان

بۆ چوار چرا ، کڕنۆشی برد
لەو وەختە دا، دەفتەری باڵای مێژوو
بە ئەسپایی ، خۆی کردەوە و، بە دێڕێکی گەورە، گەورە
نووسی: چوار چرا، دڵی تاریک پەرستانی دڕی
کە ئەوەم بیستن، لە دڵم دا، رووباری شادی کەوتە ڕێ
چاوەکانم ، فرمێسکی خۆشیان لێ باری و
هاوارم کرد ئەی خودایە
ئەدی کوا؟ ئاواتی نەتەوەی من

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٥ی ژانویەی ٢٠١٣

## ڕێوایەتی خەلیلی فەتاحی قازی سەبارەت بە کۆبوونەوەی هومایوونی لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری کوردستان

..... مەئموورانی عەسکەری حکوومەت دوو سێ ڕۆژێک دوای هاتنەوەیان بۆ نێو شاری کاریان بەکەس نەبوو، تەنیا خەریکی کۆکردنەوەی چەک و چۆڵ بوون. دوای کۆکردنەوەی چەک و پاش ئەوەی مەلا مستەفا جارێکی دیکە بەپێی فەرمانی کاربەدەستانی ئەرتەش هاتەوە بۆ مهاباد، شەوی دووی بەفرانباری ١٣٢٥ هەتاوی

(دیسامبری ١٩٤٦ی زایینی) بە بیانووی پێڕاگەیشتن بە ژمارەی ئەوچەک و چۆڵانەی کۆکرابوونەوە، سەرتیپ هومایوونی کۆمیسیۆنێکی بە بەشداریی سەرهەنگ فیووزی و سەرهەنگ ئایروم و گشت ئەندامانی کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوانە خوداڵیجۆشبوو قازیی محەمەد، حاجی بابە شێخی سیادەت سەرۆکوەزیری حکوومەتی جمهووری کوردستان ، خودا لێخۆشبوو محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و هێندێک کەسی دی پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە دا سەرتیپ هومایوونی لەو کەسانەی کە ئامادە بوون ناو و پاشناو و پلەیان لە دەستگای حکوومەتی کوردستاندا دەپرسێ. ئاشکرایە لە وەختی ئاوا دا خەڵک لە ترسی ڕاوەدوونران و سزا، کار و پلەی ڕاستەقینەی خۆیان نادرکێنن. سەرتیپ هومایوونی چاو لە یادداشتێک دەکا کە گۆیا پێشتر ئاغای "م" سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ناو و پاشناو و کار و پلەی هەرکام لە ئەندامانی ناسراوی حیزب ئامادەی کردبوو و نووسیبووی ( بابم بە دوای ئەو ڕستەیەدا لێی زیاد دەکا : ( گۆیا ئاغای "م" کە یەکێک لە ئەندامە کاریگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەڵێنی پێدرابوو بێتوو ڕیزی چەک و چۆڵ و زانیاریی دیکە بە وردی لەبەر دەست ئێرانییەکان بنێ لێی خۆش دەبن و سزا نادرێ) ، و هەر کە هەست پێدەکا ئەو کەسەی لێی دەپرسێ نکووڵی لە بەرپرسیارەتی خۆی لە حیزبدا دەکا یان ئاگادارییەکی بەپێچەوانە لە سەر خۆی دەدا، دەست بەجێ بە ئاغای "م" دەڵێ پیشە و پلە و پایەی ڕاستەقینەی ئەو کەسە بڵێ. ئاغای "م" یمیش لە ڕووی نوسخەیەکی دیکەی یادداشتەکە کە لەبەر دەمی دا دەبێ قسەکانی ئەو کەسەی کە وڵامی ناڕاستی داوەتەوە وەدرۆ دەخاتەوە.

هەرچۆنێک بێ دوای زنجیرەیەک پرسیار و وڵام، هومایوونی و هاوکارانی لە " ف.خ" یەکێک لە ئەفسەرانی هێزی کوردستان دەپرسن دەفتەری چەک و چۆڵ و موهیماتی بە فەرمانی چ کەسێک ئاور تێبەرداوە؟ ناوبراویش دەڵێ بە فەرمانی ئاغای "م" کە جێگری ستادی هێزی کوردستان بوو و ئێستاش لەم مەجلیسەدا حازرە. لە ئاغای "م" دەپرسن بە پێی چ فەرمانێک ئەو کارەت کردووە؟ ئەویش دەڵێ بە پێی فەرمانی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی حکوومەتی کوردستان. خوداڵێخۆشبوو محەمەد حوسێن خان هەر لە بەرچاوی خۆی وەدرۆی دەخاتەوە و دەڵێ ئەو فەرمانێکی ئەوتۆی نەداوە. پاشان کاک "م" دەڵێ کاک محەمەدئەمینی شەڕەفی لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بە پێی فەرمانی محەمەد حوسێن خان ئەو دەستوورەی داوە. لە محەمەد ئەمینی شەڕەفی دەپرسن، ناوبراویش قسەکانی کاک "م" وەدرۆ دەخاتەوە. پاشان بە " ف.خ" ( بابم کەمتر بە یادداشتەکانی خۆیدا دەچووەوە. وەکوو بینیمان پێشتر

لەو کەسە پرسیار کرابوو، بابم بە هەڵە دووکەس بە یەک نێو هەڵدەدا و یان ئەوەی ف.خ. دیسان لەوبارەیەوە پرسیاری لێکراوەتەوە و ئەو وڵامێکی جیا لە وڵامی یەکەم دەداتەوە - بژارکار) کە ئەنبارداری چەک و چۆڵ بووە دەڵێن و لێی دەپرسن ئەتۆ کە بەرپرسی ئاگاداری لە چەک و چۆڵ و پاراستنی کاغەز و سەنەد و بەڵگەی لە مەڕ چەک بووی، بۆچی و بە فەرمانی کێ دەفتەرەکانت سووتاند؟ ناوبراویش دەڵێ بە فەرمانی ڕاستەوڕاستی وەزیری جەنگ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ئەو کارەم کردووە و هەر وەها لێی زیاد دەکا ئەمن دەستم لە دەفتەرەکان و بەڵگەکان نەدەدا و نەمدەسووتاندن بەڵام محەمەد حوسێن خان بۆ خۆی بە شەخسە بە دەمانچە هەڕەشەی لێکردم و ئەمنیش لە ترسی گیانی خۆم دفتەرەکان و بەڵگەکانم لە پێش چاوی خۆی ئاور تێبەردا. خودا لێخۆشبوو قسەکانی ئەو کەسە وەدرۆ دەخاتەوە وەدەڵێ هۆی ناڕاستی قسەکانی ئەوەیە دەڵێ من بە شەخسە لەوێ ئامادە بووم و چەکم لێ هەڵکێشاوە و هەڕەشەم لێکردووە لەکاتێکدا من پیاو و خزمەتکاری شەخسیم هەبوو و دەکرا ئەو کارە بە دەستی نۆکەرەکانم جێ بە جێ بکەم، چوونی خۆم بۆ کارێکی ئەوتۆ بە لێبڕاوی پێویست نەبوو. لێرەدا سەرتیپ همایوونی توورە دەبێ و بە شڵەژاوی و بەکارهێنانی وشەی ناخۆش ڕوو وەو خوداڵێخۆشبوو محەمەد حوسێن خان دەڵێ گشت ئەو گووکاری و سەگبابیانە تاوانی تۆیە کە دەفتەر و بەڵگەکانت لەنێو بردووە وتا ئەو کاتەی چەند و چۆنی چەکەکان ڕوون نەبێتەوە هیچکام لە ئامادەبووان بۆیان نییە لەم هۆدیە دەرکەون و گشتتان لە ژێر چاوەدێری دان. لە دوای کۆتایی هاتنی قسە سووکەکانی سەرتیپ همایوونی، خوداڵێخۆشبوو قازیی محەمەد لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بە توورەیییەکی زۆرەوە کە لەسیمای دەردەکەوێ ڕووەوە سەرتیپ همایوونی دەڵێ : ئەم کەسانەتان بۆ هێناوەتە ئێرە ؟ ئەوانە هیچ تاوانێکیان نییە، هەرچی کراوە و کردوویانە، هەمووی بە فەرمانی شەخسی من بووە ئەگەر پێتان وایە خیلافێک کراوە یان هەرچییەکی دیکەی ئێوە نێوی لێ دەنێن ، هیچکەس تاوانبار نییە و ئەو کارە بە فەرمانی من بووە سەرباقی ئەوەش مادام دەوڵەتی ئێران مەئمووری بێ حەیسییەت و بێ شەرەفی وەکوو تۆ کە کەرامەتی خەڵک لە بەرچاو ناگرن ، بنێرێتە مەنتەقەی کوردستان ، خەڵک لە دەست مەئموورەکانی خائین و تاڵانچی و ملهوڕی کە هیچ ڕێز لە گیان و ماڵ و کەرامەتی هیچکەس ناگرن، وەگیان دێن ناچار دەبن سەرتان وەبەر نەهێنن و لێتان هەڵتەزێنەوە، ئەگەر ئەمن و کەسانی وەک منیش لەم ڕێگەیە دا لە نێو بچین تا ئەوکاتەی ئەو شێوەیەی بێ ڕێزی بە مافی خەڵک بەرقەرار بێ ، وەچەکانی دوای من هەر کەمترین دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوێ تۆڵەی ئەو زۆرداری و جینایەتانە دەئەستێننەوە.

دوای تەواو بوونی قسەکانی قازیی محەمەد، بێدەنگییەکی مەرگاوی و ترسێنەر، باڵ بە سەر ژووری کۆبوونەوەکەدا دەکێشێ ( ئەو کۆبوونەوەیە لە خانووی حاجی حەمەدەمینی ڕەحیمزادە بووە کە ئێستا بانکی میللی تێدایە)، دوای چەند دەقیقە بێدەنگی، ئاغای حاجی بابە شێخی سیادەت کە لە سادات و عالمە پایە بەرزەکانی کوردستان و سەرۆکوەزیری جمهووری کوردستان بوو و پشتاوپشتی خەریکی ئێرشاد و ڕێنوێنی خەڵک بوون لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و دەڵێ: کەلام واحید ، قسە یەکە، و بە زمانێکی ئارامتر وتەکانی خوداڵێخۆشبوو قازیی محەمەد دووپاتە دەکاتەوە و دەڵێ ئاغای سەرتیپ همایوونی ئەگەر لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی و نەمانی دەستەڵاتی دەوڵەت لەم ناوچەیە دا هێندێک کار کراون لەبەر ناچاری و مەسڵەحەت و لە بەرژەوەندی موڵک و میللەت دابووە، حەق وایە مەئمووڕینی دەوڵەت خەریکی دڵدانەوە و ڕازی کردنی خەڵک بن نەک ئەوەی دیسان زۆرداری لە خەڵک بکەن و گۆشاریان بۆ بێنن و تا ئەو کاتەی مەئموورەکانی وەک ئێوە ماملە کردنی خۆتان لە گەڵ خەڵک نەگۆڕیوە،دەبێ هەمیشە چاوەڕوان بن ئەو ڕووداوانە دووپاتە ببنەوە.

دوایە سەرتیپ همایوونی لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکە دا حازر بوون دەڵێ لەبەرئەوەی وەزعی چەک و چۆڵ ڕوون نەبووەتەوە ئاغایان مافی دەرکەوتن لەم ژوورەتان نییە و دەستبەجێ چەند سەرباز و ئەفسەری چەکدار دێنە بەردەرگا وداڵان و سەرپلیکانەکان و پێش بە دەرکەوتنی حازران جگە لە حاجی بابەشێخ دەگرن. حاجی بابەشێخی سیادەت ئەو شەوە مەرەخەس دەکرێ بەڵام چەند ڕۆژ دواتر ئەویش دەگرن و دەیخەنە زیندانەوە. خوداڵێخۆشبوو قازیی محەمەد و محەمەدحوسێن خان لە ژێر چاوەدێرییدا دەبەن بۆ ژوورەکانی خانووبەرەی عەدلییە ( خانووبەرەی میرزا عەبدوڵای کەریمی کە لە شەقامی شاپوور ڕووبەڕووی دوخانییات هەڵکەوتووە) و لەوێ دەستبەسەر و زیندانیان دەکەن و خەڵکەکەی دیکەش دەنێرن بۆ زیندانی شارەبانی. ئەوە بووە سەرەتای گیرانی خوداڵێخۆشبوو قازیی محەمەد و محەمەدحوسێن خان کە دەستبەجێ لە لایەن ئەفسەرانی ئەرتەش لە مەهاباد بە دزی و بە نهێنی محاکەمەیان دەستی پێکرد.

خوداڵێخۆشبوو ئەبولقاسمی سەدری قازی لە کاتی پێشڕەویی هێزی دەوڵەتی بەرەو ئازەربایجان، لە مەهاباد بوو.کاتێک قوشوونی دەوڵەتی هاتە نێو تەورێز،






ناوبراو به پەله چوو بۆ تاران تا بەڵکوو ئەحمەدی قەوام سەروکوەزیری ئەوکاته کارێکی ئەوتۆ بکا مەئموورە نیزامییەکان سەبارەت به کوردان بە گشتی و قازییەکان به تایبەتی نەرم بجووڵێنەوە و توند و تیژی بەکارنەهێنن. خودالێخۆشبوو سەدری قازی چەند ڕۆژێک له تاران له حەول و تێکۆشاندا بوو بەڵام نەیتوانی هیچ بکا. دوا جار ئەویشیان لە تاران گرت و لە ژێر چاوەدێریدا هێنایانەوە مهاباد و ئەویشیان لەگەڵ خودالێخۆشبوو قازیی محەمەد و محەمەدحوسێن خان له پێشدا له نێو شاریدا ( خانووبەرەی عەدلییە، موڵکی میرزا عەبدوڵای کەریمی) و دوایە له سەربازخانە زیندانی کرد.

سەرچاوە: خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری،ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩. لل ١٥٢ - ١٥٥

سەرچاوە : وێبلاگی ڕوانگە / ڕێکەوتی : ١٦ای مارسی ٢٠١٣

## وتاری بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا

خوشک و برایانی ئازیز!

میوانە بەڕێزەکان!

دۆستان! و لایەنگران! و ئەندامانی حیزبی دێموکرات! و هاوڕێیانی پێشمەرگە!



بە بۆنەی شێست و شەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەروەها پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی دەکەم.

٦٦ ساڵ ڕەنگە لە تەمەنی ئینسانێک دا زۆر بێ، بەڵام لە تەمەنی میللەتێک دا کە لە پێناوی گەیشتن بە مافەکانی خۆی دا خەبات دەکا و قوربانی دەدا و ئیفتخارات بۆ خۆی دەخوڵقێنێ، تەمەنێکی زۆر نییە. ٦٦ ساڵ پێش ئەمڕۆ کۆماری کوردستان کە دامەزرا پێناسەی کوردی و هوویەتی کوردی لە چوارچێوەی یەکەمین حکوومەتی کوردی دا نەهادینە کرد، بە ئاڵا و بە سەرۆک کۆمار و بە کابینەی وەزیران کەوتە نێو موعادلاتێک کە هەم بۆ نەتەوەی کورد جێگای شانازی بوو هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئیعترافی دۆستان و دوژمنانی لە ناوچەکەدا بەرەو لای خۆی ڕاکێشا.

لە مێژووی کێشە سیاسییەکان دا ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان یەک بە دوای یەک دا هاتوونەتە گۆڕێ و ڕۆیشتوون، لە کۆمۆنیزمەوە بگرە تا لیبرالیزم و تا کۆنزێرواتیزم و تا دەیان بۆچوونی دیکەی کۆمەڵایەتی، لە دژی یەک ڕەقابەتییان بووە و بە گوێرەی زەمان لایەنێک سەرکەوتوە و لایەنێک تێک شکاوە ، لایەنێک لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی دا دەنگی نەهێناوەتەوە و لایەنێک دەنگی هێناوەتەوە، بەڵام کەسایەتی و هۆوییەتی کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەی کە کەسایەتی و هۆوییەتی نەتەوەی کورد بوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نە لە کەمی داوە نە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا کەم ڕەنگ بۆتەوە، نە بە شکان و تێکچوونی، کۆماری کوردستان لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان دا سڕاوەتەوە، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێگەی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان، ڕێگەی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد، بە هۆی بایەخدان بە هۆوییەتی کوردایەتی لە پەرەئەستاندن دا بووە. کاتێک کۆماری کوردستان رووخا، یەکەمین لێکدانەوەی






دوژمنانی کورد ئەوە بوو کە بە ئێعدامی سەرۆک کۆمار و ڕووخانی کۆمار لەمەو بەدوا ئەو مەجال و دەرفەتەی کە کۆمار بۆ نەتەوەی کوردی لە بەشێک لە کوردستان دا خوڵقاندبوو ڕەنگە نەتوانێ ئیدامەی حەیات بدا و لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. بەڵام زیندانیکرانی ڕێبەرانی کورد و ئەشکەنجە و دەربەدەری و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە کوردستانی ئێران بەرەورووی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی قازی محەممەد کرایەوە، دەری خست کە ئەو خەباتە بەردەوام دەچێتە پێشێ و بە ئەشکەنجە و زیندان و ئێعدام بە هیچ جۆر تێدا ناچێ. ئەگەر ئەو وەختە کۆماری کوردستان سنووری جوغرافیاییەکەی، ناوچەی موکریان بە پێیتەختیی مەهاباد بوو، ئێستا دەبینین شعوری نەتەوایەتیی کورد و هەست و داخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە شیمالی کوردستانی ئێرانەوە بگرە هەتا خوارەوە لای ئیلامیشی داگرتوە. ئەم ڕاستییە، بۆ جارێکی دیکە دەری دەخا کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان لەو مەیدانەدا هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن کە ئەقڵییەتی کۆماری کوردستان لە تەواوی کوردستانی ئێران و لە هەموو ئوستانەکان جێ بخەن.

ئێمە لە سەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک و شعووری نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەئەستاندن دایە و توانیوتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانە جیاوازەکاندا خۆ نیشان بدا و بێتە گۆڕێ. فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند مانگ دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک حیزبێکی جەماوەری (و دەسەڵاتێکی جەماوەری) ئەوە بوو کە بێ جیاوازیدانان لە بەینی چین و توێژەکانی کۆمەڵ _ بێ ئەوەی کە جیاوازی لە بەینی ژن و پیاو دا دابنێ، بێ ئەوەی کە تاک تاکی کۆمەڵی کوردەواری بە دەلیلی بەستراوەیی دینی و ئایینی یا بە دەلیلی بەستراوەیی لەهجە و زاراوە هەڵاوێردرێن_ هەموو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێیان ببێتەوە، بیرۆکەیەک ئێستاش کۆن نەبووە و تا دێ پتر لە جێگای خۆی دایە.

ڕەمزی مانەوەی یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەوە تا ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوی و تا ئێستا ئەوەیە کە کاتی خۆی توانیویە نوێنەرایەتیی زۆربەی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکا. لە خەڵکی شارەوە بگرە تا هی گوند، لە بازاری و خوێندەوارەوە تا مەلا و مەزهەبی، هەموو چین و توێژەکان بە گشتی (بە هی خۆیان زانیوە). ئێستاش لە جووڵانەوەی کوردستان و بەتایبەت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێ ئەوەی هەڵاواردنێکی تێدا بێ، توانیویانە جێ بگرن و تێیدا کۆ ببنەوە.

ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوەی لەو وڵاتانەدا هاتۆتە گۆڕێ لە یەک کەلام دا بۆ ئێمە ئەو پەیامە دەنێرێ کە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە دژی دیکتاتۆری و ئیستبداد دا لە گۆڕێ دا بوون و حکوومەتە ئیستبدادی و دیکتاتۆرییەکان یەک بە دوای یەک دا دەڕووخێن و لە هێندێک لەو وڵاتانەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو مەزهەب بۆتە وەسیلەیەک یا بۆتە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی کە خەڵک لە دژی دیکتاتۆرەکان ڕابوەستن. بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران و هەموو پارچەکانی کوردستان هۆوییەتی میللی و هۆوییەتی کوردایەتیی ئێمە سەمبولی بەربەرەکانی و دژایەتیی ئێمەیە لە گەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکان و حکوومەتە مەرکەزییەکان. بۆیە لە کوردستانی ئێران تا ڕۆژێک مەسەلەی ئێمە و کێشەی نەتەوایەتیی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی چارەسەر نەکراوە و کورد بە مافە نەتەوایەتییە کانی خۆی نەگەیشتوە، مەسەلەی سەرەکی و سەمبولی سەرەکی و هۆوییەتی سەرەکی لە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا مەسەلەی نەتەوایەتیی ئێمەیە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە هەر ئایینێک کە هەیانە لەو هۆوییەت و پێناسەیەدا دەتوانن جێ بگرن . ئەوە ئەساسی بەربەرەکانی و کێشەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزییە. لەگەڵ ڕێز و ئیحترامی ئێمە بۆ هەموو بیر و باوەڕێکی مەزهەبی لە کۆمەڵگەی کوردستان کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و چ لە سەردەمی جمهوریی ئیسلامی دا کێشەیەکی میللی و نەتەوایەتییە و کێشەی نەتەوایەتی و میللیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی زەمانێک بە باشترین شێوە دەچێتە پێشێ و زەمانێک دەتوانێ دەسکەوتی باشی هەبێ و سەرکەوتنی هەبێ کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە خۆی دا جێ بکاتەوە. بۆیە مادام ئێمە لە کێشەیەکی نەتەوەیی دا هەین لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو چین و توێژانە جیاواز لە عیلاقات و تەعەللوقاتی مەزهەبی بتوانن تێیدا جێی خۆیان بکەنەوە، پێویستیمان بە قەرارادێکی نەتەوەیی هەیە.

ئەگەر لە وڵاتانێک کە ڕزگاریی خۆیان وەدەست هێناوە و ئێستا بە شێوەی حکوومەتی واحید یا حکوومەتێکی قانوونی و بە هەر ناوێک کە هەیانە دەسەڵات و

سەروەریی خۆیان هەیە، ڕێبازی جۆراوجۆری کێشە لەگەڵ دیکتاتۆرییەکان و ئیستیبدادەکان شتێکی ڕەوایە و حەقی تەبیعی کۆمەڵانی خەڵکە، بەڵام مادام لە کوردستان تا ئێستا ڕزگاریی نەتەوایەتیی ئێمە مسۆگەر نەبووە و ئێمە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان لە کێشە داین، مەسەلەی میحوەری و ڕەمزی یەکگرتوویی ئێمە تەعەللوقاتی نەتەوایەتی و کوردایەتیی ئێمەیە. بۆیە لەگەڵ ڕێز و ئیحترام بۆ هەموو بیر و بۆچوون و ئیدئۆلۆژییەک لە نێو کۆمەڵگە و خەڵک دا، دەبێ تێبکۆشین لە کوردستانی ئێران لە ئێستا و لە داهاتوودا ئەو بنەمایە و ئەو قەراردادە بە قووەت بکەین، قەراردادی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، تا کاتێک ئێمە ڕزگار نەبووین ئەوەیە دەتوانێ وەک مەسەلەیەکی میحوەری هەموو چین و توێژەکان لە نێو خۆی دا کۆ بکاتەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە لەسەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە مەنتەقەکە و لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە گۆڕێ دا هەیە. جمهووریی ئیسلامی لە چەندین ناحیەوە کەوتۆتە بەر فشاری کۆمەڵانی خەڵک. لە نێوخۆی وڵات(لە گەڵ نارەزایەتیی خەڵک بەرەوڕووە)، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیعتبار و ئیعتماد بەو ڕێژیمە نەماوە و سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکن کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هیچ متمانەیان پێناکرێ. ئابووریی ئێران لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سەروەت و داهاتی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناو بەرزەفڕییەکانی خۆی دا خەرج دەکا و مەجالێکی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەهێشتۆتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لە وەزعێکی خەراپتر دایە، لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە سەرتاسەری ئێران کۆمەڵێک گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دا هەیە کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا ڕێگاچارەیەکی بۆ نەدیتوونەوە. لە باری دیپلۆماسییەوەش (ئەم ڕێژیمە) ئیحترام بۆ قانوون و ڕێساکانی نێو دەوڵەتی دانانێ. لەسەر یەک هەمووی ئەو فاکتۆڕانە دەستیان داوەتە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی وڵامدەر نییە بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، حکوومەتێکی مەسئوول نییە لە سەتحی ناوچەکەدا حکوومەتێک نییە کە بەرامبەر بە قانوونەکانی نێودەوڵەتی، کەتەنانەت بۆخۆشی ئیمزای کردوون بەڕێوەیان بەرێ. بۆیە هەمووی ئەوانە ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی درەنگ یا زوو دەبێ بڕوا.

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەش بە تێکڕایی ئەو نەتیجەیە دەدەن بە ئێمە کە ڕێژیمەدیکتاتۆڕ و ئیستبدادییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمی دەدەن و ژمارەیان کەم دەبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لەو وڵاتانە تێدەکۆشن کە بە عەقڵیەتێکی دیکە سیستمێک لە حکوومەت دابمەزرێنن کە لەمەو بە دوا وڵامدەر بێ بەرامبەر بە خۆیان. بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ ئەو واقیعیەتە لەبەرچاو بگرین لەو وڵاتانە کە دەورانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئیستبداد و دیکتاتۆری دا بوون دێموکراسی و ماف نەهادینە نەکراون تەبیعەتەن دەورانێک دەکێشێ، زەمانێک دەگرێ تاکوو عەقڵیەتی یەکتر قەبووڵکردن و چۆنیەتیی دێموکراسی و تەحەمولی یەکتر و جێکەوتنی حکوومەتی قانوون لەو وڵاتانە دابمەزرێ. بە هەر حاڵ ئاڵوگۆڕەکان کە دەستیان پێ کردوە پەیامێک دەدەن بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەو چارەنووسانە بەدەر بێ. یەکێک لەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ هەم لەسەر کۆماری ئیسلامی تەئسیری هەیە و هەم لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی بۆ ئێمە سووریەیە. پێمان وایە ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە لایەک بۆ ئێمەی کورد دەسکەوتێکی بەرچاوی دەبێ بەتایبەت کە ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە کەوتوونەتە نێو بازنەی هاوکاری و پێوەندی و عیلاقات لەگەڵ هێزە عەرەبەکانەوە، دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێ بۆ تەعامولی باش و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە کە بکرێ مافی کوردیش لەسووریە دەستەبەر بکرێ.

لایەنێکی دیکەی قەزیەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ئاخیری تەمەنی خۆی دا تێدەکۆشێ بە خوڵقاندنی بوحران لە دەرەوەی خۆی دا بەتایبەت لە عێراق و لوبنان و هەروەها پشتیوانی کردن لە سووریە و مەشغول کردنی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەکە بەو بوحرانانە بوحران لەسەر خۆی وەلا بەرێ. بەڵام لێکدانەوەی ئێمە بە تێکڕایی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی چی دیکە ناتوانێ ئەو یارییانە ئیدامە بدا، چونکە یارییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و لە ناوچەکەو لە دنیای دەرەوە پتر لە ماهییەتی ئەو حکوومەتە دەگەیەنێ و ڕۆژ بە ڕۆژ مەجالی لێ بەرتەسکتر دەبێتەوە. هەمووی ئەو کێشانە ئێمە کاتێک لێکیان دەدەینەوە و هەڵیان دەسەنگێنین و تەحلیلیان دەکەین و نموونە دێنینەوە ئاماژە بە ئەم و ئەو تەجروبە دەکەین ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئێمەی کورد سەرجەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە چیان تێدا دەبێ. کاتێک ئێمە باسی کێشە لە وڵاتێکی وەک میسر، تونێس، لیبی و سووریە دەکەین زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چۆن دەتوانین لەو تەجروبە و لەو دەسکەوتانەی ئەوان کەڵک وەرگرین و ئەو تەجروبانە لە ئێران بەکار بێنین و لە هەمان کاتیش دا ئێمە بۆ






خۆمان وەک کورد بتوانین لە داهاتووی ئێران دا کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکێک لەو فاکتۆرانەی کە دەکرێ لە داهاتووی حاڵەتە ناڕوونەکانی ئێران دا ئێمەی کورد زەرەر نەکەین و بتوانین بە یەکگرتوویی و یەک دەنگی لەو مەیدانەدا مافەکانی خۆمان بچەسپێنین ئەوەیە کە لە نێوماڵی کورد یەکدەنگی هەبێ، نێوماڵی کورد رێک بخرێتەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکان بتوانن بە لێکحاڵی بوون و تەفاهومێک و جۆرێک لە رێککەوتنی نەتەوەیی بەرەنگاری ئەو حاڵەتە ناڕوونانە ببنەوە. ئێمە نازانین داهاتووی ئێران چۆن دەبێ؟ ئێران بە شەڕ دەگۆڕێ؟ ئێران بە سوڵح دەگۆڕێ، ئێران لە نێوخۆیدا ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ؟ بەڵام لە هەر حاڵ دا شتێک کە بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد لە هەمووی ئەو حاڵەتە ناڕوونانەدا چۆن رووبەڕووی ئەو سێناریۆیانە دەبینەوە. بۆ ئەوەی کە لەو مەیدانەدا ئێمە بتوانین باش بچینە پێشێ، یەکگرتوویی و لێک نزیک بوونەوەو جۆرێک کۆدەنگی لە نێو لایەنە سیاسییەکان دا پێویستە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لەو مەیدانە دا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی داوە. ئێستاش کە بەتایبەتی لە حاڵەتێک داین ئەو زەروورەتە زۆرترە ، تێدەکۆشێ کۆمەک بەو لێک حاڵیبوون و بەو لێک نزیکبوونەوەیە بکا. ئێمە لەمەو بەدواش ئەو سیاسەتە ئیدامە دەدەین، چونکە پێمان وایە لە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیدا کە تەنەووعاتی سیاسی و تەنەووعاتی دیکەی تێدا هەیە، یەکگرتوویی و لێک نزیکبوونەوە و پەیامێکی واحید و قەراردادێکی نەتەوەیی یەکێک لە فاکتۆرە سەرەکییەکانی چەند و چۆنی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەو جووڵانەوەیەیە.

بابەتێکی دیکە کە پێویستە هەر لە خانەی یەکگرتوویی نەتەوەیی و هێنانە گۆڕی قەراردادێکی نەتەوەییدا لێرە من ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە هەمووی ئەو حاڵەتانەدا کورد لە داهاتووی ئێران دا زەرەرمەند نەبێ، ئەوەیە کە تێبکۆشین ئەو عەقلیەتە جێ بخەین، ئەو فەرهەنگە جێ بخەین کە پرۆتۆکۆڵێک یا تەوافوقێک یا قەراردادێکمان هەبێ لەمەوبەدوا کورد بە هیچ جورهیچ لایەنێکی سیاسی لە چەک دژی لایەنەکەی دیکە کەڵک وەرنەگرێ.

ئێمە لە سەردەمێک دا باسی ئەو بابەتە دەکەین کە دەبێ هەمووی ئینێرژی و توانا و عەقلیەت و تێگەیشتنەکانی لایەنە سیاسییەکان و ئێمەی کورد بە گشتی لە یەک مەسیر دا کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەویش مەسیری کەم کردنەوەی گیر و گرفت و ئاستەنگەکانی رێگای رزگاریی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران لە رەوتی خەبات و چالاکیی خۆی دژی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی کە ئەو نیگەرانی و دڵەراوکێیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا برەوێندرێتەوە، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەک لە رابردووش دا ئامادە بووین ئێستاش ئامادەین کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە پرۆتۆکۆڵێک یا قەراردادێکمان هەبێ بۆ ئەوەی کە هیچ کەس دەست بۆ چەک نەبا. هیوادارم هەموو لایەنەکان چ لایەنە سیاسییەکان چ خەڵکی ئەهلی قەڵەم چ خەڵکی ئەهلی لێکدانەوە، چ هەمووی ئەوانەی بە هەر جۆرێک بە پەرۆشن بۆ داهاتووی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، لەو پێناوەدا هەوڵ بدەن و ئەوە بکرێ بە ئیلزاماتێکی کۆمەڵایەتی بە تەعەهوداتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئینسانی کە بۆ هەمیشە لە مێژووی خۆمان لە داهاتووی کوردستان دا دیاردەیەکمان بە ناوی دیاردەی نیگەرانیی شەڕی کورد لەگەڵ کورد نەمێنێ.

مەوزوعێکی دیکە کە من پێم خۆش بوو ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دا یەکێک لەو کێشانەی کە کۆماری ئیسلامی دەقیقەن لەگەڵیان رووبەڕوو بۆتەوە ئەوەیە کە تێدەکۆشێ هەوڵ بدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژی هەڵبژاردن دا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ئەویش لە سەردەمێک دا کە فشارێکی زۆری نێودەوڵەتیی لەسەرە، لە سەردەمێک دا کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک رۆژ بە رۆژ لە دژی کۆماری ئیسلامی پتر نارازی دەبن و لە فورسەت و دەرفەت دەگەڕێن کە کەڵکی لێ وەربگرن لە دژی ئەو رێژیمە، لە سەردەمێک دا کە لە ناوچەکەدا رۆژ بە رۆژ دێموکراسی بەرەو ئەوە دەچێ کە جێ بکەوێ و ببێ بە فەرهەنگ. لە سەردەمێک دا بەتایبەت لە عێراق کە لایەنەکان تێدەکۆشن کە بە تەنەووعاتێک کە لە عێراق هەیە و لەسەر بنەمای فیدرالیزم و لێک حاڵیبوون، عێراق بە یەکەوە دروست بکەنەوە، لە سەردەمێک دا کە لە کێشەی ناوچەکەدا تورکیە دەورێکی زۆر دەگێڕێ لە ئاڵوگۆڕەکان دا و ئێران بە دەلیلی سیاسەتەکانی خۆی لە پەراوێز کەوتوە، تێدەکۆشێ بە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن دا هەمووی ئەو کەمبودانە کە هەیەتی، هەموو ئەو سیاسەتە غەڵەتانەی کە هەیەتی، هەمووی ئەو ناخۆشەویستییە لە نێوخۆی وڵات و ناوچەکەدا کە هەیەتی بە جۆرێک قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە ئێمە لە هەمان کات دا کە پێمان وایە هەڵبژاردن فورسەت و مەجالێکی باشە بۆ حیزبێکی سیاسی کە لەو رۆژەدا بتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قسە بکا و پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی بخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات مەجالی ئەوەمان نەبووە و جمهووریی ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی غەیرە قانوونی ئێعلان کردوە، بۆیە هیچ رێگایەکی بۆ

نەهێشتووینەوە یا هیچ ڕێگایەکمان بۆ نەماوەتەوە بە غەیری ئەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی کە لە ١٢ی ڕەشەمە دا دەکرێ بایکۆت بکەین. نەفسی بایکۆت کردن ڕەنگە بە دانی بەیاننامەیەک یا بە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی حیزبێکی سیاسی لەکاتی خۆی دا تەنیا وەک سەنەدێک جێبەجێ ببێ، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئێمە چۆن تێبکۆشین هەموو لایەکمان لە کوردستان بەتایبەتی ڕۆژی هەڵبژاردن بکەین بە ڕۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی. من هیوادارم و ئەگەر هەموو لایەکمان (لایەنە سیاسییەکان) بەیەکەوە کاری بۆ بکەین و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ئینێرژیی هەموو لایەک لەم مەیدانە دا وەگەڕ بکەوێ، دڵنیام تا ڕادەیەکی بەرچاو دەتوانین لەو ڕۆژەدا وێڕای تەئکید کردنەوە لەسەر هەڵوێستی هەمەلایەنەی بایکۆت لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەڵبژاردنەدا، بە جۆرێک یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێرانیش دژی کۆماری ئیسلامی لەم بۆنەیەشدا نیشان بدەین. بۆیە هیوادارم ئەو مەجالەش بکەین بە فورسەتێک بۆ ئەوەی کە لەلایەک کوردایەتییەکی بەقووەتی تێدا بکرێ لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، لە لایەکیش پەیامی سیاسیی ئێمە کە بایکۆت کردن هەڵوێستێکی گشتییە لە سەرتاسەری ئێران، هیوادارم هەمووی ئەو لایەنانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن و هەڵبژاردن بە هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیک دەزانن لەو مەیدانەدا کاری بۆ بکەن.

لە کۆتایی دا بۆ جارێکی دیکە هیوادارم لەو فورسەتەی کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بۆ ئێمەی هێناوەتە پێشێ ، بەباشی کەڵک وەربگرین. کورد لە مەجال و مەوقعیەتێکی باش دایە کە بتوانێ (پرسی) خۆی بێنێتە گۆڕێ بەتایبەت ئێمە لەگەڵ حکوومەتە مەرکەزییەکان دەبێ ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە بێنینە پێشێ لەگەڵ تاران، لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ دیمەشق، لەگەڵ ئانکارا کە مەسەلەی کورد وەک تەهدید چاو لێ نەکەن. مەسەلەی کورد بەداخەوە هەمیشە بە چاوی تەهدید و ئەمنیەتی چاوی لێکراوە، مەسەلەی کورد وەک فورسەت چاو لێ بکەن. بڕواننە تەجروبەی کوردستانی عێراق. هەرێمی کوردستان بە خۆشییەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای کۆمەڵێک گیر و گرفت و موشکیلات، سەرەڕای دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ شوێنەوارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانی و لە بەین چوونی دێهاتەکان، سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێناوە و تێدەکۆشێ ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتدارەتی، قانوونمەند بکرێ، ئازادی نەهادینە بکرێ، مافەکان سەقامگیر ببن. تێدەکۆشێ ڕۆژ بە ڕۆژ عەقڵییەتی بەیەکەوە حاوانەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە عێراقدا جێ بخا و یەکێک لە پایەکانی، جێ خستنی فیدرالیزم و لەگەڵیەک حاوانەوە بووە. دەبێ حکوومەتەکانی تاران، ئانکارا، دیمەشق لە داهاتوودا تەجروبەی عێراق و تەجروبەی هەرێمی کوردستان وەک فورسەت چاو لێبکەن. ئاوای چاولێبکەن کە لە داهاتووی ئێرانیش دا (ئەزموونیان لێوەربگرن). هیوادارم لایەنە ئێرانییەکان چ ئەوانەی کە لە نێو دەسەڵات دان و دژی کۆماری ئیسلامییشن، چ ئەوانەی کە بە گشتی لە دەرەوەی دەسەڵات دان و دژی کۆماری ئیسلامین و خەبات دەکەن بەو چاوە چاو لە قەزیەی کورد بکەن، ئەو دیدی ئەمنیەتی و بە چاوی تەهدید چاولێکردنە وەلا بنێن و کورد بۆ داهاتووی ئێران و لە دروست کردنەوەی ئێراندا بە فورسەت دا بنێن و ئەگەر تەجروبەی کوردستانی عێراق و عەقڵییەت و بۆچوونی ئێمە وەک فورسەت چاوی لێ بکرێ و لە ئێران نەهادینە بکرێ. دڵنیام ئەو وەختی عەقڵییەتی ئیدارەی ئێران لە لایەن هەموو لایەکمانەوە بە یەکەوە دەتوانێ جێ بکەوێ و جێگای خۆشێیەتی لێرە ئێمە ئەو تەئکیدە بکەینەوە کێشەی کورد لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک نییە. ئێمە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک چ نەتەوەی عەرەب، چ نەتەوەی تورک، چ نەتەوەی فارس، چ نەتەوەی ئازەری شەڕ و کێشەمان نەبووە. لانیکەم لە ئێران کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتە مەرکەزییەکان بووە. کێشەی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی حکوومەتی شایەتی بوو کە حکوومەتی کۆماری کوردستانی قبووڵ نەکرد و تەنانەت لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆش حازر نەبوو ئیحترام بۆ داواکانی دابنێ و قسەی لەسەر بکا.

کێشەی ئێمە لە ئێران لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی و عەقڵییەتی جمهووریی ئیسلامییە، لە گەڵ عەقڵییەتی ئەو کەسانەیە کە لە تاران حکوومەت دەکەن و خۆیان بە خودی دادەنێن و ئێمە بە غەیری خودی دادەنێن. بۆیە پەیامی ئێمە لێرەدا پەیامی یەکدەنگی و هاوڕێیەتی لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی ئێرانە دژی کۆماری ئیسلامی و لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە هەمیشە تەئکیدمان لە سەر ئەو پەیامەمان کردۆتەوە. بۆیە وەک ڕێگاچارەش ، ئێمە مادام باوەڕمان بە فیدرالیزمە، هەمیشە ئەو حەللەمان هێناوەتە گۆڕێ، گوتومانە ئێمە لە ڕێگای گفتوگۆ و لە ڕێگای دیالۆگ لە ڕێگای ئیعتراف بە مافەکانی ئێمە، ئامادەین لە داهاتووی ئێران دا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە، ئێران ئیدارە بکەین. بەڵام ئەگەر کورد کە هەوڵ دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر مافەکانی لە ئێران دا جێ بکەوێ ئەگەر بە گفتوگۆ کێشەی ئێمە چارەسەر نەبێ ئەگەر حەدی ئەقەلی داواکانمانیان قبووڵ نەکرد، خودموختارییان قبووڵ نەکرد، فیدرالیزمیان قبووڵ






نەکرد، ئەو میللەتە وەک هەموو میللەتانی دنیایە حەقی خۆیەتی مادام لە ئێران لەگەڵ خۆی ناخەن و مەجالی پێنادەن، ڕێگاچارەی دیکە هەڵ بژێرێ. بۆیە هیوادارم ئێمە هەموو لایەکمان تێ بکۆشین ئەو عەقڵییەتە لە نێو کۆمەڵگەی کورد لە کوردستانی ئێران دا جێ بخەین و هەروەها بیکەین بە عەقڵییەتێکی گشتگیر لە ئێران دا.

بۆ جارێکی دیکە لە ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستاندا هیوادارم کە ئەرک و وەزیفەکانی کۆمار بکەینە سەرمەشقی خۆمان. ئەو دیاردە نەتەوەییەی کە کۆمار بۆ ئێمەی بەجێ هێشتوە کە کاتی خۆی کە کۆمار دروست بوو، بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەمووی ئەو بەشە لە خەڵک لەو بەشەی کوردستان دروست بوو، لە هەمان کات دا بەداخەوە تێکشکانەکەشی هێندێک پێوەندیی بە ناکۆکیی نێوخۆییەوە هەبوو. ئەوەی دووەم لە نێو ئێمەدا نەمێنێ ئەوەی یەکەم بە قووەت بێ، واتا ڕۆژ بە ڕۆژ تێبکۆشین هاودەردی و هەماهەنگی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێو ئێمەدا بە قووەت بێ. هیوادارم ئەو ئاواتە زوو وەدی بێت و ڕێز گرتن لە ساڵرۆژەکانی داهاتووی کۆماری کوردستان لە نێوخۆی وڵات لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداریی هەموو ئەو لایەنانە بێ کە لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوایەتی دا تێکۆشاون.

جارێکی دیکەش بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و هەروەها یادی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئێوەش هەر داوای ساغی سڵامەتی دەکەم و هەموو لایەکمان بەیەکەوە سەرکەتوو بین.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٩ی ژانویەی ٢٠١٢

## پێشەوا و کۆماری کوردستان



د. کەمال مەزهەر

وەک مێژوونووسێکی کورد گەلێک نووسینم بۆ بابەتی کۆڕی ئەمڕۆ تەرخان کردووە، لە دووەم لانەی دوکتۆرانامەکەشمدا باسی پێشەوا و کۆماری کوردستانم کردووە، هەر بۆیە کاتێک چووم بۆ بەریتانیا یەکێک لەو بابەتانەی دەمویست لە نزیکەوە بیزانم ئەوەبوو ئایا دیبلۆماسە ئینگلیزییەکان لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی خۆیان دەربارەی پێشەوا و کۆماری کوردستان چییان نووسیووە، کە من ناوم لێی ناوە(هەڵهاتن و خێرا ئاوا بوونی خۆری کۆماری مەهاباد) وێرای ئەوانە گەلێک لە نزیکەوە ئەوانەم دەناسی کە پێوەندییان بە پێشەوا و کۆماری کوردستانەوە هەبووە، وەک دوکتۆر ڕەحیمی قازی ئامۆزای پێشەوا و برای سەیفی قازی، ڕەحیمی قازی لە شاری(باکۆ) ی پایتەختی ئازەربایجانی یەکێتیی سۆڤیەت دوکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتبوو،هەروەها دوکتۆر عادل گەلاوێژ کە لە بنەماڵەی بەگزادانی مەهاباد بوو، دوکتۆرای لە ئابووریدا وەرگرتبوو، یان سولتان ئۆتەلیکی کە پزیشک بوو، یان قادری مەحموودزادە کە ئەویش پزیشک بوو، هەر هەموویان وێرای هاوڕێکانی دیکەیان بریتیی بوون لەو پەنجا لاوەی کۆماری کوردستان ناردبوونی بۆ خوێندن و پاش ڕووخانی ئەو کۆمارە بوونە پەنابەر لە یەکەتیی سۆڤیەت و زۆربەیان لە شاری باکۆ دەژیان و ئەوانی دیکەیشیان لە شاری مۆسکۆ، یان محەمەدی مەولوود کە یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی کوردستان بوو، سۆڤییەتیەکان ڕێزێکی زۆریان دەگرت و تەنانەت شوقەیەکی سەربەخۆییان لە شاری بە باکۆ پێ دابوو، ئەوەیش بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر بوو، کە دەچوومە باکۆ زوو بە زوو سەرم لێی دەدا، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا هەر لە باکۆ کۆچی دوایی کردووە، کچەکەی لە سەر وەسیەتی باوکی، هاتۆوەتەوە مەهاباد و مشتێک لە خاکەکەی بردووە بۆ باکۆ و بە سەر گلکۆی ئەو گۆرە غەریبەیدا کردووە، ئەمە شتێکە کەس ناتوانێت لە یادی بکات.

بەر لە دروست بوونی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژێ کاف) و هاتنە ناو کۆڕی خەباتەوە پێشەوا قازی محەممەد لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بووەتە






ئەندامی کۆمەڵەی خۆیبوون، کە ساڵی ١٩٢٧ بە نهێنی بەدرخانییەکان دایانمەزراند و هەمان کات هەر بیست ئەندامەکەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەک پێشەوا قازی محەمەد بوونە ئەندامی کۆمەڵەی خۆیبوون.

ڕۆژی ٢٢ی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە تەختایی چوارچرای شاری مەهاباد سازکرا، کە پتر لە بیست هەزار کەس بەشداری بوون و تێکرا دەنگیاندا دەربارەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد بە نیازی مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی چاک بۆ نەتەوەی کورد کە ڕۆڵەکانی لە دەمێک ساڵەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژێکی وەها شاد بوون، پێشەوا لە وتە مێژووییەکەی خۆیدا فەرموویەتی(ئەمرۆکە گەلی کورد توانیی کۆمارێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت لە خاکی باب و باپیرانیدا، بە ئەوپەڕی ئازادییەوە، پێویستە بێ وچان ڕوو بکەینە خوێندن و پیشەسازی و کشتوکاڵ بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی گەلەکەمان و پێویستە هەتا هەتایە گەشبین بین) دوا بە دوای وتە بە نرخەکەی پێشەوا بەدەم هاژەی چەپلە ڕێزانی جەماوەرەوە، سەیفی قازی بانگی ئەوەی دا کە پێشەوا کرایە سەرۆککۆماری کوردستان، دوا بە دوای هەڵبژاردنی پێشەوا بە سەرۆککۆمار بە ڕاوێژکاری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ڕۆژی ١١ی مانگی شەباتی ١٩٤٦ بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری کوردستان درا و بابە شێخ بە سەرۆکوەزیران هەڵبژێردرا و نێوی هەر سێزدە وەزیرەکە ڕاگەیێندرا، کە بریتیی بوون لەم بەڕێزانە(محەمەدئەمینی مەعینی وەزیری کاروباری ناوخۆ، محەمەد حسێنی سەیفی قازی وەزیری کاروباری بەرگری، محەمەد ئەیوبییان وەزیری تەندروستی، عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە وەزیری دەوڵەت، ئیسماعیل ئیلخانیزادە وەزیری ڕێگەوبان، ئەحمەد ئیلاهی وەزیری ئابووری، کەریم ئەحمەدی وەزیری پۆست و کارەبا، مستەفا داودی وەزیری بازرگانی، مەنافی کەریمی وەزیری خوێندن، مەحموود وەلیزادە وەزیری کشتوکاڵ، ستیپ حەیدەری وەزیری ڕاگەیاندن، خەلیل خوسرەوی وەزیری کاروبار، مەلا حسێنی وەزیری داد) دوا بە دوای ئەوانە پێشەوا قازی محەمەد فەرمانیدا کە سەرۆک وەزیران و هەر سێزدە وەزیرەکان سوێندی دڵسۆزیی لە کارەکانیاندا بخۆن و لەوکاتەدا وەزیری داد، مەلا حسێن ئاڵای کوردستانی بەرزکردبۆوەوە تاوەکوو گشتیان چوونە ناو ئەو شوورەوە کە پێشەوا قازی محەمەدی لێ بوو، پێشەوا و سەرۆک وەزیران و گشت وەزیرەکان یەک لە دوای یەک ئەو سوێندەیان خوارد، بە خواوەندی گەورە و بە قورئانی پیرۆز و بە نیشتیمان و بە پیرۆزی گەلی کوردستان و ئاڵاکەی، کە مایەی شانازیمانە سوێند دەخۆم کە خزمەتگوزار بم و تا دوا هەناسەی ژیانم هەوڵبدەم بۆ ئازاد کردنی گەلی کوردستان و شەکاندنی ئاڵا پیرۆزەکەی، خۆزگە هەموو کوردێکی دڵسۆز سوێندێکی وەهای دەخوارد، کە هەرگیز و هەرگیز خیانەت لە خاکی کوردستان نەکات، ئینجا پێشەوا بە تەنیا و بەدەم چەپلە ڕێزانی جەماوەرەکەوە ئەم سوێندەی خوارد؛ "شانازیی دەکەم کە بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرام و پەیمان دەدەم کە برایەتی کورد و ئازەری بپارێزم و هەوڵ بدەم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئاواتە پیرۆزە". دوای ئەوە سەرۆک وەزیرانی کۆمار و هەر سێزدە وەزیرەکەیش هەر سوێندەیان دووپات کردەوە.

لەگەڵ هەموو کێشە و کۆسپەکانیشدا، کۆمار توانی هەنگاوی باش بنێت، وەک بەڵگە لێرەدا تاکە نموونەیەک دەهێنمەوە کە(ئارچەر) خۆی ئەمەریکاییە دانی بەوە ناوە کە لەو ڕۆژانەدا هاتۆوەتە کۆمار دەڵێت: مرۆ سەری سوور دەمێنێت لە دیاردەیەکی یەکجار سەیر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش ئەو بارودۆخە ئازادییەیە کە لە کۆماری کوردستان هەیە، تەنانەت لە کۆماری ناوبراودا تاکە بەندێکی سیاسیی چییە نییە.

شیاوی گوتنە کە سروودێکی نیشتمانی بۆ کۆمار دانرا بە ناوی(ئەی ڕەقیب)ەوە کە لە شیعری(دڵدار)ە، ئەندازیاری خوا لێخۆش بوو نووری سدیق شاوەیس ئاوازی بۆ دانا بوو، هەروەها بە پێی بڕیارێکی تایبەتی، زمانی کوردی، کرایە زمانی فەرمی لە سەرتاپای کۆماردا و دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی ئەوانیش وەک( ڕۆژنامەی کوردستان کە سەدو سێزدە ژمارەی لێ دەرچوو،وێرای گۆڤاری هاواری کورد و هاواری نیشتمان و هەڵاڵە، کە هەموویان بۆر بڵاوکردنەوەی ئەدەب تەرخان کران، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد، کە سێ ژمارەی لێ دەرچووە، لە هەمان کاتدا بۆ یەکەمجار شانۆی کوردی لە مەهاباد دامەزرێنرا، ئەوەیش هەنگاوێکی گەلێک پێویست بوو، هەر لەم ڕۆژانە یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان ڕۆژی ١٤ی مانگی مارتی ١٩٤٦ دامەزرێنرا، وێرای ئەوانە سووپای گەڵ بە ناوی ( پێشمەرگە)وە دامەزرێنرا، وشەی پێشمەرگە لەوساوە بووە وشەیەکی باو لە ناو زمانی کوردیدا، ئاخر پێش دامەزراندنی کۆمار شتێک نەبووە بە ناوی پێشمەرگە، ئەو وشەیە بۆ یەکەمین جار لەو کاتەوە بە کار هێنرا.

وێرای ئەمانە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ پێشەوا ئاڵای کوردستانی دایە بارزانی نەمر، کە پلەی جەنەراڵ و سەرۆکی ئەرکانی سپای کۆماری کوردستان بوو بۆ ئەوەی لای خۆی بیپارێزێت، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە مێژووییە گەورەیەدا حەز دەکەم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە پەرلەمانی هەرێمی






کوردستان ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ بڕیاری دا کە هەر ئەو ئاڵایە، بکرێتە ئاڵای هەرێمی کوردستان.

سەرچاوە : سایتی هەولێر / ڕێکەوتی : ٩ی ژانویەی ٢٠١٢

## هێزی پێشمەرگە لە کۆماری کوردستان



ئاگری ئیسماعیل نژاد

بەڕێوەبردنی وڵات یەکێ لە داخوازییە سەرەکییەکانی کوردەکان لە خەباتی خۆیاندا بووە

و بۆ ئەو مەبەستەش پێکهێنانی هێزێکی نەتەوەی یەکێ لە سەرەکیترین کارەکانی خەباتگێری کورد بووە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان چۆن پێکهاتووە؟

ئەنور دڵسۆز لە سەروتاری ژومارەی ٦٥ ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەنوسێت:

" هەروا هەر وەک دەبیین لەشکرمان لە خودی میڵلەت دەرچوو و کارگەر و ڕەنجبەر و ئاغا و توجار هەموو بۆ ئامانجێک لە ژێر بەیداغی موقەدەسی کوردستان کاردەکەن و داواکاری عادڵانەی حقوق و ئازادی و سەربەستی بۆ میللتی کورد دەکەن" (١)

لە پێش ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ دا زۆربەی لاینگرانی حیزبی دێمکرات چەکیان دەستکەوت بوو هەر بۆیەش سەرکردایەتی ئەو حیزبە ئەو کەسانەی ڕێکخست بوو و وەک هێزی چەکداری سەر بە حیزبی دێمکرات دەناسران.

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ لە لایەک قوتابییەکان کە بریتی بوو لە کور و کچی هەموو قوتابخانەکانی مەهاباد و لەلایەکیش هێزی پێشمەرگە ڕاوەستا بوون.

دوو کەس وەک نوێنەری هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان وتاریان خوێندەوە "ژنرال حەمە حوسین خانی سەیفی قازی وەک کۆمەگ فەرماندەی هەموو هێزەکانی کوردستان" و "سەرهەنگ محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی حیزبی دێمکرات" (٢)

ڕۆژی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فەرماندەرانی ئەو هێزە "بەیعەت" لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد دەبستن (٣)

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهات بوو :

١- لاینگران و ئەندامانی حیزبی دێمکرات کە وەک هێزێکی نیزامی ڕێکخرا بوون.

٢- ئەو هێزە نیزامییەی کە هێزی چەکداری خێڵە کوردەکان بوون و هاتبوونە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

"ستراتجی سیاسی و پێشمەرگەیی حکومەتی کوردستان هەمان ستراتجی سیاسی پێشمەرگەی حیزبی دێمکراتی کوردستان بوو" (٤) بۆیە دەکرێت بڵێین کە هێزی پێشمەرگە خۆی بە هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتی ئازەربایجان دادەنا و کارتێکەریەکی زۆری یەکێتی سۆڤیەتی بەسەرە وە بوو و ئەو بەشە لە هێزی پێشمەرگە کە وەک ئەندامی حیزبی دێمکراتی کوردستان چەکدار کرا بوون جەل و بەرگیان وەک جل و بەرگی لەشکری سۆڤیەتیان لەبەر دەکرد.

لە گەڵ ئەوەش کەسێک بە ناوی" سەلاحەدین کازمۆڤ کە پلەی سەروانی هەبووە لە سوپای سۆڤیەتدا و خەڵکی مەهاباد "کاکاغایان" پێگوتووە هاوکاری حیزبی دێمکراتی کردووە بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە " (٥)

لە کابینەی حکوومەتی کوردستان وەزیری جەنگ دانراوە و ژنراڵ حەمە حوسین خانی سەیفی قازی وەزیری ئەو وەزارەتخانەیە بووە

بەڵام لە ڕۆژنامەی کوردستاندا و نامە ڕەسمیەکانی حکوومەتی کوردستان بە سێ نێو باسی ژنراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و وەزارتەکەی کراوە :

١- وەزیری هێز دێمکراتی کوردستان

٢- وەزیری جەنگ

٣- وەزیری هێزی میللی (٦)

**هێزی پێشمەرگە کوردستان ڕاهێنان و مەشقی تایبەتی خۆی پێکراوە (٧)**

خولی ڕاهێنانی پێشمەرگە ٤ مانگی خایاندووە و لەو چوار مانگەدا بژێو و شوێنی حەوانەوەیان لە ئەستۆی حکوومەت بووە و هەر پێشمەرگەیەک مووچەی مانگانەی ١٥هەتا ٢٥ تمەنی وەرگرتووە.(٨)

پلەی نیزامی لە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان پتر بە پێی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری دابەشراوە و ئەو هێزە ٤ ژنراڵی بووە :

١- حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی

٢- مەلا مستەفا بارزانی

٣- محەمەد ڕەشید خانی خان قادرزادە(حەمە ڕەشید خانی بانە)

٤- عومەر خانی شەریفی (عومەر خانی شکاک)

و سەرجەمی ئەندامانی کومیتە ناوەندی حیزبی دێمکراتیش پلەی "مایور"یان پێدراوە (٩)

ژنراڵ حەمە حوسێن خان لە وتارێکی دا (کە لە ڕۆژی هەینی ٢٠ی پوشپەڕی ١٣٢٥ پاش گرانەوەی هێزی پێشمەرگە لە مەشق دەیخوێنێتەوە) دەڵێت: ئەمرۆ ٤٥ هەزار فیدای لە ئیختیاری مندایە و گشت ئامادەن بە چکۆڵەترین ئیشارە خوێنی پاکی خۆیان لە ڕێگای پاراستنی نیشتمان برێژن"(١٠)

ئەو ڕێژەی کە لەو وتارەدا باسی کراوە سەرجەمی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە.

**چۆنێتی وەرگرتنی هێزی پێشمەرگە**

**هێزی پێشمەرگە کوردستان بۆ وەرگرتنی پێشمەرگەی ئەو مەرجانەی دانا بوو:**

١- سەڵت بێت

٢- تەمەنی نابێت لە ١٨ خوارتر و لە ٣٠ زیاتر بێت

٣- لە ئەزموونی لەش ساغی دەرچێت

٤- خاوەنی ڕەوشتی باش بێت (١١)

**حکوومەتی کوردستان لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا ئەو بەرپرسایەتیەی هەبوو:**

١- دابین کردنی بژیوی ژیان لەو ئاستەدا کە بکرێت پێشمەرگەیەک سەربەرزانە پێی بژیت

٢- دابین کردنی شوێنی حەوانەوە

٣- مووچەی مانگانە ١٥تمەن بۆ پێشمەرگەی پیادە و ٢٥ بۆ پێشمەرگەی سوار ئەگەر ئەسپ و زین هی خۆی بێت

٤- لە پاش ٤ مانگ خولی ڕاهێنان ئەگەر پێشمەرگە بۆ کارێکی دەوڵەت ڕاسپێردرێت و لە دەرەوەی ئەرکی خۆی بێت ڕۆژێ یەک تمەنی دەدرێتێ (١٢)

**هێزی چەکداری خێڵە کوردەکان**

* وەک باسمان کرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو بەش پێکهاتووە ئەو بەشی کە هێزی چەکداری خێڵە کوردەکان بوو گەورەی خێلەکەیان سەرکردایەتی






دەکردن واتە لە ڕاستیدا هێزی ئێلەکان لە ژێر فەرماندەی سەرۆک ئێلەکاندا بووە

ئیگلتن سەبارەت بە هێزی چەکداری ئێلە کوردەکان دەڵێت: ڕێژەیان ١٢٧٥٠ کەس بووە

لە ناو ئێلەکانی کوردستاندا بارزانییەکان بە ٢١٠٠ کەس و بە سەرکردایەتی جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی و ژنراڵ مەلا مستەفا بارزانی زیاترین هێزیان بووە.

ئێلی هەرکی پاش بارزانییەکان زیاترین چەکداریان بووە ڕێژەی چەکداری ئەوانیش ١٧٠٠ کەس بووە.

شکاک ، فەیزوڵابەگی ، پیران، زەرزا، گەورک ، مەنگوور ، مامەش ،بەگزادەی بانە ، دێبوکری لەو ئێلانە بوون کە چەکدارەکانیان لەگەل هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەتووە.

لەگەڵ ئەوەش ئیگلتن باسی ئەوە دەکات کە ١٥٠ کەس پێشمەرگەی کۆماری کوردستان هەورامی و جوانرۆی بوون (١٣)

*ئەو ١٥٠ کەسە وەک ئەندامی حیزبی دێمکرات بونە پێشمەرگە نەک وەک ئێل، چوون سەرجەمی هێزەکانی سەر بە ئێلەکان سەرۆکەکانیان گەورە پیاوانی ناو ئێلەکەی خۆیان بوون بەڵام ئەو ١٥٠ کەسە سەرۆکێکی دیاری کراوی سەر بە ئێلی خۆیان نەبووە و تەنیا وەک پێشمەرگە ناویان هاتووە.

## هێزی پێشمەرگە و زمانی کوردی

زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان نەتەنیا زمانی فەرمی دام و دەزگای حکوومەتی بووە و لە قوتابخانەکان بەو زمانە خوێندراوە بایەخێکی تایبەتیش بەو زمانە داوە.

لە کابینەی حکوومەتی کوردستان دوو وەزارتخانە بۆ چالاکی فەرهەنگی و گەشەی کلتووری دامەزراوە وەزارتخانەی " فەرهەنگ" کە وەزیرەکەی مەنافی کەریمی بووە و وەزارتخانەی "تەبلیغات" کە وەزیرەکەی سەدیقی حەیدەری بووە (١٤)

لە پاڵ ئەو دو وەزارتخانەیە لێژنەیەکی فەرهەنگیش دامەزرا بوو بۆ پەرەسەندی و بەکار هێنانی زمانی کوردی و هەر وەها ئەو لێژنەیە بەسەر خوێندنی منداڵان ڕادەگەیشت.(١٥)

*لە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە دانیشتنی ئەفسرانی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی١٣٢٤ دا دەست دەکرێت بە ڕۆنانی وشەی و زاراوەی نوێ بۆ کاروباری لەشکری و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێندێک لەو وشانە بەو جۆرەی خوارەوەن:

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرباز | پێشمەرگە | ٥ | گورهان | چڵ | ٩ | لەشکر | لەشکر |
| ٢ | جوگە | لێزگە | ٦ | گوردان | لک | ١٠ | سپاه | هێز(١٦) |
| ٣ | گروه | قۆڵ | ٧ | هەنگ | پۆل | | | |
| ٤ | دەستە | دەستە | ٨ | تیپ | تیپ | | | |

سەرجەم ١٦٠ زاراوە و وشەی نوێ بۆ کاروباری پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا داندراوە و بەکار هاتووە ئەو وشانە لە دو دانیشتنی ئەفسەرانی کۆمار ڕۆنراون یەکەم دانیشتن لە ١٥ی ڕێبەندانی١٣٢٤ بووە و دانیشتنی دووهەم لە ٢٠ی ڕێبەندانی١٣٢٤دا بووە.

هەموو ئەو وشانە کە دانراون بۆ کاری هێزی پێشمەرگە لە ٥ ژومارەی ڕۆژنامەی کوردستان دا بلاوبۆتەوە و لە ژومارەی ٢٣ ڕۆژنامەی کوردستان "سەرپۆل دووهەم محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی حیزبی دێمکرات" داوای لە خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کردووە کە ئەگەر زاراوەیەکیتریان پێشک دێت بە نوسراوە بۆ ناوەندی هێزی پێشمەرگە بینێرن.

## شەرو شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەقز دووجار بە توندی بەگژ هێزی دەوڵەتی ئێراندا چوون هەر دوو جارەکە توانییان هێزی ئێران بە سەختی شکست بدەن.

و چەکوچۆڵی زۆریان دەست کەویت.

یەکەم شەری هێزی پێشمەرگە لە ١٢ی گوڵانی ١٣٢٥ کە هاوکات بوو لەگەڵ دانیشتنی نوێنەرانی هاوبەشی کوردستان و ئازەربایجان ئەوان لە ٨ی گوڵان ١٣٢٥ گەشتبوونە تاران هەتا لەگەڵ بەرپرسانی تاران کۆببنەوە

بەشدار بووانی ئەو شەرە پێشمەرگەکانی ئێلی بارزانی و ئەفسرانی باشووری کوردستان بوون و هێزی پێشمەرگە سەرکەوت و ژنراڵ حەمە رەشید خانی خان قادرزادە لە نامەیەکدا کە بۆ پێشەوای دەنێرێ، دەنوسێت:

"لەو شەرەدا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی ئێران کوژراوە و ٣٩ کەس بەدیل گیراوە و هێندێ تفاقی جەنگی دەست کەوتووە" (١٧)

ژنراڵ حەمە رەشید خان هەر لەو نامەیەدا داوای کرد کە ئەفسرانی هێزی بەشدار بوو لەو شەرە و یارمەتیدەرەکانیان پلەیان بەرز بکرێتەوە لە لایان پێشەواوە خەڵات بکرێن ئەو کەسانەی کە داوای خەڵاتیان بۆ کرا بوو بریتی بوون لە :

میرحاج،بەکر حەویزی، مستەفا خۆشناو، وەهاب ئاغا و یارمەتیدەرەکانیان :محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکۆ، خۆشەوی خەلیل

رۆژی ٢٥ی گوڵانی ١٣٢٥لە ناوچەی سەردەشت لە نێوان هێزی کوردستان و سپای حکوومەتی تاران شەر روودەدات و کەسێک بەناوی سەعید بەگ دەکوژرێت.

لە رۆژی ٢١ی جۆزردانی ١٣٢٥ نوێنەرایەتی کورد_ئازەربایجان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تاران لە تەورێز بۆ جاری دووهەم دادەنیشن لەو دانیشتنەدا پێشەوا قازی محەمەدیش بەشدار دەبێت لە رۆژی ٢٥ی جۆزردانی ١٣٢٥دا. هێزی ئێران بە سەرکردایەتی حاجی عەلی رەزمئارا کە فەرماندەی هەموو هێزەکانی ئێران بوو هێرش دەکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شەرێکی قورس لە ناوچەی مامەشا و میرەدێ سەقز روودەدات لە قۆڵی مامە شا کە پێشمەرگەکانی ئێلی بارزانی شەر دەکەن خۆشەوی خەلیل و ١٠ کەسیتر بریندار دەبن بەڵام برینی خۆشەوی خەستر دەبێت خۆشەوی بۆ چارەسەری برینەکانی دەنێردەرێتە تەورێز پاش چوار رۆژ لە بەر قوڵی برینەکانی لە تەورێز شەهید دەبێت.

تەرمەکەی خۆشەوی خەلیل دهێندرێتەوە مەهاباد و لە گۆرستانی مەلاجامی دەینێژن.

لە قۆڵی میرەدێش کە پێشمەرگەکانی ئێلی فەیزوڵابەگی شەر دەکەن محەمەد ئاغای شقۆیف شەهید دەبێت.

لەو شەرەشدا ٥٠٠ کەس لە هێزی ئێران دەکوژرێ و ٢٥٠کەس بریندار دەبێت و دو تانک و دوو فرۆکەی هێزەکانی ئێران تێکدەشکێندرێن (١٨)

سەرڕۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی حیزبی دێمکرات رۆژی ٢٥ی پوشپەری ١٣٢٥ بە هۆی کەوتنە خوارێ فرۆکە شەهید دەبێت.(١٩)

ئەو چوار کەسە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شەهید بوون.

لە پاش رووخانی کۆماری کوردستان هاتنی هێزی ئێران بۆ مەهاباد چەند کەسیتر بە تاوانی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگە لە سێدارە دەدرێن ئەوانەش بریتین لە: ژنراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی رۆژی ١٠ خاکەلێوەی ١٣٢٦ وەک وەزیری هێزی میللی لە سێدارە درا.

حامیدی مازوچی، رەسوڵی نەغدەیی، عەبدوڵا روشنفکر و محەمەد نازمی وەک ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە رۆژی ١٨ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە مەهاباد لە سێدارە دران.

ئەحمەد خانی فاروقی ناسراو بە سالار کە فەرماندەی شەری میرەدێ بوو رۆژی ١٨ی خاکە لێوە ١٣٢٦ لە سەقز لە سێدارە درا.(٢٠)

هەروەها رەژێمی عێراق رۆژی ٢٨ی جۆزەردانی ١٣٢٦ چوار ئەفسەری کۆماری کوردستانی (کە فەرماندەهی شەری سالح ئاوا و مامەشای سەقزیان کرد بوو) لە سێدارەی دا: مستەفا خۆشناو ، خیروڵاعەبدولکریم، محەمەد محمود قودسی و عیزت عەبدولعەزیز.(٢١)

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستاندا دوو دانیشتنی نیزامیان بووە:

یەکەم دانیشتن لە ٥ی جۆزردانی ١٣٢٥ بووە و سەرۆکی شاندی کوردستان عزت عەبدولعەزیز بووە(٢٢) لەودانیشتنەدا هیچ رێکەوتنێک ئیمزا نەکراوە، دانیشتنی یەکەم لەگەڵ شەری مامەشای سەقز هاوکات بووە.

دووهەمین دانیشتن لەگەڵ فەرماندەرانی هێزی ئازەربایجان و لە ٢٤ی رەزبەری ١٣٢٥ بووە لەو دانیشتنەدا رێکەوتنێک لەگەڵ ئەو هێزە واژۆ کراوە کە لە ٧






خاڵ پێکهاتووە و ناوی ڕێکەوتنەکە "کۆمۆسیونی دیفاعی مشتەرەک"ە .(٢٣)

نێوەرۆکی ڕێکەوتنەکە لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی هێزی هاوبەشی کورد_ئازەری بووە.

ئەو ڕێکەوتنە بە هۆی بڕیاری بەرنگارنەبوونەوەی لەگەڵ هێزی حکومەتی ئێران هەڵوشایەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هاتنی هێزی ئێران بۆ ناو شاری مەهاباد لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ی دێسامبری ١٩٤٦) واتە هاوکات لەگەڵ تێکچوونی حکوومەتی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

٢٨ دیسامبر ٢٠١٢ هەولێر

سەرچاوەکان:


١- ڕۆژنامەی کوردستان ژووماره ٦٥

٢- ر.کوردستان ژ ١٠

٣- ر. کوردستان ژ. ١٤

٤- ل ١٧٧ حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

٥- ل ١٧٢ حامیدی گەوهەری، کۆماری کوردستان، هەولێر ٢٠١١ چاپی یەکەم

٦- ل ١٨١ حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا ، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

٨- ل ٤ ر کوردستان ژ. ٦٦

٨- ل ٤ ر.کوردستان ژ. ٥٤

٩- ل ١٨٠ ، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

١٠- ل ٢. ر.کوردستان ژ ٦٨

١١و ١٢ : ل ٤ ر.کوردستان ژ٥٤

١٣- ل ٩٣ کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ویلیام ئیگڵیتن جۆنز و. محەمەدی سەمەدی، نادیار

١٤- ل ١٣٩ کوردەکان حەسەنی ئەرفع وەرگێرانی حامید گەوهەری، چ دەزگای وەرگێران ، هەولێر ٢٠٠٧

١٥- ل ٤ ر. کوردستان ژ. ١

١٦- ل ٣ ر.کوردستان ژ ١٢

١٧- نامەی ژ. ٢٢ -٢٤ دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامە و دۆکۆمێنت محموودی مەلاعیزت سۆید ئازاری ١٩٩٢

١٨- ل ٢ ر.کوردستان ژ ٦٦

١٩- ل ٤ ر کوردستان ژ. ٦٨

٢٠- ل ٥٤٧ - ٥٥٥ زندگی سیاسی قوام السلطنه جعفر مهدی نیا چ ٢ تهران تابستان ١٣٦٦

٢١- ل ٤١٤ کۆماری کوردستان ،حامیدی گەوهەری چ هەولێر ٢٠١١

٢٢- ل ١٩٩ ، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

٢٣- ل ٢٠٩ حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم


٢٨ دیسامبر ٢٠١٢ هەولێر






## یادی کۆماری کوردستان، زەمینەیەک بۆ کۆنفرانسی نەتەوەیی.



ن: سمایل شەرەفی

لەوانەیە وە دوا خستنی یادکردنەوەی ساڵیادی کۆماری کوردستان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامانجدار بووبێ، کار کردن بۆ بەرێوەبردنی ئەم یادەو بەشداری لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو ئاستە بەرزە دا ئەم ئەگەرەمان زیاتر بۆ مانادار دەکات.

بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعوود بارزانی لە وتارەکەی دا لەگەڵ ئەوەیدا کە باسی جسووسیاتی تایبەتیی سیاسیی هەر کام لە پارچەکانی کوردستانی کرد، بەڵام پەیام و سفارشی رەچاو کردنی یەک گوتاری لە مەسەلەی کورد دا لە وتارەکەی دا دەخوێندرایەوە. بەرێزیان ئەم جارەیان پێداگرترو لە شوێن و یادێکی گەورە دا باسی لە یەکییەتی نەتەوایەتی کورد و نیشتمانی کوردستان کرد. بەشداری پارتە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و لە نێویاندا هەر دوو باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان (دامەزرێنەری کۆماری کوردستان) و بە تایبەت نوێنەراییەتی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە لە وەها هەل و مەرجێکدا پەیامێکی دیکەیە کە وێ دەچێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەو ئامانجە رێکی خستبێ.

کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد کە زیاتر لە دوو ساڵە باسی لێ دەکرێ سەرۆکایەتی هەرێم یان باشترە بڵێین پارتی دێموکراتی کوردستان بە جدی کار بۆ بەرێوەچوونی دەکات، هەر وەک دەرکەوت بە سەرنجدان بە پەیوەندی هێزە سیاسییەکانی کوردستان مەسەلەیەکی هێندەش ئاسان نییە. بەرێوە بردنی وەها کارێک زەمینەی تایبەتی گەرەکە، ئەم پێویستیە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و شەخسی کاک مەسعوودەوە بێگوومان دەرکی پێ کراوە.

وەدوادانی یادی ٦٦ ساڵەی کۆمار وەک دەرفەتێکی هاوبەش بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان و شێوازی کاری هەیئەتی راسپێردراو بۆ ئامادە کردنی ئەم یادە: لە بەشداری دانی کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، دەکرێ وەک پرۆسەی زەمینەسازی بۆ بەرێوە بردنی کۆنفرانسی نەتەوەیی باسی بکرێ.

ناوەرۆکی ئەم پەیام و وتارانەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە پێشکەش کران تا رادەیەک لە راستای ئەرکەکانی ئەو کۆنفرانسەدان کە قەرارە بەرێوە بچێ.

بۆ نموونە لە وتاری هەر سێ بەرێزان: مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی لە باکوری کوردستان، باس لە سێ مەسەلەی ئەساسی کران کە ئەمرۆ بۆ قەزییەی کورد بنەمان:

١- پێداگری لە سەر شێوازی ئاشتی خوازانەی خەبات

٢- یەکییەتی نەتەوەیی

٣- رێز گرتن لە دەسکەوت و ئەزموونەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان

کەوابوو دەکرێ کۆبوونەوەکەی هەولێری پایتەختی کوردستان کە بە بۆنەی یادی ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستان پێک هاتبوو، وەک زەمینەیەک بۆ سازدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی بخوێنینەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری بەیان / رێکەوتی : ٢٠ فێبریەی ٢٠١٢

## یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، دەستپێشخەریەک بوو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی



**نووسینی: ئاگری باڵەکی**

ئەمساڵ یادکرنەوەی کۆماری کوردستان، لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ساڵانی پێشوو، هەرچەندە ساڵانی رابردوو یادی کۆماری کوردستان لە باشوری کوردستان دەکرایەوە، بەڵام جیاوازی ئەمەی ئەمجارەیان ئەوە بوو کە جارێکی تر مێژوو دووپاتە بۆوە. ئەو مێژووەی کە پێش ٦٦ ساڵ لەمەو پێش لە دامەزراندنی کۆمارێکی نەتەوەیی و بەبەشداری نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان تۆمار کرا، ئەوکات بەدەستپێشخەری و میوانداری پێشەوا قازی محەممەد و بەپشتیوانی بارزانی نەمر کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، دوای ٦ دەیە دیسان مێژوو دوبارە بۆوە و ئەمجار بە دەستپێشخەری و میوانداری جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە پشتیوانی قوتابیانی مەکتەبی پێشەوا قازی محەممەد و لە هەر چوار پارچەوە.

ئەو ئاڵاو سروودەی کە ٦٦ ساڵ پێش ئێستا بارزانی بە ئەمانەت لە پێشەوای وەرگرت و بە ئەمانەتیشەوە پێشکەشی بە کاک مەسعود بارزانی کرد، ئەو زاتە بەرێزەش بەوپەڕی لە خۆبردوویی و ئازایانە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم ئەمانەتەی پاراستوە، ئەمڕۆش بەوپەڕی ئازایانەوە باسی ئەم بابەتە دەکات و دەڵێ: "لەکاتی دادگایی کردنی پێشەوا، کە ئێستا ئەو موستەمسەکاتە دەست کەوتووە، کاتێک رەئیسی دادگا لێی دەپرسێ و دەڵێ بۆ رێگەت دا کابرایەکی بیانیی وەک مەلامستەفای بارزانی بێت بۆ مەهاباد؟ پێی دەڵێ، بارزانی کابرایەکی بیانی نییە، هاتووە بۆ ماڵی برای خۆی. پاشان پێی دەڵێ تۆ ئەم ئاڵایە دەبینی؟ تێفیکی لێ دەکات و فرێی دەدات و پێی دەڵێت ئەوەیە ئاڵای ئێوە؟ پێشەوا پێی دەڵێ ئەتۆ کابرایەکی بێئەدەبی، کابرایەکی بێ ئەخلاقی، ئەگەرنا ئەوە ئاڵای هەر وڵاتێک بێ، ئاڵای هەرجیهەتێک بێ، تفی لێناکەی. بەڵام ئەو ئاڵایەی تۆ لێی دەترسی لە دەستی کابرایەکی ئەمین دایە و رۆژێکیش هەر هەڵدەدرێت. بۆیە ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانەوێت ئەم مێژوویە بشێوێنن، بە حەقیقەت خیاڵیان خاوە، حەقیقەتی مێژوو ئەمەیە کە جەنابی بارزانی وەکوو سەربازێک بەرگری کرد لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد. پێشەواش وەکو سەرۆکێک قبووڵمانە و پێشەوامانە و چ پێشەوا قازی محەممەد، چ شێخ مەحموودی حەفید، چ شێخ سەعیدی پیران، چ سەید رەزای دەرسیم، چ شێخ ئەحمەدی بارزانی، چ شێخ عەبدولسەلام بارزانی و چ مەلامستەفای بارزانی، ئەمانە هەموو سەرکردەی ئێمەن و ئێمە قوتابی ئەو قوتابخانەین و تا سەریش ئینشائەڵلا لە سەر ئەو رێبازە بەردەوام دەبین".

بەڵی دوێنێ بارزانیەکان میوان بوون، ئێستا خانەخوێن و میوانداری کوردان دەکەن لە هەموو پارچەکانی تر، هەروەک پێشەوا قازی محەممەد لەکاتی چوونی بارزانیەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوکات فەرمان دەدا بە دامودەزگاکان و گوتی: "پێشوازیەکی گەرم لەوانە بکەن، ئەوانە برای خۆشەویشتی ئێمەن".

ئەمڕۆکە مێژوو دوبارە بۆوە و ئەوجار بارزانیەکان و لە پێشەوەی هەموویان کاک مەسعود بارزانی کوردانی هەر چوارپارچەی لە دەوری یەک کۆکردەوە و یادکردنەوەی کۆماری کوردستانی کردە شوێن و نوێنگەیەک بۆ ئەوەی کە تێدا باس لە سەربەخۆیی و یەکگرتوویی و مافی چارەی خۆنووسینی ئاشتیانە بۆ کوردان بکات.

بەڵێ هەرماوەیەک لەمەوپێش بوو کە بەرێز کاک مەسعود بارزانی باسی لە گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کرد لە باشوری کوردستان، ئەو کۆنگرەیەی کە دەتوانێ وتاری کوردی یەک بخات و کوردەکان بۆ جاری دووەم دوای ٦٦ ساڵ لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، بەڵام ئەوجارەیان جیاوازتر لە جاری پێشوو، ئەمجار هەموو کوردەکان بڕیارە بە وتارێکی یەک دەنگ و یەک رەنگ روو بەدەرەوە بانگەوازی تەبایی و ئاشتی بکەن بۆ جیهان و بە وڵاتانی دراوسێیان بڵێن کە ئێمە هەڕەشە نین بۆ ئێوە، بەڵکو کوردستان فورسەتێکە بۆ ناوچەکە و کوردەکانیش نەتەوەیەکی ئاشتیخوازن، ئەگەر شەڕیش بکەن بۆ دیفاع لە خۆیانە دەنا پەلاماری کەس نادەن.

لە کۆریادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەتوانین نیشانەکانی بوونی کۆڕبەندێکی نەتەوەیی ببینین و ئەویش بەشێوەی وتاردانی رێبەرانی سیاسی هەر چوار پارچەوە دیار بوو. رێبەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان لەم کۆریادەدا وتاریان پێشکەش کرد کە زۆربەی وتارەکان و وتاربێژەکان باسیان لە






یەکگرتوویی کورد و بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورد دەکرد، لە وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا باسی لە وەکرد کە سەردەمی ئێستا جیاوازە و گوتی: ئێستا سەردەمی بەدەستهێنانی مافەکانمانە. من لەگەڵ ئەوە نیم کە بڵێم ئەبێ مافمان پێبدەن. ئەبێ ئیقراری مافەکانمان بکەن، چونکە کە خوا ئێمەی خەلق کردووە ئەو مافەی بە ئێمە داوە، بە سەربەستی و بە ئازادی بژین. بەشەر ناتوانێ ماف بە بەشەر بدا، بەڵام ئەتوانێ لێی داگیربکات.

هەروەها جەنابی سەرۆک باسی لە ئیرادەی نەتەوەیی کرد و گوتی: "خاڵێکیتر هەیە من دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم کە هەرچی دوژمنانی گەلەکەمان هەوڵیان دا ئیرادەی میللەتی ئێمە بکوژن، نەیانتوانی. هەوڵیان دا دەست بخەنە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، نەیانتوانی. تووشی گرفت بووین، بەڵام لە هەموو گرفتەکان دەرباز بووین. سوپاس بۆ خوا ئێستا ئێمە تەباین و لە هەمووشی خۆشتر ئەوەیە کە ئەو زەمانە رۆیشت کەسێک بیر لەوە بکاتەوە، خوێنی کورد بە دەستی کورد برژێ".

وتاری بەرێز د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باسی لە یەکگرتوویی و قوربانی دان کردو ئەو سوێندەی پێشەوا قازی محەممەدی دوبارە کردەوە و گوتی: "دەمەوێ سوێندەکەی پێشەوا قازی محەممەد وێردی زمانی هەموومان بێت" کە فەرمووی "بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان و بە شەرافەتی میلەتی کورد، بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و رژانی ئاخرین دڵۆپی خوێنم لە رێگای ئازادی کوردستان تێ دەکۆشم".

بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتارە کورت و پڕنێوەرۆکەکەی دا باسی لە قەراردادێکی (کۆنتراکت) نەتەوەیی کرد و گوتی : "دیاردەیەکی بە هێزی کۆماری کوردستان کە رەنگە ئێستا بە تەواوی سەنەدییەتی پێ نەدرابێ، بەڵام لە هەموو ئاماژەکانی مێژوویی و سیاسیی و ئاوڕدانەوە ئیشارەی پێ دەکرێ و ناکرێ ئینکاری بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆنتراکتێکی نەتەوەیی واتە قەراردادێکی نەتەوەیی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دامەزرا. ئەو قەرارداردە نەتەوەییە ٦٦ ساڵ دوای کۆماری کوردستان ئێستاش لە نێو هەموو چین و توێژێکی نەتەوەی کورد لە هەموو ماڵەکان، لە هەموو مەیدانێکی سیاسی دا ناکرێ حاشای لێ بکرێ و رۆژبەرۆژ نەهادینە دەبێ و دەبێ بە فەرهەنگ. ئەویش ئاڵای کوردستان، مێژووی کوردستان و هەروەها لە تەنیشت ئەوانەدا سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیبە. لە هەموو دنیا دا نەتەوەکان بە رابردوویان پێناسە دەکرێن. رابردووی ئێمەش ئاڵای کوردستان، مێژووی هەموو چالاکی و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد و سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیبە".

بەرێز سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی بە نۆبەی خۆی لە وتارەکەیدا باسی لە یەکگرتوویی کورداں کرد لە چوارپارچەی کوردستان و گوتی: "لە رۆژئاوای کوردستان ئەوان رێز لەهەر بڕیارێک دەگرن کە حیزبە کوردستانیەکانی رۆژئاوا دەیدەن، خۆشبەختانە یەکرێزیی لەنێو هێزەکانی باشور و رۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئاراوە ئەو یەکێتیە لە باکوری کوردستانیش هەیە و بنەمایەکیش بۆ دروستبوونی یەکێتیەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتۆتە ئاراوە. بەرێز دەمیرتاش وتیشی: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی نەتەوەیی کورد بێتە ئاراوە و دەمێکیشە دانوستان لەوبارەیەوە دەکرێت".

من وەک خۆم ئەم وتانەی ئەم رێبەرە سیاسیانەی پارچەکانی کوردستان بە سەرەتایەک بۆ یەکگرتوویی لە نێو ماڵی کورد دەزانم و پێموایە ئەوەی خۆی بە کورد بزانێ و باوەری بە کورد و کوردستان هەبێ ئەوە دڵخۆش دەبێ بە هەر هەوڵێک کە لەم بارەیەوە بدرێت.

هیواداریشم کە جەنابی سەرۆک بارزانی لەو هەوڵانەی بەردەوام بێت بۆئەوەی کە کوردانی هەر چوار پارچە لێک کۆبکاتەوە و داواشم لە هێزە سیاسیەکانی چوارپارچە ئەوەیە کە بەپیر ئەو کۆبوونەوە و کۆڕیادانەوە بچن و بۆئەوەی ئێمەش بتوانین گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوومان هەبێت.

ژێدەرەکان:


※ وتاری جەنابی کاک مەسعود بارزانی لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆڕیادی دامەزراندی کۆماری کوردستان

※ وتاری بەرێز د. بەرهەم ساڵح لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆڕیادی دامەزراندی کۆماری کوردستان

※ وتاری بەرێز خالیدی عەزیزی لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆڕیادی دامەزراندی کۆماری کوردستان






* وتاری بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆریادی دامەزراندی کۆماری کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری گوڵان میدیا / ڕێکەوتی : ٢١ی فێوریەی ٢٠١٢

## بە بۆنەی ڕێورەسمەکەی هەولێر بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان



سەلاح ئەدیین مەجیدپوور

لە ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ فێورییەی ٢٠١٢ بە دەستپێشخەری و لە ژێر چاوەدێری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی، ڕێ و ڕەسمی ڕێزگرتن لە شەست و شەشمین ساڵی دامەزرانی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان'، لە هەولێری پێتەختی باشوری کوردستان بەڕیوە چوو. لەو یادکردنەوەیەدا ڕێکخستنە سیاسیەکانی هەر چواربەشی کوردستان، نوینەرانی کۆمەڵێک وڵاتی بێگانە لە هەرێم و کەسایەتییە سەربەخۆکانی کورد بەشداربوون.

یادکردنەوەی بۆنە مێژوویەکان، و باسکردن لە مێژو خاوەن دو لایەنی گێڕانەوە و توێژینەوەیە. لێکۆڵینەوە و باس لە ڕابردوو هەمیشە بە مەبەستی خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ دەرس وەرگرتن لەو ڕابردوویە، تاکوو بە تیژبینی بڕوانینە داهاتوومان و هەنگاویی بۆ هەڵێنینەوە. لەو گۆشە نیگایە ڕا دەکرێت یادکردنەوەی دامەزراندنی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان' لە ئێستا دا، و لە لایەن بەرزترین دزگای دەستەلاتداریتی قانوونی باشوری کوردستان، وەک پەیامێکی بە هێزی سیاسی بۆ جیهانی دەوران پشتی کوردستان بخوێندرێتەوە. لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەر بێت بۆ پاڵ وێکدانی وزە و تواناکانی کوردان لە پێناو ژیاندەنەوەی بەهاکانی 'دەوڵەتی جمهوری کردستان'.

ساڵیادی دامەزرانی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان' لە هەلومەرجێکی تایبەت ،هەستیار و پڕ لە هەژانی ناوچەیی دا بەڕیوە چوو. تایبەتمەندی گۆرانکارییە ناوچەییەکان بریتین لە، هەوڵ بۆ ژیانەوە و بەهێزکردنی بەها نەتەوەیی، دینی و دێمۆکراتیکەکان. هەر لەو سۆنگەیەشەوە کورد و کێشەکەی ئێستا پتر لە هەموو کاتێک لە ڕیزی یەکەم ئەولەویتەکانی دەستوری کاری هیزە ناونەتەوەیی و ناوچەیەکان دان. ئەگەر لە ڕابردودا کوردستان بۆ هەموو لایەنەکان لە ڕوانگەی ژئێۆپۆلەتیک ڕا جێگای سەرنج بوو، لە ڕۆژیی ئەورۆدا پوتانسێلی ژئێۆئێکۆنۆمیکی کوردستانیش بۆتە جێگەی سەرنج و بایخێکی بەرچاویشی پێدەدرێت.

بە لە برچاوگرتنی ئەو هەلومەرج و ئاڵوگۆڕانە، مرۆڤ دەکارێ، خوێندنەوەیەکی دیکەی لەو دەستپێشخەریەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادکردنەوەی 'دەوڵەتی جمهوری کوردستان' هەبێت. وتەکانی سەرۆکی هەریمی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژی کرانەوەی ئەو یادەدا بەرینایی و قولایی ڕوانگەی دەزگای سیاسی و حکوومی باشووری کوردستانی دەرحەق بە سەرجەم بزوتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نیشان دەدات. ناوەرۆکی وتەکانی سەرۆکی هەرێم بریتی بوو لە ڕێز لێنان لەو ڕۆژ و دیاردە مێژووییە، بە سیحەب کردنی دەسکەوت و هێما نەتەوەییەکان، یەک نەتەوەبوونی کورد، لە سەر حەق بوونی کوردان بۆ پێداگری لە سەر دەستەبەرکردەنی مافە نەتەوەییەکانیان، شێوازی گەیشتن بە مافەکان و تایبەتمەندی بەشەکانی کوردستان. بە پێی پێگەی هەریمی کوردستان لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا، جێگایی خۆیەتی کە ئەو تێڕوانینانەی سەرۆکی هەرێم وەک بەرزترین دەستەڵاتی هەریمی کوردستان بە هەند وەربگیرێت.

ئەو هەڵوێستەی دەستەڵاتداریتی هەرێمی کورستان خاڵێکی ئەرێنیە، کە دەکرێ هاندەرێکی مەزن بێت بۆ پێکهێنانی ئێتلافێکی نەتەوەیی لە گوێن سەردەمی پێکهێنانی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان' . شتێک کە لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆڕە یەک لە دوایەکانی ناوچە، و گرینگی و سەقامگیریی حکوومەتی هەرێمی






کوردستاندا ،هەتا دێت وەک پێداویستیکی حاشاهەڵنگەریی لێدێت. ئیتلافێک کە لە گەڵ دیاری کردنی بەرژەوندییە نەتەوەییەکان، نەخشەی ڕێگای بۆ بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دیاری بکات.

هەر بۆیە یادکردنەوەی 'دەوڵەتی جمهوریی کوردستان' بە دەسپێشخەریی و ئیبتکاریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەرەتایەکی بەهێز بێت بۆ ئەوە کە دەنگۆی پێک هێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە حاڵەتی دەنگۆ بوون بێنێتەدەر و هەنگاوەکان بۆ بە کردەوەیی کردنی ئەو ئیدێە چڕ و پڕتر کاتەوە. پێک هێنانی ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ سەهۆڵبەندانی نێوان ڕێکخستنە سیاسیەکانی ناو کوردستان بشکێنێت و ئیتلافێکی مێللی لەسەرەوە ڕا بەرەو لێک نزیک بوونەوەیان بەرێت. لەو حاڵەدایە کە بە زەق بوونەوەی بەرژەوندییە نەتەوەیەکان، بەرژەوندیە ڕێکخراوەیەکان دەکەونە ژێر پێپەست و دەرەتانی درێژە پیدان بە ژیانی قازانجە ناوچەیی و ڕێکخستنیەکان نامێنێ. ئیتلافی نەتەوەیی سەردەمی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر ئەوراستیە دەسلمێنێت کە ئیرادەیەکی بە هێزو ڕێبەرییەکی بەبڕشت دەتوانێ پرۆسەی هاودەنگی و هاوبەرژەوەندی وەپێش بخات و بەرژەوندییە بچووکەکان داکووژێنی.

بۆ پێکهێنانی ئیتلافێکی نەتەوەیی لەو چەشنە جگە لە وەرگرتنی بڕیاراتی سیاسی و کاکە و برالەکردنی ڕێکخستنە سیاسیەکان، پێویستی بە فەرهەنگی هاوبیری و هاوبڕیاری لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی کورد هەیە. بۆ گەیشتن بەوئێتلافە نەتەوەییە پێویستە لە چاویلکەی گێروکێشەو برینەکانی ڕابردوو و تازە ڕاگرتنیان ڕا نەڕوانینە مێژومان. بەڵکو هەنگاوە ئەرێنیەکان ئەمرۆمان زەق بکەیینەوە و بۆ بەهێزکردنی هاودەنگی و یەکریزی سیاسی نەتەوەیی تێ بکۆشین. و لەو ڕوانگەیە ڕا بروانیینە یادی دامەزرانی ' دەولەتی جمهوری کوردستان'.

بەو هیوایە کە هەموو لایەک بۆ بە جێ هێنانی ئەو ئەرکە گرینگە تێ بکۆشین.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵاتی / ڕێکەوتی : ٥ی مارسی ٢٠١٢

## کۆماری دیموکراتیکی کوردستان



ڕەزا ئەمینی

کۆماری دیموکراتیکی کوردستان (٢ / ١١ /١٣٢٤ی هەتاوی) سەرەتای دیسکۆرسی نوێ لە واتای کوردایەتیو وەڵامی لە مێژینە بە پرسی نەتەوەی کوردە، کە بالانسی کوردی لە نێو هاوکێشەکانی ناوچەییو جیهانی بردە ئاستێکی بانتر.کاراکتێری پۆزیتیڤی کۆماری کوردستان، لە سەر گۆرانکارییە مێژووییەکانی هاوچەرخ کێشەی کوردی بەرەو فازێکی مۆدێرنیتەگەری پاڵ پێوەنا.لە سەر ئەم دیاردە سیاسیو نەتەوەییە لێکۆڵەرانو شارەزایانی ئەو بوارە ،پێداچوونەوەی زانستی فرە رەهەندیان ئاراستە کردووەو هەر نووسەری لە روانگەی خۆیەوە ئەم بابەتەیان تاوو توێ کردوە. تەنانەت دژبەرانی مافو ئازادیو ئامانجەکانی کوردیش ویستوویانە بە زەقکردنەوەی لایەنە نەرێنیەکانی بە دوای ئامانجی خۆیاندا بگەرێن. زۆر جار چەواشەکاریان بەو پەری خۆی گەیاندوە و هەولیان داوە لۆژیکو بەهای ئەم گرینگیە لە بایەخی خۆی بە تاڵ کەنەوە، تا ئەو دەرئەنجامەیان دەسکەوێ کە ئیرادەی نەتەوایەتی کورد بخەنە ژێر پرسیارەوەو ئەو تەوەهوومە ساز بکەن، کە گەلی کورد رێکخستنی نەتەوایەتی بۆ دامەزراوەی دەسەلاتی نەتەویی، لاوازە و گەرەکیانە ئەم بیرۆکە لە جێ دا خامۆش بکەن .

بە داخەوە تا ئێستاش ئەوانەی لە سەرکۆماری کوردستان نووسیویانە نەیانتوانیوە روخساری کۆماری کوردستان لە هەموو روویەکانەوە بێننە بەرباس و لێکۆلینەوەی گشتیگیر. جگە لە مێژووی نووسی کورد دوکتوور قاسملوو ئەویش بە شێوەی کورتە نووسین، لە سەر کۆمار هیندیک لایەنی زانستی تری بۆ خستووینە روو. دیارە کەسانیکیتریش ئەو کارەیان ئەنجامداوە بەلام بۆشاییەک بە نووسینی ئەم رووداوەوە هەر دیارە.

لە جێدا کە باسی کۆماری کوردستان دێتە گۆرێ پرسیار گەلی جۆراوجۆر گەلالە دەکرین، یەکێک لە پرسیارانە پێناسەی نەتەوەی کۆماری کوردستانە کە






پێویستی بە شیکاری زیاتر هەیە.یا گرینگترین پرسیاری تر ئەوەیە ئایا کۆماری کوردستان ڕووداوێکی دەسکردی لاوەکی بوو؟ یان ئیرادەی نەتەوایەتی لە پێکهێنانیدا رۆڵی هەبووە؟ کۆمەلٍَگاو رێکخراوی سیاسی و حیزبی سەردەمی کۆمار بۆ لە پاراستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە ناکام مانەوە؟ هێزە کلۆنیالیستیەکان بۆچی لە حالێکدا بانگەشەی رزگاری نەتەوەکانیان کردبوویە دروشمی خۆیان کۆماری کوردستانیان بێ پشتیوان هێشتەوە؟

بۆ کرانەوەی دەلاقەیەک بە ڕووی پرسیاری لەو چەشنە، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە بارودۆخی گشتی کوردستان بکەین .

بە هۆی داگیرکرانی وڵاتی کوردستان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوەو داکۆکی هێزە کلۆنیالیستیەکانو نئۆکلۆنیالیستیەکانی دەرەوە لەو دەسەڵاتە داگیرکەرانە، خەباتو بەربەرەکانی کورد بۆتە رەمزێک بۆ نەتوانەوەی کوردو بەرخۆدان بۆتە پێویستی گەلە ستەم لێکراوەکەمان. ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بکەین بەردەوام پرۆسەی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن نەیارانێوەو ملکەچنەکردنی ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو دووپاتو چەند پات بۆتەوە و گەلێک جار کورد سەرکەوتنو سەرەنگرێبوونی بە خۆیەوە بینیوەو هۆکاری جۆراوجۆر بونەتە هۆی ناکامی کورد لە گەیشتن بە دەسەلاتی نەتەوەیی خۆی.گرینگترین هۆکار لەو پەیوەندییە دا، نارێکخراوی بوونی کورد بووە. ئەم رەوتە تا دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پێکهاتنیکۆمار وەک لاوازییەکی بەرین بە بزووتنەوەکەوە دیار بوو. بەلام بۆ یەکەم جار لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم پێویستیە لە سەر دەمی کۆمار دا وەلامی پێدرایەوە . کە وابوو دژ کردەوی کورد لە بەرانبەر زۆرداریدا و دۆزینەوەی رێگە چارەکانی ئەو کێشەیە هێڵی بنەمایی خەباتی کورد بووە و هێزێکی دەرەوەی ئەو فاکتۆرە رۆڵی لاوەکی گێراوە و هەلسەنگاندنی دۆخی کۆمار لە سەرو بەندی شەری دووهەمی جیهانیو هاتنی هێزە دەرەکیەکان، بۆ گورانکاری لە ناوچەکە شوێندانەری بە سەر قوزتنەوەی هەلەکە لە لایەن کوردەوە هەبووە، بەڵام بنەمای هەلوێستی نەتەوەیی بۆ کورد نەبووە... وەکی لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا کرداری رژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەو وەڵامپێنەدانەوەی لۆژیکی بە داخوازییە سەرەتایەکانی کورد، لە هۆکارە بنە رەتیەکان بووە. بە واتایەکیتر ئەگە ر کورد بۆ خۆی پارسەنگ نەبووبێ، هیزە دەرەکیەکان نەیانکردۆتە ئەو پارسەنگە کە لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمار دا دۆخەکە پێکهات . لەو قۆناغە دایە " حدک" خۆی لە گەل داخوازییەکانی کورد موتوربە دەکا و کۆمار دادەمەزرێنێ . گومان هەڵنەگرە لە کاری سیاسی دا بەرژەوەندییەکانی لایەنێک لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی، هێزێکی دەرەکی دەکەونە خانەی تۆلێرانسەوەو پێچەوانەکەشی هەر دەکرێ بێتە ئاراوە. ئەگەر ئەم بەرژەوەندییە لە سەردەمی شەری دووهەمی نێودەولەتی دا بە هۆی پشتیوانی دەسەڵاتی پادشایەتی لە فاشیزمو نازیسم و لایەنی بەرانبەری کە گەلی کوردەو لە بەرەی دژی فاشیزم دا قەرار دەگرێو حیزبە پێشرەوەکەی، خەباتی رزگاریخوازی کور د بە خەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و لە ئاستی نێو نەتەوەیشدا خەباتی گەلی کورد بە نەتەوەکانی هێرش بۆکراو بە هۆی فاشیزمەوە گرێدەدا، ئەوەیە کە پێناسەی نەتەوەییو پێشکەوتوانە بە کۆمار دەدا .

وەکی ئاماژەی پێکرا هاتنە بەرەی دەسەلاتی ئیران لە بەرەی فاشیستیدا دەرەتانی ئەوەی رەخساند. هێزە میلیشاییەکانی دەسەڵاتی رەزا شای پەهلەوی لە هەرێمی کوردستان لاواز بن.ئەوەش هەرگیز ناتوانێ واتای ئەوە بدا کە کورد خوازیاری هاتنی هێزە دەرەکیەکانو چاوە رێی رێگەچارەی ئەوان بێ لە راستی دا سیاسەتی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانە، کە راستەوخۆو ناراستەوخۆ هێزە لاوەکییەکان دەکێشێتە گۆرپانە هەریمیەکان. ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار ئەم راستیەمان بۆ دەسەلمێنن. کە ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان بۆ دامەزراندنی پرنسیبە دیموکراتیکەکان کاتین، ئەوە ئەمرێکی ئیستراتیژیکی بۆ رێبەرایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردە.

کۆمەڵگای رێکخراوو سیاسی سەردەمی کۆمار بە زۆر هۆ لە پاراستنی دەسەڵاتی نەتەوەیی کۆمار ناکام ماوە. گرینگترین هۆکاریش دەسەڵاتە زلهێزەکان بوون کە دەستی دەسەڵاتی ناوەندییان بۆ هیرشکردن ئاوەڵاهێشتەوە و بزوتنەوە نەتەوەییو دیموکراتیکەکان بێ پشتیوان مانەوە. بە ڵام پشتیان لە ئامانجەکانیان نەکردو ئەم قۆناغە لە سەرکەوتنی دیکتاتۆری نەیتوانی تا سەر بەردەوام بێ

گەلی کورد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار تا هەنووکەش درێژەدەری خەباتی نەتەوایەتیەو تا دەست راگەیشتن بە ئاواتەکانی کۆمار کۆڵ نادا.

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵاتی / رێکەوتی : ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٢






# دەوڵەتێکی کوردی

نووسینی: مارتین ڤان براونێسن

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی

لە ٢٥ی ئووتی ١٩٤١، بریتانیاییەکان و ڕووسەکان هاوکات پەلاماری ئێران یان دا و ڕەزا شایان، کە پشتیوانی زۆر ئاشکرای لە ئەڵمان لە خۆیە نیشان دا بوو،ناچار کرد لە سەر تەختی شایەتی لاچێ و جێگای بدا بە کوڕەکەی محەمەد ڕەزا. لە گشت ئەو ماوەیەی دا کە شەڕ بەردەوام بوو، بەشە باکوورییەکانی ئێران بە دەست سەربازانی ڕوسییە و بەشە باشوورییەکانی بە دەست بریتانیا داگیر کرابوون و ناوچەی ناوەندیی ئێرانیش بەناوچەی بێلایەن ڕاگەیێندرا بوو.لە هەمان کات دا کۆنترۆڵی دەوڵەتی تاران بە سەر ئەو ناوچە ناوەندییە دا ، کە زۆربەی کوردستانی وەبەر دەگرت،تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لاواز ببوو.




سەرۆک عەشیرەت و خاوەنموڵکە گەورەکان ، کە لە زەمانی حوکمی ڕەزا شا دا لە هەرێم دوورخرابوونەوە، ڕێگایان پێدرا بچنەوە زێدی خۆیان لە کوردستان و حەولیان دا دەستەڵاتی خۆیان وەدەست بهێننەوە. لە هەمان کات دا، لاوانی کوردی خوێندەواری شارستانی لە مەهاباد، کە لە گەڵ کوردە ناسیۆنالیستەکان لە عێراق لە پێوەندی دا بوون، کۆمەڵەیەکی نهێنی یان دامەزراند بە نێوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کە بە کورتی پێی دەگوترێ ژ.ک.) [ تێبینی وەرگێڕ ناوی ئەو کۆمەڵەیە بە تەواوی ساخ کراوەتەوە کە کۆمەڵەی ژیانی کورد بووە]، کە هەم ڕێکخراوەیەکی ناسیۆنالیست بوو و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕادیکاڵ بوو. پارسەنگی نێوان هێزەکان لە لایەن کەسایەتییە ناسراوە شارستانییەکان ڕادەگیرا وەکوو بنەماڵەی قازی لە مەهاباد، کە زۆر بە وشیاری و ووردبینییەوە پێوەندی خۆیان هەم لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی ئێران و هەم لە گەڵ ڕووسەکان لە ئازەربایجان پاراست و، بەکردەوە زۆر لە ئەرکەکانی حکوومەتی ناوچەییان بەڕێوە دەبرد.

بە کۆتایی هاتنی شەڕ پێشوەچوونەکان خێراتر بوون.. ڕووسەکان کە بۆ ماوەیەک بێ مەیل بون بۆ چۆل کردنی باکووری ئێران، پشتیوانیان کرد لە پارتیی دێمۆکراتی ئازەربایجان، کە پارتییەکی چەپ بوو، کاتێک ئەو پارتییە دەستەڵاتی ئەو ئەیالەتەی باکووری ڕۆژئاوای بەدەستەوە گرت و لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٥ لەوێ حکوومەتێکی خودموختاری دامەزراند. کۆمەڵە پێمل کرا بوو سەرۆکایەتی قازیی محەمەد قەبووڵ بکا، کە کەسایەتی هەرە بەتوانا و بەدەستەڵاتی مەهاباد بوو و، ببێ بە ڕێکخراوەیەکی زۆر کراوەتر و هەراوتری جەماوەری واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. لە ٢٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی) قازیی محەمەد جمهووری کوردستانی ڕاگەیاند، کوردی وەک زمانی ڕەسمی جێی فارسی گرتەوە.

جمهووری کوردستان هەر بریتی بوو لە بەشەکانی باکووری کوردستانی ئێران، واتە هەرێمی بەربلاوتری مەهاباد؛ ناوچە و مەڵبەندەکانی بەر بە باشوور هەر لە ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی تاران دا بوون. ئەرتەشی جمهووری کوردستان کە لە تاکوتەرای عەشیرەتی ناوچە پێک هاتبوو، بە هاتنی چەندین هەزار جەنگاوەری بە ئەزموون لە عێراقەوە لە ژێر سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و برایەکەی شێخ ئەحمەد دا بەهێزتر کرا. ئەوان لە سێپتامبری ١٩٤٥ دا پەنایان هێنا بۆ ئێران دوای دامرکاندنەوەی دوایین ڕاپەڕینیان.مەلا مستەفا کە لە زێدی خۆی دوورخرابووەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو پاتراو بوونە ناوخۆییە، لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە سلێمانی یەوە گەڕاوە بارزان و ئەو یەکەیانەی ئەرتەشی شکاند کە بۆ گرتنی نارد‌رابوون، هێزی بارزانی کە نێوە نێوە بە وتووێژ و بە شەڕکردنەوە خەریک بوو، تا دوایی شەڕ خۆیان ڕاگرت، بەڵام پەلامارێکی نوێی حکوومەت ئەوانی لە شوێنە سەرەکییەکانیان دەرپەڕاند.

جگە لە بارزانییەکان، کوردی دیکەی عێراقیش لە گەڵ وان لە سنوور پەڕینەوە و لە جمهووری دا دەوری پچووکیان هەبوو.ئەوانە بریتی بوون لە هێندێک

دەستەی پچووکتری عەشیرەتان و لە وان زۆر گرینگتر، چەندین ئەفسەری کوردی ئەرتەشی عێراق ، کە پێشتر وەک ناوبژیوان دەنێو بارزانییەکان و حکوومەت دا هەڵسووڕابوون و هێندێکیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ناسیونالیستی دا چالاکییان هەببوو. ئەو ئەزموونە سیاسی و نیزامییە دەستەڵاتێکی بەرچاوی بۆ مسۆگەر کردبوون لە مەهابادێ

لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٦، دوای ئەوەی یەکێتی شووڕەوی بەڵێنی ئیمتیازی زۆر گرینگی نەوتی وەرگرت، سەربازانی ڕووسی دەستیان کرد بە چۆلکردنی ئێران. ڕاوێژکارانی سۆڤیەتی داوایان لە حکوومەتی ئازەربایجان و جمهووری کوردستان کرد بە جۆرێک چارەسەرییەک بۆ داوخوازەکانیان ببینەوە و لەگەڵ حکوومەتی تاران پێک بێن.لە هەمان کات دا هێزی نیزامی خۆشیان بە چاو حکوومەت دا بدەنەوە.قازیی محەمەد تێکۆشا دەرەجەیەک لە خودموختاری بۆ هەموو هەرێمی کوردستان وەدەست بهێنێ. ئەوحەولانە بە مانگان درێژ بوونەوە، بەڵام هیچیان لێ شین نەبوو. لە هەمان کات دا، جمهووری لە بەر کێشەیەکی سنووری لە گەڵ ئازەربایجان و زێدە بوونی دژایەتی نێوخۆیی لاواز ببوو.

ناسیۆنالیستە شارستانییەکان کە لە ڕێبەرایەتی سیاسی جمهووری دا دەستیان زۆر دەڕۆیشت، سەرۆک عەشیرەتەکانیان خۆش نەدەویست و بە قووڵی لێیان دڕدۆنگ بوون، بەڵام بەرگری لە جمهووری بەسترابووەوە بە هێزە عەشیرەتییەکان، بەرەو کۆتاییەکانی وەرزی هاوین، چەندین کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکان یان بە تەواوی ڕۆیشتن و ریزەکانی جمهووریان بە جێ هێشت یان سەربەخۆ دەستیان کرد بە وتووێژی تایبەتی لەگەڵ حکوومەت بۆ ئەوەی لە گەڵی پێک بێنەوە.کاتێک دواجار لە مانگی دیسامبر [١٩٤٦] ئەرتەشی ئێران بەرەو مەهاباد هات، بە بێ ئەوەی لە بەرانبەری دا دەست بکرێتەوە، ئەو شارەی گرتەوە. قازیی محەمەد و دوو لە خزمەکانی، کە خۆیان ڕادەست کردبوو، لە دادگەی نیزامی دا بە ئێعدام حوکم دران و لە سێدارە دران. مەلا مستەفای بارزانی و هێزەکانی گەڕانەوە عێراق،لەوێوە بە شەڕ بە نێو تورکییە و باکووری ئێران دا

خۆیان گەیاندە یەکێتی شووڕەوی و وەک پەنابەر زیاتر لە دە ساڵ لەوێ ژیان. کولتووری کوردی کە بۆ ماوەیەک لە مەهاباد ژیابووەوە، جارێکی دیکە لە ئێران کپ و سەرکوت کرا

سەرچاوە:

*Susan Meiselas & Martin van Bruinessen, Kurdistan In the Shadow of History,The University of Chicago Press, Second Edition, 2008.P, 176*

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندێ نووچە و شرۆڤەی رۆژ / ڕێکەوتی : ١٩ی مای ٢٠١٢

## یادێک لە دووی ڕێبەندان .



تاهیر حیکمەت (د. ئازاد).

لە سەر داوای دۆستێکی کۆن و زۆر خۆشەویستم کە لە بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکە، ئەم وتارەم بە بۆنەی ساڵیادی دووی ڕێبەندانەوە ئامادە کرد و پێشکەشتانی دەکەم.

هەر نەتەوەیەک ڕێز لە مێژوو و ڕابردووی خۆی دەگرێ، هەر هەوڵێکی، کەم یا زۆر بووبێ، سەرکەوتوو یا تێکشکاو، بەڕێزەوە هەڵدەسەنگێنێ و وەکو بەشێک لە پرۆسەی سەروەری خۆی دێنێتەوە یاد. بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی کە تا لووتکە گەیشتوون و نەخشی چارەنووس سازیان هەبووە.

ئێمەی کوردیش دەشێ ئەو یادانە لە بیر نەکەین و لە جێی خۆیدا بە ڕێزەوە یادیان بکەینەوە، بەتایبەت لووتکەکان. دووی ڕێبەندان هەم جێی یادە و هەم

لووتکە. جیاوازی ئێمە لە گەڵ گەلانی تر لەوە دایە کە ئەوان سەروەری خۆیان دابین کردووە و تەنیا یادی بۆنەکانیان دەکەنەوە و ئێمە بە سەروەری نەگەیشتووین و بێجگە لە باشوور کە بەشێکی لەرزۆکی سەروەری تێدا بە دی هاتووە، کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەییمان نییە و هەتا ئێستاش ئەو پرۆسەیە ئەزموون دەکەین.، هەر بۆیەش ئێمە بێجگە لە ڕێزدانان بۆ بۆنەکان، دەشێ ڕەخنە و گازندە لە کردەوە و بۆچوونەکانیش بێنینە گۆڕێ و پرسیارە وڵام نەدراوەکانیش دیسان لە مێژوو بپرسینەوە. پرسیار بۆ ئەو ئەرکانەی کە دەبوو بکرانایە و نەکراون. دووی ڕێبەندان لووتکەیەکە کە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ، جێی ڕەخنەیە کە نەیتوانی کاروان بگەیەنێتە ئامانج و زۆر "بۆ" و پرسیاریشی لە دووی خۆی بە جێهێشت.

کۆماری کوردستان جێی ڕێزە:

چون یەکەم دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەیەکی زۆر بەرتەسکی نیشتمانی کورددا دامەزراند. ئازادی و ئاسایشی بە پێی گونجاوی ئەو سەردەمە دابین کرد. خوێندنگە و گۆڤار و ڕۆژنامەی بە زمانی کوردی دامەزراند، هەوڵی پەرەپێدانی مافی مرۆڤ بەتایبەت ژنانی دا و بازرگانی میللی گەشەی پێدرا. ئیرادەیەکی میللی سەری هەڵدا کە تا ئەو سەردەمە هەبوونی نەبوو. نەتەوەی کورد لە کایەی سیاسی ناوچەدا کەوتە گەڕ کە تا ئەو کات حیسابی بۆ نەدەکرا.

کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و حقووقی کورددا هەڵداوە کە لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە بوو. کورد بۆ یەکەم جار لە سەردەمی نوێدا ئەزموونی بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆی لە بەشێکی وڵاتەکەیدا تاقی کردەوە.

نەیارانی کورد باس لەوە دەکەن کە گوایە کۆماری کوردستان دەستکردی سۆڤیەت بوو کە دەیویست ئەو بەشە لە ئێرانی خۆشەویست جیا کاتەوە، لە کاتێکدا ئەوە لە بیر دەکەن کە ئێران دەیان ساڵ بوو بە دەست ئینگلیز و ڕووسەوە بە ڕێوە دەچوو، پاشایان لادەبرد و یەکێتریان دێنایە جێی، پاڕلمانیان بە تۆپ دەبەست و هەموو کاروباری ئێران بە دەست ئەوانەوە بوو. ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ و سۆڤیەت کوردستانی جیا کردبێتەوە، ئەوا لە ئینگلیزی جیا کردۆتەوە. بەستراوەیی چ بە ئینگلیزەوە و چ بە سۆڤیەتەوە هەر بەستراوەییە و هیچ جیاوازی نییە. ئەوان بە بەستراوەیی خۆیان شانازی دەکەن و بۆ خەڵکانی تر بە عەیبی دادەنێن. لە کاتێکدا نە کوردستان سەر بە سۆڤیەت بوو و نە سۆڤیەت دڵی بە کورد و کوردستانەوە خۆش کردبوو کە بیکاتە هێزێکی سەر بە جەمسەری کومونیستی (داهاتووش ئەو ڕاستییەی سەلماند) و نە کوردستانیش لە باری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئامادەیی بوو تا بچێتە ئەو بلۆکەوە.

ڕاستی ئەوەیە کە پاش هاتنی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ ئەو ناوچانەی کە لە نەخشەی جوغرافیای ئێراندا بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ناسراون، هەڵسوکەوتی سۆڤیەت بە میر جەعفەر باقرۆڤ، سەرکۆماری ئەودەمی ئازەربایجانی سۆڤیەت سپێردرا. میر جەعفەر لە بیری دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان لە ئێراندا بوو کە پاشان بیخاتەوە سەر کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت.

لەو خاکەدا کە بە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا داندرابوو، کورد دەژیا و دەیتوانی ئەو پلانەی میرجەعفەر بخاتە مەترسییەوە. ناوبراو پێوە بوو بە دانی خودموختاری بە کوردان ئەوان بێدەنگ بکا و بە مانەوە لە دەوڵەتی ئازەربایجاندا ڕازی بن.

پلانی میر جەعفەر بۆ کوردان لە دوو بواردا بوو: یەکەم خۆیان بە دانیشتووی خاکی ئازەریەکان بزانن و ناوچەی خودموختار لەو ناوچەی کە بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناسرابوو، نەترازێ، دووهەم، مافی کوردان لە خودموختاری پتر نەڕوا و دەسەڵاتیشی لە ژێر چاوەدێری مەجلیسی میللی ئازەربایجاندا بمێنێتەوە.

کۆماری کوردستان جێی ڕەخنەیە:

چون نەیتوانی و نەیویست کە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستان پتر بڕوا، ئەگەرچی بەڵێنی بە ڕووسەکان یا ئازەربایجانیەکانیش دابێ و دیارە نکۆڵی لە وەش ناکرێ کە جێگیر بوونی ئەرتەشی سۆڤیەت لەو ناوچانەدا هەلی بۆ کورد ڕەخساند. ئەگەر چی بەشەکانی تری کوردستان کە لە ژێر ناوی ئوستانی کوردستان و کرماشان دابەش ببوون لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا ئیدارە دەکرا، بەڵام هەر هیچ نەبێ لکاندنی دوو شاری سەقز و بانە بە کۆمارەوە گونجاو بوو و خەڵکیش ئامادەییان هەبوو. کۆمار پێشی بەو پێکەوە لکانە گرت و تەنانەت لقی سەربەخۆی حیزبی دیمۆکڕاتی لەو دوو شارەدا هەرگیز بە فەڕمی نەناسی.






زۆر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ناوی کۆمار کراوە، کۆماری مهاباد یا کۆماری کوردستان؟

دیارە بۆ ئێمەی کورد لە هەر نوختەیەکی وڵاتەکەمان تەنانەت گوندێکیش بێ، هەردەسەڵاتێکی نەتەوەیی، ماڵی هەمووانە و هەر کوردێک بۆی هەیە هەستی خۆشەویستی و پاراستنی ببێ و بە هی خۆی بزانێ. بەڵام هەر دەزگا و دامەزراوێک، چوارچێوەیەکی حقووقی هەیە. هەر دەوڵەت یا حکوومەتێک بەو چوارچێوەوە دەناسرێ کە دەسەڵاتداری بەسەرەوە دەکا، قانوونی بۆ پەسەند دەکا و دانیشتووانیش دەبێ پەیرەوییان لێ بکەن. بەو پێیە ئەگەر چی کۆمار لە دڵی هەر کوردێکدا کۆماری کوردستانە، بەڵام لە باری حقووقییەوە، کۆماری کوردەکانی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستانە کە لە دابەشینی جوغرافیای ئێراندا کەوتبووە و تا ئێستاش کەوتۆتە ناو ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان درێژەدەری کۆمەڵەی ژ.ک بوو کە پاش سەفەری نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ، دامەزرا. نە ئەو گۆڕینە تەنیا بۆ بەرژەوەندی کورد بوو و نە هێنانە گۆڕێی دروشمە نوێکەی واتە خودموختاری. ئەو دروشمەش بە پێی هەلومەرج گۆڕدراوە. کاتێک دەوڵەتی ناوەندی زۆر لاواز بووە و چەند جار لە شەڕدا تێکشکێندراوە، باس لە سەربەخۆیی کە لە ڕاستیشدا ئامانجی لەمێژینەی کوردان بوو، هاتۆتە ئاراوە، ئەو کات کە دەوڵەتی ناوەندی بەهێزتر بووە یا پاش وەدەرچوونی ئەرتەشی سۆڤیەت، پتر باس لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا کراوە و تەنانەت لە کۆتاییەکادا داخوازی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی سەردەمی مەشروتییەت، کراوەتە ئامانجی کۆمار.

هەر بۆیە، تا ئێستاش لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردستان زۆر فاکت و بۆچوون دێننەوە کە ئامانجی کۆمار تەنیا سەربەخۆیی بووە، لایەنگرانی خودموختاری یا فیدراڵیسم دەیان فاکت دێننەوە کە کۆمار داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە. هەر دوو لایەنیش ڕاست دەکەن. کۆماری کوردستان بە پێی هەلومەرج و لاسەنگی هێز، داواکاری و سیاسەتی فەرمی خۆی گۆڕیوە.

میراتی کۆمار بۆ درێژەدەرانی ڕێگاکەی، یەکێک دروشمی خودموختاری بوو، یەکیش سیستمی حیزبایەتی کە لە سۆڤیەتەوە وەرگیرابوو، ئەویتریش وتاری جیاوازی کورد لە گەڵ نەتەوەی خۆ و نەتەوەی سەردەست. درێژەدەرانی ڕێگای کۆمار، دروشم و سیستمەکەیان هەر بەو شێوە درێژە پێدا و خۆیان و خەڵکیشیان زۆر تووشی زیان کرد. وتاریان بە بێ پێوەندی لە گەڵ هەلومەرج لە گەڵ خۆ و بە زمانی فارسی جیاوازە و پێموایە متمانەی هەر دوو لایان لە دەست دابێ یا بیدەن.

پرسیارەکان:

کۆماری کوردستان بۆ نەیتوانی لە ناوچەی ناسراو بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پتر بترازێ؟ کۆمار پێشەوایەکی بوو، سەرەکوەزیران و چەند وەزیر. بۆ تا ئێستاش هەر باس لە بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی پێشەوا دەکرێ و نازانین سەرەکوەزیر حاجی بابەشێخ و وەزیرانی تر چۆنیان بیرکردۆتەوە و چییان کردووە؟ ئایا کۆمار لەسەر دەسەڵاتی تاکەکەس دامەزرابوو؟

کاتی وەدەرچوونی ئەرتەشی سۆڤیەت، قازی لە گوندی سەرا ڕایگەیاند کە ئێمە بۆ خۆمان بەرگری لە دەسکەوتەکانمان دەکەین و چوونە دەرەوەی سوپای سوور کاریگەری لە سەر کۆمار نییە. ئەی بۆ بەرگری نەکرا و کۆمار بە دەستەوە درا؟

بارزانیەکان کە خزمەتیان بە کۆمار دەکرد، بۆ لە مهاباد دەرکران و ڕێیان پێنەدرا داکۆکی لە کۆمار بکەن؟ ئەو ئەفسانە لە کوێوە هاتووە کە قازی ئاڵای کوردستانی داوەتە دەست مەلا مستەفا تا شەکاوە ڕایگرێ، لە کاتێکدا کە تا ئێستاش نە بیستراوە و نەبیندراوە کە هەرگیز مەلا مستەفا لە وتار یا لێدوانێکیدا بە ڕێزەوە باسی کۆمار و بەتایبەت کەسایەتی قازی کردبێ. بۆ قازی دڵی بارزانیەکان و مەلا مستەفای شکاند و ڕێی بەرگری کۆماری پێنەدان؟

قازی محەمەد، پاش حوکمی لە سێدارەدرانی لە وەسیەتەکەیدا دەڵێ: کە فریوی دوژمن مەخۆن، بۆ چی؟ ئایا بۆ خۆی فریوی خواردبوو؟ ئەو وتەیە ڕێک بەو مانایەیە کە ئەزموونی خۆیەتی، یانی من فریوم خوارد، ئێوە مەیخۆن. ئەو فریوە چی بوو؟ ئایا بەڵێنی دەوڵەتی ناوەندی،بۆ ئەوەی ئەگەر تەسلیم بن، بڕێک ماف بە کورد دەدرێ و هەموو ناوچە کوردنشینەکان دەکرێنە ئوستانێک و قازیش دەبێتە ئوستاندار، ڕاستە؟

ئایا بیانووی بە کوشت نەچوونی خەڵک بۆ تەسلیم بوون مەنتیقی بوو؟ دەیان و سەدان جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە جیهاندا کە خەباتیان کردووە و بە

ئامانج گەیشتوون، قوربانییان داوە. جووڵانەوەی کورد پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ ی گەلانی ئێرانیش ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بۆوە، بەرگری یا تەسلیم؟ دیارە مەترسی بۆ خەڵکی بەدواوە بوو.

ئەمجارە خۆڕاگری و داکۆکی هەڵبژێردرا. ئەگەر چی هەر دووک بە ئاکام نەگەیشتن بەڵام یەکیان خۆی بە دەستەوەدا و ئەویتریان شکستی خوارد، هەر دوو ڕێبەر فریویان خوارد، یەکیان موحاکمە کرا و لە سێدارە درا و ئەویتریان گیانی لە سەر دانا، بەڵام نە بە دەستی بەستراوە و لە ژێر پەتی سێدارەدا.

کۆماری کوردستان بە هەموو تاریک و ڕوونیەکانیەوە، بە هەموو خاڵە زەق و لاوازەکانیەوە مێژوومانە و هەڵدەگرێ پتر ڕێزی لێبگیرێ، چون لووتکەیەکی بەرزی خەباتی نەتەوایەتیمانە. هەڵدەگرێ پتر لە ڕەخنەکانی ورد بینەوە و لە وڵامی پرسیارەکان بۆ داهاتووی خەباتی نەتەوایەتیمان کەڵک وەرگرین..... تا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٣ی ژانویەی ٢٠١٢

## کۆماری (مهاباد)... وانەیەک بۆ سەرکردەکانی ئەمڕۆ



ئەبەرد محەمەد

یەکێک لە جوانترین و پڕ شانازی ترین پەڕەکانی مێژوی کورد، هەمیشە مایەی شانازی نەوە لەدوای نەوەی کوردە. مێژویەک لەگەڵ باسکردنی، هەم شادمانمان دەکات و هەم دڵتەنگ. مێژویەک پڕلە واتاو ئامۆژگاری بەسود بۆ سیاسیەکان و ئایندەی ئەم وڵاتە. مێژوی دامەزراندنی کۆماری کوردستان (مهاباد)ە. ئەگەرچی تەمەنی حکومڕانی ئەم کۆمارە ماوەی یانزەمانگ بەردەوام بو، بەڵام دەسکەوتێکی پڕ بایەخ و پەندێکی مێژویی، وانەیەک لە ئەخلاقی سیاسی بۆ بەجێهێشتین.

ئەم کۆمارە لە ڕۆژی ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ لەسەر دەستی کەسایەتی ناوچەی مهاباد، کوردێکی خاوەن فیکرو بەتوانای کایەی سیاسی ئەو سەردەمە. سەرکردەی شەهید (قازی محەمەد) لەگەڵ هاوەڵ و هاو خەبات و کەسەنزیکەکانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بنیاتنرا.

دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆمارێکی کوردی لە مەیدانی (چوارچرا) لە ناوەڕاستی شاری مهاباد. شوێنێک هەم یادگاری، هەم خەمی بۆ ئەم شارە و هەمو کوردێک جێهێشتوە. لە سەروبەندی کۆتایەکانی جەنگی دوەمی جیهانی، گۆڕانی هاوکێشەی هێزە شەڕکەرەکان. لە سەردەمێکا هێشتا دوکەڵی ئاگری شەڕی جیهانی بەئاسمانی بەشدارەکانی شەڕەوە مابو، دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و لەدایک بونی ئەم کۆمارە یانزە مانگیە.

ئەوەی باسکراوە لە سەرچاوە مێژوییەکاندا. پرشنگدارترین لایەنەکانی سەردەمی یەکەم حوکمڕانی کوردی لەو بەشەی کوردستان. هێمنی و ئاسایشی ژیانی خەڵکی بوە. پەرەدان بە بوارەکانی خوێندن و لایەنی پەروەردە و فێرکردن، بروە دان بە کشتوکاڵ و ئابوری وڵات، پتەو کردن و دامەزراندنی هێزێکی سەربازی میللی. ئەو دیمەنە جوانانەن کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. دەگێڕنەوە لە ماوەی ئەو یانزەمانگەدا، لەژێر سایەی حوکمێکی کوردی حەکیمدا، کریس کۆچێرا لە کتێبی (کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لە سەردەمی کۆماریدا تەنها یەک کەس لە دانیشتوانی شاری مهاباد کوژراوە. ئەویش بەهەڵەی هێزەکانی پۆلیسی شار بوە.

بێگومان ئەوەی هەوێنی ئەو شێوەی بەڕێوەبردن و ئەخلاقە سیاسیە بوە، بە پلەی یەکەم کەسایەتی قازی محەمەد بوە.

بەکورتی ئەوەی مەبەستی سەرەکیە لەوەی دەمانەوێت بیڵێین. خستنەڕو باسکردنی لایەنە مێژویی و سیاسیەکانی ئەم باسە نیە، چونکە ئەمیش وەک هەر بەشێک لەمێژوی کورد، ئەگەر بەپێوەری مێژو بپێورێت، گومانی تێدا نیە لە هەندێ بواردا جێگایەک بۆ ڕەخنە دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگی باسەکەیە پیشاندانی لایەنە ئەخلاقی و ئینسانیەکانی پشتی ئەم کۆمارەیە، ئەوەی وەک کۆڵەکە و پایەی ڕاوەستانی دەوڵەتێک، هێزێکی ئەخلاقی دروستەکات. ئەو






بیری ئاشتی و خزمەتەی کە قازی بەکردەوە هەنگاوی بۆ دەنێت و لە کاتی ڕاگەیاندنیدا سوێندی لەسەر ئەخوات و ئەڵێت: "ئەمن بەکەلامی خودا، بەکەلامی عەزیمی خودا، بەنیشتمان، بەشەرافەتی میللەتی کورد، بەئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم. کەتا ئاخیر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخیر تنۆکی خوێنم، بەگیان و بەماڵ لەڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێدەکۆشم...".

دوای مێژویەک لەسەروەری و ڕاستگۆیی، قازی بەدەم سوێندەکەیەوە ڕۆشت. تا پێی کراو لەتوانایدا بو هەڵی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستانیدا. کاتێک کە درکی بە لاسەنگی هێز و بارودۆخی دوژمن کرد. وەک ئەوەی لەسوێندی ڕاگەیاندی کۆمادا ڕایگەیانبو. دوا هەناسەو خوێن و ژیانی خۆی کردە قوربانی، بۆ ئەوەی لەشەڕێکی نابەرابەردا خوێنی گەلەکەی نەڕژێت. بڕیاریدا خۆی ڕا دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران بکات. لەمانگی 12 هەمان ساڵدا قازی و هاوڕێکانی لە زیندان توند دەکرێن. تا دواترو لەمانگی ئازاری ١٩٤٧ لەهەمان مەیدانی (چوارچرا) لەسێدارە دەدرێن.

ئێستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە شەست و پێنج ساڵ لەو مێژوە. لەبری لەبەرچاوگرتنی پەندەکانی مێژو، پیاچونەوە بەڕابردومان. هێشتا سەرکردەو سیاسیەکانی ئێمە نەیانتوانیوە تەنانەت هاونیشتمانی و هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە، لەوە دڵنیا بکەنەوە کە لەبەر خواستی شەخصی و پاراستنی بەرژەوەندی بنەماڵە و نەوە و کوڕو حیزب و ستافەکەی خۆیان. خوێنی خەڵکی ناکەنە قوربانی.

ئەوەی بەڕونی مێژوی سەرکردەکانی ئێستا و شەهید قازی لەیەک جودا دەکاتەوە. ئەوەیە کە قازی ڕێگای نەدا خوێنی گەلەکەی بڕژێت. ئەو سەردەمە یەکێک لەدەرکەوتەکانی دوای جەنگ، ئەو بیرۆکە نەتەوایەتیانە بو کە زۆرێک لە وڵاتانی دەورو بەری گرتبووەوە. خەباتی شۆڕشی چەکداری، بەوەی کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بو. یەکێک لەو هەواڵانە بو زۆر زو بەگیویی خەڵکیدا بڵاو بونەوە. کە هەندێکیان کۆتایەکەی بە دامەزراندی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی هات. هەر نەبێ قازی دەیتوانی حەماسەت و هەستی گەلەکەی بەئاڕاستەیەک بجوڵێنێ کە شۆڕشی چەکداری بەدوای خۆیدا دروست بکات، بەڵام ئەو دەرفەتەکەی بەدیۆیکی کەدا وەرگرت. ڕاگەیاندنی کۆمار و نمونەی حوکمڕانیەکی پەسەندی کردە دیاری گەلەکەی. قازی هەر نەبێ دەیتوانی بۆ قایمکردن و پێگەی دەسەڵاتەکەی، کەمێک خەڵکی وەک قەڵغان بەکاربێنێ. بەناوی بیرۆکەی کوردایەتی جێپێی خۆی قاییم بکا. مەبەستی قازی زۆر بەڕونی دیاربو. هەڵبژاردنی پەتی سێدارە، بەخشینی خوێنی خۆی بەقوربانی، دوا هەڵوێستی دەبێت بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆی. ئەگەر چی چەندین ڕێگای دەربازبونی هەبو. ڕەنگە هەڵوێستێکی لەو جۆرە نمونەیەکی دەگمەن و شایستەبێت لە مێژودا. کەم سەرکردەی دنیا هەیە، لە پێناو نەڕشتنی خوێنی نەتەوەکەی، ڕازیبێت بە پەتی سێدارە. ئەوەی قازی و هاوڕێکانی بۆ ئێمەیان بەجێهێشت، وانەیەکی بەنرخە. بەڵام لەگوێمان نەگرت.

بەداخەوە دەیان ساڵە هێزو پارتە سیاسیەکانی ئەم پارچەی کوردستان کە ئێمەی لەسەر دەژین. بەگژ یەکدا دێن، شەڕو دوژمانەیەتی یەکتر بەشێکە لە مێژو ژیانیان. بە هەزاران لە چەکدار و بێچەک، لایەنگر و بێلایەن، شەڕکەر و شەڕنەکەری ئەم وڵاتە، بونەتە قوربانی ململانێی نامەشروع و دەسەلاتخوازەکانیان. وڵاتێک هێندەی لەسەر دەستی ئەم سەرکردەو باڵا دەستانە، پایە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی، بەها مرۆیی و ئینسانیەکانی، مەودا فراوانەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ....تاد تیایدا وێران بوە. نیوە هێدە ئاوەدان نەبوە.

ئەوەی بەعس و دەسەڵاتەکانی تری عیراق لەماوەی دروستبونی حکومەتی عێراقەوە تا سەرەتاکانی ڕاپەڕین، بەم میلەتەیان کرد. لە تاوانی سیاسیەوە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ، تا ئەنفال و کیمیاباران. دوای تێپەڕبونی ئەو هەمو ساڵە لەنەهامەتی خەڵک، ئەو هەمو بێڕێزیەی بە کەرامتی مرۆڤی ئەم وڵاتە کراوە، بەڵام سەرکردەکانی ئێمە لانی کەم نەیانتوانیوە بەشی هەرە کەمی ئەو برینانە سارێژ بکەن.

هەر هیچ نەبێ نەیانتوانیوە ئەو باوەڕەمان لادروستکەن، دیسانەوە لەسەر پارەو دەسەڵات، لەسەر تەندەری مقاول و کۆمپانیا بازرگای حیزبەکانیان. خۆمان و خاکەکەمان ناکەنە قوربانی. تەنانەت نەیانتوانیوە دڵنیامان بکەنەوە، لەکاتی دروسبونی لاسەنگی هێز و دەرکەتنی مەترسی لەسەر بەرژەوەندیە شەخسیەکانیان مساوەمەی گەورە بۆ دوژمن ناکەن. ئەوانەی ئێستا سەرکردە و بەرزترین پایە سیاسی و ئیداریەکانی ئەم وڵاتەیان گرتوە، دەبێ دڵنیامان کەن لەوەی خەباتی دەیان ساڵەیان، لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و گەیاندنی خۆیان و بنەماڵەکانیان نەبوە بەم جێگای ئێستا.

جێگای داخە... تائێستا لە قازی و هاوڕێکانیانەوە فێر نەبون، ڕێز لە هەست و کەسایەتی هاوڵاتیانیان بگرن. دەسەڵاتێک لەکاتی تورەیی خەڵکدا تەنانەت نەیویست دەست لە مەقەڕێکی حیزبەکەی هەڵگرێت، دەست لە شوشە و دیواری بینایەک هەڵگرێت. دەبێ چۆن بتوانین باوەڕ پێبکەین؟ وەک قازی،

دەست لە ژیانی خۆیان هەڵگرن و ببنە قوربانی گەلەکەیان؟...

ئەم شەڕی کورسی و دەسەڵاتە، ئەم خۆشەویستیە فەرهادیە لەگەڵ کورسی و دەسەڵاتدا، ئەم بێرێزی و بێمنەتیەی ئەوان بەرامبەر بە خەڵکی خۆیان، بێگومان نەوەکانی داهاتومان توشی ئیحراجیەکی گەورە ئەکات. لەداهاتودا رەنگە زۆر کەمبن ئەوانەی بتوانن لەڕویان بێت باس لە مێژویەک بکەن بەم شێوەی ئێستا.

بەردەوام بون بەم حاڵەوە دەمانگەیەنێتە ئایندەیەکی مەترسیدار، دوای مێژویەک لە خوێن و قوربانی، ئاگر و سەرکوتکردن، لەدەربەدەری و ماڵ وێران بون.

بەردەوام بون لەسەر ئەم شێوازەی ئێستا دەمانگەیەنێتە کەناری بێ هیوا بون. بێ هیوا بونێک کە بەپلەی یەک نەوەکانی ئایندەو پاشان کورسەکانی ئێوەو جیلی ئێستا لێی زەرەر مەند دەبن.

لەپێناو ئایندەو خاک و ئاڵاو وڵاتدا، ئەو وڵاتەی هێندەی ئێوە لێی سودمەندن و چێژتان لە خێرو بێری بینیوە، یەک لەسەر سەدی خەڵکەکەی لێی نەدیوە، بەڵکو دەیانجار هێندەی ئەو لەزەتبینینەی ئێوە لەو خێر و بێرە خەڵک بوەتە قوربانی. لەپێناو ئەو خێرو بێرەدا، هەر هیچ نەبێ جارێ بەمێژودا بچنەوە. سەیرێکی رابردو بکەن و ئاوڕێک لە شوێن پێکانی قازی بدەنەوە. خۆتان نا... بەڵکو کورسی و دەسەڵاتەکانتان... تەنها یەک جار بکەنە قوربانی ئەم گەلە، لەپێناو بەدەس هێنانی متمانەو مێژودا. تا لەداهاتو وەک قازی باستان بکەین...

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی / ڕێکەوتی : ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٢

## تێبینییەک لە سەر سەربەخۆ بوون یان نەبوونی کۆماری کوردستان



(لە پەراوێزی وتاری بەڕێزان ئەیوب ئەیوبزادە و حەسەن ئەیوبزادە)

جەمیل کولاهی

هەر نەتەوەیەک بۆ ناسینی رابردوو و هەروەها ریشە و رەچەڵەکی خۆی پێویستی بە مێژوویە. مێژوو هەر وەک گوتوویانە، رێ پیشاندەری داهاتوویە. ئەمە بەو مانایەیە کە هەموو بەسەرهات و نۆختە گۆڕانەکان و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی رابردووی نەتەوەیەک لە مێژوودا تۆمار دەکرێن. هەر بۆیە بۆ ئەوەی کە نەوەکانی داهاتوو بتوانن کەڵکی باشی لێ وەرگرن، دەبێ بە ئەمانەتداری تەواوەوە بنووسرێتەوە، واتە بەو جۆرە کە هەیە و رووی داوە بۆ نەوەکانی داهاتوو باس بکرێ، نەک ئەوەی کە ئەگەر برگەیەکی بە دڵی نووسەر نەبوو چاو پۆشی لێ بکرێ یان بەلاڕێدا بڕوات و برگەکانی دیکە کە لە گەڵ ئاوات و ئارەزووەکانی نووسەر دێنەوە، بە زەقی باس بکرێن و تەنانەت تێکەڵ بە خۆلیا و ئاواتەکانی نووسەر بکرێن.

تا ئێستا چەند وتاری مێژوویيم لە نووسینی هێندێ نووسەری کوردی رۆژهەڵات خوێندۆتەوە کە لە سەر کۆماری کوردستان و حیزبی دامەزرێنەری کۆمار واتە حیزبی دیمۆکرات بووە. لەو وتارانەدا رێبەرانی دوای کۆماری کوردستان، بە تایبەتی شەهیدی نەمر دۆکتور قاسملو، بەوە تاوانبار دەکرێن کە لە دروشمی کۆمار کە سەربەخۆیی بووە، لایان داوە و ئامانجی بزوتنەوەی کوردی رۆژهەڵاتییان لە سەربەخۆیی هێناوەتە ئاستی خودموختاری.

بۆ چوونە سەر ئەم باسە لەوێوە دەست پێدەکەم کە ئایا کۆماری کوردستان حکومەتێکی سەربەخۆ بووە یان نا، بۆ پەرژانە سەر ئەو باسەش، دوو لەو وتارانە کە لەوبارەوە نووسراون هەڵدەبژێرم و باسیان لە سەر دەکەم. ئەو دوو وتارە کە ئاماژەیان بە کۆماری کوردستان و حیزبی دیمۆکرات و دروشمی ئەو حیزبە و کۆمار کردووە بریتین لە یەکەم، وتاری مامۆستا ئەیوب ئەیوبزادە لە ژێر سەردێڕی "مێژووی ستراتیژییەکی شکست خواردوو" کە لە پەراوێزی رێککەوتننامەی حدکا و کۆمەڵەدا نووسراوە و دووهەمین وتار لە ژێر سەر دێڕی "تەزویری بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان"ە کە مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە نووسیویە.






لەم وتارانەدا کۆنگرەی سێهەم بووەتە خاڵی لادان لە ڕێبازی کۆماری کوردستان و تەنانەت مامۆستا حەسەن ئیددیعا دەکا کە خودموختاری پێشنیاری ئیرەج ئێسکەندەری سکرتێری حیزبی توودەی ئێران بە دوکتور قاسملو بووە و مامۆستا ئەیوبیش بە بێ هێنانی ناوی دوکتور قاسملو پێداگری لە سەر ئەو وتەیە دەکاتەوە. هەر دوی ئەو بەڕێزانە رایان وایە کە لە کۆنگرەی سێهەمەوە ئێرانچییەتی بۆتە ناسنامەی حیزبی دیمۆکرات و لە ئامانجی سەرەتایی خۆی دوور کەوتۆتەوە. لێرەدا چەند بەشی کورت لە وتارەکەی کاک حەسەن ئەیوبزادە دێنمەوە؛

"ئەو حیزب و سازمانانەی کە دوای روخانی کۆماری کوردستان پێک هاتوون و ئێرانیگەریی و خودموختاریخوازییان لە بەرنامەکانیاندا گونجاندووە، خوازیاری ئامانجەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد نەبوون. بەرنامەی ئەو حیزبانەی کە دوای روخانی کۆماری کوردستان نووسراون، نووسخەی دووهەمی بەرنامەی فرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بوون.

رژیمی پاشایەتیی بە پێچەوانەی رێبەرانی فرقە و حیزبی توودە واقعبیتر، بەڵام بە زمانێکی تژی لە قین لە ڕووداوەکان دواوە و نەیشاردووەتەوە کە رێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆماری کوردستانی سەربەخۆیان راگەیاندووە و بەو تاوانە رێبەرانی ئەو کۆمارەیان ئێعدام کردووە. بڕوانە! "اعلامیه نیروی ستاد کوردستان" بە ئیمزای سەرلشکر همایونی"سەرچاوە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٤ رەشەمەی ساڵی ١٣٥٩ - خاکەلێوەی ١٣٦٠ لە ئاخری لاپەڕەی ئەم نووسراوەیەدا وێنەکەی داندراوە.

دروشمی خودموختاریخوازیی حدک لە ١٩٧١- ١٩٧٣ وە بە پێشنیاری ایرج اسکندری، سکرتێری حیزبی تودەی ئێران بە د.قاسملو و پێشنیاریکردنی بە بەشدارانی کۆنفرانسی سێهەمی حدک لە ١٩٧١ و کۆنگرەی سێهەمی حدک لە ١٩٧٣ پەسند کرا."

بەڕێز ئەیوب ئەیوبزادەش لە دوو تۆی وتارەکەیدا بە هەمان شێوە ئاماژە بەوە دەکا کە رێبەرانی حیزبی دیمۆکرات لە ژێر کارتێکەری حیزبی توودەدا لە دروشمی سەربەخۆیی کە دروشمی کۆمار بووە بۆ خۆدمۆختاری دابەزیون و لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبەوە بەرەو ئەملا ئێرانچییەتی باڵی بەسەر حیزبدا کێشاوە و حدکا ئەوانەی وەک واقعبینی سیاسی بە سەر کۆمەڵگادا سەپاندووە. بۆ نموونە چاو لەو چوار پاراگرافەی خوارەوە بکە؛

"یان رەنگە راستتر بێ بڵێین: ئەو رێبازەی بە سەر بزووتنەوەی کورد دا سەپێنرا، کۆتایی بەو خەباتە مێژووییە دوور ودرێژە هێنا کە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کرا بوو. تا ئەو کاتەی بزووتنەوەکانی کورد لە لایەن سەرکردە" کلاسیک "ەکانی کوردەوە رێبەرایەتی دەکران، هەموو راپەڕینەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردستان و خۆ جیاکردنەوە لە دەوڵەتی داگیرکەری تاران بوو. شێخ عوبەیدوڵلای نەهری،سمکۆی شکاک و پێشەوا قازی محەمەد لە ریزی ئەو سەرکردە کلاسیکانە، دێنە ئەژمار.

ئەم کەشو هەوایە وەک بیر و روانینێکی سیاسی تا کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژەی هەبووە. بەڵام ئەم رێبازە فکری و سیاسییە ئەگەر تا ئێرە بەشێوەیەکی نەنووسراو و گەڵاڵە نەکراو باڵی بەسەر بیری زۆربەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کێشابوو، بە پێکهێنانی کۆنگرەی سێهەمی ئەو حیزبە دەرفەتی بە یاسایی کردن و تئۆریزە کردنیشی بۆ رەخسا.

هەموو ئەو کەرەسە و ماتریالانەی کە لەو کۆنگرەیە دا بۆ ساخکردنەوەی حیزبی دیموکرات بە کارهێنرا ، هاوردەیەک بوون کە لە دەزگای فکریی و سیاسیی حیزبی توودەی ئێران بەرهەم هاتبوون. لێرەوە ئیتر ئەرکی سەیرو سەمەرە خرایە ئەستۆی بزووتنەوەی کورد.

بەڵام ستراتیژیی بەئێرانی کردنی دۆزی کورد و حەولدان بۆ دیموکراتیزەکردنی دەزگا دەوڵەتییەکان لە ئێران هەر بەوەندە کۆتایی پێنەهات. پێ بە پێی سەپاندنی ئەم ستراتیژییە، دەسکەوتی هەرەگەورەی مێژووی هاوچەرخی کوردیش تووشی دەسکاری، دەستێوەردان، شێواندن و لێڵ کردن هات. بۆ ئەم مەبەستەش تا تواندرا نکۆڵیی لە سەربەخۆبوونی کۆماری کوردستان کرا و "ژێ کاف"بە ناسیۆنالیسمی بەرچاوتەنگ لەقەڵەم دەدرا و تەنانەت بە نارەوا بۆ هەرەسی کۆماریش دەستەواژەی خۆبەدەستەوەدان و ئاش بەتاڵ بۆ کەسایەتیی پێشەوا بە کارهێنرا."

هەر وەک بینیمان کاکڵەی باسی ئەم دوو وتارە کۆماری کوردستانە و گوایا حیزبی دیمۆکرات لە کۆنگرەی سێهەمەوە لەو رێبازە لای داوە و تەنانەت بە دەستێوەرادنی حیزبی توودەی ئێران دروشمی کۆمار گۆڕدراوە. بەڵام بە پێی هەموو بەڵگەکان هیچ کەس ناتوانێ ئەو ئیددیعایە بکات کە کۆماری کوردستان سەربەخۆ بووە. سەربەخۆیی پێناسەی خۆی هەیە، مرۆڤ بە دڵخوازی خۆی ناتوانێ ڕووداوە مێژووییەکان بگۆڕێ و حاشا لە بەڵگەکان بکات. دیارە هەر






کوردێکی نیشتمان پەروەر بە دڵەوە حەز دەکا کە خاونی وڵاتێکی سەربەخۆ بێ و چیدیکە داگیرکەر نەتوانێ مافەکانی پێشێل بکا. بەڵام ئەوە ناتوانێ ببێتە بنەما بۆ گۆڕینی راستییە مێژووییەکان.

مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە لە وتارەکەیدا بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی کۆمار، ئاماژە بە وتاری شەهید پێشەوا دەکا، کە دەڵێ "ملتی کورد هەزاران بەرهەڵستی سەخت و سەهەندەی لە ری دابدەستەو دایرەی دیکتاتوری بی وچان کارشکینی ایمەیان دەکرد و لە هیچ نامردیک رانەدەوەستان اختلافات عشایری وداخلیش ئشکالی کی گورە بو بوایمە اما ئەوانە هیچکامی نەیان توانی پێش بە ایمە بگرن بە دلیکی بەهیز پایداریمان کردو ادامەمان بە فعالیتی خوماندا تا استقلال و آزادی نەتەوەی کوردمان بدست هینا."

مامۆستا حەسەن هەر لەو وتارەیدا ئاماژە بە بەڵگەیەکیتر دەکا، کە وێنەی بەشێکی لێرەدا هاتووە.

لەم بەڵگەیەدا کە بە بەڵگە بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی کوردستان ئاماژەی پێ کراوە، چەندین شت هەی کە جێ تێ ڕامانن، شەهید سەدری قازی نوێنەری شاری مەهاباد بوو، لە لایەکەوە دەڵێ "دولت خودمختار کردستان" یان "کوردستان آزاد" لە لایەکی دیکەوە ڕێبەرانی ئەو کۆمارە بە "تجزیە قمستی از ایران" تاوانبار دەکا!

لێرەدا چەند پرسیار دێتە ئاراوە؛ ئەو حکوومەتە چۆن دەتوانێ هاوکات سەربەخۆ بێ و خەڵکەکەشی لە مەجلیسی میللی ئێراندا نوێنەریان هەبێ؟ مەگەر شەهید ئەبۆلقاسمی سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە مەجلیسی میلیی ئێراندا نەبوو؟ ئاخۆ خەڵکی وڵاتێک چۆن دەتوانن لە پارلەمانی وڵاتێکی دیکەدا نوێنەریان هەبێ؟ ئەگەر کۆماری کوردستان خودموختارە چۆن بە تاوانی سەربەخۆ خوازی ڕێبەرانی کۆمار لە سێدارە دەدرێن؟ ئایا سەربەخۆیی خوازی ئەو تاوانە نییە کە حکومەتی پەهلەوی دەیخاتە پاڵ شەهید پێشەوا بۆ سەرکوتی؟ ئایا ڕێبەران و حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێستای کورد سەربەخۆ خوازن کە هەموو ئۆپۆزیسیون و حکومەتی تارانیش پێیان دەڵێ جۆداییخواز؟ یان کەڵک وەرگرتن لە جوداییخوازی هەموار کردنی ڕێگایە بۆ سەرکوت؟

ئەو وتەیەی شەهید پێشەوا کە دەڵێ "استقلال و آزادی کوردمان بدست هینا" ناتوانرێ بکرێتە بنەما بۆ ئەوە کە بڵێ کۆماری کوردستان سەربەخۆ بووە و هەموو ئەو نامیلکە و بەرنامانەی دوایی حیزب و ڕێکخراوەکان لە سەر سەربەخۆ نەبوونی کۆمار تەزویرن. چونکە فاکتگەلێکی حاشا هەڵنەگری دیکە هەن کە سەربەخۆیی کۆمار ڕەت دەکەنەوە.

بوونی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی میللی ئێراندا نیشانەیە بۆ ئەوە کە کۆماری کوردستان سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو کۆمارێکی خودمۆختار بووە لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا. سەفەرەکانی شەهید پێشەوا بۆ تاران وتوێژی لە گەڵ قەوامولسەڵتەنە سەرۆک وزیری ئێران و ڕەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران لە سەر مافی کورد، نیشانەی ئەو راستییەن، کە شەهید پێشەوا خەباتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا کردووە.

وتوێژ لە گەڵ سەرۆک وزیر و سەرۆکی ئەرتەش ئەویش لە تاران، لە سەر چۆنییەتی جیا بوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان نیە، بەڵکو وەرگرتنی ئیمتیازی زۆرترە بۆ کورد و هەموار کردنی ڕێگەی بە فەرمی ناسینی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا. سەربەخۆیی پێویستی بە وتووێژ لە گەڵ سەرۆکی ئەرتەش و سەرۆک وەزیر لە تاراندا نیە و ئەوانیش شۆڤێنیستتر و دیکتاتورتر لەوە بوون کە ڕێبەرێکی کورد بتوانێ باسی سەربەخۆیی کوردستانیان لە تاراندا لە گەڵدا بکات.

شەهید پێشەوا ئەگەر بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەباتی بکردایا، هێرشی دەکردە سەر ئەرتەشی شا لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کوردستانی ڕزگار دەکرد و سەربەخۆیی رادەگەیاند. بەڵام شەهید پێشەوا بۆ نە تەنیا ئەو کارەی نەکرد، بەڵکو لە گەڵ ڕژیمی شا کەوتە وتوێژەوە؟ چونکە ئەو باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا هەبوو و پێوابوو بە وتووێژ دەتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکا. بەڵام بە داخەوە وەک رابردوو دوژمن نیازێکی دیکەی لە وتووێژ هەبوو، ئەویش بەهێزتر کردن و ڕێکخستنی زیاتری خۆی و دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی کورد بوو، نەک چارەسەی کێشەی کورد.

تەنیا لە یەک کاتدا دەتوانین بڵێین ئەو وتووێژانەی شەهید پێشەوا لە تاران بۆ سەربەخۆیی بووە، ئەویش ئەو کاتەیە کە کۆماری کوردستان لە باری هێزی سەربازییەوە لە حکوومەتی تاران بەهێزتر بووبێ و ئەوەندە قورسایی بووبێ کە حکومەتی تارانی هێنابێتە سەر مێزی وتووێژ لە سەر سەربەخۆیی کوردستان.






کە ئەم گریمانەیەش لە گەڵ راستییەکانی دواتر، کە مەهاباد پێتەختی کۆمار، بە بێ تەقە لە لایەن ئەرتەشی شاوە داگیر کرایەوە و شەهید پێشەوا چووە پێشوازی ئەرتەشەوە ناگونجێ. کاتێک کۆماری کوردستان لە باری نیزامییەوە زۆر لە حکوومەتی تاران لاوازترە، سەرۆک کۆمارەکەی ناتوانێ لە تاران باس لە سەربەخۆیی کوردستان بکا، چونکە بە هیچ شێوەیەک خاونی ئەو هێزە نەبووە کە رژیمی شا پەلکێشی ئاوەها وتووێژێک بکا.

کۆماری کوردستان ئەگەرچی سەربەخۆ نەبووە، بەلام لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا ئەوەندە دەسکەوتی هەبووە کە رەنگە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەتوانێ لە دە ساڵدا بیبێ. ئەوە کە ئەو کۆمارە سەربەخۆ نەبووە هیچ لە گەورەیی ئەو کۆمارە کەم ناکاتەوە، چونکە ئەگەر هەر وا درێژەی هەبوایا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەیتوانێ کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێنێ. بەلام هەڵە سیاسییەکان و واقعە سیاسییەکان، بوونە هۆی تێک روخانی ئەو کۆمارە ساوایە. بە هەڵە سەربەخۆ ناساندنی کۆمار و تاوانبار کردنی کەسایەتییەک وەک دۆکتور قاسملو بە لادان لە رێبازی کۆمار و دروشمەکانی کۆمار هیچ خزمەتێک بە جووڵانەوەی کورد ناکات و تەنیا مێژووی پڕ لە شانازی کورد دەشێوێنێ.

کەوابوو نە کۆماری کوردستان سەربەخۆ بووە نە حیزبی دیمۆکرات سەربەخۆ خواز تا دوایی بە وتەی ئەو بەرێزانە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبەوە حدکا لە سەربەخۆیی خوازییەوە بۆ خۆدمۆختاری دابەزی بێ. ئەوە سرۆشتییە کە حیزبێک کە باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا هەبێ، لە گەڵ حیزبە ئێرانییەکانیتر وتووێژ بکا و هاوپەیمانی پێک بێنێ. (لیرەدا باسی من لە سەر چۆنییەتی ئەو هاوپەیمانییە نیە، چونکە منیش بۆخۆم رەخنەم لە سەر ئەو شێوە وتووێژ و هاوپەیمانەتییانە هەیە، بۆیە ئەوە بابەتێکی تێروتەسەلی دەوێ و لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ناگۆنجێ). بەلام کاتێک دەتوانین هیوادار بە داهاتوویەکی باشتر بین کە رابردوەکەمان بە هەموو راستیەکانییەوە ببینین و قبوڵی بکەین، راستی ئەوەیە کە هیچ حیزبێکی ناسراو و جیددی رۆژهەلاتی کوردستان لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ئەم کاتە خاوەنی دروشمی سەربەخۆیی نەبووە و لە کۆماری کوردستانەوە تا خەباتی دەیان ساڵەی حیزبەکان هیچکات باسی سەربەخۆیی کوردستان وەکوو بەرنامەی درێژخایەن لە بەرنامەو پەیرەوی ئەو حیزبانەدا نەکراوە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی راستییەکانی مێژوو بە دوورە لە واقیع بینی سیاسی و روانینی ئاگاهانە بۆ رابردوو کە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر دۆخی ئێستاو چاکسازی ئەم دۆخە.

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژنوس / رێکەوتی : ٢٧ی نوامبری ٢٠١٢






**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

ڕێبەندانی٢٠١٣ی کوردی / فێوریەی ٢٠١٤ی زایینی

r_neqsi@yahoo.ca